ژمارە: ٥٧
ساڵی پێنجەم، ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز:
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر:
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر:
محەمەد عەبدوڵڵا

سەرپەرشتیاری هونەریی:
ڕێبین مەجید

Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران، بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ
تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤

دەستەی نووسەران:

کارزان عەبدوڵڵا
ئەکرەم محەمەد ئەمین
نەورۆز جەمال
مستەفا زاهیدی

تایپ و نەخشەسازیی:
پەیام ئەحمەد

هەڵەچن:
سنەوبەر کەریم
مونا عەبدوڵڵا

مۆتیف:
ناهیدە سدیق
تیراژ
٥٠٠

## ئاگاداری...

وێڕای دەستخۆشییمان بۆ ئەو بەڕێزانەی بابەت دەنێرن بۆ گۆڤاری هەنار، داواکارین ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:

١. ئەو بابەتانەی وەرگێڕدراون، دەقە ئەسڵەکەیان لەگەڵدا بنێردرێت.

٢. لەکاتی بڵاوبوونەوەی بابەتەکەدا، لەماوەی هەفتەیەکدا کۆپییەکی پێناسی نووسەر یان وەرگێڕ بگەیەنرێتە گۆڤاری هەنار.

## پێڕست

### لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| دەقی ئەدەبیی لەنێوان نووسەری دەق و... | د. عادل گەرمیانی | ٧ |
| ئەفسوونی نووسین لای ئالەین دی بۆتن... | سەلاح حەسەن پاڵەوان | ١٢ |
| رامانێک سەبارەت بە نرخی وشە لە... | سیروان رەحیم | ٢٣ |
| چەمکی عەشق لە دونیابینیی مەولەویدا... | رەفعەت مورادی | ٣١ |


### دەق


| | | |
|---|---|---|
| هەڵاتن لە گۆرانیی... | سەباح رەنجدەر | ٤١ |
| ماسکەکەت فڕێدە ئەی شۆخ... | ناڵە حەسەن | ٥٢ |
| نوێژێکی رووتوقووت و مەست... | حەمە کاکەڕەش | ٥٨ |
| نهۆمی دووەمی باڵەخانەیەک... | رێبین ئەحمەد خدر | ٦٠ |
| وشەیەک بەر لە نووسین... | عەلی سدیق | ٦٥ |
| داری مەرگ... | سیناریۆ: حسێن لەتیف | ٦٩ |
| مانۆلینا... | محەمەد ناکام | ٧٥ |

## دیدار


| | | |
|---|---|---|
| دیدار لەگەڵ محەمەد حسێن... | سازدانی: سامان کەریم | ٧٩ |


## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| ماریۆ ڤارگاس یوسا و سەردانەکەی بۆ... | تۆفیق عەبدول | ٨٩ |
| ماریۆ ڤارگاس یوسا و خەڵاتی نۆبڵ... | عەزیز رەئووف | ٩٦ |
| لۆکاچ و ژانری ئەدەبی مۆدێرنیزم... | ئازاد بەهین | ١٠٠ |
| وتووێژی رامین جەهانبەگلوو... | مستەفا زاهیدی | ١١٢ |
| منیش چێ گیڤارام... | دلاوەر قەرەداغی | ١٢٠ |
| دووانەکان لە نێپاڵ... | شەریف فەلاح | ١٣٤ |
| وەسوەسە... | عەبدولکەریم شێخانی | ١٤١ |
| ئاشووبی ناوە نەزانراوەکە... | سەلاح جەلال | ١٤٦ |
| خۆزگە شەڕ نەبووایە... | جەواد حەیدەری | ١٥٥ |


## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| خوێندنەوەیەک بۆ تابلۆی (ترێ)... | حەسەن سلێمان عەسکەری | ١٥٩ |
| دیدار لەگەڵ میدیای رەئووف بێگەرد... | سازدانی: شەنکار عەبدوڵلا | ١٦٤ |
| دیدار لەگەڵ سەلاح مەجید... | سازدانی: رێزە حسێن | ١٦٩ |
| هارۆلد پینتەر نووسەرە بێدەنگەکەی... | و: سەعید محەمەد عومەر | ١٧٣ |
| رەنگ و رووناکی لەلای ویلیام تورنەر... | ئامادەکردنی: ئاری عومەر | ١٧٦ |
| منداڵی رۆژماری... | ئامادەکردنی: سۆران خدری پوور | ١٨١ |
| دیگۆ ریڤێرا و... تابلۆی سەر دیوارەکان... | و: سیروان شەریف | ١٨٧ |

# لێکۆڵینەوە

دەقی ئەدەبی لەنێوان نووسەری دەق و خوێنەری دەقدا

**د. عادل گەرمیانی**

ئەفسوونی نووسین لای (ئالەین دی بۆتن)



**سەلاح حەسەن پاڵەوان**

رامانێک سەبارەت بە نرخی وشە لە کن ناوەندەکانی بڵاوکردنەوەی کوردی

**سیروان رەحیم**

چەمکی عەشق لە دونیابینیی مەولەویدا



**رەفعەت موڕادی**

# دەقی ئەدەبیی لەنێوان نووسەری دەق و خوێنەری دەقدا

د. عادل گەرمیانی

هەموو دەقێکی ئەدەبیی وەک هۆنراوەو چیرۆک و رۆمان و شانۆ زادەی بیرو هەست و ئەشکەنجەی نووسەرەکەیەتی، بەشێوەیەک لە مێشک و دەروونی دەخولێتەوە، پاشان دەبێتە مایەی بێئارامیی نووسەری دەق تا ئەو ساتەی بڵاوی دەکاتەوە یان چاپی دەکات. گشت دەقێکی ئەدەبی خاوەن جۆرە پەیامێکی مەعریفییە لەنێوان نووسەری دەق وەک پەیامنێرێکی مەعریفی و خوێنەری دەق وەک پەیام وەرگرێکی مەعریفیی لەڕێی پەیامی دەقەوە سوودێکی مەعریفی وەردەگرێت. لەوانەیە پەیامی دەقەکە جۆرە ئارامییەکی دەروونیی یان جۆرە دڵنیابوونێکی هزریی و بیری پێی ببەخشێت، بەمجۆرە پەیامی دەق دەبێتە مایەی پتەوکردنی پێوەندی مەعریفی لەنێوان خودی پەیاموەرگری دەق و خودی نووسەری دەق. بڕوانە نەخشەی یەکەم.




**نەخشەی یەکەم:**

ئەم سێگۆشەیەی دەقی ئەدەبیی یاسایەکی گشتییە بەسەر هەموو جۆرەکانی دیکەی نووسیندا پیادە دەکرێت، بەڵام نووسینی دەقی ئەدەبیی لەڕووی سروشتی جۆرەکانی خوێنەری جیا دەبێتەوە لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی نووسینی مەعریفیدا. بۆ نموونە گشت گوتارەکانی بواری زانست و مرۆڤایەتی جگە لە دەقی ئەدەبیی سێ جۆر خوێنەری هەیە، بریتییە لە نووسەری گوتارەکەو خوێنەرەکەی و هەڵسەنگێنەرەکەی، بەڵام دەقی ئەدەبی خاوەن پێنج جۆر خوێنەرە: جۆری یەکەمیان، نووسەری دەقە لە پێش بڵاوکردنەوەو چاپکردنی دەقەکەی، جۆری دووەمیان، خوێنەری ناوەوەی دەقە کەوا وەک بۆگێراو و لەڕێی بەکارهێنانی جێناوی کەسی دووەمی تاک یان جێناوی کەسی دووەمی کۆ لەلایەن پاڵەوانی بەشدار یان کەسی سەرەکیی دەقە ئەدەبییەکە هەندێک بەسەرهاتی پاڵەوان یان هەندێک رووداوی ناوەوەی دەقەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، جۆری سێیەمیان، خوێنەری ئاسایی دەقە کەوا بۆ مەبەستێکی رۆژانەی خۆی دەقەکە بە شێوەیەکی سادەیی دەخوێنێتەوە، جۆری چوارەمیان، خوێنەری زیرەکە وەک رەخنەگرێک بەوردیی دەقە ئەدەبییەکە دەخوێنێتەوە بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ئەو دەقە ئەدەبییە، جۆری پێنجەمیان، خوێنەری بلیمەتە، کەوا بە شێوەیەکی وردتر دەقە ئەدەبییەکەو رەخنە ئاڕاستەکراوەکەی دەخوێنێتەوە زیاتر بە مەبەستی راستکردنەوەی بڕیارە رەخنەییەکان دەربارەی ئەو دەقە ئەدەبییە. بڕوانە نەخشەی دووەم.




**نەخشەی دووەم:**

هەموو نووسەرێک تا ساتی بڵاوکردنەوە یان چاپکردنی دەقەکەی موڵکی خۆیەتی، بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی دەستکاریی بکات و پوختی بکاتەوە، چ بۆی زیاد بکات یان لێی کەم بکاتەوە تا دەیگەیەنێتە ئەو شێوەیەی بەلاوە گونجاوە بۆ بڵاوبوونەوەو خوێندنەوە لەلایەن خوێنەرانەوە. کەواتە نووسەری دەق هەمیشە بە یەکەم خوێنەری دەق دادەنرێت، لەوانەیە بۆ چەند جارێک دەقەکەی بخوێنێتەوە بە مەبەستی دۆزینەوەی هەندێک لایەنی لاواز تا لەڕێی دەستکاریی دەقەکەی شێوەیەکی جوانترو بەهێزتر وەربگرێت. ئەم ماوەیە پێی دەوترێت کاتی دەق و جیاواز دەبێت لەگەڵ ماوەی دەقکاتدا کەوا ماوەی بەرجەستەکراوەی ناوەوەی دەقەکەیەو لەڕێی گێڕانەوە زیاتر دەخرێتە روو. هەروەها بە ساڵی چاپکردنی دەقەکە دەوترێت کاتی دەرەوەی دەق کەوا هەندێ جار زۆر دوادەکەوێت لەگەڵ کاتی دەقدا.

ئەم سێ جۆرە کاتەی دەق کاریگەریی خۆیان هەیە لە بەخشینی جۆرە کاریگەرییەک بە دەقە ئەدەبییەکان، چونکە کاتی دەق دەبێتە مایەی بەهێزکردنی دەقە ئەدەبییەکان، هەروەها کاتی ناوەوەی دەق و کاتی دەرەوەی دەق دەبێتە مایەی سەرنجڕاکێشانی خوێنەری ئاسایی و خوێنەری زیرەکی دەق.

هەمیشە رەخنەگر بە خوێنەری زیرەکی دەق دادەنرێت، چونکە بە وردیی لە خەسڵەتەکانی دەق تێدەگات و لە توانایدا هەیە بە شێوەیەکی هونەریی بۆ نووسەری دەق و خوێنەری ئاسایی دەق سروشتی بونیادی هونەریی دەقەکە

شیتەڵ بکاتەوە، بەمجۆرە نووسەری دەق لایەنە لاوازو بەهێزەکانی بونیادی هونەریی دەقەکەی بۆ دەردەکەوێت تا لە ئەزموونێکی دیکەی ئەدەبیدا ئەو جۆرە هەڵانە نەکات. هەروەها شیکردنەوەی بونیادی هونەریی دەق لەلایەن رەخنەگری دەقەوە دەبێتە مایەی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی و تێگەیشتنی خوێنەری ئاسایی دەق بەرامبەر خۆشیی دەقەکە –ئەگەر دەقەکە نوێ و هاوچەرخ بوو– یان چێژی دەقەکە ئەگەر دەقەکە کۆن بوو. بەمجۆرە کاری رەخنەگر دەبێتە مایەی جۆرە ناوبانگ دەرکردنێک بۆ نووسەری دەق لەڕێی ئەو جۆرە راگەیاندنە رەخنەییە رەخنەگری دەق پێی هەڵدەستێت. کەواتە ئەرکی رەخنەگر زیاتر گەیاندنی خوێنەری ئاسایی دەقە بە جۆری خۆشیی دەق یان چێژی دەق، کەوا نووسەری دەق لەنێو دەقە خۆشیبەخشەکەی یان دەقە چێژبەخشەکەیدا ئاخنیوە، ئەم حاڵەتە کاریگەریی خۆی هەیە، ئەگەر هاتوو خوێنەری ئاسایی دەق راستیی کەسێتی خۆی یان باری دەروونیی خۆی یان جۆری ئەو ئەشکەنجەو کێشە کۆمەڵایەتییەی خۆی لەو دەقە ئەدەبییە دۆزییەوە کە خراوەتەڕوو.

گشت دەقێکی ئەدەبیی پێویستی بە خوێنەری دەقە، خوێنەری دەقیش لەم حاڵەتە وەک ئاوە بۆ درەختی دەقە ئەدەبییەکە، چونکە نەبوونی هیچ خوێنەرێک بەتایبەتی رەخنەگر بۆ دەقە ئەدەبییەکە پاش بڵاوکردنەوەو چاپکردنی هەروەک کۆرپەیەکی لێدێت بە مردوویەتی لەدایکبوبێت. لێرەدا پێویستە بڵێین هاوکێشەی نێوان هەبوونی دەقی ئەدەبیی و هەبوونی رەخنەگری ئەو دەقە ئەدەبییە پابەندە بە ئاستی جۆری ئەو داهێنانەی لەنێو دەقەکەدا هەیەو دەبێتە مایەی سەرنجڕاکێشانی رەخنەگری ئەو دەقە تا لەڕێی گۆشەنیگایەکی رەخنەییەوە دەربارەی ئەو دەقە بدوێت. هەروەها لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین راستە رەخنەی ئەدەبی زادەی لەدایکبوونی دەقە ئەدەبییەکانە، بەڵام ئەم لایەنەش مەرج نییە، چونکە هەمیشە ژمارەی رەخنەگرانی دەق زۆر کەمترە لە ژمارەی نووسەرانی دەقدا بە تایبەتی لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا کەوا لافاوی بڵاوکردنەوەی دەقی ئەدەبیی لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا ئەوەندە زۆرە هیچ رەخنەگرێک نییە بتوانێت دەربارەی هەر دەقێکی ئەدەبیی لە دەقەکانی یەک گۆڤاری ئەدەبی و رۆشنبیریدا رەخنەیەکی هونەریی رێکوپێک بنووسێت.

رەخنەگری دەق وەک خوێنەرێکی زیرەکی دەق بۆ سەرکەوتن لە کارە رەخنەییەکەیدا پێویستە لەسەر بنەمای جۆرە رێبازێکی رەخنەیی بڕوانێتە بونیادی هونەریی دەقە ئەدەبییەکە، تا بڕیارەکانی کاریگەریی خۆیان هەبێت لەڕووی هونەریی و لۆجیکییەوە بەسەر نووسەری دەق و خوێنەری ئاسایی

دەق. ناشبێت رەخنەگری دەق وەها بزانێت کارەکەی دوا بڕیاری رەخنەییە، چونکە جۆرێکی دیکەی خوێنەری دەق هەیە پێی دەوترێت خوێنەری بلیمەت، کەوا بە کاری رەخنە هەڵدەستێت، لە توانایدا هەیە سروشتی بونیادی هونەریی دەقەکەو سروشتی ئەو رەخنەییەی لەلایەن رەخنەگری دەقەوە ئاراستەی کراوە هەڵبسەنگێنێت. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت جۆری خوێنەری بلیمەت بەهاترین و گرانترین و کاریگەرترین خوێنەری دەقە، کەم کەس هەیە بتوانێت ئەمجۆرە کارە راپەڕێنێت، چونکە دەبێت لەلایەک سروشتی خۆشیی دەق یان چێژی دەق بۆ خوێنەری ئاسایی و خوێنەری زیرەکی دەق بخاتەڕوو، هەروەها دەبێت سروشتی دەقی خۆشبەخش یان چێژبەخش روون بکاتەوە کەوا نووسەری دەق پێی هەڵدەستێت لە ماوەی کاتی دەقداو بە لایەوە بەهاترین خەونی ئەدەبییە، هەروەها خوێنەری بلیمەتی دەق بە ئەرکی راستکردنەوەی بڕیارە رەخنەییەکانی رەخنەگری دەق وەک خوێنەرێکی زیرەکی دەق هەڵدەستێت. بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت هەموو دەقێکی ئەدەبیی وەک جەستەیەکە لە ژووری نەشتەرگەریی رەخنەی ئەدەبیدایە، نەمریی دەق و ناوبانگی نووسەری دەق پابەند دەبێت بە ئەنجامی ئەو جۆرە نەشتەرگەرییە.

himdad_center@hotmail.com

# ئەفسوونی نووسین
# لای
# (ئالەین دی بۆتن)



**سەلاح حەسەن پاڵەوان**

## ( ٢ – ٢ )

**بەشی پێنجەم**

لە بەشی پێنجەم (دڵنەوایی بەرامبەر بە دڵشکاندن)، باسێکی تر دەکاتەوە، کە ئەویش دڵنەواییە بەرامبەر بە دڵشکاندن، ڕەنگە دڵشکاندن یەکێک بووبێت لەو مەسەلانەی کە ئارتەر شۆپنهاوەری بزواندبێت، ئەم کەسە ڕەنگە باشترین فەیلەسووف بێت لەمەڕ ئەو خەمانەی کە لە عیشقەوە سەرچاوە دەگرن، ژیانی فەیلەسووفێک ٧٢ ساڵی پڕ لە ململانێ و سەفەر و نووسین بێت، ئاوەها لەدایکبوون و بوونی خۆی وەسف دەکات، بوونی مرۆڤایەتی جۆرە هەڵەیەکە، زۆر ڕاشکاوانە دەڵێت: ((دەتوانین دەربارەی ئەو بوونە بڵێین ئەمڕۆ خراپە و هەموو ڕۆژێ خراپتر دەبێت تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە خراپترینیان ڕوو دەدات)).

شۆپنهاوەر کەسێکی زۆرسەفەر بووە، لە هیچ جێگایەک هەستی بە حەوانەوە

نەکردووە، حەوانەوە بۆ ئەو سەرەتایەک بووە بۆ کۆتایی، لە لەندەن و پاریس و رۆما و نەمسا، شۆپنهاوەر لە دانیشگای گوینگن دەرس دەخوێنێت و بڕیار دەدات ببێتە فەیلەسووف: ((ژیان کار و بژێوییەکی پڕ خەمە، بڕیارمدا ئەو ژیانە بۆ قوولبوونەوە دەربارەی خۆم بەکاربێنم)). لە گەشتێکی کورت بۆ دەرەوەی شار، هاوڕێکەی داوای لێ دەکات پێوەندی بە ژنانەوە بکات، شۆپنهاوەر ئەم نەخشەیە رەت دەکاتەوە و دەڵێت: ((ژیان ئەوەندە کورتە، نەزانراو و زوو بەسەرچووە، بۆیە ئەوە ناهێنێت بە هەوڵی زۆر خۆمان بخەینە نێو دەردەسەرییەوە)). شۆپنهاوەر بە هاوڕێیەتی گۆتە زۆر خۆشحاڵ دەبێت، گۆتە رستەیەکی پێ دەڵێتەوە: ((ئەگەر دەتەوێت خۆشیی لە ژیان ببینیت، دەبێت بەهایەک بۆ جیهان دابنێیت،) بەڵام شۆپنهاوەر ناچێتە ژێر باری ئەم وتەیەی گۆتە و لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی خۆی لە تەنیشت ئەم شیعرەی گۆتە وشەیەکی بەناوبانگی شانفور دەنووسێتەوە: ((باشترە مرۆڤەکانمان ئەو شێوەیەیان پێ قبووڵ بێت کە چۆن هەن، بێ ئەوەی وێنەیەکی خەیاڵی لە زەینی خۆمان دەربارەی ئەوان بکێشین)). لەنێوان هەر دوو ساڵی ١٨١٤ و ١٨١٨ دوو کتێبی نووسی لەوانە: ((لەبارەی ریشەی چواربارەی پرنسیبی...)) و ((جیهان وەک ئیرادە و نواندن))، لە جێگایەک باس لەوە دەکات، بۆچی ئەوەندە هاوڕێی زۆری نییە، ئەویش دەڵێت: ((کەسی بلیمەت بە دەگمەنتندەتوانێت کەسێکی رووخۆش و تێکەڵ و هاوڕێنەواز بێت، چۆن دەبێت گفتوگۆیەکی دوو کەسە بە ئەندازەی گفتوگۆیەکی تاک کەسیی هۆشمەندانە و سەرنجڕاکێش بێت)). کاتێ کتێبی ((جیهان وەک ئیرادە و نواندن))ی بڵاوکردەوە، ٢٣٠ دانەی لێ فرۆشرا.

ساڵی ١٨٢١ شۆپنهاوەر عاشقی کارۆلینی ١٩ ساڵە دەبێت، ئەم پێوەندییەی نێوانیان ١٠ ساڵ درێژە دەکێشێت، بەڵام شۆپنهاوەر نایەوێت هاوسەرگیریی بکات، بە بڕوای ئەو هاوسەرگیریی ئەنجامەکەی رقلێبوونەوەی یەکترییە ((هاوسەرگیریی واتە هەوڵدان بۆ رقلێبوونەوە لە یەکتری)). بۆیە شۆپنهاوەر باوەڕی بەفرە هاوسەریی هەبووە، ((یەکێک لە شتە باشەکانی فرەهاوسەریی ئەوەیە، کە پیاو پێوەندی ئەوەندە نێزیکی لەگەڵ کەسوکاری ژنەکەی نابێت، واتە هەر هەمان ئەو ترسەی کە وا دەکات زۆر لە هاوسەرگیرییەکان بە ئەنجام نەگەن، چەند خۆشە مرۆڤ لە جیاتی یەک خەسوو، دە خەسووی هەبێت)).

١٨٢٢ بۆ ئیتاڵیا دەڕوا و لە ١٨٢٥ دەیەوێت ببێتە وەرگێڕ و کارەکانی کانت و تریسترام شیندی لە ئینگلیزی وەرگێڕێتە سەر زمانی ئەڵمانی، بەڵام دەزگاکانی چاپەمەنی ئەو داوایەی رەت دەکەنەوە، لە ١٨٣١ دووبارە لە تەمەنی ٤٣ ساڵی بیر لە هاوسەرگیریی دەکاتەوە، بیر لە فلۆریدا وایس دەکاتەوە، کچێکی بەکەیف و دەماغی

تەمەن ١٧ ساڵە، بەڵام سەرناگرێت.

سەگ لە ژیانی ئەم فەیلەسووفە جێگەیەکی هەیە و باشترین هاوڕێی شۆپنهاوەر بووە، لە ساڵی ١٨٤٩ سەگێکی پۆدڵ (جۆرە رەگەزێکی سەگە)، دەکرێت و دەبێتە هاوڕێی و ناوی لێ دەنێت ئاتما، وەک رێزێک بۆ رۆحی ئەو جیهانەی کە بەرهەمنەکان بڕوایان پێیەتی.

سەرەڕای گرنگیدان بە سەگ و هاوڕێیەتی ئەم گیانلەبەرە، خەیاڵ و بۆچوونە خەیاڵییەکانیش رووبەرێکی داگیرکردووە لە ژیانی، بەڕاستی ئەم داگیرکردنە لەو شوێنەوە بووە کە چۆن شتەکانی ناهۆشمەندیی رۆڵ دەگێڕن، چۆن ژیانمان دەگۆڕن. خەو یەکێکە لە مەسەلە گرنگەکانی شۆپنهاوەر، شۆپنهاوەر وەک مونتینی بڕوای وابوو کاتێ مرۆڤ تەنیا دەبێت هەست بە بێزاریی دەکات، شوپنهاوەر کاتێکی زۆری بە تەنیایی لە ژوورەکەیدا بردووەتە سەر، دایکی نیگەران بووە لەم حاڵەتە و پێی دەڵێت: ((دوو مانگە لە ژوورەکەتی بێ ئەوەی هیچ کەسێک ببینیت، ئەمە باش نییە کوڕم، ئەم کارەی تۆ دڵتەنگمان دەکات، مرۆڤ ناتوانێت و نابێت ئەوەندە گۆشەگیر بێت)).

شۆپنهاوەر چەندین کاتژمێر لە رۆژێکدا دەنووست ((ئەگەر ژیان و بوون پڕشادمانی بوایە، ئەوا هەموومان بێ ئارەزووانە بە حاڵەتی ناهۆشیارانە لە خەو نێزیک دەبووینەوە و بە شادمانی دووبارە لە خەون هەڵدەستاین، بەڵام بەتەواوی پێچەوانەی ئەمە راستە، لەبەرئەوەی هەموو ئێمە بە شەوقەوە دەڕۆین بخەوین و کاتێکیش دووبارە لە خەو هەڵدەستین زۆر بێ ئارەزووانە هەڵدەستین)). شۆپنهاوەر لە بارەی خەونەوە خۆی بە دوو لە بیرمەندەکان بەراورد دەکات: ((هەرچەندە مرۆڤ پێشکەوتووتر بێت و بیر و مێشکیان چالاکتر بێت... زیاتر حەز بە خەون دەکەن. مونتینی دەگێڕێتەوە کە هەمیشە خەوی قورس بووە، بەشێکی زۆر لە ژیانی تەرخانکردبوو بۆ خەو، کاتێک چووەتە تەمەنەوە رۆژانە ٨ تا ٩ کاتژمێر نووستووە، هەروەها دەڵێت، دیکارت زۆر زۆر دەخەوت)).

لە ساڵی١٨٤٤ کتێبی ((جیهان وەک ئیرادە و نواندن)) بڵاودەکاتەوە لە چاپی دووەم ناو و ناوبانگی بەدنیادا بڵاودەبێتەوە، لە ١٨٦٠ نەخۆشیی نیشانی دەدات کە کاری ئەو کۆتاییەتی بۆیە دەنووسێت: ((دەتوانم ئەو بیرەم لا سادە بێت کە بەم زووانە کرم جەستەم دەخوات)). لە کۆتایی کانوونی یەکەم / سێپتێمبەر ١٨٦٠ کاتێک لە کەنارەکانی ماین پیاسە دەکات کە دەگەڕێتەماڵەوە تووشی تەنگەنەفەسی دەبێت و دەمرێت، لە حاڵێکدا دەمرێت کە ئەو بڕوایەی هەبووە کە ((بوونی مرۆڤ دەبێت هەڵەیەک بێت)). ئەمەبوو ژیانی ئەو فەیلەسووفەی کە دەیتوانی بە شێوەیەکی

بێهاوتا کۆمەکی دڵمان بکات.

عەشق یەکێکە لەو مەسەلە گرنگانەی کە جێگەی گرنگیدانی فەلسەفە نەبووە، هەر بۆیە پێیان وایە مەسەلەی عیشق مەسەلەیەکی منداڵانەیە و شایستەی لێکۆڵینەوە نییە و باشترە ئەم کارە بسپێرن بە شاعیر و شێتەکان، ئەرکی فەلسەفە نییە کە وردبیتەوە لە دەستگوشین و نامە بۆندارەکان، شۆپنهاوەر دەڵێت:

((دەبێت لامان سەیر بێت کاتێ تا ئێستە بابەتێکی وەک عیشق، نەبووەتە جێگەی سەرنجی فەلسەفە، لەکاتێکدا ئەو بابەتە لە ژیانی مرۆڤایەتی رۆڵێکی گرنگ دەبینێت و وەک ماددەیەکی سەرەتایی ناپەروەردە بەرامبەرمان ماوەتەوە)).

((عیشق... لە هەر ساتێکدا گرنگترین ئەرکەکان رادەوەستێنێت و هەندێ جار بۆ ساتێک مەزنترین بیرەکان تووشی ئیفلیجی دەکات. راستەوخۆ و بێ وەستان عیشق لە بیرەوەریی پیاوانی دەوڵەت و لێکۆڵینەوەی نەجیبزادەکاندا ناتەواوییەک دێنێتە ئاراوە، عیشق دەزانێت چۆن بیرەوەریی عاشقانە و پرچەکانی خۆی شۆڕکاتەوە بۆ نێو پۆستەکانی وەزارەت و بۆ نێو رەشنووسە فەلسەفییەکان... هەندێ جار عیشق پێویستی بە قوربانیدانە، پێویستی بە سەلامەتی و سامان و پلە و پایەو خۆشگوزەرانییە)).

لێکدانەوە فەلسەفییەکانی شۆپنهاوەر زۆر بوون، ئەو سەرقاڵی مەسەلەیەک بوو وای دەکرد مرۆڤ کەمتربکاتەوە لەوەی کە هەیە، لەنێو کتێبخانەکەی شۆپنهاوەر کۆمەڵێک کتێبی مونتینی هەبوو، دەربارەی چۆنییەتی فوتێکردن و قاوەڵتی قورس یان چەقینی نینۆک بۆ نێو گۆشت، ئەو لەگەڵ بۆچوونەکەی مونتینی یەکڕا بوو کە زەینمان پاشکۆی جەستەمانە.

پاشان شۆپنهاوەر لە جیاتی گرنگیدان بە سستی عەقڵ سەرقاڵی هێزی ناوەوەی مرۆڤ بوو، بڕوای وا بوو کە ئەو هێزە دەسەڵاتی بەسەر عەقڵدا هەیە، ئەو هێزە ئەوەندە بە توانایە دەستکاریی گشت نەخشە و بڕیارەکانی عەقڵ دەکات، ئەو هێزەش ناوی لێنا هێزی Wille zum leben ، واتە هێزی حەزکردن لە ژیان، ئەوەش پاڵپێوەنەری ناخە بۆ بەردەوامبوون بە ژیان و لەدایکبوون.

رەنگە شۆپنهاوەر لەو ئاشووب و نیگەرانییە رقی هەستابێت کە لە ئەنجامی عیشقەوە سەرچاوەی دەگرت (پێدانی هێشووە ترێیەک بە کچێکی قوتابخانە کارێکی ئاسان نییە)، بەڵام ئەو پێی وا نییە ئەم کارە ناگونجاو و یەکسەرە نییە، ئەم کارە بە تەواویی پێوەندی بە کردەی عیشقەوە هەیە:

((ئەم هەموو هەراو هوریا لە پای چی؟ ئەم هەموو بێچارەیی و دادو هاوار و هەوڵە بۆچی؟... بۆ دەبێت شتێکی ئاوەها بێ نرخ ئەم رۆڵە مەزنە بگێڕێت؟ لێرەدا

هیچ شتێکی بێ نرخ بوونی نییە، بە پێچەوانەوە گرنگی ئەم بابەتە لەگەڵ رژدێتی و شەوق و زەوقی ئەم مەسەلەیەوە گونجاوە. ئامانجی کۆتایی تەواوی پێوەندی ئاشقانە لە راستیدا گرنگترە لە تەواوی ئامانجەکانی تری ژیانی مرۆڤ و بەرامبەر بەمەش ئەوەندە شتێکی گرنگ و جیدییە کە هەمووان بەدڵەوە بەدوویدا دەڕۆین)).

پاشان ئێمە دابەشبوون بەسەر دوو راناوی هۆشمەند و ناهۆشمەند، راناوی ناهۆشمەندمان لەژێر کۆنترۆڵی ئیرادەی حەزکردن بە ژیانە، راناوی هۆشمەندیشمان دوای ئەو کەوتووە و ناتوانێت تەواوی نەخشەکانی راناوی ناهۆشمەندیی تێ بگات.

((یەکێک لە قووڵترین نهێنییەکانی عیشق ئەمەیە)) ((بۆچی ئەو؟)) بۆ لەنێو تەواوی ئەوەی دەکرێت هەڵیانبژێرم، ئەوەندە حەزم بۆ ئەو کەسە چووە؟ بۆچی دەڕوانمە ئەو وەک کەسێکی زۆر باڵاتر لە کەسانی تر، لە کاتێکدا لە داوەتە دوو قۆڵییەکەمان دەرکەوت گفتوگۆکانی رۆشنبیرترین و ئادەتەکانی گونجاوترین ئادەت نەبووە؟ بۆچی سەرەڕای نیازپاکی، نەمانتوانی پێوەندی سێکسی لەگەڵ کەسانی تردا بەرپا بکەین، کەسانێکی تر کە رەنگە لە راستیدا ئەوەندە سەرنجڕاکێش بن و گوزەراندنی ژیان لەگەڵیاندا ئاسانتر بێت؟

ئەم گرفتە نەبووە هۆی سەرسووڕمانی شۆپنهاوەر، ئێمە ئازاد نین لەوەی عەشقی هەموو کەسێک بین، لەبەر ئەوەی ناتوانین لەگەڵ هەمووواندا منداڵێکی لەشساخ بێنینە دنیاوە... حەزکردن لە ژیان ئێمە بەرەو کەسانێک دەبات کە لە دایکبوونی منداڵی جوان و زیرەک لەگەڵ ئەو کەسانەدا شانسی زیاتر هەیە و هەروەها خۆشیی ژیان لەو کەسانەمان دوور دەخاتەوە کە دروستبوونی ئەو شانسەی تێدا کەمترە...

پاشان لەم کتێبەدا چەند خاڵێک لە فەلسەفەی شۆپنهاوەر دەخوێنینەوە، کتێبی ((دڵنەواییەکانی فەلسەفە)) هەوڵدەدات ئەو سیفەتانە بخوێنێتەوە کە مەسەلەکان پێکەوە دەبەستنەوە، لەسەر عیشق زۆر دواوە، هەروەها لەسەر هاوسەرگیریی و منداڵبوون و خستنەوەی وەچە و قەوم و قیلە، هەوڵیداوە رۆشناییەکی ورد بخاتە سەر فەلسەفەی ناوبراو.

شۆپنهاوەر پێوەندییەکی زۆری بە بایۆلۆژییەوە هەبووە، باسی مشک و مێرووله و هەموو ئەو جانەوارانەی کردووە کە شەڕ بۆ مانەوە دەکەن، شەڕ بۆ ژیان و خۆراک دەکەن، بە مشکە کوێرە دەڵێت: ((سەرتاسەری ژیانی هەوڵێکی سەرسەختانەیە بۆ کونکردن بە دەستە بێلئاساکانی، دەوروبەری ئەو هەمیشە شەوە، چاوە زۆر بچووکەکانی تەنیا بەکەڵکی ئەوە دێن تا لە رووناکی دوورکەونەوە، ئەم مێرووە بەم ژیانە بێ تام و پڕ گێرمە و کێشەیە دەگاتە کوێ؟ دەردەسەریی و

گرفتەکانی ژیان بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەو سوود و دەستکەوتانەی ئەو دەستی دەکەوێت)).

((بڕواننە ئەو کارە سەختەی بـەردەوام ئەو مێروولە بچووکە بەدبەختانە ئەنجامی دەدەن، ژیانی زۆربەی مێرووەکان شتێک نییە تەنیا کارێک بێت بەردەوام بۆ پەیداکردنی نان و جێگەوڕێگا بۆ ئەو وەچەیەی لە هێلکەکانی ئەوەوە دێنە ژیان، پاش ئەوەی کە وەچەی دوایی خواردنیان تەواو کرد و گەیشتنە قۆناخی کریستاڵی ئەوانیش بۆ ئەوەی ئەم کارە دووبارە دەست پێ بکاتەوە دێنە ژیانەوە، کەواتە لەمە زیاتر کە بڵێن ئەم هەموو کارە لە پێناوی چی، ناتوانین پرسیاری دیکە بکەین، لەم کارە ئەوە زیاتر نابینین ئەمە تەنیا کارێکە بۆ رازیکردنی برسێتی و شەوق و حەزی سێکسی، خۆشیەتی کاتی هیچ و پووچ... جار نا جارێ لەنێوان حەز و هەوڵە بێ کۆتاییەکان)).

### بەشی شەشەم

نیتشە یەکێک بوو لەو فەیلەسووفانەی زیاد لە پێویست لە سەختییەکانی ژیان دواوە، خۆی وەک دڵسووتاو و داماو بەدیار بەختی کۆستکەوتووی ژانەکانی خۆیەوە سەختی لە دوای سەختی دەژمارد، دڵنەواییەکانیشی بۆ ئەوەی نەبوو کە ژانەکانی خۆی بیربچێتەوە، بەڵکو بۆ فێرکردنی مرۆڤ بوو.

بەشی شەشەمی کتێبەکەی ئالەین دی بۆتن دنیای فەیلەسووفی ئەڵمانی نیتشە ورد دەکاتەوە، ئەو دنیایەمان پێ دەناسێنێت کە فەیلەسووفی شێت (نیتشە)ی تێدا داگیرسا، بە بۆچوونەکانی دەربارەی سەختی و ناخۆشییەکانی ژیان ئاشنا دەبین، ئاشنا دەبین بە شتێک کە پێی دەوترێت ئاشنابوون بە ناخۆشیی نیتشە ئەنووسێ: ((بۆ هەموو ئەو مرۆڤانەی کە خۆشیانم دەوێ، ئارەزووی رەنج و پەریشانی و نەخۆشیی و بەدرەفتاریی و دڵشکانیان بۆ دەکەم. ئارەزوومە ئەوان بێئاگا نەبن لە رقلێبوونەوەی قووڵی خودی خۆیان و لە ئازاری لە خۆنەگەیشتن و ئاشنانەبوون بە بەدبەختی دۆڕاوەکان)).

نیتشە دەڵێت: نابێت لە رووکەشی تاک بترسین، سەرچاوەی فەلسەفەکەی نیتشە لە مێژووی فەلسەفەی ئەڵمانی و لە هیگڵەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام نیتشە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرسیارە قووڵەی کە پێوەندی بە مرۆڤ و رەوشتەوە هەیە، ئەو وشەیەی ئەرستۆ بە نموونە دەهێنێتەوە کە گوتوویەتی: ((مرۆڤی هۆشمەند ئارەزووی رزگاربوون ناکات لە دەرد و ئازار، بەڵکو ئارەزووی رزگاربوون لە

چێژ دەکات)).

کاتێک لە نامەیەکدا نیتشە کە بۆ دایک و خوشکەکەی دەنێرێت، دەڵێت: ((لە راستیدا هیچ کەسانێکی زیندوو نین کە ببنە جێگەی گرنگیپێدانی من، ئەوانەی کە من گرنگیان پێ دەدەم، ماوەیەکی زۆرە لەم دنیایە نەماون- بۆ نموونە ئابەگالیانی، ئانری پۆڵ (ئیستانداڵ) و مۆنتنی). رەنگە باشتر بوو نیتشە ناوی یەکێکی تریشی بۆ ئەو ناوانە زیاد بکردایە کە ئەویش یۆهان ڤۆڵفگانگ فۆن گۆتە بوو، ئەم چوار ناوە باشترین سەرە دەزووەکانن بۆ تێگەیشتنێکی دڵخۆشکەرانەی نیتشە لەمەڕ ژیان.

ئەم چوارە زۆر شتیان هەبوو کە لە یەک دەچوون، تۆژەرەوە بوون، لە رووی هونەرییەوە ئامادە و لە رووی سێکسییەوە بە شەوق و زەوق بوون، سەرەڕای ئەو رووداوە دڵشکێنانەی بەسەریاندا دەهات، بەڵام هەر پێدەکەنین و سەمایان دەکرد، ئەوان حەزیان لە (خۆرەتاوی گونجاو و هەوای نسرم و شەماڵ، گیای باشوور، هەناسەدانی دەریا و خۆراکە قورسەکان بوو، ئەو خۆراکانەی لە میوە و گۆشت و هێلکە دروست دەکران)).

قارەمانەکانی نیتشە چەندان جار کەوتوونەتە نێو دەریای عیشقەوە، مونتینی تێگەیشتبوو کە ((هەموو جموجۆڵی دنیا پێوەستە بە لەباوەشگرتنی ئەم دوو رەگەزە)). گۆتە لە تەمەنی ٧٤ساڵیدا کاتێک سەفەری شاری مارین باد دەکات عاشقی ئۆلریکە فۆن لوتزۆفەی ١٩ ساڵ دەبێت، هەروەها ئیستانداڵ ئاشقی ڤۆرتەر گۆتە بوو.

دواجار هەموو ئەو ئاشقانە هونەرمەند بوون، بە وتەی نیتشە (هونەر مەزنترین بزوێنەری ژیانە). لە بارەی ئاماژەکردنی نیتشە بۆ سروشت نموونەی زیاد هەیە، بەڵام لە هەندێ جێگە بە دوورو درێژی باس لە چیا دەکات.

لە خوارەوە نووسەری ((دڵنەواییەکانی فەلسەفە)) چەند نووسینێک لە کتێبەکانی نیتشە بە نموونە دەهێنێتەوە:

((ئەو کەسەی کە مرۆڤە)) ئەو کەسەی زانی چۆن هەوای نووسینەکانم هەڵمژێت، ئەو کاتە دەزانێت ئەم هەوایە هەوای بەرزییەکانە، هەوایەکی تووندو تۆڵە، بۆیە دەبێت ئەو کەسە بۆ هەڵمژینی ئەو هەوایە ئامادەیی تێدا بێت، گەر ئەو ئامادەییەی تێدا نەبێت ترسی تووشبوونی بە سەرما ترسێکی زۆر دوور نابێت، سەهۆڵ نێزیکە، تەنهایی ترسناکە- بەڵام هەموو شتەکان لە ئاشتییەکی قووڵدا لە ژێر رووناکیدا راکشاون! مرۆڤ چەند بە ئازادیی هەناسە دەدات! تا چ ئەندازەیەک هەست بە ژێر پێی خۆی دەکات! فەلسەفە، تا ئەم کاتەی کە من لێی تێگەیشتووم و لەگەڵیدا ژیاوم، ژیانێکی خۆبەخشانەیە لەنێو بەفر و لەسەر چیا بەرزەکان!

((جینالۆجی ئیتیک)) پێویستمان بە شێوەیەکی تر لە رۆح دەبێت جیاواز لەوەی کە لە رۆژگاری ئەمرۆدا دێتە پێش چاو (بۆئەوەی لە فەلسەفەم بگەیت)... پێویستت بەوەیە بەهەموو مانایەک رابێیت لەگەڵ هەوای تیژبڵند و گەشتوگوزارە زستانییەکان و بەفر و کێوەکان.

((مرۆڤایەتی، هەموو بۆ مرۆڤایەتی)) لە چیای راستیدا هەرگیز بە بێهوودەیی سەرناکەویت، یان ئەوەتا ئەمڕۆ دەگەیتە بەرزترین شوێن، یان ئەوەتا هێزی خۆت رادێنی تا بتوانیت سبەینێ بگەیتە ئەو بەرزاییە)).

لە ((تێڕوانینی نـاوادە))ش باس لەم مەسەلە گرنگانە کراوە، باس لە چیا و سەرکەوتنی چیاو پێوەندی نێوان فەیلەسووف و دنیا کراوە.

نیتشە حەوت هاوین لە سیلز-ماریا لە ژوورێکی بچووکی کرێ لە خانوویەکی پاڵ درەختی سنەوبەر و کێوە بڵندەکان ژیانی بەسەر دەبرد. لەو شوێنە هەندێ لە بەرهەمەکانی نووسی وەک: حیکمەتی شادان و بەم شێوە دوا زەردەشت و لەودیوی چاکە و خراپە، جینالۆجی ئیتیک و شێوانی بتەکان.

نیتشە لە کاتژمێری ٥ بەیانییەوە لە خەو هەڵدەستا و تا نیوەڕۆ خەریکی کار بوو، پاشان بەسەر ئەو گردانە سەردەکەوت، ئەو گردانەی وەک ملوانکەیەک لە ملی ئەو گوندەدا بوون، گردەکانی پیز کۆرڤاتچ و پیز لاگرێڤ، پیز دە لە مارگنە، کێوی ناهەموار و نوێ وەک بڵێی تازە لەژێر فشارە تەکتۆنیکەکان یان زەوی دروستبوونی سەختدا لە پێستی زەوییەوە هاتوونەتە دەرێ. شەوان نیتشە لە ژوورەکەیدا چەند پارچەیەک گۆشتی بەرازی لەگەڵ هێلکەیەک و نانێک دەکرد بە سەندەویچ و دەیخوارد و دەنووست. ((چۆن کەسێک دەتوانێت ببێتە بە هزرڤان گەر بە لای کەمەوە یەک لەسەر سێی رۆژەکەی بەبێ هەڵچوون و خەڵکی و کتێب بەسەر نەبات؟)).

نیتشە لە بارەی سەختییەکانی ژیانەوە دەنووسێت پێمان دەڵێت دەبێت فێری ئەوە بین کە چۆن تووشی دەردەسەری نەبین و دوورکەوینەوە لەو شتانەی کە ئازارمان دەدەن، دەڵێت: ژیان وەک هارمۆنی وایە دەبێت پارێزگاریی ریتمەکانی بکەین.

بێجگە لە چیا پێوەندی نیتشە لەگەڵ باخەوانیدا پێوەندییەکی توند و تۆڵ بوو، سات لە دوای سات پێوەندییەکانی دەبەستەوە بەو شتانەی کە پێی دەگوترا خۆشەویستی گوڵ و دارستان و درەخت و کێڵگە و قەرسیل.

پێوەندی نیتشە بە باخەوانی، هەم پێوەندییەکی پراکتیکی بوو هەم پێوەندییەکی خوازیاری، پاش ئەوەی ساڵی ١٨٧٩ کاتێ لە کۆلێژی بال لە کار لابرا، بیری نیتشە

ئەوەبوو کە ببێتە باخەوان، ئەم مەسەلەیەی لە دایکی گەیاند ئەوەی نیتشەی هاندا ئەم کارە بکات، سەختی کاری کشتوکاڵی بوو، ئەو پێی خۆش بوو ئەم سەختییە تاقی بکاتەوە، بۆیە پاشماوەی باخەوانی لە کارە فەلسەفییەکانیدا رەنگیداوەتەوە، هەر بۆیە دەنووسێت ((کەسێک بە تواناکانی خۆی وەک باخەوانێک کە تۆزێ شارەزایی هەبێت دەتوانێت نەمامەکانی تووڕەیی، هاودەری، گەڕان و پشکنین وەک میوەیەکی جوان رێکوپێک بکات. کەسێک دەتوانێت بە سەلیقەی باش و خراپ باخەوانی بکات)).

نیتشە پێی وایە، باشی و خراپی دوو شتن پێکەوە هەڵدەکەن، قین و میهرەبانی، ماف و تۆڵە، تووڕەیی و خووی چاک، ئەمەش مانای وایە کە کارێکی پۆزەتیف دەرئەنجامی کارێکی نەگەتیف بێت، نیتشە باس لەوە دەکات کە شتە سەخت و ناخۆشەکانی خووی مرۆڤ دەبێت هەبن، تا بتوانین شتە باشەکانی مرۆڤ ببینرێت، ئێمە نابێت لە ناخۆشیی و سەختییەکان شەرمەزار بین، بگرە دەبێت بەوە شەرمەزار بین کە نەتوانین شتە جوانەکانی ئەو سەختییە بدۆزینەوە، هەر لەبەر ئەمەش بە چاوی رێزەوە دەیڕوانییە یۆنانییەکان.

مەستی (سەرخۆشی) لەو مەسەلانە بوو کە نیتشە بە یەکێک لە سەختییەکانی ژیانی دادەنا، هەر ئەمەش وای لێ کرد جارێکیان نامەیەک بۆ دایکی بنێرێت و شەرحی ئەوەی بۆ بکات کە چۆن بە هەڵە تووشی مەستیی بووە، داواش لە دایکی دەکات لێی ببوورێت، دەنووسێ ((خواردنەوەی مادده ئەلکهۆلییەکان بۆ من باش نییە، پەرداخێ شەراب یان پەرداخێ بیرە بۆ یەک رۆژ بۆ من بەسە، تا ژیانم بۆ جیهانێک لە فرمێسک بگۆڕێت...))، نیتشە گلەیی لەوە دەکرد کە بیرە چۆن سەرتاپای هۆشی خەڵکی ئەڵمانی داگیر کردووە، لە ساڵی ١٨٧١ نیتشە لەگەڵ خوشکەکەی دەچن بۆ گەشتوگوزار بۆ هۆتێلی دووپارک لە شاری لوگانۆ، وەسڵی خواردن و خواردەمەنی ئەو هوتێلە ئەوە نیشاندەدات کە نیتشە لە ماوەی مانەوەی لەو هوتێلە لە ٢ تا ٩ ی مانگی مارس ١٤ پەرداخ شیری خواردووەتەوە.

نیتشە هیوای خۆشبەختی بۆ هەرکەسێک بخواستایە، داوای لێ دەکرد هەرگیز ئەلکهول نەخوات، بۆیە بەردەوام گوتوویەتی ئاو بخۆنەوە باشترە، بە ئەندازەی ئەوەی قینی لە ئەلکهول بوو قینی لە قوتابخانەی ئینگلیزی بوو بۆ فەلسەفە، لە فەلسەفەی ئێتیکدا دژ بە سوودخوازیی بوو و رەخنەی ئاراستە دەکردن، ئەو سوودخوازییەی کە پەیڕەوانی فەلسەفەی ئینگلیزی بەکاریان دەهێنا.

سەختیی لە روانگەی ئاینی مەسیحییەوە تەنیا تایبەت نییە بە مەسیحییەکان، ئەمە شتێکی دەروونناسی هەمیشەییە. ئەمە بۆچوونی نیتشە بوو، ئەو دەیگوت:

((بوونی روانگەی ((مەسیحێتی)) دەربارەی ناخۆشیی و سەختییەکان، تەنیا تایبەت نییە بە کڵێسای مەسیحی)).

ئەپیکۆر یەکێک بوو لەو فەیلەسووفانەی جێگەی سەرنجی نیتشە بوو، بەوی دەگوت: ((یەکێک لە گەورەترین مرۆڤەکان خوڵقێنەری شێوەی قارەمانی))، ئەوەی وای کردبوو ئەپیکۆر لای نیتشە خۆشەویست بێت، ئەو ئایدیایەی ئەپیکۆر بوو لەمەڕ خۆشبەختی، کاتێک ئەپیکۆر پێی وایە خۆشبەختی واتە ژیان لەنێو کۆڕی دۆستاندا، بۆیە سەخترین شت ئەوەیە کە تەنیا بیت، نیتشە دەڵێت: ((ئەوە قەدەری ئێمەیە لە رووی فیکرییەوە گۆشەنشین بین و جارجارێک لەگەڵ کەسێکدا بێینە گفتۆگۆ کە لە رووی فیکرییەوە وەک خۆمانە)). نیتشە لە تەمەنی سی ساڵیدا شیعرێکی نووسی دەربارەی تەنیایی، بەڵام دڵی نەهات تەواوی بکات، گەڕان بۆ هاوسەرێتیش ئەوەندە کارێکی ئاسان نەبوو، چەند جار تووشی نائومێدیی ببوو، هاوسەر پەیداکردن بۆ نیتشە سەختترین کار بوو، ڤاگنەر پێی گوت باشترین رێگا بۆ تۆ ئەوەیە، یا ژن بێنیت یان ئۆپێرا بنووسیت، بەڵام لەبەرئەوەی نەیتوانی ئۆپێرا بنووسێت دەستی کرد بە گەڕان بەدووی هاوسەردا، یەکەمیان لە بەهاری ١٨٧٦ لە ئافرەتێک بەناوی ماتیڵدە تەمەن ٢٣ ساڵ داوای هاوسەری کرد، بەڵام ئەو نەیوێرا بە هاوسەرێتی نیتشە رازی بێت، پاشان جارێکی تر ڤاگنەر داوای لێ کرد و گوتی: ((تکایە لەگەڵ ژنێکی دەوڵەمەند هاوسەرگیریی بکە))، کەچی ئەو عاشقی ژنەکەی ڤاگنەر بوو، ناوی ئاردیانە بوو، نامەیەکی بۆ ئاردیانە نووسی تێدا نووسیبووی ((ئاردیانە تۆم خۆش دەوێت))، ساڵی ١٨٨٢ جارێکی تر ئەو فرسەتەی بۆ هەڵکەوت، لوئاندریاس سالومە گەورەترین و پڕئازارترین عیشق بوو کە نیتشە تووشی بوو، تەمەن ٢١ ساڵە، جوان، زیرەک، عاشقی کارەکانی نیتشە بوو، دوو هەفتە پێکەوە لە جەنگەڵی تاتنبۆرگ پێکەوە بوون، بەڵام سالومە پێشتر عاشقی نووسینەکانی بوو نەک خۆی، بۆیە رازی نەبوو شوو بە نیتشە بکات، لە نامەیەکدا بۆ دۆستێکی دەنووسێت: ((ئێستە بەتەواویی بڕوام بەخۆم نەماوە))، ((هەرشتێک کە گوێم لێ دەبێت، ئەو بۆچوونەم لا دروست دەکات کە خەڵکی رقیان لە منە)). هەروەها لە کاتی ژیانی نووسینی نیتشە کاتێک تووشی گرفتی مێشک نەبوو، زۆربەی کتێبەکانی نەدەفرۆشران، هیچ یەک لە کتێبەکانی لە ٢ هەزار دانەی زیاتر لێ نەفرۆشرابوو، باری ئابووریی زۆر خراپ بوو، هەمیشە قەرزاری هوتێل و کەسانی تر بوو.

لە سەردەمی قوتابخانەدا دووچاری گەلێک نەخۆشیی بوو وەک سەرئێشە و هەزم نەکردن و رشانەو دڵ تێکچوون و سەرگێژیی، هەروەها سستبوونی بینین و بێ خەویی، ئەمانە هەمووی دەرئەنجامی نەخۆشیی سیفیلیس بوو کە لە ١٨٦٥

تووشی بوو.

سەرەنجام سەرەتای کانوونی دووەمی ١٨٨٩ نیتشە لە ئەسپ دەکەوێتە خوارەوە و دەیبەن بۆ نەخۆشخانە، ١١ ساڵ پاش ئەو کەوتنە لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا دەمرێت، ئەو نیتشەیەی کە دەیوویست دژ بە هەموو ئەو کەسانە شەڕ بکات کە دژی سامییەکانن و ئەو نیتشەیەی کە وای هەست دەکرد کە دیونوسۆس و مەسیح و خوا و ناپلیۆن و پاشای ئیتاڵیا و ئەسکەندەری گەورە و واڵتەر و دەیان ناوی ترە.

### ئەنجام:

کتێبی دڵنەواییەکانی فەلسەفە، هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی شەش گرفتی سەرەکی مرۆڤ کە لە رێگای باسکردن و لێکدانەوەی شەش فەیلەسووفی مەزنەوەیە، ئەم کتێبە زیاتر هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ئەو گرفتانەی هەریەک لەم فەیلەسووفانە تووشیان بووە، جا ئەو گرفتانە لەگەڵ کۆمەڵگادا بووبێت یان لەگەڵ خودی خۆیاندا، بۆ هەریەک لەم گرفتانە دڵنەواییەک دێتە ئاراوە، وەک چۆن هەر گریانی منداڵێک ژێرکردنەوەیەکی دەوێت، هەر ئاوەهاش هەر گریانێک کەم تا زۆر هێورکردنەوەی دەوێت، هەر برینێ سارێژکردنێکی پێویستە و هەر دڵشکانێک نەوازشێک. لە هەر یەکێک لەو بەشانە فێردەبین کە چۆن بەسەر گرفتەکانی ژیانماندا سەرکەوین، لە هەر یەکێک لەو گرفتانە تێدەگەین کە ژیان بەشێکە لەو گرفتانەی کە مرۆڤ پێویستێتی.

### تێبینی:

ئەم کتێبە لە ئینگلیزییەوە لە لایەن (سەلاح حەسەن پاڵەوان)ەوە کراوە بە کوردی و ئامادەیە بۆ چاپ.

### سەرچاوە:


The Consolations of Philosophy
Alain De Botton
Penguin Books
٢٠٠١


- تەڤن پیرک: جاڵجاڵۆکە.

# ڕامانێک سەبارەت بە نرخی وشە لە کن ناوەندەکانی بڵاوکردنەوەی کوردی

## ئەوەندەیە نرخی وشەی کوردی!

سیروان ڕەحیم

چیرۆکێکی ئەڵمانی هەیە، خاوەنی چیرۆکەکە نەناسراوە، بەڵام چیرۆکێکی سەرنجبەرە:

دوو کەنیشکی شۆخ لەسەر شەقامێک ڕووبەڕووی بۆقێک دەبنەوە.

- ماچێکم بکە، بۆت دەبم بە نەجیبزادەی نەوت، دەتکەم بە پارەدارێکی گەورە. بۆقەکە وا بە یەکێک لەو جووتە کچە دەڵێت.

کەنیشکەکە بۆقەکە بەرزدەکاتەوە و دەیخاتە ناو جانتاکەی.

- ناخوازی ماچێکی بکەیت؟ کەنیشکەکەی هاوڕێی لێی دەپرسێت.

- نەخێر، بۆقێک کە بتوانێت قسە بکات، شایستەی نرخێکی لەوە زۆر زێدەترە...

هاوڕێیان راستییەکەی کەسێک بتوانێت بنووسێت و ببێت بە نووسەر، مرۆڤێک بشێت ئەدەبیات و زمانی نەتەوەکەی پێشبخات، لەوە بەنرختر نییە بەرهەمی بێ نرخ بکرێت، یان بۆ دابینکردنی بژێویی پەنا وەبەر شێوازی دیکەی کار ببات؟

من ئەم پرسیارە لە هەمووان دەکەم و هاوکات ئەوەیش دەپرسم: کێ بەرپرسە لە بێ نرخکردنی وشەی کوردی و بەرانبەر بەوەیش بۆ نووسەرانی کورد ئەو بێ نرخکردنەیان پەسەند کردووە.

راستییەکەی دەستەبەرکردنی نرخی شایستە بۆ وشـەی کوردی هەڵوێستێکی گەورەی دەوێت. مانگرتنێکی قەڵەمە کاریگەرەکانی ئێمەی گەرەکە. دیارە بۆ ئەوەی نرخ و پرەستیژ بدەین بە وشە و بە ئێستا و پاشەڕۆژی زمانەکەمان. زمانێک کە لە رابـردوودا شتێکی ئەوتۆی پێ بەرهەم نەهاتووە، با بکرێت بە زمانێک لە داهاتوودا بەرهەمی شایستەی خوێندنەوەی پێ بنووسرێت.

شانۆکاری فەرەنسایی مۆلێر "١٦٢٢-١٦٧٣" گوتوویەتی:

"شتەکان تەنها ئەو دەمە بەنرخن، کاتێک مرۆڤ نرخێکیان پێبدات".

ئەوەی کە نووسینی کوردی شایانی نرخپێدان نابیندرێت، کارەساتە، بەڵام کارەساتی دەگمەن ئەوەیە، مرۆڤ ئامادەبێت بەرهەمی خۆی بێ نرخ پێشکەش بکات.

وشە بێ نرخەکان نەمر نابن، ئەگەر توانای فڕینیشیان هەبێت، ئەوا زۆر نزم دەفڕن و بەردەوام نابن. بە کورتی وشەی بێ نرخ لەوە بێ بەرییە لە بیرەوەریدا بمێنێتەوە یان لە رووبەرە نەمرەکاندا شوێنگەیەکی هەبێت.

***

مۆماتر بەشەشارێکی گرنگ و دیرۆکی شاری پاریسە. دەکەوێتە بەرزاییەکەوە کە تاکە بەرزایی سروشتی شاری پاریسە. لەو بەرزاییەی مۆماتر، دوو سەد مەترێک دوور لە دێری ناوداری (ساکرێ کوێغ) گۆڕەپانی "دو تێرتر" هەیە. ئەم گۆڕەپانە شوێنێکی گرنگی هونەرییە. گۆڕەپانێکی گرنگە بۆ بینین، بەردەوام تژە گەشتیارە. ساڵانێکی درێژە لەوێ نێگارکێشان کار دەکەن، وێنەی گەشتیاران دەکێشن یان کاریکاتۆر و پۆرترێتیان بۆ دەکەن. دیارە ئەو هونەرمەندانە بژێویی ژیانیان بەو کارەیان دابین دەکەن.

لە سەدەی هەژدە بە دواوە گۆڕەپانی "دو تێرتر" ئامێزی کۆکردنەوەی نیگارکێشانە. شوێنێکە بۆ کارکردنی نیگارکێشانی بە نێوبانگی پاریس

و دەرەوەی پاریس. پیکاسۆ "١٨٨١-١٩٧٣" یەکێک لەو هونەرمەندە بە نێوبانگانە بووە لەوێ کاری کردووە و لەوێ وێنەی زۆری کێشاوە.

لەوێ، لە گۆڕەپانی "دو تێرتر"، کەسێک دێتە لای پێکاسۆ و پێی دەڵێت: نیگاری ئەم وێنەیەم بۆ بگرەوە، ئەویش دەڵێت: باشە و نرخی نیگارەکەی پێدەڵێت کە ئەوەندە فرانک دەکات. "پارەی ئەو کاتەی فەرەنسا". دیارە پێکاسۆ بە دە خولەکێک کارەکەی بۆ تەواو دەکات. یارۆ پێی دەڵێت: ئەوەندە پارە بۆ دە خولەک، زۆر نییە؟

پیکاسۆ دەڵێت: نا ئەوە دەخولەک نەبوو بە تەنیا، دە خولەک بوو لەگەڵ ٣٠ساڵی ئەزموونداا.

چ بەرسڤێکی کاریگەر و نیشانشکێنە.

دەبێت بپرسین کەی ناوەندەکانی وەشان و بڵاوکراوەکانی ئێمە بیر لەوە دەکەنەوە نووسین و بەرهەمی "ئەزموون" بوەشێنن و تەنها نووسینی ئەوانەی "نووسەرن" وەربگرن.

کەی لە وڵاتی ئێمەیش سیاسەتی کولتووریی و ئەدەبی کارا دەبێت؟ دیارە تا ئەوە نەبێت هیچ نووسەرێک "مەگەر زۆر دەگمەن" ناتوانێت بە داهاتی نووسین بژی. کاتێکیش بە داهاتی نووسین نەژیا، ناتوانێت خۆی، یان تەواویی کاتی خۆی بۆ نووسین تەرخان بکات، ئەو دەمەی ئەوە مەحاڵ بێت، کەواتە ئێمە دەبێت دان بەو راستییەدا بنێین نووسەری پیشەیی "پرۆفیشناڵ"مان نییە، یان زۆر دەگمەنن. کاتێک کەس نەتوانێت بە داهاتی ئەدەب و هونەرەکەی بژی، شیکردنەوەی هاوکێشەکە ئاسانە.

لەناو نووسەرانی کورددا کێ هەیە لەسەر نووسین بژی؟

دیارە کەسانێک نا کە رەوشی تایبەتیان هەیە. مەبەستم لە نووسەرێکە بە شێوەیەکی ئاسایی بە داهاتی کتێب و نووسین بژی. پێموانییە هەبێت.

من نووسەری گەورەی کورد دەناسم کە خۆی بۆ نووسین تەرخان کردووە، نووسەرێکە تیراژی کتێبی زۆرترین تیراژی کتێبی کوردییە لە مێژووی نووسین و بڵاوکردنەوەی ئێمەدا، بەڵام ناتوانێت بە داهاتی کتێب و نووسینەکانی بژی. ئەمە خاڵێکی گرنگە بۆ ئەوەی لێیبکۆڵینەوە. بۆ ئەوەی سیاسەتی کولتووری ئێمە ئاوڕی لێبداتەوە. دیارە ئەگەر ئەو سیاسەتە هەبێت، چونکە بەش بەحاڵی خۆم پێموایە شتێکی وەها بوونی نییە. دیارە ئەمانە هەموو بۆ ئەوە دەگوترێن، کاتێک ئێمە مەبەستمان بێت ببین بە خاوەن ئەدەبیات و نووسینێک بخوێندرێنەوە و گۆڕانکار بە خۆرا بهێنن.

ئایا رامان و بیرکردنەوە لەو رەوشە و دانانی پلان و نەخشە بۆ گۆڕانی ئەو رەوشە باشە، یان دروستکردنی ناوەندگەلێک و کۆمەڵێ وەشانخانەی یەک لە دوای یەک، کە هەمان ئەرکی یەکتر دووبارە دەکەنەوە؟

خۆم گوێم لە بەرپرس و بەڕێوەبەری ئەو وەشانخانە و ناوەندانەی چاپ بووە کاتێک گوتوویانە:

"ئێمە پارە بە کتێب نادەین". ئەو کاتێک نەیدات، ئیتر چۆن ئەدەبیات، کولتوور و زمانی ئەو خەڵکە پێشدەخرێت؟ کاتێک ئەو لە سەرەتای لە دایکبوونەوە ئەو ئەدەبیاتە بێ نرخ بکات، ئیتر چۆن نووسینی ئێمە دەبێت بە بەرهەمێک بمێنێتەوە؟ بەرهەمێک نەمرێت یان ماوەیەکی زۆر بژی؟

دیارە بابەتێکی ئاڵۆزە دانانی نرخ بۆ وشەی کوردی. بیرکردنەوەی قوڵی دەوێت.

ئەمڕۆ سیاسەتێکی کولتووریی و ئەدەبی پەیڕەو دەکرێت زمان لە قەڵسییەوە بەرەو قوڵیی و تۆکمەیی نابات. بەو جۆرەی ئەمڕۆ کار دەکرێت ئەدەبیاتی ئەو گەلە ناکرێت بە ئەدەبیاتێک بۆ ئەوانی تر مایەی سەرنج بێت. هاوکات خەڵکەکەیش نابێت بە نەتەوەیەک خاوەنی ئەدەبیاتێکی گرنگ و شیاو بۆ پەڕینەوە بۆ ئامێزی زمانەکانی تر.

پاشان کێ لەوە حاڵی دەبێت کاتێک وەشانخانە نرخ بە کتێب و نووسینی کوردی نادات، ئەی بۆ ئەو دەزگایە سازکراوە؟

بۆ ئەوەی نووسەری ئەو نیشتمانە رەنجبێوەر بکات؟ یان بۆ ئەوەی گەمە بە نووسین بکات؟ گەلۆ دەبێت چ شیرۆڤەیەک بۆ ئەو کارە هەبێت؟

من دەمەوێت پێکەوە قسە لەسەر دیاردەکە بکەین. بە هەڤڕا باس لەو رەوشە غەمگینە بکەین. ئەمە رەوشەکەیە، جا لە بۆتەی ئەو رەوشە غەمگینەدا، رەخنەگرێک بێت و حیسابی دوو "وو"، یان "یەک واو" یاخود "خاڵ و کۆما" لە نووسەر بپرسێت و بیەوێت لەسەر ئەو "هەڵەیە" ریسوای بکات، کارەساتێکە هاوکات غەمگین و خەندەبەخش...

ئەوە کاری نووسەر نییە داهێنەر بێت و سەرقاڵی چاککردنی هەڵەی بچووکی چاپ بێت، لە هەموو ئەو وەشانخانانەی نرخی وشە و کتێب دەزانن، ئەوە کارەیان خستۆتە ئەستۆی خۆیان و ئەوان کەسی شارەزایان هەیە بە نووسیندا دەچێتەوە و کتێب بێ هەڵەی چاپ دەخەنە بەردەست، بەڵام وەشانخانەی ئێمە چونکە فێری ئەوە بووە بێ ئەرک هەموو شتی دەستگیر بێت، بۆیە ئەو ئەرکە بنەڕەتییەی خۆیشی راناپەڕێنێت.

کاتێک ئەدەب و نووسینێک بەرهەمی خۆمان بێت و "لەم عەسرەدا بە پوولێ نەیکڕن"، ئیتر بۆ دەبێت چاوەڕێ بین وەربگێڕدرێتە سەر زمانانی دیکە و خەڵات بۆ زمان و ناسنامەی گەلەکەمان وەدەست بخات.

هەر گەلێک نرخی وشەی خۆی ئەوەندە لە لا سووک بێت، لەوەیش کارەساتتر رۆشنبیر و دەسەڵاتدارانی هەر نیشتمان و زێدێک ئەوەندە نرخی ئەدەبیاتی خۆیان لە لا بێت، دەبێت بزانن بێ ئێستا و بێ پاشەڕۆژن.

***

سیاسەتوانان گلەیی لە وشەی کوردی دەکەن. ئەوان وشەی کوردی و ئاستی نووسینی کوردیان بە دڵ نییە. کە لێدوانی سیاسەتوانی کورد سەبارەت بە وشەی کوردی و ئاستی نووسین بڵاودەکرێتەوە زۆر غەمیگن دەبم, غەمگین دەبم کە نووسەری کورد، بەقسە نا، بە بەرهەم وەڵامی ئەو لێدوانانە نادەنەوە. دیارە نووسەری کورد بواری ئەوەندە فراوان نییە بە بەرهەمی بە نرخ وەڵام بداتەوە.

زۆربەی نووسەرانی کورد- لە ناویشیاندا زۆربەی نووسەرە بە تواناکان، کاری نووسین نەبووە بە کاری سەرەکییان، نووسین نەبووە بە کارێک بتوانن پێی بژین. بێگومان تا نووسەران نەگەن بەو ئاستە، تا وشەی کوردی نرخێکی شایستەی نەبێت، نووسەری کورد ناتوانێت کاری لە گلەیی بەدەر بەرهەم بهێنێت.

وشەی کوردی "هەندێک" خوێنەری هەیە، بە ژمارە زۆر کەمن، ئەوانیش گلەیی زۆریان لە وشەی کوردی هەیە. ناو بە ناو هەموومان دەبین بە گۆڤانی ئەم گلەییانە. هەمووان گلەیی ئەوە دەکەن نووسەری باش و کاریگەرمان نین. بۆ نەبوونی نووسەری باش و کاریگەر، هۆکارەکان زۆرن. نووسەرێک بەرهەمی وا بخاتە بەردەست خوێنەر بە دووی خۆیدا کێش بکات و خوێنەر بە خۆشەویستی و ویستەوە بیخوێنێتەوە. دیارە نووسەرمان هەن بەرهەمی بە نرخیان هەیە، بەڵام بە ژمارە زۆر کەمن. ئێمە قسەمان لەسەر دیاردەکەیە بەگشتیی. دیاردەی نەبوونی رستەی کاریگەر، دارشتنی جوان و نووسینی پڕ ئەفسوون. بەرهەممان کەمن، بەرهەمێک خوێنەر بە خۆڕا ببەن و بیکەن بە هاورێی هەمیشەیی وشە.

هۆکارەکانی ئەو دیاردەیە زۆرن. کەم نین ئەو کێشانەی بوون بە چاوگی نەخۆشکەوتنی جەستە و هزری ئەدەبیاتی ئێمە.

یەکێک لە هۆکارەکان نەبوونی نرخی وشەیە لە دنیای ئەدەبیات و بازاڕی ئەدەبیاتی ئێمەدا.

ئێمە نرخێکمان بۆ وشەی کوردی نییە.

ئەمە یەکێک لە هۆکارە پشتشکێنەکانە. نەبوونی نرخ بۆ وشە.

هەر ئەدەبیاتێک وشەکانی پوولێکیان نەکرد، نابێت بە ئەدەبیاتێکی کاریگەر. ناتوانێت لە بازنەکانی خوێندنەوەی خۆی تێپەڕێت. بۆ ئەوانی دی دڵکێش نابێت تا بیکەن بە دیاریی بۆ ماڵی زمانەکەی خۆیان.

ئەمە بۆ بوارەکانی دیکەیشمان هەر بەو جۆرەیە. زۆرن ئەوانەی بێ کارن و بەردەوام بۆ رۆژنامەکانی ئێمە، بۆ گۆڤار و چاپەمەنی دیکەمان هەواڵ ئامادە دەکەن، شیرۆڤە دەنووسن، بەرهەمی ناجۆریان بۆ دەنێرن، بێگومان ناوەندەکانی راگەیاندنیش ئەو بەرهەمانە بڵاوی دەکەنەوە. ئەوان زۆربەیان لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراون ئەم پیشەیە بێ نرخ بکەن. سالآنێکە چاپەمەنی ئێمە، زۆربەیان، ئەوەی بۆیان گرنگ نەبێت ئاستی نووسین و نووسەرە. بۆ ئەوان بەرهەمی خۆڕایی پێویستە.

بەر لەوەی خوێنەر رێزی وشەی کوردی و رێزی کتێبەکان بگرێت، دەبێت نووسەر و وەشانخانەکانی ئێمە رێز لە وشە بگرن.

کەسێک ئامادە بێت وشەی خۆی بە خۆڕایی بخاتە بەردەست، نووسەر نییە.

وەشانخانەیەک بیەوێ نووسین و کتێبی خۆڕایی دەستگیر بێت، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوە نییە.

بەردەوامبوونیان لەو کارە، ئەدەبیات و کولتووری ئەم نەتەوەیە وێران دەکات.

کەس ناتوانێت گلەیی لە نووسینێک، لە دەقێک بکات کە لە بازاڕی ئەدەبیاتی ئێمەدا بەرزترین نرخی ٢٠-٣٠ دۆلار بێت.

یان بە خۆڕایی نووسرابێت.

کاتێک ئەوە نرخی نووسین بێت، ئیتر بۆ چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکەیت بتوانێت دنیای ئەمڕۆت بۆ شیرۆڤە بکات یان چێژت پێ ببەخشێت؟ کاتێک ئەوە نرخی وشە بێت، بۆ چاوەڕوان بکەین ببێت بە ئەدەبێک ئەوانی دەرەوەی خۆمان بیخوێننەوە؟

بوشیدۆ، گۆرانیبێژێکی راپە، ساڵی ١٩٧٨ لە شاری بۆن-ئەڵەمانیا لەدایکبووە، لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری "فۆکوس"ی ئەڵەمانی دەڵێت:

که مرۆڤ هەستی خۆی فرۆشت، به لایەنی کەمەوە دەبێت نرخەکە گونجاو بێت.

نووسین و هونەر بەرهەمی هەستن، بەڕاستی مرۆڤ سەرچاوەی هەست و رامانێکی کاریگەر دەخاتە بەردەست، بۆیە بوشیدۆ باشی پێکاوە دەبێت بە نرخێکی گونجاو بفرۆشرێت.

لەگەڵ سەرنووسەری دوو گۆڤاری ئەدەبی بە نێوبانگی کوردستان قسەمان سەبارەت بە نرخی دەق دەکرد. یەکێکیان دەیگوت:

"لە لای ئێمە یەک نرخ بۆ هەموو بەرهەمێک هەیە، چل و پێنج هەزار دینار".

هاوڕێکەی ترمان گوتی" "بەرزترین نرخی ئێمە شەست هەزار دینارە".

هاوڕێیان، نرخی وشەی کوردی ئەوەندەیە؟

باشە هاوڕێیان بۆچ بە دەستی خۆمان وشەی کوردی بەو جۆرە بێ نرخ دەکەین؟

کەواتە با بە گلەییکاران بڵێین، ئیدی چ لە خۆشەویستی وشەوە بێت یان لە نائاگاییانەوە، کاتێک نرخی بەرهەم و کاڵا ئەوەندە لە خوار بوون، گلەییان لەسەر نییە. نرخی کاڵا چەند لەژێر بێت، کاڵاکەیش ئەوەندە بێ گەرەنتی دەبێت، نرخەکە ئەوەندە لە خوار و شەرمهێنەرە، نازانی تەمەنی کاڵاکە چەندە یان چەند دەژی و چەندێک بەرگە دەگرێت.

لە وڵاتی ئێمە هیوا زۆرە، بەڵام کردەوەی کاریگەرانە کەمە. "ئەمەل گەلێک و تەویل و عەمەل کەمێک و قەسیر"*

زۆرن ئەوانەی دەیانەوێت رۆژنامەی باش، گۆڤاری گرنگ و سەرچاوەی بە نرخ بەرهەم بهێنن، بەڵام کەمیان بیر لەوە دەکەنەوە نرخێکی شایستە بۆ وشەی کوردی دەستەبەر بکەن.

لە رەوشێکی وەهادا مایەی تاسان و سەرسوڕمان نییە کاتێک هێرتا موللەر (١٩٥٣) ساڵی ٢٠٠٩ خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەبیاتی وەردەگرێت، گۆڤاری بە ناوبانگی ئەدەبیی ئێمە وتارێکی سادە و کورت لە رۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەت-ی عەرەبییەوە وەردەگێڕێت و بڵاوی دەکاتەوە، بۆ؟ چونکە نەک هەر ئەو گۆڤارە، بەڵکو زۆربەی ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە لە لای ئێمەی نرخی وشەیان بۆ گرنگ نییە.

ئێستایش نووسەری ئێمە نابێت باش بژی. چ چارەنووسێکە؟

نابێت داهاتی نووسین ببێت بە سەرچاوەی بژێویی نووسەر. نەک هەر

ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە، تەنانەت زۆربەی نووسەرانی ئێمە نایانەوێت وشە و نووسینی هاوکارەکانیان پولێک بکەن.

بە هیوام هەمووان بزانن تا نرخی وشەی کوردی ئەوەندە لەژێر بێت، ئەدەبیات و نووسینی کوردیش بەردەوام لە ڕۆچووندا دەبێت و ناتوانێت بازاڕی خوێندنەوە و خەڵک لە خۆکۆکردنەوە بخەملێنێت.

وشەی کوردی بەو ڕەوشەوە ناتوانێت گەشە بکات و ناتوانێت بژی...

نووسەری ئەمەریکایی ویلیام فۆلکنەر (١٨٩٧-١٩٦٢) کە ساڵی ١٩٤٧ خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئەدەبیات پێشکەش کرا، دەڵێت:

یەکەم ڕستە بە جۆرێک بنووسە، کە خوێنەر بە دڵنیایی بخوازێت ڕستەی دووەمیش بخوێنێتەوە.

منیش دڵنیام تا وشەی کوردی ئەوەندە بێ نرخ بێت، دەقی لەو جۆرەمان زۆر کەم دەبێت بەردەوام ڕستەکانی خوێنەر بە دوای خۆیاندا ڕابکێشن.

لە ئێستەدا هەموومان، ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، ڕۆژنامە و گۆڤارەکانمان، لە پێش هەموانیشەوە نووسەران و وەرگێڕانی ئێمە یەک بەرپرسیارێتی گەورەیان لە سەر شانە، ئەویش:

گێڕانەوەی نرخ و سەنگە بۆ وشەی کوردی.

٢٠١٠

* نالی وای فەرمووە.

# چەمکی عەشق لە دونیابینیی مەولەویدا



ڕەفعەت مورادی

### واتا و مانای عەشق

پێش هەموو شتێک دەبێت ئەوە روونبکەمەوە وشەی (عەشق و عاشق) بە پێچەوانەی بیروبۆچوونی ئەو کەسانەی کە پێیانوایە وشەیەکی عەرەبییە و ئەو تەوەرەش تەوەرێکە کە زیاتر لە ئەدەبی عەرەبیدا رەنگیداوەتەوە، وشەیەکی ئاڤێستاییە و لە دەقە ئاوێستاییەکاندا ئەم وشەیە بە شێوەی (ئیشت و ئیشکا)، بە واتای حەز و ئارەزوو و خواستن و میهر و مەیل بەکاربراوە، لە کاتێکدا عەرەبەکان زیاتر (حب) بەکار دەبەن، لەوانە حبیب و محبووب... هتد، ئەگەر عەشقیشیان بەکار بردبێت، ئەوە زیاتر لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا رەنگیداوەتەوە، لەم کورتە باسەدا هەوڵدەدەم ئەم تەوەرە ئاڵۆزە بورووژێنم کە بەدەگمەن باسی لێکراوەو ئەگەریش کرابێت، ئەوا بە شێوەیەکی یەکلایەنە ئاماژەی پێکراوەو بەبێ تێگەیشتن لەو چەمکە پڕناوەڕۆکە کە بناغەی عیرفانی لەسەر دامەزراوە، تەنیا لایەنە ئاینییەکەی نیشاندراوە.

رەنگە ئاوڕدانەوە لە هەموو لایەنەکانی کەسایەتییەکی هونەریی و ئەدەبی و... کارێکی ئاسان نەبێت و نەتوانرێت وەک پێویست بە نێو قووڵایی دونیابینیی و ژیان و بەرهەمەکانیدا رۆبچیت، خوازما ئەو کاتەی کۆمەڵگا بەهۆی ئایدیۆلۆژیایەکی بەرتەسک و هەندێک سنووری ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەوە هێڵی سووری لەبەردەم هەموو جۆرە شیکارییەکی ئۆمانیزمگەرانەدا دانابێت، بەڵام رەوڕەوەی مێژوو و گەشەکردنی بزاڤە فیکریی و رۆشنبیرییەکان، دەرگا داخراوەکانی عەقڵ و لۆژیکییان یەک لە دوای یەک بە رووی تاکی داهێنەردا کردووەتەوەو لە سایەی ئەو رووناکاییەدا گەلێک لایەنی تاریک و شاراوەی دونیابینیی و بیروباوەڕی تاکەکان رووناککراونەتەوە، زۆرن ئەوانەی لە ئاسمانی شیعر و ئەدەبدا وەک ئەستێرەی گەش درەوشاونەتەوەو بە خەلاقییەت و داهێنانی خۆیان دڕیان بە شەوەزەنگی جەهالەت داوەو جوانیی و بەهای مرۆڤەکانیان لە کۆت و بەندیی تێڕوانینە چەقبەستووەکاندا دەرهێناوە.

کەڵە شاعیری کورد مەولەوی نەمر، یەک لەو هونەرە هەرە بەرزانەیە کە توانی بە پاڵپشتی ئەدەبی دەوڵەمەندی گۆران و شارستانییەتی ئەو دەڤەرە جوان و رۆمانسییە، ساباتی عەشق و خۆشەویستی لەسەر ترۆپکی عەقڵ و عیرفاندا هەڵبدات و بە عەشقی ساقی مەیگێڕ دڵ و دولبەر ئاوێتەی یەک بکات.

**ساقی سا دەخیل وە فریادم رەس　　　بە رووی نازەوە جام گێرە وەدەس**
**دەور دەرە وەناز چون هەردە جاران　　　پێم دەر یەک مەنی سەبا و ئێواران**
**با وەس باڵینم سێڵاوی هوون بۆ　　　ئامێتەی زووخاو دیگ دەروون بۆ**

تۆ بڵێی ئەمە چ سیحرێک بێت کە بەو جۆرە مەولەوی بۆ لای خۆی رادەکێشێت و لەنێو بازاڕی مەیخانەدا کەمەندکێشی دەکات و مەست و سەرخۆشانە رێگای عەشقی پێدەبڕێت! ئەگەر بە وردیی لە ناخی شیعرەکانیدا رۆبچین و ساتێک ببینن بە هاونشینی کۆڕ و بەزمی ئەو شاعیرە بلیمەتە، ئەو کات بۆمان دەردەکەوێت کە عەشق لای مەولەوی تەنیا دەربڕینی هەستی دەروونی نییە، بەڵکو عەشقێکی گەشەسەندووە کە لەسەر بنەمای پێویستییەکی رۆحی بونیاتنراوە، مەولەوی بە قووڵی لە واتای راستەقینەی عەشق تێگەیشتووەو باشی دەزانی کە عەشق دەرمانی دەرد و مەرهەمی ژیانەو دەبێت بۆ گەیشتن بەو پێداویستییە رۆحییە هەموو رێگاکان لە پێش بگریت وەک چۆن مەولەوی روومی، دەڵێت:

فلک جز عشق محرابی ندارد جهان بی خاک عشق، ابی ندارد
غلام عشق شو کاندیشه این است همه صاحبدلان را پیشه اینست
جهان عشقست و دیگر زرق سازی همه بازی است الا عشقبازی

کەواتە تەنیا ڕێگای گەیشتن بە حەقیقەت، میحرابی عەشقەو هەموو ئینسانێکی عاقڵیش لەو ڕاستییە گەیشتووە، ئەمەش تەنیا بە لەخۆگرتنی ڕەنج و ئازار دەستەبەر دەبێت، هەڵبەتە خۆشویستنی مەولەوی بە تەنیا خۆشویستنێکی عیرفانیی و خێزانیی و ڕۆمانسی و ئاییني... نییە، بەڵکو هەموو ئەو لایەنانە لەخۆ دەگرێت، چونکە عەشق چەمکێکی گشتییەو هەموو کەسێک بۆی هەیە خۆی لێبدات و تاقی بکاتەوە، ئەمەش لە سروشتی هەموو گیاندارێک لەوانە ئینساندا بوونی هەیە، بەڵام ئاخۆ ئەو عەشقە چۆن عەشقێک بێت کە ئاوا بێپەروا و زۆر شێتانە بەسەر عەقڵی مەولەویدا بازدەدا و لە یانەی خۆشەویستی دولبەردا دەیگیرسێنێتەوە...؟

ئاخ پەی خەڵوەتێ بدیام وە بێ خەم سیوای تۆ دیدەم کەس نەدیام وەچەم
دڵ پەی دیدەنت کام خەڵوەت سازۆ تۆی دیدەیچم بی مەردم نمازۆ

وەک دەبینین لە زۆربەی هۆنراوەکانی مەولەویدا دولبەرێک زەمینی کورەی عەشق گەرم دەکات، ئەمەش وای لە مەولەوی کردووە تا لەبەر گڕ و تیشکی ئەو عەشقە زەمینییە خەڵوەتێک بۆ فەنابوون لەپێناو خۆشەویستەکەیدا دروست بکات.

چون شەماڵەی نوور گڕ گڕانمەن پەی پاسی ماران زەنگ زڕانمەن

ئایا ئەوە بە تەنیا عەشقێکی ئاسمانیی رووتە یان ڕۆچوونە بەنێو هەموو جوانییەکاندا؟ بێگومان پێناسەکردنی عەشق، پێویستی بە وردەکارییەکی زۆر هەیە و دەبێت لە هەموو کون و قوژبنێکی ژیانی شاعیر هەڵبدرێتەوە؟ بۆیە ناکرێت عەشقی مەولەوی لە بوارێکدا قەتیس بکەین و چاو لە بوارەکانی تری بنووقێنین، ڕاستە مەولەوی عارفێکی پاک و بێگەرد و ڕاستگۆ بووە، بەڵام ئەویش هەروەکو حافز و عەتار و مەولەوی و سەعدی و زۆر لە عارفانی تر لە قەفەسی عەشقی حەقیقیدا سەری دەرهێناوەو لە ئاسمانی عەشقی مەجازیشدا لە شەقەی باڵی داوە، ئەم فڕینە ڕۆمانسییەش نەبووەتە هۆی ئەوەی کە مەولەوی

به یەکجارەکی واز لە دولبەرە ئاسمانییەکەی بێنێت و روو بکاتە ژووانگەیەکی نوێ و بۆ هەمیشە لە باوەشی دولبەرە زەمینییەکەیدا بحەوێتەوە! بەڵکو ئەو دوو عەشقە بە تەواوکەری یەک دەزانێت و پێدەچێت راهێنان لەسەر هەریەک لەو عەشقانە زیاتر لەوی دیکەی نزیک دەکاتەوە.

مەولەوی ئەزموونێکی زۆری لەبەر دەستدا بووە و وەک هەموو عارفێکی هاوچەرخ و تەنانەت ئەوانەی پێش خۆی رێگای زۆری تاقیکردووەتەوە، بۆیە هەندێکجار دەردو فیراق و دووری خۆشەویستەکەی دەبێتە هەوێنی ئەو عەشقە سەرکێشەو دەیەوێت لەو رێگایەوە پردی پەیوەندیی دروست بکات و بگاتە دولبەرەکەی، ئەمەش هەمان ئەو عەشقە مەجازییەیە کە عارفەکان بۆ گەیشتن بە عەشقی حەقیقی سوودیان لێوەرگرتووە.

**ئیمشەو دیارەن بانگم بێشەرمەن　　زایەڵەی سەمتوور کەللەم وە گەرمەن**
**سەدای زیڵ و بەم مەینەت سەد تەرزەن　　خەفەت شادیشەن خەم دەماخ بەرزەن**
**هۆشم بێ هۆشەن فامم قامەت قاخ　　بۆی دووری ئازیز مەیۆم نە دەماخ**
**نەیچی درەنگەن سا مەکەر درەنگ　　فیدای پەنجەت بام نەی باوەر وەدەنگ**

عەشقی مەولەوی وەک عەشقی زۆربەی عارفە عاشقەکان بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت کە دەتوانین بڵێین ئەو قۆناغانە هەمان ئەو تووخمە سەرەکییانەن کە عەشقیان لەسەر بینا دەکرێت، واتە: حەزو خۆشەویستی لە رادەبەدەر– فیدابوون و دواجار لێکنزیکبوونەوەو دروستکردنی پەیوەندیی. لەم سۆنگەیەوە مەولەوی لە دەرگای عەشقی مەجازیی نزیکدەبێتەوەو دونیایەکی پڕ لە خۆشەویستی دروست دەکات.

**دەورێ دەر وەجام بادەی پەڕ جە مەیل　　بەڵ دەروون جە مەیل باڵات ببۆ کەیل**
**جە ماسیوای تۆ فارغ بۆ حاڵم　　بەڵ نەدۆم ئازار شووم خەیاڵم**
**یەک دڵ بوو چەنی عشقی دیدارت　　گیان کەرو فیدای دیدەی خۆمارت**

لێرەدا شاعیر لە تاوی ئارەزووی بینینی یار کە هەمان تووخمی حەز و خۆزگەیە، لێی دەپاڕێتەوە کە بە شەرابی خۆشەویستی بەدەوریدا بسوورێتەوە، بەڵکو تا بەهۆی ئەوەوە دڵ و دەروونی ئارام ببێتەوە و خەون و خەیاڵی ئەغیار ئازاری نەدات، بەمەش هەنگاوێکی زیاتر لە عەشق نزیک ببێتەوەو بگاتە قۆناغی فیدابوون و توانەوە.

ئەو شەیداسەربوونەی مەولەوی لە هەمبەر عەشقی حەقیقی و مەجازیدا کە لە دولبەری زەمینیی و ئاسمانییدا بەرجەستە دەبێت، بەڕادەیەک لێک نزیکن کە هەندێکجار لە دۆزینەوەی دولبەری راستەقینەی مەولەویدا تووشی شەک و گومان دەبین، ئەمەش دیاردەیەکی سەیر نییەو عارفێکی وەک حافز ئەوەندە لە خاڵی سەر کوڵم و لێوی کچانی تورک و هیندی نزیک دەبێتەوە، کە پێتوایە وازی لە عەشقە حەقیقییەکەی هێناوەو دەستەو دامانی عەشقی مەجازیی بووە.

**اگر ان ترک شیرازی بدست ارد دل ما را به خال هندویش بخشم سمرقند و بخارا را**

وەک دەبینین جوانییە زەمینییەکان نەک تەنیا لەبەر چاوی حافز ون نابن، بەڵکو ئامادەشە لە پێناو بەدەستهێنانی ئەو جوانییەدا بەشێک لە پانتایی گۆی زەوی پێببەخشێت! سەرنجراکێش ئەوەیە کە ئەم هۆنراوەیەو ئەم چەمکە دڵ ورووژێنە دەبێتە جێگای مشتومڕی شاعیران و لە قاڵبی شیعردا بیرو بۆچوونی خۆیان لە بارەیەوە دەردەبڕن بۆ نموونە: ئەمیر نزامی گەڕوسی کورد کە دەسەڵاتدارێکی گەورەی سەردەمی ئیماراتی ئەردەڵانە، لەژێر کاریگەریی عەشق و خۆشویستنی گەل و وڵاتەکەی کچی کورد جوانتر لە تورکی شیرازی دەزانێت و پێشیوایە جوامێرییش لەوەدایە کە لە بەرامبەر ئەو جوانییەدا ماڵ و سامانی خۆت ببەخشیت، نەک هی خەڵک.

**اگر ان کرد گروسی بدست ارد دل مارا**
**به خال هندویش بخشم تن و جان و سر و پا را**
**جوانمردی بدان باشد که ملک خویشتن بخشی**
**نه چون حافز که می بخشد سمرقند و بخارا را**

ڕەنگدانەوەی عەشق و خۆشەویستی عەنبەر خاتوون لای مەولەوی، هەمان گومانمان بۆ دروست دەکات، بەڵام دواجار هەردوو عارفی عاشق لەو عەشقە زەمینییەدا، عەشقێکی ئاسمانیی بۆ خۆیان بەرجەستە دەکەن و زیاتر لێی نزیکدەبنەوە.

ئارەزووی ئازیز وەنەم سەرداوە
نە هەردەی دەروون ئایر وەرداوە
تاقەت بی وە هوون جە سەختی زامان
تک تک چەنی هەرس رێزا وەدامان
هەر وە زۆر مەندەن نیم نەفەس باقی
وادەی دەورتەن، هانا، هەی ساقی
دەورێ دەر وەناز وەپیاڵەوە
ژەنگ دڵ وە جام مەی بماڵەوە

لێرەشدا مەولەوی قۆناغەکانی عەشقی زەمینیی یەک لەدوای یەک دەبڕێت و دواجار بە هۆی ئامرازەکانی عەشقی عارفانەوە دەیەوێت دڵ و دەروونی ژەنگگرتووی خۆی زاخاو بدات.

## قووڵبوونەوەی مەولەوی لە عەشق و خۆشەویستیدا

قووڵبوونەوە لە عەشق و خۆشەویستی و هەست بە فیراق و دووربوون لە دولبەر، چەمکی عەشق فراوانتر دەکات و واتایەکی زێدەتریشی پێدەبەخشێت، ئەمەش هەمان شەیدابوون و سەوداسەربوونە کە زۆرجار لە هەردوو لایەنی عەشقی حەقیقی و مەجازییدا تووشی مەولەوی دەبێت و پانتاییەکی هونەریی بۆ شاعیر دێنێتە پێش و زیاتر لەنێو کورەی عەشقدا دەیتوێنێتەوە، ئەمەش هەمان ئەو عەشقەیە کە مەولانا بە مەجنوون و دێوانەبوون ناوی بردووە.

دەورێ دەر ساقی وەلای محزووندا
لەیل ئاسا بویەر وەلای مەجنووندا
جامی جە سەهبای دیای باڵاکەت
ئالوودەی غوبار تۆزی پاڵاکەت
بەو ناز و عیشوە وێت پێم دەرەوە
جەستەی پەژموردەم ئیحیا کەرەوە

لێرەشدا وەک دەبینین مەولەوی پلەیەکی زیاتر لە قۆناغی خۆشەویستی دەبڕێت و مەجنوونئاسا چاوەڕێی لەیلایە، تا بە دەرخستنی جوانییەکانی خەم و پەژارەی لێ دووربخاتەوە.

## عەشق لە تەرازووی عەقڵدا

هەروەک دەزانن عەقڵ سەرەکیترین فاکتەری جیاکردنەوەی مرۆڤە لە بوونەوەرەکانی تر و لە تێڕوانینی ئایینیشدا بە پێغەمبەری دەروونی ئینسان ناوی لێبراوە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە عەقڵ رێبەر و رێنیشاندەری مرۆڤە و پێووەرێکە بۆ جیاکردنەوەی چاکە و خراپە و دروستیی و نادروستیی شتەکان، بەڵام عارفەکان پێگەی عەشق بەرزتر دەبینن و پێیانوایە ئەوانەی عەشق

و عاشقی بەبێ عەقڵی ناو دەبەن، لە واتای عەشق تێنەگەیشتوون، ئەم باسە چەمکێکی نوێی هێنایەکایەوە کە دواتر فەیلەسوفە خۆرهەڵاتییەکان، لەوانە: ئیبن سینا و سۆهرەوەردی و ئیبنی عەرەبی تا... بوون بە ئاڵا هەڵگری ئەو تیۆرە و پێیان وابوو کە سەرەکیترین بنەمای جیهان عەشق و قۆناغە جۆراوجۆرەکانی عەشقن، لەو سۆنگەیەوە حافز ئەو دونیابینییەی خستە بەر چاوی عارفان و مەی و مەیگەدەی کردە هەوێنی گەیشتن بە عەشق:

**حريم عشق را درگە بسی بالاتر از عەقل است**
**كسی ان استان بود كە جان در استین دارد**
**بە درد عشق بساز و خوش كن حافز**
**رموز عشق مكن فاش پیش اهل عقول**

دیارە مەولەوی بە باشی لە ئامۆژگاریی حافز تێگەیشتووە و ئەو رەمزەی دۆزیوەتەوە کە عارفەکان کلیلی دەرگای عەشقیان پێکردووەتەوە.

**عارفان چ خاس پەی وە حەق بەردەن        وەسییەتی حافز وە جا ئاوەردەن**
**دەفنت نە پەهلوی مەیخانە کەردەن        وەسەر خاکتدا سەبوی مەی مەڕدەن**

## جۆرەکانی عەشقی مەجازی لە هەڵبەستەکانی مەولەویدا

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا مەولەوی بە هەموو قۆناغەکانی دونیای عەشق و خۆشەویستیدا تێپەڕیوە و لە ئاکامی ئەو قۆناغە هەستیارانەدا ئەزموونێکی بەرچاوی کەڵەکە کردووە و توانیویەتی خەرمانێک لە عەشق و خۆشەویستی لە نێو دڵ و دەرونیدا کۆبکاتەوەو بیکاتە دەستمایەیەکی گرانبەها بۆ رێگای پڕ لە هەوراز و نشێوی عیرفان، ئەگەر بمانەوێت جۆرەکانی ئەو عەشقە مەجازییە دەستنیشان بکەین، بێگومان دەبێت پێش هەموو شتێک ئاماژە بە عەشقی رۆمانسی مەولەوی بکەین کە تێکەڵاوییەکە لە پەیوەندییەکی رۆحی و حەزێکی جنسی عاقڵانە.

**چون چیهرەی خەیاڵ روخسارەکەی وێش        نەتۆی پەردەی دڵ مەعدوومی دڵ رێش**
**نمانا جەمین شای سۆسەن خاڵان        کەم کەم جە گۆشەی لای سیا ماڵان**

وەک دەبینین لەم هۆنراوەیەدا، کە بێگومان وەسفی شۆخە کچێکی جافە، مەولەوی لەگەڵ ئەوەی رووخساری ئەو شۆخە کچە بە گیایەکی زۆر جوان و بە بۆن و بەرامی وەک سۆسەن بەراورد دەکات، تابلۆیەکی جوان لە سروشت و جوانیی ناوچەیەکی جوگرافیایی بە هەموو کەرەستەکانییەوە وێنا دەکات، ئەو عاشقە سەوداسەرە بەوەشەوە ناوەستێت و مانگی خەیاڵی لە پەنای سیامالْدا دەدۆزێتەوە و دڵ و دەروونی پێ رووناک دەکاتەوە.

**گۆشەی سیاماڵ هۆردا دیاوە چون مانگ نە گۆشەی هەورە سیاوە**

عەشق خێزانی، ئەگەر چی ئەمجۆرە عەشقە عەشقێکی گشتگیرە و پێدەچێت هەموو کەسێک کەم تازۆر تامی کردبێت، بەڵام مەولەوی ئەو خۆشەویستییە دەگەیەنێتە ترۆپک، وەک چۆن لە لاواندنەوەی عەنبەر خاتوونی هاوسەریدا دەڵێت:

**هەر ماهێ نەو بۆ حاڵم پەشێوەن چون هیلال شێوەی برۆی تۆش پێوەن**
**نە شەو راحەتم نە رۆژ دڵشادم شەو زوڵف و رۆ رووت مەوزۆ ئەو یادم**

لە کۆتاییدا دەبێت بڵێم باسکردن لە چەمکی عەشق لای مەولەوی شرۆڤەیەکی چڕ و پڕتری دەوێت و هیوادارم رۆشنبیران و مەولەویناسان لەو پەیوەندییەدا زیاتر و بەربڵاوتر ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن.

**سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**


- دیوانی مەولەوی، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس.
- قیامتگاه عشق، عەبدولکەریم سروش.
- انسان عاشق، کازم سادات اشکوری.
- دیوانی حافز، احمد محمدی.
- عقل و عشق از دیدگاه حافز.


سلێمانی
٢٠١٠/٨/٢٧



# دەق


هەڵاتن  لە گۆرانیی
**سەباح رەنجدەر**

ماسکەکەت فڕێدە  ئەی شۆخ
**ناڵە حەسەن**

نوێژێکی رووتوقووت و مەست
**حەمە کاکەڕەش**

نهۆمی دووەمی باڵەخانەیەک
**رێبین ئەحمەد خدر**

وشەیەک  بەر لە نووسین
**عەلی سدیق**

داری مەرگ
**سیناریۆ: حسێن لەتیف**

مانۆلینا
**محەمەد ناکام**



دیدار لەگەڵ محەمەد حسێن
**سازدانی: سامان کەریم**

# هەڵاتن
# لە گۆرانیی



**سەباح رەنجدەر**

**لە خەیاڵ ژیان پەیمانی دڵنیاییە**
**نێرگز لە پەرداخە ئاوی ناو ماڵیش گەشە دەکات**
**خوناو چەند بێ بەزەیی و پڕ ئیرەییە**
**تا نیوەڕۆ نامێنێتەوە**
**بەیەکەوە نوێژێک بکەین و دروود**
**بۆ هەستیاریی زەوی بخوێنین**
**مرۆڤ خوێی زەوییە**
**لە ناوەندی خوان دادەندرێ**
**دەمەوێ گوێت لێ ڕابگرم ئەی ئیرەیی**
**بزانم بۆ بەرانبەر پەنجەرەیەکی دووروو داماویت**
**دەستیشت بە خۆتدا شۆڕ کردووەتەوە**
**لێکدانەوەت بۆ**
**هەڵەی مەرگ و**

کووژەکەی شین و
نەمریی و
زیندووبوونەوە
چییە
کەڵەکێویی لەگەڵ سووڕانەوەی هەر ساڵێک
قەفێک لە شاخی بەرز دەبێتەوە و مووی دەوەرێ
سمیشی زەوی زیاتر داگیر دەکات
بە دوودڵی سمی ناجووڵێنێ
بەڵام کاروانچی و ڕێگا بڕوایان پێی نییە
حیکمەتی چوونە تەمەن لە چیدا ڕوون دەبێتەوە
لکە دارێک بەو دیوارە دابکوتە
کە هەتاو گەرمی کردووەتەوە
کڵاوی سەر و
ملپێچی مل و
قایشی پشت و
پێستی ناخی پێ هەڵواسە
زمانت دەبێتەوە
زەویش لە یادەوەریدا ئەم یادگارییەت تۆمار دەکات
یادەوەریی زەوی نهێنی ئاگرە
لە یەکەمین پرشەیدا سروشت خۆی ڕازاندەوە و ژیان دەستی پێ کرد
تریفەی مانگ بەسەر گەڵای درەختەوە جوانترە
لەوەی لەناو گۆلاو بەر چینچکەی مردن بیگرێ
سێبەکانی درەخت بای سەرمانگی لێ دەکەوێت
ئەرێ ئەستێرە بۆ لە دەوری مانگدا
تاجی درەوشانەوە لەسەری خۆی دەکاتەوە
نایەوێ ڕووخساری ببیندرێ
لەسەر بەردی سێبووری دانیشە و قەفی زنجیری کاتژمێرت بژمێرە
تەماشای بەرزبوونەوەی دوعای سپی بکە
داوێک لە برژانگی فڕیوت بخە مەترسییەوە
خەیاڵ ببەوە ناو هەستیاریی زەوی
لایلایەی دایک

لاوکی باوک
داستان و چیرۆکی باپیرە و داپیرە
ئالآی دەستی ئێمەن
دەتوانیت لە سێبەری ئالآدا
زیاد لە زەردەپەڕ بڕوانی
لەگەڵ گۆرانیش یاریی خلیسکێنە بکەیت
ماسیی حەوز
ماسیی ڕووبار
نەهەنگی دەریا
ئیرەییان بۆ یەک تاوی سەندووە
چاوی قرژاڵیش لە ڕوونیدا جاڕسکەرە
وەک مریشکێکی کڕ
تەواوی هێلکەکانی پیس کردبێ
خانمی ماڵ بە بێزارییەوە دانەوێڵەی بۆ ڕۆکات
ترسێک هەناوی هەڵدەکۆڵێ
بای سەر ئاو هەڵی کرد
بە هەموو خانەی لەشم هەست بەهەڵکردنی دەکەم
سووڕی ئیرەیی کورتە و گیانی وەنەوز دەدا
ڕەنجی سەرکێشیش
چاو و
باڵ و
یادگاریی و
تاسە
لە خانەی لەشی زەوی دەچێنێ
تەورات لە زمانی مووساوە
ئینجیل لە زمانی عیساوە
قورئان لە زمانی محەمەدەوە
زمان ئێسکی تێدا نییە
شیعریش بە تەنیا و لەگەڵ مندا
ڕەگی ویژدان هەڵمژیوی
پیت و





وشه و
ڕسته
بوارم بدەن
له گڕوگاڵی
گۆپکه و
شکۆفەی باخچەی ڕەنج و
ئەفسانه و
دڵ
فێری نازپەروەریی ببم و ئەستێرەی گەڕۆک بناسم
جۆگەلەی ئاخاوتن به پێشماندا تێ دەپەڕێ
زمانمان ناسک و دڵمان وریا دەکاتەوه
سروشتی دان بەخۆداگرتوو
بێ دڵیم مەکه و هەستێک له ناوەوەم گەشه پێ بده
له خەیاڵێکی سوور هەڵگەڕاو
که پردی ئومێد دەخولقێنێ
دوورتر لەوەی
له بەرزیی و نزمیی چاو بەدەرکەوێ
خانه خانه لەشی سروشت خوێ دەگۆڕێ
ئەوه هێزی زیندووبوونەوەی سروشته
منی کردووه به نەوەی گۆرانیبێژ
دەنگ و ئاواز له لێکدانی شەپۆل دەبیستم
بیستن لێم دەبێته مێژوو
نوێژی سەر مردووم بیر دەهێنێتەوه
بای سارد له دەموچاوی دام
دڵم گیرا
دەست و پلم ڕاوەشاند
تاسه و مووچڕک بەریدام
چاوم بەسەر ئەمسەر و ئەوسەری هێڵێکدا نیشتەوه
ڕستەیەکی ئەزەلی
بێ پەروا و پڕ ئاوات دایگیرساند
دڵی کەفوکوڵداری پیت و وشه دەداتەوه

بە ئاواتەوەیە
پەپوولەسلێمانە دەنووک لە ئاوی بن کووپە بنێ
بۆ تاهەتایە بە دەنگ و ئاوازەوە چینە بکات
وا ڕاهاتووە بڕوانێتە
دەنووکی تەڕ و دڵی گەرمی چرایەک
هەتاو لە هێلانەی قەتێ دەترووکێ
ئەو ژن و پیاوەی لەسەر پرد ڕا
تەماشای ڕووباری ژێریان دەکەن
مەستن لە ڕووناکیی گڵۆپی ناو ئاو
ماسییش لەناو ڕووناکیدا
کلکیان هەڵدەدەن و سەرنج
لەو ژن و پیاوە دەگرن
کە لەسەر پردەکەدا لەناو دەموچاوی یەکدا مەستن
تاسە و مووچڕک بەری نەداون
نەرم و نیانیی چاویان هێز لە شکۆی چاوی ماسی وەردەگرێت
ماسیگرەیەک باڵی بەرزکردەوە
دڵنیایی تەنیا لە دەموچاوی مەستدا تەواو ئارامە
قسەی ماسیگرە هی دڵی خۆیەتی و هی کەسی داخ لە دڵ و ئاژاوەگێڕ نییە
پەڵە خوێنێکی وشک بە ناوچەوانمەوە نووساوە
تێکەڵ بەماسوولکەم دەبێت
لە لێومەوە دەبێتە خاڵێکی مۆر
وریایی دڵ ناهێڵێت خەونی ورچ ببینم
لە خەونمدا بینیم
لێو و
شمشاڵ و
نیگا و
هێڵی ئەشق
مردوون
لە پڕمەی گریانم دا و چاو سوور و دەم وشک لە خەو ڕاپەڕیم
کوڕ و کیژەکانم توانییان
دەست لە فرمێسکم بدەن



ئاخر خۆ بڕیار نەبوو هەموو شتێک
کتوپڕ ڕوو بدات
ئەو جێوبانەی لەناوی ڕاپەڕیم
هێشتان گەرمە و ئاهی نائومێدی
لە خۆیدا دەکاتە خەونێکی چاو هەڵاتوو
بە نیازی بینین
پێ لەناو گۆلی خوێندا ناجووڵێ
پاش خەون بینینێک
ناکۆکییەکانی نێوان ژیان و مردن کۆتایی دێ
هەڵێ بە تەواوی هێزی پێ لە گۆرانیی هەڵێ
ئەو ڕۆژەی تۆ هەڵدێی
کوچە و کۆڵان و شارچی بەسەر دێت
ئەدی ئاسمان چی بە زەمین ڕادەگەیەنێ
کوێرەڕێگایەک بە قەراغی دۆڵێکی
هەزار بەهەزاردا درێژ دەبێتەوە
دەگات بەباخێکی هەڵووژە و کونی گورگێک
مێژوو ئەی بووکە مەیموونی گەردوون
مێرووستان دەنکە گەنمی بەدەمەوە بێت
ڕووناکییەکی پڕ ڕەنگ دەکەوێتە سەر ڕووی زەوی
هەستیاریی زەوی کۆشکی گیانبازی مێرووستانە
لە دەروونمەوە ئاگرێکی بەجۆش و ئاشنا گەرمم دەکاتەوە
باڵی هەڵۆیەک خۆی لە دەستی ڕاستم خشاند
بەختیار بووم
کڵاو و
بالیف و
لێواری کەشتیی گەشت و
ساباتم
دەبنە هێز لە پەڕی هەڵۆ
لەناو دڵبەرزیی ئەو پەڕەدا
کورتی و درێژیی سێبەرم ناسی
دەست بخەمە سەر سێبەر

هەست بە پلدانی دەماری ناوچەوانی زەوی دەکەم
کرمێک لەناو خۆڵی تەڕ لوولی خواردووە
خەریکە دەچێتە دڵی درەختێکی دوو بەرەوە
هێزی خوداوەند گەماڕۆی دا
دەمی لە کلکی خۆی نا و خواردی
زمانیشی بەناو دەمیدا سووڕاند
قەت ڕۆژێکی وا دڵخۆش لە هەولێردا ڕووی نەداوە
ئاوێنە کە شاژنێک تێیدا تەماشای داوە پرچی سپیبووی دەکات مات دەبێ
ماتیی ئاوێنە دڵی کەفوکوڵداری پیت و وشە دەداتەوە
دەموچاو لە ئاوێنەدا بێ سەروشوێن دەبێ
وێنەگریش کە وێنەت دەگرێ
دڵت دەبینێ
وێنەی نواڵەم لە قۆغەی چا و بەرگی ڕادیۆم هەڵکەند
ئەفسوونم لە ملوانکەی سەر سینگی خوێندووە
دەلیلی شاریش لە نقێمی شینی ئەنگوستیلەی
دەست و خەتی ئاشقانەی نواڵە جوان بوو
لەناو باوڵە دارەکەدا خەبەری بووەوە و ناڵەیەکی لێوە هات
دوای هەناسە هەڵکێشانێکی درێژ
هەموو ناڵەکانی خۆی ڕاگەیاند
پشیلەی ماڵی لاسایی کردەوە
دەست و خەت دوازدە مانگی پڕە
لەسەر مێز خۆی ڕاخستووە و بێدارە
کەس سەرنجی نەداوە و نەیخوێندووەتەوە و نەیخەواندووە
دڵم لە تەک دەست و خەتدا
لەناو پەرداخێک ئاو بەهرەدارێکە لە کاری خۆیدا شەیدایە
پشیلەی ماڵی ئاوەکەی بەسەر ئەو ڕۆژنامەیەدا ڕژاند
کەلووەکانمانی تێدا ڕاگەیاندرابوو
میوەیەکی گەییو لە درەختێکی دوو بەر کەوتە خوارەوە
پەنجەی پڕ خوێن و بەهێز هەڵی دەگرێتەوە
نواڵە لە کاتی داگیرسانی دەنکە شخاتەدا
دەستەکانی شل و خاون

بە وریاییەکی پڕ شکۆوە لە ئاگر و دەستی ڕوانی
ئاخۆ ماستی بۆ هەوێن دەکرێت
یان دووکەڵی لەسەر چاوی مۆم پێ لادەدرێ
چرا هیچ نیازێکی نییە لە داگیرسانی
تووڕەبوونی ڕووناکییەک
ئەو بایەی گۆماوێک دەشڵەقێنێ
ئەو بەردەی گۆماوێک دەشڵەقێنێ
ئەو مەلەوانەی گۆماوێک دەشڵەقێنێ
ئەو بۆقەی گۆماوێک دەشڵەقێنێ
گەرمایی و فێنکیی زەوی دەکڕن
لە سندووقێکی دروستکراو لە ئێسکی پشتی کیسەڵ هەڵی دەگرن
هەر هێندە لە ژیان شارەزا بوویم
گۆماو ناولەپی باب و باپیرمانە و کشاوە
بەهار دەستێکی خێر لەخۆ دیوە
چاڵ و چۆڵی و دەموچاوی سووتاوی سروشت لە چەک دەکات
دەمامک لەناو دەچێ و پاسەوانی ناکرێ
هۆی مانەوە و لەناوچوونی دەمامک چییە
سرکە و
زەیت و
زەیتوون و
ئاوی لیمۆ
تێکەڵاو دەکات
نان و ئاویشمان لە پێشدا هەڵدەگرێت
ئەو دەستانەی نان و ئاومان لە پێش هەڵدەگرن
برێ جار ڕەش و زبرن و تایان هەیە
جاری واشە ڕەنگاوڕەنگ و ئاوریشمی
دەست ئاشی بەخوێن دەگەڕێ
سەرم گرانبووە
بەرچاوم تاریک
جوانیی لە بارێکی شڵەژاودا خۆی پێشاندام
دەموچاوی سروشت بە ئاسانی ئەشکەنجە دەدرێ

مردوو گۆڕیان تەنگە
دەشیانەوێ گوێیان لە نەوایەک بێ
دڵەکوتێی پەپوولەی
بەرچرا و بۆنی بخووری ڕۆژی جەژنیان
بۆ بکاتە ئاوازی ئازارەکانیان
سروشت پزیشکێکی خۆڕسکە
خەمۆکیمان چارە دەکات
پەنجەم سڕە و پەرداخم لە دەست بەردەبێتەوە
بەسەر خاولیی منداڵێکدا دەڕژێ
تای بەرزبووەتەوە
خاولیی تەڕبووی لەسەر ناوچەوانی دادەنێین
فێنکایی دەستی خودا فریای دەکەوێ
بەخت وەک ڕۆژ وایە
ئاوا دەبێ و هەڵدێتەوە
هەرچی لە دڵدا بێ هەڵی دەڕێژێ
زەوی قورگی گیراوە و کانی بەلەتر دەردەبن
جوانیی چاوێکی تێدا ڕسکاندووم
بەس ئەو بژار دەکات
خۆی و دەستەخوشکەکانی
نوێژیان بڕیوم
دڵیان شکاندووم
شەمێی باڵیان تواندوومەتەوە
کتێبـی غەزەلیان گەچڵاندووم
ئەی جەربەزەییی کانی
ئازادیی زەوی ناشاردرێتەوە
ئەم خۆر و سبەینەیە تەواو بە جووڵەن
باڵندە لەسەر دیواری ماڵان دەنگ و ئاوازیان بڵاو دەبێتەوە
هەرچی شیر و تیری ناخیش هەیە کەوتوون
سوورایی خۆرنشین ئارامیی بەتاسەم دەبەخشێت
تاسەم لەگەڵ خۆرهەڵاتندا
دیداری گوڵەبەڕۆژەی کێڵگەی بەخت بەرهەم دەهێنێ

به ئارەزوویەکەوە کە بەیادی سەرگەرم و مەستم
لە خەو هەڵدەستم و بلووزی تۆڕ لەبەر دەکەم
تا گوێ لە کوڵانی هێلکە و چای ناو کوورەی دیوار بگرم
دوو چاوی گەرم کە شکۆی دایە حەوای تێدا پارێزراوە
نان و ئاوم لە پێش دادەنێ
باڵندە لەسەر خوانی منەوە دەفڕن و دوعای سپین بەرز دەبنەوە
تاسەی ساتی نەمریی دەکەن
پەری ڕوومەت تاڵ
ماری بە فیشکەفیشک
سوێندی ناچاری
دەروونی خەواڵوو
کڕنۆش بۆ دەنگی دڵ دەبەم و بە دڵ دەستت ماچ دەکەم
ئەی دەنگی دڵ
چاوێک دڵخۆشیی لێ بڕژێ
ڕەشکەوپێشکەی تێدا دەرناکەوێ
دوودڵییەکی درێژ
لە ژێی کەوانی تیردا باج دەستێنێ
دەنگی
کلکتەقێنە و
ئاو ڕوونکەرە و
کەڵەبابی مل ڕووت و
بەرخی دوونگ شۆڕ
دێنە گوێم و دەگەنە دڵم
نابینام و دەستم بووەتە چاو و لە هەستیاریی زەوی دەدرەوشێتەوە
نامەی بۆمبڕێژکراو چ هەواڵێک ڕادەگەیەنێ
ئاوازی توانەوەی چاڵە بەفر
ئاوازی داخستنی ئاگری کوورەی دیواری ماڵ
ئاوازی سوپاس
ئاوازی تاڤگە
دەست و خەتی ئاشقانەی نواڵە جوان بوو
لەناو باولە دارەکەدا خەبەری بووەوە و ناڵەیەکی لێوە هات

**منی لەو سەرزەمینە دۆست و دوژمن زۆر**
**ئاسوودە و**
**ئارام و**
**بەسۆز و**
**تاسە بەتین**
**لە نامەی پیریی دڵدا بێ وچان داگیرساوم**
**قەد ڕۆژێکی وا دڵخۆش لە هەولێر ڕووی نەداوە**
**کات درەنگ نییە بۆ ئەوەی نواڵە بێرەدا تێ بپەڕێ**
**دوای مردن بەخەبەر دێم**
**لە ڕێگا ڕۆیشتندا بەهار بەسەر ناچێ**

ئەیلوولی ٢٠١٠
هەولێر



# ماسکەکەت فڕێدە ئەی شۆخ



**ناڵە حەسەن**

**ماسکەکەت فڕێدە ئەی شۆخ**
**با ڕووناکی چاوەکانت**
**تێکەڵ بە شەوەکانی عەمرم بێ**
**با خۆرەتاوی خەمەکانت**
**بڕژێتە نێو خۆرئاوابوونەکانی خەیاڵم**
**با جوانییەکانی ڕووخسارت**
**تێکەڵ بە سروشتی هەناسەم بێت**
**با شەونمی سەر پەڕەی لێوەکانت**
**نیشتمانی نێو خەونەکانم تەڕ بکات**

**ماسکەکەت فڕێدە ئەی شۆخ**
**من دەمەوێ حەقیقەتی ڕووخسارت ببینم**

ڕووت ڕووت وەکو با
ڕووت ڕووت وەکو بەفر
ڕووت ڕووت وەکو ئاو
هەر بەم باڵا ڕووتە ڕێواسییەوە
لەنێو منداڵدانی عەشقەوە
وەرە نێو ماڵە ڕەنگینەکەی شیعر
هەر بەم ئەدگارە ڕووتە ئاتەشییەوە
لەنێو منداڵدانی شیعرەوە
وەرە نێو ماڵە ڕەنگینەکەی ژیان



ماسکەکەت فڕێدە ئەی شۆخ
وەک کچە کۆچەرییەکانی نێو بیشتمانی خەون
سادە و ساکار
لەنێو گەرمیانی ئارەزوومەوە
وەرە نێو کوێستانی ڕۆحم
لەنێو پەرستگەکانی دڵی من
ڕووت ڕووت بەرەوە،
ڕووت ڕووت وەکو عەشق
ڕووت ڕووت وەکو شیعر
ڕووت ڕووت وەکو ژیان

چیت لێبشارمەوە ئەی شۆخ...؟!
من ماڵم لە هیچ شوێنێک نەبوو
هیچ شوێنێک ماڵی منی لێ نەبوو
نیشتمانی من لە هیچ کیشوەرێک نەبوو
هیچ کیشوەرێک نیشتمانی منی لێ نەبوو
ئێستا،
من نیشتمانم بە کۆڵ خۆم داداوە
لەنێو کیشوەرەکانی باران
لەژێر ڕەشماڵێکی ڕەش ڕەش
ڕەش ڕەش وەکو بەفر

لەنێو خەیاڵێکی سپی سپی
سپی سپی وەکو سێبەر
لە چاوەڕوانیت دام
لێرە، سروشت و خواو
هەموو زیندەوەرەکان
لە چاوەڕوانیت دان
تۆش ماسکەکەت فڕێدە و وەرە...!



کە هاتی
ئەو دەفتەرەی
یادەوەرییەکانی خۆمم تیا نووسیبوو
لەگەڵ خۆتدا بۆم بهێنە
بیرت نەچێت
تۆش هەموو شتێکم بۆ بنووسە
ئەو ڕۆژەی کە گووتت
من لە پەنجەرەکانی مردنەوە دەڕوانم
یان کە گووتت
من لەنێو مردنەوە خەون دەبینم
یان کە گووتت
ژیان تەنها ئەو وەرزانەی خۆش بوو
کە عاشق بووم
تکایە ئەی شۆخ
هەموو شتێکم بۆ بنووسە، هەموو شتێک

باسی ئەو
شەوە سوور سوورە سەوداسەرییەشم بۆ بکە
کە مەست مەست
باسی مردن و ماسکت بۆ دەکردم
مەست مەست وەکو مۆم
لەنێو میلۆدییەکانی مردن دەتوایەوە
مەست مەست

باسی وەرزە وەنەوشەییەکانی کچێنی خۆتت
بۆم دەکرد
مەست مەست باسی ئەو ئێوارە ئەرخەوانییەی
کە لە ژیان یاخی بوویت
خۆت دایە دەست گەردەلوولی مەملەکەتی مردن
ئەی شۆخ
من لەنێو نیشتمانی باران
لەژێر ڕەشماڵێکی ڕەش
ڕەش ڕەش
وەک بەیانییە کازێوەییەکانی عەشق
لەنێو خەیاڵێکی شین
شین شین
وەک ئێوارە لێو بەخەندەکانی شیعر
لە چاوەڕوانیت دام
تۆش، تەنها ماسکەکەت فڕێدە و وەرە

ئەی شۆخ
بیرت نەچێت، بەر لەوەی بێیت
باسی هەڵوەرینی ئەو گەڵایانەم بۆ بکە
کە لە وەرزە بێ مەیلەکان دەتۆرێن
باسی ئەو شەقامانەم بۆ بکە
کە چیتر دڵیان بە پیاسەی عاشقەکان ناکرێتەوە
باسی ئەو ڕووبارانەم بۆ بکە
کە لە شەوە خامۆشەکاندا گۆرانیی بۆ هەور ناڵێن
باسی بێهودەیی عەشقم بۆ بکە لەنێو مردنی ژیاندا
باسی ڕەشبوونی سێوەکانم بۆ بکە
لەنێو عەبەسییەتی سەوزایی درەختەکاندا
باسی تەڵخبوونی ئاوێنەکانم بۆ بکە
لە سەردەمی خۆکوشتنی کات دا
باسی بە خۆڵەمێشبوونی کتێبە پیرۆزەکانم بۆ بکە
لەنێو خەیاڵی سەربازێکی تێکشکاوی سەردەمی جەنگەکاندا

ئەی شۆخ بیرت نەچێت
باسی ڕووتبوونەوەی بەهارم بۆ بکە
لەنێو خەیاڵی پاییزدا
باسی ڕووتبوونەوەی پەپوولەم بۆ بکە
لەنێو خەیاڵی گوڵە سپییەکاندا
باسی ڕووتبوونەوەی خۆرەتاوم بۆ بکە
لەنێو خەیاڵی کازیوەدا
باسی ڕووتبوونەوەی ئەستێرەکانم بۆ بکە
لەنێو خەیاڵی ئاسمان دا
باسی ڕووتبوونەوەی تریفەم بۆ بکە
لەنێو خەیاڵی تاڤگەکاندا
باسی ڕووتبوونەوەی خاکم بۆ بکە
لەنێو خەیاڵی نیشتماندا
ئەی شۆخ
کە هاتی،
من لەنێو دڵۆپە بارانێک
ڕووت ڕووت
لەژێر ڕەشماڵێکی پەمەییدا
ڕووت ڕووت
لەنێو خەیاڵێکی نازنجی دا
لە چاوەڕوانیت دام
کە هاتی، بیرت نە چێت
هەموو شتێکم بۆ باس بکە، هەموو شتێک
تۆش، دە بەڕێکەوە دەی
تەنها، ماسکەکەت فڕێدە و وەرە



ئەی شۆخ
لەنێو کیشوەری باراندا
پێویستیت بە ماسک نییە

لێرە پێویستیت بە پەنجەرە نییە بۆ ڕوانین
لێرە هەموو شتەکان ڕووتن وەکو ئاو
لێرە هەموو شتەکان دەبریسکێنەوە
وەک تراویلکە هەنارییەکانی ئێواران
لێرە نیشتمانمان وەک بەرماڵێک
لەژێر ڕەشماڵێک ڕاخستووە
نوێژە عەشقی لەسەر دەکەین
لێرە هەموو زیندەوەرەکان عاشقن
لێرە ژیان بە مانای عەشق
لێرە عەشقیش بە مانای ژیان
ئەی شۆخ من لێرانە
لەژێر ڕەشماڵێکی سوور سوور
لەسەر بەرماڵەکەی نیشتمان
لە چاوەڕوانیت دام
لێرە سروشت و خوا و
هەموو زیندەوەرەکان، لە چاوەڕوانیت دان
تۆش تەنها ماسکەکەت فڕێدە و وەرە...!



سەرەتای ئەیلولی ٢٠١٠

# نوێژێکی ڕووتوقووت و مەست

**حەمە کاکەڕەش**



**من بێباوەڕ بووم**
**وەک کافرێک دەژیام**
**وەک کافرێک بیرم دەکردەوە**
**زیندووبوونەوە و موعجیزەکانم بە خەیاڵ دەزانی**
**پێغەمبەرەکانم بە فاڵچی لە قەڵەم دەدا**
**گاڵتەم بە کتێبە ئاسمانییەکان دەهات**
**کە تۆ خۆت رووتکردەوە**
**ژوورەکەم پڕبوو لە بارانی ئاگر**
**دەنگی خودا**

**رەنگی خودا بە لێوەکانتەوە رژا**

**ئاسەواری خودام بینی**

**بە هەموو شوێنێکتەوە...**

**لەنێوانی مەمکەکانتا،**

**دوور لە خەیاڵی خودا و بەهەشت و ترسی دۆزەخ،**

**نوێژم دابەست.**

**نوێژێکی رووتوقووت و**



# نهۆمی دووەمی باڵەخانەیەک

رێبین ئەحمەد خدر

ژنە باڵدارەکان و
پیاوە سەمەرەکان لە ئاسمانەوە دادەبەزن
بە پەتێکی رەشی باریک
تەنانەت دووپشک و مار و بۆقیش
لە پەتەکە ئاڵاون

هەور لەنێو زبڵدانەکاندا بە دوای بتڵێک
ئاودا دەگەڕێ

دوکانی بەرگدوورێک لە نهۆمی دووی
باڵەخانەیەک: من لەوێدام
تەواوی بازاڕگا و کۆگاکان داخراون
کونێکم کردۆتە دیوارەکەوە
چ دنیایەکی دڵپێکراو دەبینم لە دەرەوە!

ڕۆژنامە و پیاوە پیرەکەی دوێنێ
لە مەرگی زەوی دەدوان...

تۆش دەتوت باوکم دەڵێ با پێکەوە بمرین و
جوان نییە بۆ مردنیش بچیتە دەرەوە...

شاگردە چکۆلەکەم...
ئاخ شاگردە چکۆلەکەم مردووە
لەگەڵ دەنگی ئاژەڵە چاو گەورەکان بەلاداهات

دەنگی رادیۆیەکی تێکشکاو دەبیستم
لە کوێیە؟ ئەم دەنگە لە کوێ؟
نایدۆزمەوە...
کیژان دەچنە مێرگوڵان*
کەچی من ناتوانم رابکەم

دەست دەخەمە سەر قورئانە تۆزاوییەکە
یەکەمجارە دەکرێتەوە...
نەخوێندەوار نییم بیر لە داروین و
مارکس و فەقێ تەیران دەکەمەوە،
لە دڵداریی...

سەیری کونی دیوارەکە دەکەم
سەرتاپای شار نووقمی دووکەڵ و ژەهر و هەڵمە
ئۆتۆمبێلێکی سوور لە خوار شەقامەکە وەستاوە
پیاوێکی باڵابەرز تفەنگێکی پێیەو دەگری
منداڵێک بە چوار باڵی لێڵەوە دەفڕێ

خۆم رووت دەکەمەوە
دەستدەکەم بە جل دوورین

**پانتۆڵ... تەنوورە... جلی منداڵان**
**پەیتا پەیتا شۆڕش دەکەم**
**جل دەدوورم**
**دەستێک جلی نوێ بۆ شاگردە مردووەکەم**

**ئەهای چەند سەمەرەن**
**ژن و پیاوانی باڵدار و ژەهراویی و**
**دەستەیەک بۆق و حەشەراتی ترسناک**
**بە پەتێکەوە...**



**ناوێرم کونەکە بکەمە پەنجەرە**
**پەنجەرە ترسناکە**

**گوێبگرە دەبینم:**
**ژنێک پرچێکی زیوین داپۆشیوە**
**سەبەتەیەکی چوارگۆشە بە دەستەوە**
**شووشەیەک بۆن دەکڕێ**
**وەک تەقەی تاوڵە**
**گوللەیەک بە سەرییەوە دەنووسێت.**

**نهۆمی دووی باڵەخانەیەک**
**لەنێوان هەڵپەڕینی تیمساح و مرۆڤە ئەلیکترۆنییەکان**
**دانیشتووم و جل دەدوورم**
**بەرامبەر کونی دیوارەکە**
**من بەرگدرووێکی**
**رووتم**

**زەرادەشت**
**ناپلیۆن**
**برایم خانی دەلۆ**

چیخۆف
هەر هەمووتان

دنیا وێنەیماڵێکە لە دۆڵێکی شوومدا
هەورەکان جار جارە دەنیشنەوە
باڵندەکان هەرچەند بفڕن
ناگەنە ئاسمان
من... من
من چییم؟

بەرگدروویێکی رووت
چییم پێ دادەپۆشرێ؟ چییم پێ رووت دەکرێتەوە؟

کونی دیوارەکە دەگرم و
هاوار دەکەم...

دێتە بەرچاوم:
شەیتان بەسواری هەسپێک لە باخی پەرییان هەڵدێ
تووخمی دارسێوەکەی دزیوە
پەرییەکی پیر بە قاچێکی شکاوەوە دوای دەکەوێ.

ئەی تۆ... تۆ؟
تۆ بۆ مردنیش نابێ بێیتە دەرەوە

لێم دیارە لێرەوە
بۆقەکان پاڵ بە دەرگاکەتانەوە دەنێن
هەمووتان گردبوونەتەوە - باوکت دەستی راخستووە
چەند بەم گردبوونەوە نامۆیت...
چەند سەختە... وای

ئای چەند تامەزرۆی ئەوەم بێدەنگ بم

چەند شەیدای ئەوەم لە ئاسمانڕا بەربیمەوەو
بکەومە ناو تۆ.

پێڵاوێک لە شەقامەکەدا بۆ قاچێک دەگەڕێ

لە دەرەوە دەنگی تەقە دێ
دەنگی گۆرانیی رادیۆکە لە شوێنێکی نادیار
دەنگی باڵەفڕێی منداڵەکە بە ئاسمانەوە
من لێرەم
لەودیو دیوارە پۆلاَیین و قایمەکان
دانیشتووم و
جل
دەدوورم...



* گۆرانییەکەی حەسەن زیرەک.

# وشەیەک بەر لە نووسین

**عەلی سدیق**

چەند رۆژێکە کچێک دەخەمە رستەوە
کچێک، مانگ جوانییەکانی لێ بردووە
کچێک، تا ئەمڕۆ هەر وشەیە
لە باوەشی رستەیەکی شەکەتدا نەنووستووە
کچێک لە رەنگی (لاولاو)
لە سێبەری خەیاڵی کوڕێک رووا
کوڕێک، لە عیشق تکاو
کوڕێک لە زەردەپەڕی هەسارەیەک هەڵترووکاو
نۆبەرەی هەڵمی دەریا
لە پاژنەی ئاسمانێکەوە هەڵواسراو
کچێک پێناسە لە هێماکانی چاو...
دەمێکە لە شەبەقی سیسبوونەوەی ئێوارەیەک
بەربۆتەوە و
کوڕێک کۆپلە شیعر لە روویەوە
بەدیار کەوانەیەکەوە داماو
لە زەمەنی بزربوونی وشەیەک
ونبوون بە قوڵاییەکانی ئاو
کوڕێک لە سوراحی

دەم کراوە بۆ دڵۆپێک ئاوی موحیبەت
ئیتر ئەی مەحاڵ...
سەرینی عەقڵ بە یەقینەوە من و تۆ کۆ نەکاتەوە
روودەدا رۆژێک لەگەڵ ئاو کۆببینەوە؟
لە بەئاگاهاتنەوەی نیگاکانی تۆ
چەند لەسەرخۆ تەسلیمی نەفامی بووم...؟
بەڵام بە گوێهەڵخستن بۆ دارە تەنیاکان و
ئاودانی گوڵەکانی سێبەر بە موحیبەت
دوای شەکەتبوونی جەستە لە ئاوی حەز
روودەدات عەقڵ باوەش بە نەفامی بکاتەوە؟
من لە غیابی دڵی خۆم باوەشم کردە لەتە هەورێک
جەستەم تەرزەئاسا، رەق بۆوە و تاسا...!
ساتێک ئاسودەبووم لەگەڵ سێبەر
کە موژدەی بەربوونەوەی خۆرم پێ گەیشت
لەو رۆژەوە دەزانم کە دڵم هەیە...!
ئیتر نابێ بە دڵ کچێکم خۆشبووێ؟
نابێ ئەو کچە بخەمە رستەوە...؟
نابێت جوانییەکانی شەوێک بهۆنمەوە؟
ئەو جوانییانەی لە بێدەنگیی فریشتەکان پڕبوون لە ئاهی ئینسانی و
خزانە پێخەفی دوا نزاکانی سەدان شەوی تەنیایی ئەهریمەن
ئیتر ئەی سێبووری
روودەدات ئەو شەوانە بنووسمەوە...؟
تا لە ئێوارەی کچێکی بێئومێد نەیبینمەوە
دەبێ کچێنی دڵی فریشتە بهێنمەوە...
کاتێک ئەهریمەنەکان کەوتنە درزەکانی لەشی و
کچێنی دڵیان لێ رفاند،
لە بەینی خۆڵ و ئاو نەپیتێنرابووم
من کوڕێکم تازە نامرم...
رووناکی هەموو کونەکانی دڵ دەبینم
پیت... پیت
درز... درز

ترۆسکایی... ترۆسکایی
وەک ئەو هەورە تریشقانەی لە سەرەتای بەهاردا شێت دەبن...
کوڕێک دەبینم لە دایک دەبێت...!
کوڕێک، لە ڕەنگی (با)
هەڵدەکا...
هێمن لە تووخمی (ئاو)
گوزەر دەکا...
ڕەشتاڵ، لە قەدی (سێبەر)
لقێکی نوێ...



نابێ گەردەلوولی عیشقی کچێک لوولمدا و
لە کەنار بیابانێکی دیکەدا
نازەکانیم لە تابلۆیەکی ڕەش هەڵواسێ
کوڕێک...
دەتوانێ تابلۆیەکی کاڵ زەردکاتەوە...
زەردیش نابێتە پایزی و نایوەرێنێت ڕقەکانی هەور
هێندەی ئاگری سەهۆڵبەندان میهرەبان
ئاهی لە نزاکانی دایەگەورە گەرمترن
شەرمی ئاوێتەی جوانییەکانی باڵایە و
دەمێکە لە چاوەکانی بێئومێدییەک میهرەبانی پێ دەدرێ
ئیلهامەکانی،
لە برژانگی نیگایەکی سوور سوور لەدایک بووە
لە ئێوارەی پایزێکی درەنگ هاتووە و
بە شارێک لە سنوور گوزەر دەکا...
کە شەبەق ماڵئاوایی لە سیا کرد
دەفتەری فریشتەکان دەپێچێتەوە بەرەو مەنزڵگای ئیلاهی
ئەو کاتە قەسیدەی شەو دەنووسێ
کە ژیان سێبەری دارێکی پێ ڕەوا نابینێ
ئیلاهی...
ڕێگەم بدە پەنجەکانم سووک بکەم لە نووسینەوەی ئاوێک
هەتاوی ئەم بەیانییە تاڵ تاڵی قژم سپی دەکا و
لە کەنارێکی کامەرانی دوارۆژەکانی تەمەن

شیعرێکم پێ دەنووسێ و
لە دەستپێکی ئەم شیعرە
مژدەیەک بە (خۆشەویستی) بۆ زەوی دەنێرێ
تا بیدات بە کەناری شەقامێک کە نۆ مانگ کەشتی تەمەنمان تیایدا لەنگەر
دەگرێ و
لەوێ یەکەم هەنگاومان بۆ بوون دەست پێ دەکا
لەوێش پەرتەوازەبوونمان لە گۆڕ دەنێ
لەوێ بەڵێنم بە فریشتەکان دا بیانپارێزم و
چیتر ماندوویان نەکەم بە نووسینەوەی خەمەکانم
من کوڕێکم لە بێزارییەکانی وجود رژاوم
ئیلاهی...
گەر ئەم فریشتەیەم پێ ببەخشی
بەڵێن دەدەم لە چاوەزاری خۆر بیپارێزم
دەتوانم جوانییەکانی لە مانگ بۆ بسەنمەوە
دەتوانم سەر لەنوێ بینووسمەوە...
ئەی فریشتە، من دێم...!
لەنێو داڕشتن و داتاشینی ئەم وشە سواوانە دەرتکەم
تاکو لە ئەسڵی خۆت ون نەبی...
دێم، بتخەمە رستەیەک ئاوێتە بە حەرفەکانی هێما و
بەتین، بەستراو بە باڵای رۆژێک لە خۆرئاوا
تا هیچ سوانێک نەتترازێنێ، هیچ گۆڕانێک نەتشێوێنێ...!

ali.sediq@yahoo.com

# داری مەرگ



**سیناریۆ: حسێن لەتیف**

### دیمەنی یەکەم

**شوێن**، چایخانەیەکە تاڕادەیەک قەرەباڵغە، ئەوانەی لە چایخانەکەدا دانیشتوون لە تەمەنی جیاوازدان، هەندێک بەدەم جگەرە کێشانەوە یان چاخواردنەوەوە سەیری رۆژنامە دەکەن، زیاتر لە تەلەفزیۆنێک دانراوە بۆ سەیرکردن، هەر تەلەفزیۆنەو لەسەر کەناڵێکە، بەڵام کاتی پەخشکردنی هەواڵەکانیان لە یەکترەوە زۆر نزیکە، ئەو تەلەفزیۆنەی لەلای راستەوە دانراوە، بێژەرێکی کچ سەردێڕی هەواڵەکان دەخوێنێتەوە ((بەگوێرەی راپۆرتێکی رێکخراوەکانی تەندروستی لە سەدا سی گەنجانی وڵاتانی جیهانی سێیەم بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە)).

لە تەلەفزیۆنی لای چەپەوە لەژێر نووسەکەیدا هاتووە ((زۆربەی ئەو گەنجانەی خۆیان دەکوژن لە خوار تەمەنی بیستوپێنجساڵییەوەن)).

لە سوچێکی ئەو چایخانەیەدا گەنجێک کتێبێکی ((اللامنتمی)) بەدەستەوەیە، لەگەڵ پیاوێکدا قسەدەکات کە زیاتر لە نووسەر دەچێت تا هەر شتێکی تر، گەنجەکە: ئاخر ژیان کراسێکی تەنگە بە بەری من.

**نووسەرەکە**: (دەی گریمان خۆت کوشت؟ چی لە هاوکێشە ئاڵۆزەکانی بوون دەگۆڕێت)؟

**گەنجەکە**: (رەنگە هیچ نەگۆڕم... بەڵام گرنگ ئەوەیە بڕیار دەدەم)!

نووسەرەکە: (با ئەمشەو شەراب بخۆینەوە).

**گەنجەکە:** (من دەمەوێت تامی شەرابی مردن بکەم).
**نووسەرەکە:** (بەڵام شەرابی ژیان خۆشترە)!
**گەنجەکە:** (ئەگەر وایە، ئەی بۆ ئەوانەی رۆیشتن کەسیان نەگەڕانەوە)؟
**نووسەرەکە:** سبەینێ لە رۆژنامەدا چیرۆکێک بڵاو دەکەمەوە دەربارەی خۆکوشتن، هەوڵدەدەم وەڵامی هەموو ئەو جۆرە پرسیارانە بدەمەوە، بەڵام ئێستا کات درەنگە دەبێت من بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە، هەر لە ئێستاوە دەبێت دەست بە نووسینی چیرۆکەکەم بکەم، چیتر نووسینی ئەم چیرۆکە دوا ناخەم، سی ساڵ لەمەوبەر یەکێک لە هاوڕێکانم هەمیشە بیرۆکەی خۆکوشتن بەر دیدەی گرتبوو، پرسیاری بوونگەرایی وەک ئەژدیها ناخیان دەخوارد، هاوڕێکەم هەمیشە دەیوت: (من بۆ لێرەم؟ حیکمەت لە مانەوە لەسەر زەوی چییە؟ هەتا کەی لێرە دەبین؟ هاتن و رۆیشتنیش بۆ بە دەست مرۆڤ نییە)؟ کەچی پزیشکە دەروونییەکان هەمیشە لە کەپسوولێکی ئارامکەرەوە زیاتریان نە دەدایە!

گەنجەکە بەجێدەهێڵێت بەو ئومێدەی ئەو چیرۆکە تەواوبکات کە لەگەڵ گەنجەکەدا باسیکردووە، لە ژوورێکدا و لە پشت مێزێکەوە ((گرنگ نییە کۆن یان تازەبێت، دانیشتووە هەندێک لاپەڕەو قەڵەمی لەسەرە، چەند جارێک دەنووسێتو لاپەڕەکەی دەدڕێنێت، بەدرێژایی شەو هەرخەریکی نووسین و دڕاندنی لاپەڕەیە)).

دنیا خەریکە بە تەواویی رووناک دەبێتەوە، نووسەرەکە ماندوویێتی و بێداریی بە رووخسارییەوە دیارە، بێ ئەوەی بەهیچ ئەنجامێک بگات، دەڕواتە ناو نوێنەکەیەوە، وەک بڵێی قسە بۆ یەکێک دەکات:

(سبەی شەو هەر دەبێت ئەم چیرۆکە تەواو بکەم).

چەرچەفەکە بە خۆیدا دەدات، هەرچەندە پرخە پرخی دێت و وا دەردەکەوێت لە خەوێکی قووڵدایە، بەڵام لە خەودا دەبینێت هەندێک لە نووسەرە مەزنەکانی دنیا هەریەکە و بە جۆرێک خۆیان دەکوژن.

## دیمەنی دووەم

**کات**، شەوە هەمان ئەو گەنجەی لە چایخانەکەدا دەربارەی پرۆژەی خۆکوشتنی خۆی لەگەڵ نووسەرەکەدا قسەی دەکرد، تەمەنی لەنێوان بیست بۆ بیستوپێنج ساڵیدایە، لەسەر گازی پشت پاڵکەوتووە، هەردوو دەستی خستووەتە ژێر سەری، بە هێواشی بیر لە ئەنجامدانی ئەو شتە دەکاتەوە کە بە نیازە سبەینێ، لە کاتێکی گونجاودا ئەنجامی بدات.

ئاسمان زریوەی دێت لە ئەستێرە، ئەستێرەکانیش هەردەڵێی کۆمەڵێک مروارین و لە دەریـادا دەدرەوشێنەوە، تەنها لە ئاستی کلکەی شاخەکەی باشووری خۆرهەڵاتی شارەوە نەبێت دوو سێ گەواڵە هەوری شەرمن بەری مانگ دەگرن و بەریدەدەن، وەک ئەوەی بیانەوێت هەواڵی روودانی شتێکی پێ بڵێن و جورئەت ناکەن، کەچی گەنجەکە نە ئاگای لە ئاسمان و نە لە مانگە، هەر لەگەڵ خۆیدا دەدوێت. لە یەک کاتدا دوو دەنگی جیاواز کە گوزارشت لە دوو کەسایەتی جیاوازی ناخی گەنجەکە دەکەن، دەبیسترێن هەڵبەتە یەک لە دوای یەک.

**دەنگی یەکەم:**

– (خۆم دەکوژم. دەڕۆم بۆ لای هاوڕێکانم، هەرخۆم دەزانم چەند بیریان دەکەم، دەڕۆم بۆ لای ئەوانەی زوو بە جێیان هێشتم، یان خودا بردنییەوە بۆ لای خۆی، ئای بە بینینیان چەند شادومان دەبم).

**دەنگی دووەم:**

(خۆم ناکوژم، دڵم نایە هاوڕێکانم جێبهێڵم، دەمەوێت تا دەرفەت هەبێت لێرە بمێنمەوە، ژیان لێرە تامێکی تایبەتی هەیە).

**دیمەنی سێیەم**

**دنیا بە تەواویی رووناکە**، جموجووڵ لەناو شاردا دەستی پێکردووە، ئەو کوڕە گەنجەی دەیەوێت خۆی بکوژێت، لەسەر زەرفی بە تاڵی نامەیەک دەنووسێت:

(لای ئێوەم خۆش، ئەگەر هاتن رەنگە لەوێ یەکتر ببینینەوە). لەگەڵ نووسینەکەدا رستەکەش دەخوێنێتەوە.

بەرەو دەرەوەی شار دەکەوێتە رێ، تا خۆی بە یەکێک لە لقەکانی داری مەرگەوە هەڵبواسێت، داری مەرگ تەمەنی چەند سەد ساڵێک دەبێت، هەمووی چەند ساڵێکە ئەو ناوەی لێنراوە، چونکە ئامرازێکی ئاسانە بۆ خۆکوشتن و تا ئێستا چەند گەنجێکیش لە هەوڵی خۆکوشتندا سوودیان لەو دارە بینیوە، ئەو دارە لە یادەوەریی چەندین نەوەی ئەم شارەدا دارێکی پیرۆز بووەو لەسەر مەزاری ئیماندارێک نێژراوە. ئەو پێڵاوە تازانەی لەپێدەکات، کە رۆژی پێشووتر لەگەڵ حەبلێکی ئەستووردا بۆ ئەنجامدانی خۆکوشتنەکەی کڕیبووی، دەخاتە عەلاگەیەکەوە. بۆ دوایین جار سەرنجی هەموو شتەکانی ژوورەکــەی و حەوشەکەیان دەدا، لە رێگادا لە هەموو شەقام و کۆڵان و باڵەخانەکان ورد

دەبێتەوە، هەموو ئەمانە هیچ لە بڕیارەکەی کەم ناکەنەوە، وەک بڵێی هیچ یادگارییەکی لەگەڵ ئەم شارەدا نییە، ئێستا بەرەو دارەکە دەچێت، هەموو نزیکبوونەوەیەک لە دارەکە نزیکبوونەوەیەتی لە چارەنووسی خۆی، لە کاتێکدا سەرقاڵی جێبەجێکردنی پرۆژەی خۆکوشتنە، لە یەکێک لە ناوەندەکانی شاردا و لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا، سەرۆکی شارەوانی بڕیاری بڕینەوەی ئەو دارە رادەگەیەنێت. (سەرۆکی شارەوانی لە پشت مینبەرێکەوە راوەستاوە، چەند لاقیتەو رێکۆردەرێک لەسەر مێزەکە دانراون، وەک ئاماژەیەک بۆ گرنگیدانی میدیاکان بە کۆبوونەوەکە، سەرۆکی شارەوانی چاویلکەکەی تۆزێک بەشۆڕیی لەچاو کردووە، قایمقام و بەڕێوەبەری پۆلیس لە راست و چەپییەوە وەستاون، جەماوەریش لە هەمان جێگەدا کۆبوونەتەوە، بە مەبەستی گوێگرتن لە پەیامەکەی سەرۆکی شارەوانی، لە کاتی خوێندنەوەی پەیامەکەدا، هەر یەک لە بەڕێوەبەری پۆلیس و قایمقام سەری رەزامەندیی دەلەقێنن).

**سەرۆکی شارەوانی**: هاوڵاتییانی ئازیز لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتییو پاراستنی ژیانی گەنجانی شارەکەمان و لەسەر داوای بەڕێز بەڕێوەبەری پۆلیس، بڕیارماندا لە چوارچێوەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانماندا، لەو بودجەیەی ئەمساڵ بۆ ناوچەکەمان دابین دەکرێت، ئەو دارە ببڕینەوە کە پێی دەوترێت داری مەرگ.

**بەڕێوەبەری پۆلیس**: بەراستی ماوەیەکە، گەنجانی شارەکەمان ناخۆشیان کردووەو پەتی ملی خۆیان بەو دارەدا هەڵدەواسن، پەیامنێرەکانیش بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ دابونەریتێک هەواڵی خۆکوشتنیان بڵاو دەکەنەوە، ئەمەش بۆ ناو و ناوبانگی ناوچەکەمان ناخۆشە.

**قایمقام**: من لەلایەن خۆمەوە سوپاسی بەڕێوەبەری پۆلیس دەکەم بۆ ئەو پێشنیازە گرنگەیان، هەروەها بە پێویستی دەزانم سوپاسی گەرمی خۆم پێشکەشی بەڕێز سەرۆکی شارەوانی بکەم، کە هەر زوو پێشنیازەکەی پەسەند کردو بڕیاری دا هەنگاوی پێویستی بۆ بنێت، تکام وایە با هەموو لایەک هاوکاریی بەڕێزیان بین لە بڕینەوەی ئەو دارەدا.

**پیرەمێردێک لەناو جەماوەرەکەوە**: ئەوە داری مەرگ نییە، بەڵکو داری پیرۆزە، سەدان ساڵە ئێمە زیارەتی دەکەین، نەخۆش و کەنەفتەمان لەژێر ئەو دارەدا شیفایان بۆ هاتووە.

**ژنێکی بەتەمەن**: ئەی ئیتر رووبکەینە کوێ؟ ناشکوریی نەبێت کەس لە توانایدا نییە بڕوات بۆ لای دکتۆر.

**مامۆستایەکی ئاینیی**: ئەستەغفیروڵڵا، ئەم کێشەیە بە یاساکانی شارەوانی و پۆلیس چارەسەر ناکرێت، بەڵکو پێویستە بەگوێرەی یاسای شەرع و لیژنەی فەتوا چارەسەر بکرێت!

**ئەفسەرێکی پۆلیس** لە جێگەی خۆیەوە لەناو خەڵکەکەدایە و ئەرکی پاراستنی ئەمنییەتی کۆبوونەوە جەماوەرییەکەیە: دەی باشە، با لیژنەی فەتوا خەمی خۆکوشتنی گەنجەکانی شار هەڵگرێت!

بەرپرسەکانی شار حەوسەڵەی گوێگرتنیان لە جەماوەر نییە، هەریەکەو سواری ئۆتۆمبێلی خۆی دەبێت، بەڵام رۆژنامەنووسەکان وازیان لێناهێنن و لاقیتەو ریکۆردەرەکانیان بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکانیان درێژ دەکەن.

**رۆژنامەنووسی یەکەم**: بەرێز سەرۆکی شارەوانی، پرۆژەی برینەوەی ئەو دارە چەند رۆژ دەخایەنێت، چەند پارەی بۆ تەرخانکراوە؟

**سەرۆکی شارەوانی**: سبەینێ وەرە بۆ شارەوانی ئەو ژمارانەت دەدەمێ، بەڵام لە دارشتنی هەواڵەکەدا ئاماژە بە گرنگی وتارەکەی من بدە.

**رۆژنامەنووسی دووەم**: بەرێز قایمقام، پاش برینەوەی دارەکە، بەنیازن جێگای دارەکە بۆ چ جۆرە پرۆژەیەک بەکاربهێنن؟

**قایمقام**: ئەو کاتە بەراوێژکردن لەگەڵ ریشسپییەکانی شاردا بریارێکی لێدەدەین؟

**رۆژنامەنووسی سێیەم**: من پەیامنێری دەنگی گەنجانم، بەرێز بەرێوەبەری پۆلیس، ئایا بیرتان لەوە نەکردووەتەوە، تا پـرۆژەی برینەوەی دارەکە دەستپێدەکات، چەند پۆلیسێک بۆ پاسەوانی ئەو دارە دابین بکەن؟

**بەرێوەبەری پۆلیس**: خۆتان دەزانن ئێمە هەمیشە ئێشکگری سەرو سامانی هاوشارییەکانی خۆمانین، بۆ ئەو مەبەستەی کە ئێوە باسیدەکەن، چەند رۆژێکە نووسراومان بەرزکردووەتەوە بۆ سەرەوەی خۆمان، چاوەروانی وەڵامی سەرووی خۆمانین.

لەگەڵ پەرینەوەی لە دوایین شەقامی شار بە ئاراستەی داری مەرگ یان دار پیرۆزدا، خاڵخاڵۆکەیەک بە ژوور سەرییەوە دەردەکەوێت، بەدرێژایی رێگاکە هەر لەگەڵیدا دەبێت، لە کاتی نزیکبوونەوە لە داری مەرگ یان داری پیرۆز خاڵخاڵۆکەکە دەنیشێت بە ناوچاوی گەنجەکەوە، کە دەست دەبات خاڵخاڵۆکەکە لێبکاتەوە، لە دامێنی ئەو چیایەدا کە دارەکەی لێرواوە، بەردێک لەژێر پێی دەردەچێت و بەدەمدا دەکەوێت، لە کاتی هەستانەوەیدا گوڵە کێویلەیەک دەبینێت، هەمان ئەو گوڵە کێویلەیە لە منداڵیدا، لەگەڵ هاورێکانیدا پەرە پەرەیان دەکرد:

(دەرئەچم، دەرناچم، دەرئەچم)، ئێستا بەیادی ڕۆژەکانی منداڵی ئەم گوڵە بۆ خۆکوشتن پەڕە پەڕە دەکات، دەڵێت: (خۆم ئەکوژم، خۆم ناکوژم، خۆم ئەکوژم، خۆم ناکوژم، خۆم... خۆم... خۆم... خۆم...).

**تێبینی یەکەم**؛ (دەکرێت هاوشێوەی خۆکوشتنی یەسەنین، یان سادقی هیدایەت، خۆهەڵدانە خوارەوەی دۆلۆز لە باڵەخانەیەکی چەند نهۆمییەوە)، یان هەر دیمەنێکی تری خۆکوشتن نیشان بدرێت.

**تێبینی دووەم**؛ (دەرکەوتنی دوو دەنگە جیاوازەکەی دیمەنی یەکەم دەگونجێت لە شێوەی تارماییدا بێت).

**تێبینی سێیەم**؛ (هیچ دەرهێنەرێک بەبێ ئاگاداری نووسەر مافی کارکردنی نییە لەم بەرهەمەدا).

٢٠١٠ /٧/٦

husen_sahand@yahoo.com



# مانۆلینا

محەمەد ناکام

سالّی سەرەمێکوتە بارینەکە لە کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی یاریی منداڵاندا بە شێوەیەکی جوان لە دایکبووم و سێ رۆژ دوای ئەوەی سترابێکی قۆڵ کورتی سنگکراوەی پەمەیی و پانتۆڵێکی سێچارەکی گوڵگوڵی پەمەیی کاڵ و مۆری شینباویان لەبەرکردم خستیانمە پاکەتێکی روونەوە و رێک راوەستابووم و سەرسامانە دەمڕووانی بۆ دەرەوەی پاکەتەکە و دەستی چەپم یادی بەخێر بە شلیی شۆڕببۆوە بۆ خوارەوە و دەستی راستیشم کە هەنووکە بە زۆر شتی پێدەنووسم لەسەر لای چەپی سنگم دانابوو و تا دەموچاوی خۆم لە ئاوێنەدا نەبینی نەمزانیبوو کە قژێکی قاوەیی کاڵی درێژم هەیە لە دوواوە بە شێوەی سەبەتە بۆیان چنیوم و دوو چاوی باریک و درێژی شینی کاڵکاڵم پێوەیە و پشتە چاوەکانم هێڵێکی مۆری سورباویان پێوەیە و سەرکوڵمەکانم پەمەیی کاڵن و لوتیشم کەمێک پانبۆتەوە هی ئەوەیە کە زۆر بەدەمدا کەوتووم و جووتێک لێوی پڕ بە خەندەی سووری تۆخم هەیە و هیوایەتیشم بینینی مانگە بە لەتی بێت یان بە خڕی بە ئەستێرەوە بێت یان بێ ئەستێرە لە وێنەدا بێت یان بە ئاسمانەوە بەهەرحاڵ دوای شەش رۆژ گواسترامەوە بۆ

کۆگایەکی فرۆشتنی یاریی منداڵان لە شارێکدا کە لەبری سەرەمێکوتە پەپوولەی لێدەباری و ڕۆژ هەتا ئێوارە سەیری بەریەککەوتن و کەوتنە خوارەوەی ئەو وردە پەپوولانەم دەکرد کە دەکەوتنە ئەودیو شووشەبەندی کۆگاکەوە و زۆری پێنەچوو سەگێکی گەورەی چاو شووشەیان لە بەردەممدا دانا و بەردەوام لە ئاوێنەی ئەو چاوەی سەگەکەوە کە ڕووی لە من بوو سەیری جوانییەکانی خۆم دەکرد و لە دڵیشەوە بەغیلیم بەو چاوە گەورەیەی تری دەبرد کە دەیتوانی ژمارەیەکی زۆرتر و جوانتر پەپوولەی باریو ببینێت تا ڕۆژێکیان لەو بیرکردنەوەیەدابووم کە چی بکەم بۆ ئەوەی دەستم بگاتە تووکی سپی و نەرم و جوانی ئەو سەگە و دەستی لێبدەم کە منداڵێکی چکۆلانەی هار و بزێو لە بەر دەممدا قوتبۆوە و وەک ئەوەی بیەوێت بمترسێنێت زمانی لێدەردەهێنام و چاوی لێ بز دەکردمەوە و زوو زوو شێوەی دەم و چاوی خۆی دەگۆڕی و باش ئاگام لە خۆم نەبوو کە بە توندی فوویەکی لێکردم و کەوتمە لەرەلەر و هەرچۆنێکبێت نەمویست بکەوم و هاوسەنگی پاکەتە ڕوونەکەم ڕاگرت کەچی منداڵەکە پەنجەیەکی لێدام و بە پشتدا کەوتم و شڵپەم لێوەهات و بۆ یەکەمینجار بە دەستی ئەو منداڵە و لە ژووری یارییەکانی ئەودا پاکەتەکەم لێداماڵرا و کەوتمە جموجووڵ دوور لە ئێستا و ئەوکات زۆر بەڕێز و جوان هەڵدەگیرام و کە دەهات بۆ لام سەرەتا ماچی دەکردم و بە شانەکەی خۆی قژی بۆ دادەهێنام و مۆسیقایەکی هێواشی دەدا بە گوێی ژوورەکەدا و سەمایەکی هێمن و پڕ چێژی لەگەڵدا دەکردم و وردە وردە لەگەڵ گەورەبوونی منداڵەکەدا خەون و ئارەزووەکانیشی گەورەبوون و ئەمجارەیان دەیبردمە ژووری تی ڤی یەکەو کلیپێکی سەمای سەر شەقامی پلەی دەکرد و تا تەواو ماندوو دەبوو دەستەکانمی ڕادەکێشا و بە هەموو لایەکدا هەڵیدەخولاندم تا ڕزگارمبوو لە دەستی دەستەکانم تەواو شلبوون و لە جووڵە کەوتن و دووای ئەوە نازانم چۆنبوو کە کەوتمە باوەشی منداڵێکی نەخۆشەوە و باشبوو لەدەست ئەو منداڵەی تر ڕزگارمبوو هەرچەندە ئەو ئێستا گەورە بووە و چیدی منداڵ نەماوە و هێندەی مانگ لە ئاسماندا لە خڕەوە بوو بە لەت و لە لەتەوە بوو بە نیوە خڕ لە نێوانی دەستە بچووک و پەنجە لاوازەکانیدا بووم و ژیان لەوێ زۆر بەهێواشی دەڕۆیشت و چەندی بمتوانیبا هەوڵمدەدا بەو شێوەیە دەربکەوم کە ئەو منداڵە پێی خۆشبێ چونکە لەنێوانی ژوورێک دیاریی و یاریی و پۆشاکدا تەنها من و لەم دووایانەشدا پیانۆیەکی چکۆلانەی هەڵبژاردبوو کە لێیەوە نزیکبین هەرکاتێک دەستەکانی هێز و تینیان تێدابووایە بە هێواشی پەنجەکانی دەهێنا بەسەر دانەدانەی پلیکانی پیانۆکەدا و بە بیستنی ئەو دەنگانە ئارام دەبۆوە

و سەری بە ئەملا و ئەو لادا بادەدا و قاچەکانی بە هێواشی دەجوولاًنەوە و بە زۆری پەنجەی لەسەر دەنگی سی دادەنا و بەدەم درێژکردنەوەی دەنگەکەوە پێلوەکانی لێکدەنان و بە هێواشی چاوەکانی دەکردنەوە ئیدی لەوێوە بێ ئەوەی پێشتر گۆرانیم بێژابێت و دەنگی خۆم تاقیکردبێتەوە کەوتمە گۆرانی چڕین بۆ ئەو منداڵە و ئەمە ئەو نهێنییەبوو کە من و پیانۆکەی وابەستەی ئەو منداڵە کردبوو و نەیدەهێشت دوورمانبخەنەوە لێی و دواجار ئەو منداڵە لە کاتێکدا بە جێیهێشتم کە بەشێکی گەورە و رۆشنی مانگ لە پەنجەرەی ژوورەکەی ئەو چکۆلانەیەوە دیاربوو و منداڵەکە بە هێواشی سەری لار کردەوە تا مانگی بە تەواوەتی بینی و ئیدی من نەمبینییەوە و کە دایکی منداڵەکە چاوی بەمن یان بە پیانۆکە دەکەوت بە شێوەیەکی سەیر دەستی تێوە دەداین و بۆنی پێوە دەکردین و دەست و پەنجەی کچە چکۆلانەکەی خۆی لە پلیکانی پیانۆکەدا و نیگای ورد و بە ئەمەکانەی لە چاوە باریک و بچووکەکانی مندا دەبینییەوە و ئەوەندەی فرمێسک بەسەردا رشتم میکیاجەکەم کاڵبۆوە و رۆژێکیان باوکی منداڵەکە دەستی من و شانی پیانۆکەی گرت و لەگەڵ سێ وێنەی من و پیانۆکە و منداڵەکەدا توڕیداینە یەکێک لەو سندووقی خۆلاًنەی شارەوە کە تایبەتبوون بە فڕێدانی پۆشاک و یاریی منداڵان و تا سندووقەکە پڕبوو لەوێدا مامەوە و شوێنەکەم زۆر تەنگ و قەرەباڵغ و ناخۆشبوو تا نۆرەم هات بمکەنە گوێنییەوە و سواری سەیارەم بکەن و بەڕێم بکەن بۆئەوەی بمفرۆشنەوە بە منداڵانی شار و مەملەکەتی دیکە تا لە سەیارەکە دابەزین لەبەر ئەوەی کچێکی باڵا بەرزی جوانبووم چەند کوڕێکی هەوەسباز منیان بۆ خۆیان برد و جلیان لەبەردا نەهێشتم و بە بەرچاوی ئەو هەموو یارییە منداڵانەیەوە بە نۆرە دەنیشتنە سەرم و بە کەیفی خۆیان ئەمدیو و ئەو دیویان دەکردم هەرچەندە داوای یارمەتی زۆرمکرد لەو ورچە پەڕۆیەی کە کرابووە دۆشەکی لاقە کردنەکەم بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو و ئەوەندەی تر دەستەکانم شلبوونەوە و دەستی چەپم بە تەواوەتی لە جووڵە کەوت و پرچە جوانەکەی قژم کرایەوە و قاچی چەپم لاربۆوە و ئێستا بە لاریی دەوەستم و بە شەلە شەل رێدەکەم و بۆ جارێکیتریش خۆم لە دوکانێکی فرۆشتنی یاریی منداڵاندا بینییەوە کە لە ئاسمانی ئەو شارەدا پێدەچوو ڤایرۆسی هێندە وردیلانە ببارێن چاوی ئێمەش توانای بینینیانی نەبێت و تا ماوەیەکی زۆر بە رووت و قوتی دەرزییەکی سنجاقیان دابوو لە قژم و بە بەشی دواوەی دوکانەکەدا هەڵیانواسیبووم و لە دڵی خۆمدا دەمگوت دەبێت ئەمجارە بکەومە بەردەستی چ منداڵێک و چۆن مامەڵەم لەگەڵدا بکرێت و لە لایەکی دیکەشەوە نائومێدبووم لەوەی کەڵکی ئەوەم تێدا

مابێت سەرنجی مندالآن بەلای خۆمدا رابکێشم یان زەوقی ئەوەم تێدا نەمابوو لەگەڵ هیچ منداڵێکدا سەما بکەم یان گۆرانیی بۆ بڵێم چونکە کچی دیکەی زۆر لە من پۆشتەتر و جوانتر بە پۆشاکی رەنگاورەنگەوە لە دوکانەکەدا هەبوون و دوور لە من دانرابوون و هەرچەندە خۆم بەراورد دەکرد بە ئەوانی دیکە هەستمدەکرد لەوان زیاتر ئازار و شادیم چەشتووە و مەرگم بە دەستگیرانی خۆم و ژیانم بە دۆستی ئەوان دەزانی بەڵام ئاخۆ بیریش لە خۆکوشتن یان مەرگ بکەینەوە دەبێ چی بکەین  چونکە مردنی ئێمە لەدەستی خۆماندا نییە لەبەرئەوەی دروستکراوی بیر و دەستی مرۆڤین هەر مرۆڤ خۆیشی دەتوانێت بمانفەوتێنێت ئیدی گەورەبێت یان منداڵ چ جیاوازییەکی نییە بۆیە بیرم لەوە کردەوە کە چیدی رووم خۆش نەمێنێت و بریقەی چاوەکانم کاڵبکەمەوە بە گریان و دەم و لچ بدەم بە یەکدا و تەڕیی لێوەکانم وشک بکەمەوە و لە سێیەم رۆژی خۆڕاهێنانێدا بووم لەسەر ئەم رەفتارانەم دژ بە ژیان و دژ بە خۆشویستنم لە لایەن مرۆڤەکانەوە کە کوڕێکی نازانم چۆنبڵێم باریکەڵە نا ببوورن زۆر بە باشی ناتوانم وەسفی مرۆڤ بکەم لە رووی شێوەوە چونکە من لە رووی قەبارەوە زۆر لە مرۆڤ چکۆلانەترم و هەرکاتێک بمەوێت مرۆڤێک ببینم بەشبەش و لەسەرخۆ دەیبینم و تا چاو بە هەموو بەشەکانی لەشیدا دەگێڕم چۆنێتی هەندێک لە بەشەکانی پێشوویم بیر دەچێتەوە هات و پەنجەکانی دەستی بە لەرزینەوە بەرەو رووم درێژکرد و لە دەرزییەکەیان کردمەوە و قژی بۆ رێکخستمەوە و بە قووڵیی لە هەموو دیوەکانم رامـــا...

بـــــــــو و وم

سێی سێی دووهەزار و دە



# محەمەد حسێن:

# بەشێکی زۆری جوانییەکانی ئەدەب لە تایبەتیبوونی نووسەرەوە دێت

**سازدانی: سامان کەریم**

**کـردەی چیرۆک نووسین ئـەوە نییە کە تۆ پێویستت بە رەچەتەیەک هەبێـت بۆ ئەوەی جوان بنووسیت، تەکنیکێکی ستاندارد نییە کە پێویست بکات هەموو نووسەرێک فێری بەکارهێنان و دووبارەکردنەوەی بێت، دەکرێت هەر نووسەرێک شێوازێکی هەبێت لە ئەداکردنی هونەری چیرۆکبێژیدا.**

دیدار

**رای تۆ وەک چیرۆکنووسێک چییە دەربارەی چیرۆکی کوردی لە ئێستادا، ئایا دەتوانین بڵێین جیاوازی لەنێوان نەوەی هەشتاکانو پێشتر و نەوەی ئێستای چیرۆکی کوردیدا هەیە؟**

وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێک لەبارەی (چیرۆکی کوردی) لە ئێستادا بەدەرنابێت لە گشتاندنێک کە دوور نییە تووشی هەڵەبینینمان بکات، ئەگەر وریا نەبین، چونکە چیرۆکی کوردی ئێستا زۆر لەوە ئاڵۆزترو فرەدەنگترو هەمەڕەنگترە، کە هەروا لەژێر یەک ناونیشاندا کۆیان بکەینەوە، شێوازو دەنگو هەوڵی چیرۆکنووسی جیاوازمان هەیە، ئاستی جیاجیای نووسین و توانایی و زەوق و سەلیقەمان هەیە، بە فۆرمی جیاجیاوە بەکارهێنانی هەموو تەکنیکەکانی چیرۆکنووسی ئەمڕۆمان لەبەردەستدایە، بۆیە ئەو کەسەی بیەوێت بەوردیی لە دیمەن و دەنگە جیاوازەکانی چیرۆکی کوردی تێبگات، ئەو وردەکارییە هونەرییو رواڵەتییانە ببینێت کە شێواز و کردەی نووسین لای هەر نووسەرێک لەوی تریان جیادەکاتەوە، پێویستە یەکە یەکە قسە لەسەر ئەزموونی چیرۆکنووسینیان بکەین، قسە لەسەر یەکێک لە بەرهەمەکانیان بەدیاریکراویی بکەین، بەڵام واهەستدەکەم (چیرۆکی کوردی ئەمڕۆ) بەمانا گشتییەکەی سەرەڕای ئاڵۆزیی و هەمەڕەنگییەکەی هێندە گرفت و خەم و تایبەتمەندیی هەیە کە بکرێت هەندێکیان لێرەدا وەبیر بێنینەوە، دیارە لەناو ئەم مۆزایکەدا هەوڵی جدیی و سەرکەوتوو و جوانمان هەیە، ئەو جۆرە چیرۆکانەشمان هەیە کە هەروا خۆ دووبارەکردنەوە و سواویی و زەوقسزیمان نیشاندەدات، بەگشتیی چیرۆکی کوردی ئێستا هەڵگری زۆربەی ئیشکالییەتەکانی ئەدەب و رۆشنبیریی کوردییە، هەر لە نەبوونی رەخنەیەکی شارەزاو وردو جددییەوە تا دەگاتە هەژاریی کتێبخانە و باکگراوندە ئەدەبییەکەی، کۆی ئەو گەندەڵییە ئەدەبی و رۆشنبیرییەی لە گەندەڵییە دارایی و سیاسییەکەوە پەڕیوەتە ناو کایەی ئەدەبەوە، هەروا لەناو دیمەنەکانی چیرۆکی کوردیدا دەیبینینەوە.

دیارە جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لەنێوان چیرۆکی هەشتاکان و چیرۆکی ئەمڕۆدا، تەنانەت بڕێکی زۆری ئەو نووسەرانەش کە لە هەشتاکان و حەفتاکانی سەدەی رابردوودا چیرۆکیان نووسیوەو تائەمڕۆ هەر بەردەوامن، گۆڕانو جیاوازی لە فۆرم و تەکنیک و شێوازی نووسینیاندا هەر تێبینی دەکرێت، ئەوساو ئێستایش، هەم چیرۆکی جوان و داهێنەرانەمان هەیە، هەم لەو جۆرە چیرۆکانەش کە لانیکەم من خۆم هیچ چێژێک لە خوێندنەوەیان نابینم، هەموو

# هەموو چیرۆکێک مەخلوقی ئەو سەردەمەیە کە تێیدا لەدایکبووە

چیرۆکێک مەخلوقی ئەو سەردەمەیە کە تێیدا لەدایکبووە، مادام سەردەمەکان دەگۆڕێن، ئەو ژینگە ئەدەبی و رۆشنبیرییەی نووسەرانی دروستکردووە، هەر دەگۆڕێت، جیاوازی لە چیرۆکی سەردەمە جیاوازەکاندا دیاردەیەکی سروشتییە، بەڵام لەم گۆڕانانەدا لەگەڵ تێپەڕینی مانگ و ساڵەکاندا ئەوەی کە پیر نابێتو هەر وا بە نەمریی و بە جوانیی دەمێنێتەوە (هونەر)ە، ئەو شتەیە کە دەکرێت بە ئەبەدییەتی نووسینی ناوبەرین، ئەو دیوەی دەقە کە توانای کەمەندکێشکردنی هەست و نەست و سۆز و خەیاڵ و زەوقی (منی خوێنەری) هەیە، بە باوەڕی من جیاوازیی نێوان وەچە جیاوازەکان و تەمەنەکان چیرۆکێک نامرێنێت ئەگەر بەڕاستی هونەر بێت، من کە ئێستاش (تەنیایی) شێرزاد حەسەن و (دووربین)ی حەمە فەریق حەسەن و (لاکێشە رووناکەکان) ی عەبدوڵڵا سەراج و (هەڵۆ)ی رەئوف بێگەرد دەخوێنمەوە، واهەست ناکەم کێشەیەکم لەگەڵ تەمەنی نووسینیاندا هەبێت، هەر لەسەرەتاوە رەچاوکردنی زەمەن و تێپەڕینی ساڵەکان لەگەڵ ئەدەبدا بە ناپێویست دەبینم، ئەدەبێک مەرجە هونەرییەکانی نووسینی تیادا بێتو توانای وروژاندنی سۆزو خەیاڵو هەستی ئێمەی هەبێت، چ

پێویستە پرسیار لە تەمەن‌و وەچەی نووسەرەکەی بکەین، ئەم پۆلێنکردنەی نووسین بەپێی ساڵ‌و تەمەن‌و ناوچەو وڵات‌و زمان، زیاتر کاری رەخنەگرەکانەو بۆ پێداویستی ئەکادیمی خۆیان دایانهێناوە، ئەگینا هیچ خوێنەرێک پێویستی بەوە نییە وەچەو ساڵی نووسینی (تاوان‌و سزا) و (شەڕو ئاشتی) و (مەسخ) بزانێت، من بۆ خۆم لەناو چیرۆکدا هەمیشە بەدوای چێژی گێڕانەوەدا دەگەڕێم، حیکایەتێکم دەوێت رامگرێت و سەرسامم بکات، خەیاڵێکم دەوێت دیوە شاراوەکانی ژیانم نیشانبدات، زمانێک کە توانای وێنەکێشانی ساحیرانە و گەیاندنێکی داهێنەرانەی هەبێت، هەڵبەتە لەناو ئەو چیرۆکانەی ئەمڕۆ بە زمانی کوردی دەنووسرێن شاکاری سەرکەوتوو و جوانمان هەیە، هاوکات دەقی پڕ لە ئیشکالییەتیشمان هەیە، من باوەڕم بە پێوانەکردنی (باش و خراپ) نییە بۆ چیرۆک، بەڵام بەڕاستی ئەو دیاردەیش کە ناوی دەقی چیرۆکی کوردییە، گەلێک جار لەگەڵ کۆمەڵە گرفتێکی قورسدا لەدایکدەبێت، هەندێک چیرۆکنووسمان هەیە بەڕاستی تەکنیکەکانی چیرۆکنووسینی لابووەتە گرێیەکی دەروونیی، کە تۆ چیرۆکەکەی دەخوێنیتەوە وا هەستدەکەیت ئەم بەڕێزە ئەوەندەی مەبەستێتی توانای هونەرمەندانەی خۆیت پێ نیشانبدات لە چیرۆکنووسیندا، مەبەستی نییە چیرۆکێک بنووسێت خوێنەر لێی تێبگات و چێژی لێببینێت، بۆیە هەر لەسەرەتاوە تووشی هونەرمەندێک دەبین کە بابەتێکی پێ نییە هونەرمەندانە بۆمان بگێڕێتەوە، بەڵکو دەیەوێت هونەرمان بە وشکی پێ بفرۆشێت، ئەم گرفتە لای گەلێک لەو چیرۆکانە دەبینرێت کە لە پانزە ساڵی رابردوودا بە کوردی بڵاوکراونەتەوە، تۆ تەواوی چیرۆکێک دەخوێنیتەوە کەچی هەست ناکەیت کۆی بینای چیرۆکەکە شتێکت پێ دەڵێت، یان بیرۆکەیەکو رووداوێکی هەیە چیرۆکەکەی لەسەر بینا کرابێت.

**ئایا هەموو ئەوانەی بەناوی چیرۆکەوە بڵاودەکرێنەوە چیرۆکن ئەی ئەگەر چیرۆک نیین چین؟**

بەڕاستی من نازانم ئەوەی بە مەبەستی چیرۆک دەنووسرێت و دواتر نابێتە چیرۆک، چییە، لەوانەیە هەر دەقێکی لەو جۆرە بخوازێت ناوێکی تایبەتی لێبنرێت، با بگەڕێینەوە بۆلای ئەو گرفت و کێشانەی وایانکردووە دەقی لەمجۆرە دروست ببێت، کە بەڕاستی گرفت و کێشەی فرە رەهەندن، با پێش ئەوەی بێینە سەر باسکردنی سەرچاوەی دروستبوونی گرفتێکی لەمجۆرە، سەرەتایەک بدۆزینەوە بۆ تێگەیشتن لە کێشەکە، هەموومان دەزانین بوونیادەکانی چیرۆک چییە،

بەچی دەوترێت كلاسیكیاتی چیرۆك، یان ئەو پێشمەرجانەی كە پێویستە لەهەر چیرۆكێكدا هەبێت، پێمخۆشە خۆمان لە وەبیرهێنانەوەی ئەم زانیارییە ئەلفباییانە ببوێرین (وەک خۆپارێزییەک لە درێژدادڕیی) هونەری چیرۆكنووسین وەک هەموو ژانرەكانی تری ئەدەب، وەک هەر هونەرێكی تر كە مرۆڤایەتی لە ڕەوتی ژیانی خۆیدا دایهێنابێت، ڕێسا و لۆجیک و چوارچێوەیەكی هونەریی هەیە، ناكرێت لە هیچ سەردەم و بە هیچ زەوق و سەلیقە و بیانوویەكەوە لەبەرچاو نەگیرێت، ئەو تێكستەی بۆ ئەوە دەنووسرێت كە بكرێتە چیرۆك، پێویستە بنەما سەرەتاییەكانی چیرۆكنووسینی تێدابێت، زۆرجار كێشەكە لەوێوە دێت كە خەمی داهێنانكردن وای لە نووسەر كردووە بەجۆرێک چیرۆك بنووسێت كە گرفتی لەگەڵ بنەما زۆر سادە و نەریتییەكانی چیرۆكنووسینیشدا هەبێت، چیرۆكمان دەداتێ بێئەوەی ڕەگەزە پێكهێنەرەكانی چیرۆك دیار بێت، هەڵبەتە بەشی زۆری ئەم نووسەرانە دوای لێزانییەكی زۆرو بەئاگاییەكی نووسەرانەوە ئەم گەمەیەمان لەگەڵ دەكات، وەک ئەوەی پێشتر باسمانكرد و وتمان هونەری نووسینیان لێبووەتە گرێیەكی دەروونیی، ئەوەندەی مەبەستێتی توانای هونەرمەندانەی خۆیمان نیشان بدات بەتەنگی ئەوەوە نییە چیرۆكێكی جوان و خۆش و دەوڵەمەند بە خەیاڵی داهێنەرانەمان بداتێ، دیارە هەیشە لەبەر نەبوونی لێزانییەكی باش لە بەكارهێنانی تەكنیک و فێڵەكانی نووسین و گێڕانەوە دەكەونە گرفتی وەهاوە، هەیە بەهۆی لاساییكردنەوەی شێوازو هونەری نووسەرێكی ترەوە كە لە سیاقو ژینگەیەكی تەواو جیاوازدا دەژی، تووشی ئەم كێشەیە دەبێت، ئەو مەبەستێتی كافكایەكی كوردیمان پێشكەش بكات، كەچی بێئاگایە لەوەی كۆپیكردنی كافكا و بۆرخیس و هەر داهێنەرێكی تری جیهانیش وەک خۆی بۆ ناو ئەدەبی كوردی، تەنیا زەوقسزیی و خوێنەر تۆراندنی لێ سەوز دەبێت.

هەڵبەتە ئەمە بەو مانایەش نایەت كە قاڵبێكی سەخت دانێین و بڵێین ئەوەی چیرۆك دەنووسێت پێویستە پێیدا تێپەڕێت، نا، هەمیشە نووسەرە داهێنەرەكان ئەوانەن كە جێ پەنجەیان لە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی هونەری بیناكردنی چیرۆكدا دیارە، داهێنان لە سەرلەنوێ خوڵقاندنەوەی ڕەگەزەكانی چیرۆكنووسیندا دەكەن، بەكورتی ئەوەی من بۆ چیرۆكنووسی كوردی بە پێویستی دەزانم، ئەوەیە لەكاتی نووسیندا قاڵبە هونەرییەكانی نووسین و شێوازە مەئلوف و تاقیكراوەكانی پێشتر لەبیر بكات، لێگەڕێت با عەفەوییانە و نائاگاییانە هونەر خۆی دروست ببێت، نەک بەپێی پلان و نەخشە و بڕیاری پێش وەختی (چیرۆكنووس)، بەتێگەیشتنی

من چیرۆکی کوردی پێویستی بەم سادەیی‌و عەفەوییەتەیە، نەک ئاڵۆزییەکانی هونەرمەندێک کە نازانێت چۆن لە بورجی عاجی خۆی دابەزێت، چونکە کردەی چیرۆکنووسین ئەوە نییە کە تۆ پێویستت بە رەچەتەیەک هەبێت بۆ ئەوەی جوان بنووسیت، تەکنیکێکی ستاندارد نییە کە پێویست بکات هەموو نووسەرێک فێری بەکارهێنان‌و دووبارەکردنەوەی ببێت، دەکرێت هەر نووسەرێک شێوازێکی هەبێت لە ئەداکردنی هونەری چیرۆکبێژیدا، بۆ نموونە رەگەزی گێڕانەوە لای جەمیل سائیب و کاروان کاکەسوور وەکو یەک نییە، زۆر ناماقوڵیشە ئەگەر وەکو یەک وابن، دایالۆگ و فلاشباک و فرەدەنگی و مۆنۆلۆگ و هەموو شێوازە جیاجیاکانی گێڕانەوەو رەگەزە پێکهێنەرەکانی تری چیرۆکیش هەروا قابیلی ئەوەیە نووسەر بەو جۆرە دایڕێژێتەوە کە تینوێتی جوانناسی چیرۆکەکەی پێ دەشکێت... ماوەتەوە سەر توانای داهێنەرانەی نووسەر خۆی، کە چۆن هەر یەکە لەم رەگەزانە بەرجەستە دەکات، هەموو چیرۆکێک بۆ ئەوەی چیرۆک بێت پێویستە بەشێک لەم رەگەزە نەریتییانەی چیرۆکنووسینی بەکارهێنابێت، ئەمە کەرەستە خاوەکەیە، بەڵام هیچ پێویست نییە دوو نووسەر وەکو یەک رەگەزێکی چیرۆکنووسین بەکاربهێنن، وەک چۆن

## ئێمە سالانێکی زۆرە کێشەی مۆدە نوسینمان هەیە

نایشکرێـت چیرۆکێک بنووسرێت لە هیچ سەردەم و زەمانێکدا بەبێ بەکارهێنانی ئەم رەگەزە پێکهێنەرانە.

**وەکو دەزانن لە ئێستادا خەریکە سەرەتاکانی کۆمەڵێک چیرۆکنووسی گەنج دەردەکەوێت، کە تارادەیەک دەیانەوێت بە شێوازو فۆرمی جیاواز چیرۆک بنووسن، ئەمەش دەتوانین لە خەمو سۆزەی چیرۆکەکاندا ببینین، ئایا هیچ ئومێدێک هەیە ئەو گەنجانە تازەگەری بکەن؟**

هەڵبەتە ئەزموونی هەریەکە لەو گەنجانە لەسەروەستانێکی تایبەتی دەوێت، خوێندنەوە و شیکردنەوەیەکی وردتری دەوێت لەوەی کە ئێستا ئێمە بەگشتیی باسی دەکەین... بەڕاستی چیرۆکی کوردی تینووی دەنگی جیاوازو یاخییە، ئێمە ساڵانێکی زۆرە کێشەی مۆدەنووسینمان هەیە، بۆ نموونە زۆر چیرۆکنووسمان هەبوو هەموویان وەکو رەئوف حەسەن‌و لەژێر کاریگەریی یەک قوتابخانەی ئەدەبیدا دەیاننووسی، یان کەم نەبوون ئەو بەڕێزانەی لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵیاندەدا وەک شێرزاد حەسەن بنووسن، وەک ئەوەی تەنها مەرجی داهێنان ئەوە بێـت کە بەگوێرەی مۆدەیەکی تایبەتی بنووسیت، یان نووسین دەبێت هەمیشە چاوی لە رازیکردنی خوێنەرانێکی دیاریکراو بێت، کە پێشتر دیارە چییان دەوێت و حەزیان لەچ جۆرە تێکستێکە، ئەمە ئەزموونێکی سەقەت بوو، هیچیشی پێشکەش نەکردین جگە لە خۆدووبارەکردنەوەیەکی سواوی کۆمەڵە برادەرێک، کە من دڵنیام بێ ئەم ئەتمۆسفێرە لەوانە بوو هەریەکەیان داهێنەرێکی خاوەن دەنگ و رەنگی خۆی بووایە... بەشێکی زۆری جوانییەکانی ئەدەب لە تایبەتیبوون و تەنیا دەنگی نووسەرەوە دێت، چەند جوانە ئەگەر هەموو نووسەرێکی گەنج دەنگ و ئەزموون و ئەدەبی خۆی بنووسێـت وەک ئەوەی کە هەیە، نەک ئەوەی کە مۆدەی باو لێی دەخوازێت، بۆ نموونە لەم ساڵانەی دواییدا ناوبانگە جیهانییەکەی بۆرخیس وای لە هەندێک نووسەر کرد هەوڵی لاساییکردنەوەی بدەن، کە بەلای منەوە هەموویان هەوڵی فاشیل و بێتام بوون، چونکە ئەو کۆنتێکستە ئەدەبی و رۆشنبیرییەی بۆرخیسی تێدا دروست بووە، جیاوازە لەوەی زەوق و میزاج و فەزای گشتیی ئەدەبی کوردی هەم وەک داهێنانو هەم وەک زەوق و چێژو ئەزموونیش دەیخوازێت، بۆرخیس بۆ خۆی بە تەنهاو لە سیاقەکەی خۆیدا داهێنەرێکی جادووگەری کەموێنەبوو، بەڵام ئەوەندەی من ئاگام لێ بێت بۆرخیسەکانی ئەدەبی کوردی ئەو سیحرو جادووەیان نەخوڵقاند کە چاوەڕێیان

دەکرد، چونکە خوێنەر دەتوانێـت راستەوخۆ بچێت بۆرخیس خۆی بخوێنێتـەوە، نەک سێبەرە شێواوەکەی، کەواتە ئەدەبی چیرۆکنووسین تەنها یەک بۆرخیسی دەویست، ئەویش هات و تەواو... بۆیە دەنگە جیاوازەکان ئەگەر هەبن پێویستە بە پشت بەستن بە ئەزموونە رۆحی و هونەرییەکەی خۆیان بنووسن، دنیابینی و خەیاڵ و سەلیقە و زەوقی خۆیان بکەنە خشتی بیناکردنی چیرۆکەکانیان، بۆ ئەوەی بتوانن دەنگ و رەنگی تایبەتی و رەسەنی خۆیان بن، نەک سێبەرو کۆپییەکی کاریکاتۆری داهێنەرانی تر، دیارە مەبەستم نییە بانگەشە بۆ خۆ گۆشەگیرکردنێکی زاهیدانەی نووسەران بکەم، ئەوەیش دەزانم کە تێکستێک نییە لەم دنیایەدا لەژێر کاریگەریی دەیان و سەدان تێکستی تری پێش خۆیدا نەبێـت، ئەمە سووڕی ژیانی ئەدەبە، نووسەرێک نەتوانێت بە باشی ئەزموونەکانی چیرۆکنووسی کوردی بخوێنێتـەوە، بە زمانە زیندوو و دەوڵەمەندەکانی دنیا هەوڵی ناسین و خوێندنەوەی کەلەپووری چیرۆکنووسی جیهانی بدات، بێگومان ناتوانێـت زەوق و خەیاڵو سەلیقەیەکی جوانی دەوڵەمەندی چیرۆکنووسین گەڵاڵە بکات، چیرۆکنووسی ئەمرۆی کورد ناکرێت بێ ئاگابێت لەو چیرۆکانەی ئەمرۆ بە عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیسپانی دەنووسرێن، بەڵام لەگەڵ ئەم جیهان خوێندنەوەیەشدا، هەمیشە نابێـت ئەوەی لەبیربچێـت کە ئەو بە کوردی دەنووسێـت و بە کوردیش دەخوێنرێـتەوە، زمانو رۆشنبیریی و خەیاڵ و یادەوەریی چیرۆکنووسی کورد چیرۆکێکی لێ دروست دەبێت، جیاواز لەوەی کافکاو تاهر بن جەلون نووسیویانە.

# وەرگێڕان

| | |
|---|---|
| ماریۆ ڤارگاس یوسا و سەردانەکەی بۆ عێراق | **ئا: تۆفیق عەبدول** |
| ماریۆ ڤارگاس یوسا و خەڵاتی نۆبڵ | **و: عەزیز رەئووف** |
| لۆکاچ و ژانری ئەدەبی مۆدێرنیزم | **و: ئازاد بەهین** |
| وتـــوویژی رامـین جەهانبەگلوو لەگەڵ ناتالی سارۆت | **و: مستەفا زاهیدی** |
| منیش چێ گیڤارام | **و: دلاوەر قەرەداغی** |
| دووانەکان لە نیپاڵ | **و: شەریف فەلاح** |
| وەسوەسە | **و: عەبدولکەریم شێخانی** |
| ئاشووبی ناوە نەزانراوەکە | **و: سەلاح جەلال** |
| خۆزگە شەڕ نەبووایە | **و: جەواد حەیدەری** |



# ماریـــۆ ڤارگاس یوســـا و ســـەردانەکەی بۆ عێراق

**ئا: تۆفیق عەبدول**

ماریۆ ڤارگاس یوسا، ناوی تەواوی خۆرخی ماریۆ پیدرۆ ڤارگاس یوسایە، ڕۆماننووس و کورتەچیرۆکنووس و ڕەخنەگرو یاداشتنووس و شانۆنووس و ڕۆژنامەنووسێکی پیرۆییە.

پایەیەکی دیاری ئەدەبی هاوچەرخ، ئەمساڵ لەسەر ئیلتیزام و دەستڕەنگینی لە کارەکانیدا و بەقوڵیی شۆڕبونەوەی بەناو بابەتە کۆمەڵایەتیەکاندا و وێناکردنی خۆڕاگری تاک و هەڵگەڕانەوەی و شکستهێنانی و کارامەیی لە کێشانی نەخشەی دەسەڵاتدا ڕێزی لێنرا. لە سەرەتاوە بە ڕۆمانەکانی (چیرۆکبێژ-١٩٨٧) و(مردن لە چیاکانی ئەندێز-١٩٩٣) ناوبانگی دەرکرد، ڤارگاس بە زۆریی بە ئاوێزان کردنی ریالیزم و تەکنیکەکانی ناڕاستە هێڵیی پەرەسەندنی کێشە سەرەکیەکەو گوێزانەوەی خێرا لەسەر هێڵە جیاوازەکانی گێڕانەوەو دواتر بەستنەوەی هەموو جەمسەرەکان بەیەکەوە گوزارە لە کێشەی ئاڵۆزاوی بوون (وجود) دەکات. بەگوێرەی گۆڕانە سەرەکیەکان لە دید و بۆچوونە سیاسیەکانیدا، کارە ئەدەبیەکانی ڤارگاس بەشێوەیەکی سەرەکی دەتوانرێت بکرێن بە سێ بەشەوە: لە شەستەکاندا ڤارگاس یوسا مارکسیەک بوو زۆر بەدڵگەرمیەوە پشتگیریی

شۆڕشی کوبای دەکرد. لە حەفتاکاندا کە تاکڕەوی و دەسەڵاتپەرستیی فیدل کاستڕۆی بینی تووشی دڵشکان و بێ ئومێدی بوو لە چەپڕەویی ئەمریکای لاتین و بووە هەواداری قۆناغی لیبراڵی نوێ و هەوڵەکانی خستە خزمەتی چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ بەو چالاکیانەی کە پشتگیریان لە دیموکراسی و بازاڕی ئازاد دەکرد. دوای ئەوەی هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی سەرۆکایەتی پیرۆ لەساڵی ١٩٩٠ لە بەرامبەر ئەلبیرتۆ فۆجی مۆری دا شکستی هێنا، ڤارگاس پێی نایە قۆناغی سێیەمەوە کە ڕەشبین بوو لەوەی کاری سیاسی کاریگەریی هەبێت لەسەر پێگەکانی لاوازیی مرۆڤ. هەرلە ژێر کاریگەریی ئەو سەرنەکەوتنەدا، وڵاتی بەجێهێشت و ساڵی ١٩٩٣ ڕەگەزنامەی ئیسپانی وەرگرت.

ڤارگاس یوسا لە٢٨ی مایسی ١٩٣٦ لە ئارکویپا لە وڵاتی پیرۆ لەدایکبووە، لەگەڵ ئەوەدا لە خێزانێکی چینی ناوەڕاستدا لەدایکبوو، دایک و باوکی لەزەمینەیەکی ئەرستۆکراتیەوە هاتبون و پەیوەندیەکی باشیان لەگەڵ چینی دەسەڵاتداری پیرۆدا هەبوو. لەکاتی لەدایکبوونیدا دایک و باوکی لەیەک جیابوبونەوە، لەبەر ئەوە بردیانە ماڵی باپیرەی لە دایکیەوە بۆ ئەوەی وەکو منداڵێکی تەنیا لەو ماڵەدا بەخێو بکرێت. سەرەتای ناردنە بەر خوێندنی لە (کۆچابامبا) بوو لە بۆلیڤیا لە ساڵی ١٩٣٧ تا ١٩٤١. دواتر باپیرەی گواستیەوە بۆ شاری (پیورا) لەسەر کەناری باکوری پیرۆ، لەوێ ڤارگاس خرایە قوتابخانەیەکی ئاینی تایبەت. لەساڵی ١٩٥٠دا دایک و باوکی پێکهاتنەوەو لەگەڵ ڤارگاس یوسادا چوونە لیمای پایتەختی پیرۆ. دوو ساڵ لەئەکادیمیای سەربازیی لیۆنشۆ پڕادۆ خوێندی و گەڕایەوە بۆ پیورا بۆ ئەوەی دواساڵی خوێندنی ئامادەیی لەکۆلیژی نەتەوەیی سان میگیل لەماڵی یەکێک لە خاڵەکانی تەواو بکات. ساڵی ١٩٥٢ کاتێک ئامادەیی تەواو دەکرد لە پیورا دەستی کرد بە نووسینی وتار و شانۆنامە و کورتە چیرۆک بۆ یەکێک لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان. ئەزمونەکانی سەرەتای خوێندنی کرد بە بابەتی سەرەکی ڕۆمانی (زەمانی قارەمانەکە-١٩٦٣).

ساڵی ١٩٥٣ بەشداریی چەند خولێکی یاسایی و ئەدەبی کرد لەزانکۆی سان مارکۆس لە لیمای پایتەخت. لە کاتێکدا چالاکانە لە سیاسەتدا لە زانکۆ کاری دەکرد دوای دەوامیش وەکو بێژەر و کارمەندی کتێبخانە و ڕۆژنامەنووس کاری دەکردو بەو هۆیەوە لەنزیکەوە مێژونووس رائول پۆڕاس باڕینیچیای ناسی. ساڵی ١٩٥٥ خزمێکی خۆی مارەکردو بەردەوام بوو لەکارکردن و نووسین و دیاریکردنی ڕێڕەوی ژیانی ئەدەبیی. کورتە چیرۆکەکانی لەساڵی ١٩٥٧ەوە لەگۆڤارو ڕۆژنامە ناوخۆییەکانەوە دەستیان کرد بە دەرکەوتن، هەمان ساڵ

بوو بەئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەیەکی ئەدەبی بەناوی -Cuader nos de composición and Literatura ساڵی ١٩٥٩چیرۆکێکی بەناونیشانی (El desafío) لەپێشبڕکێیەکدا بەسەرپەرشتیی Revue française پلەی یەکەمی بە دەستهێناو خەڵاتەکە بووە هۆی ئەوەی بتوانێ سەفەر بکات بۆ فەرەنسا. ڤارگاس لەزانکۆی مەدرید زەمالەیەکی خوێندنی دەستکەوت و تێزی دکتۆراکەی لەسەر(ئەدەبی گاپریل گارسیا مارکیز) نووسی کە دواتر فراوانتری کرد بۆ کتێبێکی رەخنەیی بەناونیشانی (گارسیا مارکیز: چیرۆکی بڕیارێک) و ساڵی ١٩٧١ بڵاوکرایەوە. دوای تەواوکردنی پێداویستیەکانی خوێندنەکەی ڤارگاس وەکو رۆژنامەنووس لەئاژانسی فرانس پرێس و تۆڕی رادیۆ و تەلەفزیۆنی فەرەنسا دەستی کرد بە کارکردن کە لەو رێگایەوە دەرفەتی بینینی نووسەرانی ئەمریکای لاتینی وەک: میگیل ئەنخیل ئەستۆریاس و خۆرخی لویس بۆرخێس و ئەلیجۆ کارپێنتێر و خۆلیۆ کۆرتێزار و کارلۆس فۆنتز.

ڤارگاس یۆسا دوای بڵاوکردنەوەی (زەمانی قارەمانەکە) ناوبانگێکی جیهانی پەیدا کردو وەکو نووسەرێکی لاوی مژدەبەخش ناسرا، ساڵی ١٩٦٧ کاتێک لەسەردانی کاراکاسی پایتەختی فەنزوێلا بوو، بۆ وەرگرتنی خەڵاتی La casa verde لەسەر رۆمانی (خانووە سەوزەکە-١٩٦٦) چاوی بە گارسیا مارکیز کەوت و بەهاوکاری هەردوولا زنجیرەیەک چاوپێکەوتنیان ئەنجام دا دەربارەی چیرۆک نووسین لە ئەمریکای لاتینی بە ناونیشانی (رۆمان لە ئەمریکای لاتین-١٩٦٨). ماریۆ ڤارگاس جگە لەچیرۆک نووسین و رۆژنامەگەریی شانۆنامەشی نووسیوە کە دیارترین و ناسراوترینیان (خانمێکی لاوی خەڵکی تانکا-١٩٨١) و Pieza en dos actosیە، وەکو رۆژنامەنووسیش بابەتەکانی شیکردنەوەی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی پیرۆ بوون لەگەڵ داکۆکیکردن لە ئازادییە کەلتوری و رۆشنبیریەکان.

لەسەرەتای هەشتاکاندا لەلایەن فرناندۆ بیلامۆند تێری سەرۆکی وڵاتەوە داوای لێکراوە پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەربگرێت، بەڵام رەتیکردۆتەوە و پێی باشتربووە خۆی تەرخان بکات بۆ نووسین. ساڵی ١٩٨٧بەرهەڵستی پرۆژەیاسایەکی پێشنیارکراوی حکومەتی کرد بۆ خۆماڵیکردنی بانکەکانی وڵات. هەڵوێستەکانی بەخێرایی بوون بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری و سەرتاسەریی کە حکومەتی ناچارکرد لە پرۆژەکە پاشگەز ببێتەوە. هەوادارانی ڤارگاس بەردەوام بوون و سەرئەنجام Fredemo یان راگەیاند کە پارتێکی سیاسیی بوو داوای دیموکراسی و بازاڕی ئازاد و ئازادیی تاکی دەکرد. بەیەکەوە

لەگەڵ دوو پارتی سیاسی تردا هاوپەیمانێتیەکیان راگەیاندو لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٠دا ڤارگاس یۆسایان وەکو کاندیدێکی سەربەخۆ بۆ پۆستی سەرۆکی وڵات پاڵاوت و شکستی هێنا. لە درێژەی ژیانی ئەدەبیدا ڤارگاس چەندین خەڵات و میداڵی رێزلێنانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی پێ بەخشراوە، سەرەتا خەڵاتی لیۆپۆڵد ئالاس لەسەر یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی بەناونیشانی (سەرکردەکان) کە ساڵی ١٩٥٥ بڵاوکراوەتەوەو میداڵی شەرەفی کۆنگرێسی پیرۆ ساڵی ١٩٨١و Cheva-lier d'Order des Arts et des Lettres ساڵی ١٩٩٣و خەڵاتی سێرڤانتس بۆ ئەدەب ساڵی ١٩٩٤ کە بەرزترین خەڵاتە دەدرێت بە بەرهەمێک بەزمانی ئیسپانی بنووسرێت و خەڵاتی بازنەیی کتێبی نیشتمانیی رەخنە، بۆ بەرهەمی رەخنەیی لەسەر کتێبی(شەپۆل دروستکردن-١٩٩٦) و خەڵاتی رۆمیلۆ گاییگۆس ساڵی ١٩٦٧ لەسەر رۆمانی (ماڵە سەوزەکە) کە بەرزترین خەڵاتی ئەدەبیە لە ئەمریکای لاتین و ئەو یەکەم کەس بوو ئەم خەڵاتە وەربگرێت و ساڵی دوایی بەخشرایە مارکیز.

بەرهەمەکانی ڤارگاس کەنزیکەی (٣٠) سی بەرهەمە لەبابەتەکانی رۆمان و کۆمەڵە چیرۆک و لێکۆڵینەوە و شانۆ وەرگێردراونەتە سەر زوربەی زمانە زیندوەکانی جیهان و چەند ساڵێکە بەردەوام ناوی لە لیستی پاڵێوراوانی خەڵاتی نۆبڵدایە. وا چاوەڕوان دەکرێت ئەمساڵ لە رۆژی ٣ ی مانگی تشرینی دوەمدا دواین رۆمانی بەناونیشانی (خەونی سێلتی یەک) لە ئیسپانیا و ئەمریکای لاتین بڵاوبکرێتەوە کە تایبەتە بە کەسایەتی دیپلۆماتی بەریتانی رۆجەر کایسمنت کە نارەزایی توندی دەربڕی بەرامبەر ئەو پێشێلکاریە نامرۆڤانەیەی لەسەردەمی حوکمی لیۆپۆڵدی دووەمدا لە کۆنگۆ ئەنجام درا، لەو شتە سەیرانەی ئەم رۆمانە ئەوەیە جوزێف کۆنرادی نووسەری (دڵی تاریکیی) یەکێکە لە کەسایەتیەکانی. ماریاڤارگاس یوسا لە راگەیاندنێکیدا بۆ رادیۆی کۆلۆمبیا لەبارەی خەڵاتەکەیەوە دەڵێت: لەو بڕوایەدا نەبووم تەنیا پاڵێوراویش بم، پێموایە ئەوە دانپیانانە بە ئەدەبی ئەمریکای لاتین و ئەدەبی بە ئیسپانی نووسراو، ئەوە مەسەلەیەکە پێویستە هەموومان پێی دڵخۆش بین. هەروەها کاتێک رادیۆی ئار بی بی پیرۆیی لێی پرسی چۆن زانی خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشراوە، وتی سەعات پێنجی بەیانی هەستابووم ئیشم دەکرد، تەلەفۆنەکەمان لێی دا.. پاتریشیای خێزانم هاتوو وتی بەڕێزێک بوو بە ئینگلیزی قسەی دەکردو پچڕا. بێگومان ئەو بەڕێزە سکرتێری گشتی ئەکادیمیای سویدی بوو. دەمزانی پێمرادەبوێرن، چونکە کاتی خۆی بەو جۆرە بەنووسەری ئیتالی ئەلبێرتۆ مۆراڤیایان رابواردبوو، ناحەزێکی تەلەفۆنی

بۆ کردبوو و بەدرۆ ئەو هەواڵەی دابویە... لەکۆتاییدا وتبوی، حەز دەکەم پیاسەیەک بە سەنترالْ پارکدا بکەم، ئەوە ڕێگایەکی باشە بۆ دەستپێکردنی ڕۆژێکی نیۆیۆرکی. وتەبێژی بریکاری کارەکانی لەفرانکفۆرت کە بەشداری پیشانگایەکی کتێبیان کردبوو، وتبوی هەرگیز پێشبینی ئەوەمان نەدەکرد، ئەوە شادیەکی گەورەی دەوێت، چونکە شایانی ئەوەیە و دەبوایە هەر وەریبگرتایە. هەرچەندە هەندێ سەرچاوەی نزیک لە نووسەرەوە ئەوە دووپات دەکەنەوە بۆ بیست سالْ دەچێت ڤارگاس خۆی بەشایانی ئەم خەڵاتە دەزانێت و چاوەڕوانی بووە، هاوڕێیەکی نزیکی دەڵێت خۆی و ماڵ و منداڵەکەی هەموو ساڵێک لەم کاتەدا شپرزە دەبون و چاوەڕێی ئەو تەلەفۆنە دەبوون کە هەتا ئەمساڵ هەرنەهات. بەمجۆرە ماریۆ ڤارگاس یوسا کە ئێستا لە زانکۆی برینستۆن وانەبێژەو بە یەکێک لە ریزی دوژمنەکانی دیکتاتۆریەت ئەژمار دەکرێت، دەچێتە پالْ ئەو گەورە نووسەرانەی ئەمریکای لاتین کە ئەکادیمیای سویدی تاجی سەروەریی ئەدەبی پێ بەخشین. ساڵی ١٩٦٧ درایە میگیل ئەنخیل ئەستۆریاس–ی گواتیمالی و ١٩٧١درایە شاعیری شیلی پابلۆ نیرۆداو ١٩٨١ بە گاپریل گارسیا مارکیز و ١٩٩٠ بە شاعیری مەکسیکی ئۆکتافیۆ بات. لە کتێبێکیدا بەناونیشانی (فەرهەنگی عاشقێکی ئەمریکای لاتین) ڤارگاس دەڵێت: (لەشەستەکاندا لە پاریسەوە ئەمریکای لاتینم دۆزیەوە، تا ئەو کاتە لاوێکی پیرۆیی بووم، جگە لە بەرهەمەکانی وڵاتەکەی خۆم، بەدیاریکراوی بەرهەمی چەند نووسەرێکی ئەمریکای باکور و ئەورووپیم دەخوێندەوە بە تایبەتی فەڕەنسیەکان. چەند نووسەرێکی دیاری بەناوبانگی وەک پابلۆ نیرۆدا و خۆرخی لویس بۆرخێس نەبێت نووسەرگەلێکی وای ئەمریکای لاتینم نەدەناسی، لەو ساڵانەدا وەکو یەکەیەکی ڕۆشنبیریی بیرم لە ئەمریکای لاتین نەدەکردەوە، بەڵکو وەکو کۆمەڵێک وردە وڵات دەمبینین کە شتێکی کەم دەیانبەستێتەوە بەیەکەوە. ڤارگاس بەم شێوەیە بیری لەو کیشوەرە دەکردەوە کە ئەمڕۆ بووە بە یەکێک لە لوتکە ڕۆشنبیریەکانی و یەکێک لەو پێنج نووسەرەی کیشوەرەکە کە لە کۆتایی شەستەکانەوە بە دامەزرێنەرانی ڕەوتی واقیعی سیحری دادەنرێن کە بریتین لە گابریلْ گارسیا مارکیزی کۆلۆمبی و کارلۆس فۆینتزی مەکسیکی و خۆلیۆ کورتاتاری ئەرجەنتینی و خوسیە دونۆسۆی شیلی و ماریۆ ڤارگاس یوسای پیرۆیی. ئەو ڕەوتەی کە هاوزەمان بوو لەگەڵ شۆڕشی کوبا و بزوتنەوەکانی شەڕی پارتیزانی لەوڵاتانی ئەمریکای لاتین و ڕواڵەتێکی نوێی بەخشیە ئەو کیشوەرە لە بیرکراوەو لە ڕۆشنبیری و سیاسەتی جیهانیدا پێگەی خۆی بۆ دابین کرد. ئەمڕۆش جارێکی تر بەخەڵاتکردنەوەی یەکێکی تر

لەو پێنج کەڵە نووسەرە ئەوە دووپاتدەکرێتەوە ئەو خەڵاتی نۆبڵەی بەخشرایە گاپریل گارسیا مارکیز بۆ ئەم کیشوەرە بەس نییە و شایانی خەڵاتێکی تریشە، هەرچەند نووسەری پێنجەم کارلۆس فۆینتزی مەکسیکی لە ساڵی ١٩٨٢ وەوە ئەوەی دووبارە دەکردەوە، ئەو خەڵاتەی بەخشرایە مارکیز بەخشراوەتە هەموو جیلەکە و هەموو ئەمریکای لاتین.

## سەردانەکەی بۆ عێراق

ساڵی ٢٠٠٣ ڤارگاس و کچە وێنەگرە فۆتۆگرافەکەی مۆرگانا بەنێردراوی رۆژنامەی ئێل بابیس-ی ئیسپانی و لۆمۆندی فەرەنسی سەردانی بەغدایان کرد بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەک یان راپۆرتێکی مەیدانی دەربارەی بارودۆخی نوێی عێراقیەکان بنووسێت، ئەو نووسینەی راپۆرتێکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی جوان بوو کە جێی سەرنج و رەزامەندیی خوێنەران بوو، دەنووسێت: هەر کە دابەزیم یادەوەریم گێرامیەوە بۆ عێراقی سەدەکانی ناوەڕاست، ئەو بەیانییە لە سەردانی زانکۆی بەغدادا ئەوەم بۆ دەرکەوت توێژێک هەیە لە کۆمەڵگای عێراقیدا نوێخوازی پێوە دیارە و ئاراستەیەکی پێشکەوتنخوازی هەیە، کوڕو کچ بەیەکەوە لە هۆڵەکانی خوێندندان و ڕاڕەوەکان و باخچەکان ژیان تیایاندا ئاساییەو وەکو ئەوەی هیچ نەبووبێت، هەرچەند بەشێکی زۆری کچەکان حیجابیان پۆشیوە، بەڵام هێشتا تیایاندایە باسک و قاچ و قولیان رووتە، سەیری چاوی هەرکامێکیان دەکەیت دەتباتەوە بۆ کەش و هەوای (هەزارویەک شەو). ئەمڕۆ لە رۆژەکانی کۆتایی ساڵە و شادی و خۆشی ئەو ناوەی گرتۆتەوە و هەموو کەسێک زەردەخەنەی لەسەر لێوەو قوتابییەکان کوڕ وکچ بە چەپکە گوڵەوە هاتونەتەوە لەژێر سێبەری دارە باڵابەرزەکاندا وێنەی یادگاریی لەگەڵ مامۆستا و هاوڕێکانیاندا بگرن. رووەمانکردە کۆلیژی زمانەکان کە نزیکەی پێنج هەزار خوێنکاری تیایەو هەشت سەدیان زمانی ئیسپانی دەخوێنن، دڵنیابووم مامۆستاکانیان بەتوانان، چونکە قسەم لەگەڵ هەرکەس دەکرد، کوڕ وکچ، بەڕەوانی ئیسپانیان دەزانی و هەموویان پرسیاری ئەوەیان دەکرد ئیسپانیا چۆنە و ژیان تیایدا چۆنە. هەرچەندە بیناکانیان و کەلوپەلەکانیان تاڵان کرابوو، هێشتا هەر گەرم وگوڕبوون و ئومێدیان بەژیان نەگۆڕابوو.

زیادەڕۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم لەو کاتەوەی گەیشتومەتە بەغدا کەسێکم نەدیوە بەداخەوە بێت بۆ رووخانی رژێمی سەدام حسەین کە گەلی وڵاتێکی تەواوی کردبوو بە کۆیلە، بە پێچەوانەوە هەموو دڵخۆش و کامەران بوون، تاکە

شت كە بێزارو بێ تاقەتی كردبوون ئەو تالآن برۆ و ئاگر تێبەردانە بوو كە ئەو وڵاتەی كردبوو بە خۆڵەمێش، دەیانپرسی بۆ سوپای ئەمەریكی بەری پێ ناگرێت. هەندێ كەس بەوە پاساویان دەدایەوە ئەوانە ئەو دزو جەردانەن كە سەدام لە زیندانەكان ئازادی كردون. بەلآم لە راستیدا خەڵكی دەستپاكیشی تیا بوو كە لە شەو و رۆژێكدا بووبوون بە عەلی بابا، چونكە لەپڕ خۆیان لە ئازادی و بێ چاودێری و بێ داپڵۆسیندا بینیبوەوە. ئەو گەلە لە ناوبراوە كە ٣٥ ساڵ دیكتاتۆریەت وەكو بەرداش هاڕیبوی لەپڕ دەرفەتی دەستكەوتبوو بۆ تاوێك پەیڕەوی توندوتیژیەكی پاك و تالآنێكی بەتاوان دانەنراو بكات. دەكرێت ئەم روداوانە بەو جۆرە پاساو بدرێن، بەلآم ئەوەی پاساو نادرێت ئەوەیە بۆ هێزی داگیركەر سنوری بۆ دانەدەنا ئەوە نەبێت ئەوان چاوەڕوانی ئەمەیان نەكردوە لەبەر ئەوە هیچ پلانێكیان بۆ دانەناوە.

لەماوەی چل ساڵی رابردوودا رژێمی دیكتاتۆری شارستانیەتێكی سەربڕی كە كۆمەڵگای عێراقی گەیاندبووە ئەو ئاستەی لە نەخۆشخانەو زانكۆدا پێشەنگ بێت لە خۆرهەلآتی ناوەڕاستدا. لە پەنجاكاندا بەغدا پایەیەكی گەورەی هەبوو لەسەر نەخشەی روناكبیری و هونەردا بە جۆرێك دراوسێكانی ئیرەییان پێ دەبرد، بەلآم بەعسی سەدام حسەین هەموو ئەوانەی سڕیەوە و هەرچی پزیشك و ئەندازیار و زانای ئابوری و مامۆستایان و رۆشنبیران و هونەرمەندان بوو تەركی وڵاتیان كردو بە هەموو دنیادا بلآوبونەوە. لە راستیدا دیكتاتۆریەت و سانسۆر و ترس و گەندەڵی و گۆشەگیریی كەلتورو مێژوی عێراقی ئیعدام كردو خوێنی مژی و گەیاندیە سەرئێسقان، بۆیە خەڵك رزگاربوونی پێ خۆشبوو و بەگەرمی پێشوازی لە ئەمریكیەكان كرد, ئەو ئومێدەی لەگەڵ دەستپێكردنی تالآن و كاولكاریدا بوو بە هەڵم.




# ماریۆ ڤارگاس یوسا: که پێیـــان راگەیاندم خەڵاتی نۆبڵ بەتۆ دەبەخشین، وامزانی گاڵتەم لەگەڵ دەکەن

**و. لەئینگلیزییەوە: عەزیز رەئووف**

ئەکادیمیای نۆبڵ لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید خەڵاتی نۆبڵی ئەمساڵی لە بواری ئەدەب بەخشییە رۆماننووسی پیرۆیی؛ ماریۆ ڤارگاس یوسا- ی تەمەن ٧٤ ساڵ.

ئەم رۆماننووسە لە ساڵی ١٩٣٦ لە وڵاتی پیرۆ لەدایکبووەو بە یەکێک لە نووسەرە هەرە دیارەکانی ئەمریکای باشوور ناوزەد دەکرێت. یەکەمین رۆمانی ساڵی ١٩٦٢ نووسیوە بەناوی سەردەمی پاڵەوان.

کاتێک لە ئەکادیمیای نۆبڵ لەلایەن ئادەم سمیسەوە تەلەفۆن بۆ ماریۆ ڤارگاس یوسا دەکرێت و پێ رادەگەیەنرێت کە خەڵاتی ئەمساڵی ئەدەب دەدرێت بەتۆ، یۆرسا پێدەکەنێت و وادەزانێت گاڵتەی لەگەڵ دەکەن. تەنانەت یۆرسا باسی ئەوە دەکات؛ کە بە تەلەفۆن چاوپێکەوتنەکەشیان لەگەڵ ئەنجامدام، هەر بە گومانەوە وەڵامم دەدایەوە و وامدەزانی گاڵتەم لەگەڵ دەکەن.

بێشک خوێنەری کورد کەمتر بەم نووسەرە ئاشنایە و هێندەی من ئاگادار بم هیچ رۆمانێکی ئەم نوسەرە وەرنەگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، بەڵام

بە بەخشینی ئەم خەڵاتە بە ماریۆ ڤارگاس یوسا، ئەدەبدۆستان و خوێنەرانی رۆمان لەسەر ئاستی جیهان خۆشحاڵ بوون بەوەی ئەم خەڵاتە بەم رۆماننووسە دراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت رۆماننووسی ناوبراو لەسەر ئاستی جیهان ناسراو بووە و خوێنەری جدیی هەبووە.

ماریۆ ڤارگاس یوسا بە یەکێک لەو رۆماننووسانە دەناسرێت کە شەڕی گەورەی کردووە لەگەڵ دیکتاتۆرییەتدا و هەمیشە لەسەر ئاستی رۆمانەکانی قسە لەسەر دیکتاتۆرییەت دەکات. لە ساڵی ١٩٦٣ دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری ئەو سەردەمەی پیرۆ زۆرێک لە رۆمانی "سەردەمی پاڵەوان"یان لە بازاڕەکانی ئەو وڵاتە کۆکردەوە و سووتاندیان، ئیدی شەڕی ماریۆ ڤارگاس یوسا دژ بە دیکتاتۆرییەت لەڕێی نووسینەوە دەستی پێکرد. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە دیکتاتۆر لە هەر کوێیەکی دنیا بێت، دەزانێت کە ئەدەب چ کاریگەرییەکی هەیە و هەڕەشەیەکی جدییە لە لەقکردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆر. هەربۆیە لە سەرەتاکانی نووسینیدا ماریۆ ڤارگاس یوسا رۆمانی "دیکتاتۆر" دەنووسێت، ئەمەش درێژکراوەی ئەو جۆرە رۆمانانەیە کە لە ئەمریکای لاتینی پێش ماریۆ ڤارگاس یوسا نووسراون و نووسەرانی ئەمریکای لاتینی هەوڵی جدییان هەیە بۆ شیکردنەوەی ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەلایەن دیکتاتۆرەکانەوە بەڕێوەدەبرێن. دیارترین رۆمانووسی ئەمریکای لاتین، کە ساڵی ١٩٨٢ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرت، گابرێل گارسیا مارکیزە، ئەم نووسەرەش بەئاشکرا باس لە میکانیزمی بەڕێوەبردنی زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکە و جیهان لەلایەن دیکتاتۆرەکانەوە دەکات.

بەڵام وەک خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: "من نووسەرم، هەروەها من هاوڵاتییەکیشم. من بۆچوونی ئەدەبیم هەیە، سەربارى ئەوەش من کوڕی ئەم جیهانەم و بۆچوونگەلی سیاسیشم هەیە و ناکرێت بێدەنگ بم لە هەڵەی سیاسیی و دیکتاتۆرەکان، بەڵام راستییەکەی من زیاتر نووسەرم. حەزیش دەکەم وەک نووسەر بناسرێم و باس بکرێم. ئەمەش لەبەر هیچ نا لەبەر بەرهەمەکانم، لەبەر ئەو رۆمانانەی کە نیو سەدە ژیانی خۆمم بۆ تەرخانکردوون".

بێ گومان کۆمیتەی خەڵاتی نۆبڵ هۆکاریان هەیە بۆ بەخشینی خەڵاتەکە بە هەر نووسەرێک. رەنگە یەکێک لە مەرجەکان مەسەلەی سیاسەت و پەیوەندیی نووسەر و سیاسەت بێت. ئەمەش لە خەڵاتەکانی پێشوودا بەئاشکرا دیار بووە. تەنانەت ئەگەری ئەوە لە ئارادابوو کە خەڵاتی ئەمساڵ بدرێت بە دوو نووسەری عەرەبی و ئیسرائیلی بە هاوبەشیی. ئەمەش وەک سیمبولێک بۆ




سەردەمی پاڵەوان

ماڵە سەوزەکە




پێکەوەژیانی عەرەب و ئیسرائیلییەکان، یان راستتر بڵێین پێکەوەژیانی موسوڵمان و جولەکە، بەڵام هۆکاری بەخشینی ئەم خەڵاتە بە ماریۆ ڤارگاس یوسا فاکتەرێکی سەرەکی لەخۆ دەگرێت، ئەویش چەمکی بەرخۆدانە لای نووسەر. دیارە دوای تێپەرینی ٤٧ ساڵ بەسەر سووتانی یەکەم رۆمانیدا، ئەم نووسەرە بەردەوام لەو ماوەیەدا سەرسەختانە سەرگەرمی نووسین بووە، ئەمەش کاریگەریی لای کۆمیتەی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ جێهێشتووە. ئەمەو سەرباری بەرخۆدانی نووسەری ناوبراو دژ بە دیکتاتۆرییەت و ستەمکاریی لە وڵاتەکەیدا.

بەڵام وەک ئەوەی لە وتاری کۆمیتەی بەخشینی خەڵاتەکەدا هاتووە، گەورەیی ماریۆ ڤارگاس یوسا لەوەدایە کە بەرهەمەکانی یەک لەدوای یەک هونەری رۆمانیان زیاتر تێدایە. بەمانایەکی تر زۆری بەرهەمی ماریۆ ڤارگاس یوسا کاریگەریی لەسەر کرچ و کاڵیی بەرهەمی داهاتووی نەبووە و بەردەوام لەماوەی نیو سەدە لە نووسین و بڵاوکردنەوەی رۆمان، ئاسۆی ئەم نووسەرە نەیداوە لە کزیی و بەردەوام بەرهەمی نوێی لەوەی پێشووی پڕکاریگەر و

ته‌نانه‌ت پڕخوێنه‌رتریش بووه، ئه‌مه‌ش وایکردووه زۆری به‌رهه‌مه‌کانی کاریگه‌ریی نه‌بێت له‌سه‌ر که‌مبوونه‌وه‌ی خوێنه‌ره‌کانی.

هه‌رچۆنێک بێت ئێمه ئێستا له‌به‌رده‌م رۆمانووسێکداین که به‌نیسبه‌ت زۆربه‌مان و خوێنه‌ری کورده‌وه ناوێکی تازه‌یه. ته‌نانه‌ت له‌سه‌ر ئاستی زۆرێک له سایته‌کانی بواری کتێب، ناوی ماریۆ ڤارگاس یوسا ناوێکی نوێ بوو. دوای ئه‌وه‌ی که ئه‌کادیمیای نۆبڵ له شاری ستۆکهۆڵم رایگه‌یاند، که خه‌ڵاتی ئه‌مساڵ دراوه به رۆماننووسی پیرۆیی ماریۆ ڤارگاس یوسا، له سایتی گیگاپێدیا که سایتێکی به‌رفراوانی بواری کتێبی خۆڕاییه، چێکی ئه‌م نووسه‌ره‌م کرد و بۆ کتێبه‌کانی گه‌ڕام، ته‌نانه‌ت یه‌ک کتێبی ماریۆ ڤارگاس یوسا له سایتی ناوبراودا دانه‌به‌زێنرابوو، به‌ڵام دوای دوو رۆژ تێپه‌ڕین به‌سه‌ر ئه‌و هه‌واڵه‌دا، سایتی ناوبراو زیاتر له ده رۆمانی ناوبراوی به زمانه جیاجیاکانی جیهان دابه‌زاند. ئه‌مه‌ش به‌و مانایه دێت که به‌خشینی خه‌ڵاتی نۆبڵ به هه‌ر نووسه‌رێک هۆکارێکی گرنگه له ناساندنی نووسه‌ری ناوبراو و زیادبوونی خوێنه‌ره‌کانی له‌سه‌ر ئاستی جیهان.

### له رۆمانه به‌ناوبانگه‌کانی ماریۆ فارگاس:

شارو سه‌گه‌کان ١٩٦٦
گفتوگۆ له کاتیدراڵ ١٩٧٥
ماڵه سه‌وزه‌که ١٩٦٨
شه‌ڕی ئاخرزه‌مان ١٩٨٤
کێ پالمینۆ مۆلێرۆی کوشت؟ ١٩٨٧
رێگه به‌ره‌و به‌هه‌شت ٢٠٠٣
کچه خراپه‌که ٢٠٠٧

**سه‌رچاوه‌کان:**

رۆژنامه‌ی واشینگتۆن پۆست و سایتی ویکیپێدیا.



# لۆکاچ
# و
# ژانری ئەدەبی مۆدێرنیزم

**و: ئازاد بەهین**

لۆکاچ لە بەرهەمەکانی خۆیدا واتای ریالیزمی هاوچەرخ، ئەدەبیاتی مۆدێرن بۆ سێ لقی سەرەکی دابەش دەکات:

١- ئەدەبیاتی پێشڕەو (ئاوانگارد) یان مۆدێرنیزمی تاقیکاری.

٢- ئەدەبیاتی کۆمۆنیستیی ئەوروپای رۆژهەڵات (کە ئەمڕۆکە ئیتر بوونی دەرەکی نییە).

٣- واقیعگەرایی (ریالیزم) رەخنەگرانە.

نوێنەرانی ئەدەبیاتی پێشڕەو یان مۆدێرنیزم، کافکا، جیمس جۆیس، مۆزیل، بێکت و فاکنێرن. لۆکاچ رەخنە لە مۆدێرنیزم دەگرێت، چونکە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لە ژێر دەسەڵاتی زەینگەرایی دایە و تێڕوانینی لە بەرامبەر بارودۆخی مرۆڤدا چەق بەستوو. لەو جۆرە بەرهەمانەدا، کەسایەتییەکان یەکگرتوویی و یەکڕیزییان پێوە دیار نییەو شێوەیەکی نەخۆشانەیان پێوە دیارە. لە ئاکامدا دەتوانرێت بوترێت کە مۆدێرنیزم هەستی مێژوویی نییە. بە بۆچوونی ئەو، ئەدەبیاتی پێشڕەو نموونەی جۆرێک ئەدەبیاتی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی رۆژئاوایە لە سەدەی بیستەمدا.

لە روانگەی لۆکاچدا "ریالیزمی سۆسیالیستی"ش بیرتەسک و دۆگماتیک بوو.

لەبەر ئەوەی کە نووسەرانی ریالیستی سۆسیالیستی ناکۆکی و جیاوازییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییان بە سادە لە قەڵەمدەداو لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە "ئۆتۆپیا" واتە کۆمەڵگەی سۆسیالیستی مسۆگەر بووە. باوەڕێک کە دەبووە هۆی ئەوەی کە روانگەی ئەوان هەر وەک روانگەی مۆدێرنیزم "چەق بەستوو" بمێنێتەوە. هەر بۆیە "ریالیزمی رەخنەگرانە" دەکەوێتە بەرامبەر ئەو دووانەوە کە تۆماس مان، کێنراد و بێرنارد شو، نوێنەرانی هەڵکەوتووی ئەون و لۆکاچ ئەوان بە میراتگرانی راستەقینەی ریالیستە گەورەکانی سەدەی نۆزدەیەمی ئەوروپا دادەنێ، واتە بالزاک، ستاندال و تۆلستۆی دێنێتە ئەژمار. چونکە بە بۆچوونی ئەو لە بەرهەمەکانی ئەواندا گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان کە تایبەتمەندیی دیاری سەردەمی ئێمەیە، بە شێوەی واقیعی رەنگ نادەنەوە، کەسایەتی نابێتە قوربانیی شێواز، دۆخی مرۆڤ بە شێوەیەکی دینامیک و لە ناوەرۆکێکی مێژووییدا درک دەکرێت و رەهەندە نەخۆشەکانی ژیانی مۆدێرن دەکەونە روانگەیەکی "رەخنەگرانەوە". بە باوەڕی لۆکاچ، "ریالیزمی رەخنەگرانە" تەنیا ئەڵقەی پەیوەندی لەگەڵ ئەدەبیاتی رابردوو نییە، بەڵکو ئەدەبیاتێکە کە رووی لە داهاتووە.

لۆکاچ دەڵێ: "چ شتێک شێوازی بەرهەمێکی هونەری دیاریدەکات و چۆن ئامانج، فۆرمەکەی دیاری دەکات؟"

ئەو جیاوازییانەی کە لێرەدا لە ئارادایە تەکنیکەکانی شێواز بە مانای فۆرمالیستی نییە، بەڵکو ئەو ئایدیۆلۆژی یان جیهان بینییەیە کە بنەمای بەرهەمی هونەریی و هەوڵەکانی نووسەر لە خستنەڕووی ئەودایە. هەر ئەم جیهان بینییە ئامانجی ئەو و بنەمای کارسازی شێوازی بەرهەمەکەی پێکدێنێت.

ئەگەر بەمجۆرە لە بەرهەمی هونەریی بڕوانین، شێواز ئیتر بابەتێکی فۆرمالیستی نییە، بەڵکو رەگی لە ناوەرۆکی بەرهەمدا هەیە. فۆڕم سەر بە ناوەرۆکێکی تایبەتە. بە واتایەکیتر، ناوەرۆک فۆڕم دیاریدەکات، بەڵام هیچ ناوەرۆکێک نییە کە مرۆڤ تیایدا ناوەندی سەرەنجدان نەبێت. ئامانج یان مەبەستی قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبی هەرچی بێت پرسیاری سەرەکی هەمیشە ئەوەیە: "مرۆڤ چییە؟".

هەر لێرەدا جیاوازیی راوبۆچوونەکان دەستپێدەکات. بە پێی پێناسەی ئەرستۆ، مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. ئەم پێناسەیەی ئەرستۆ ئەدەبیاتی ریالیستی پەسەندیکردووە، چونکە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بوونی تاک لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئەودا جیانابێتەوە. سروشتی مرۆیی هەر تاکێک یان تاکێتی تایبەتیی ئەو ناکرێت لە ناوەرۆک و ژینگەیەک کە تیایدا خوڵقاوە جیابکەیتەوە،

بەڵام لە بەرهەمەکانی مۆدێرنیستەکاندا روانگەی بوون ناسانەیەک کە وێنەی مرۆڤ دەخولقێنێت، رێک لە بەرامبەر ئەو پێناسە سوننەتییەی ئەرستۆدایە. لە روانگەی ئەواندا، مرۆڤ لە روانگەی سروشتی خۆیدا تەنیا و ناکۆمەڵایەتییە، لەم رووەوە ناتوانێت پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤەکانیتر بگرێت. تامس ڤۆڵف دەڵێت:

روانگەی من لە جیهان لەسەر بنەمای ئەو باوەڕە پتەوەیە کە تەنیایی بە هیچ شێوەیەک دۆخێکی دەگمەن نییە. واتە شتێک نییە کە تەنیا تایبەت بێت بە من یان کۆمەڵێک مرۆڤی تایبەت، بەڵکو حەقیقەتی ناچاریی و سەرەکی بوونی مرۆڤایەتییە.

کاتێک مرۆڤ بەمجۆرە وێنا کرا ئیتر ناتوانێت لەگەڵ کەسانیتر پەیوەندی بگرێت و ئەگەر پەیوەندیش بگرێت، پەیوەندییەکەی هاکەزایی و رووکەشی دەبێت. ئەم تەنیاییە خودییەی مرۆڤ نابێت لەگەڵ تەنیایی تاک کە لە ئەدەبیاتی ریالیستی سوننەتیدا هەستی پێدەکەین، بە هەڵە بگرین. لە ئەدەبیاتی ریالیزمدا لەگەڵ بارودۆخێکی تایبەتدا بەرەوڕووین کە تیایدا تاکێک یان بە هۆی کەسایەتیی خۆی یان بەهۆی هەلومەرجی تایبەتیی ژیانی، تەنیا دەبێت، بەڵام ئەم دۆخە تەنیا بەشێکی بچووک لە ژیانی گشتی پێکدێنێت. وەها چارەنووسێک بەهۆی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی یان مێژوویی تایبەت بۆ تاک دێتە ئاراوە، بەڵام لە پاڵ تەنیایی ئەودا لەو دیوی ئەودا، ژیانی گشتی درێژە بە رەوتی خۆی دەدات. بە واتایەکیتر، لە ئەدەبیاتی ریالیستی سوونتەتیدا، تەنیایی، چارەنووسی تاک لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتیی تایبەتدا بوو و لایەنی گشتی نەبوو. بەڵام لە ئەدەبیاتی مۆدێرنیزمدا، تەنیایی چارەنووسی ناچاریی مرۆڤە لە هەموو کات و لە هەموو شوێنەکاندا، چونکە مرۆڤ تەنیایە، کەواتە لە مێژوو بە تاڵەو مێژوویەکی نییە. لە بەرهەمەکانی مۆدێرنیزمدا، رەتکردنەوەی مێژوو بە دوو شێوە نیشان دەدرێت:

أ- قارەمانی چیرۆک تەنیا لە سنووری ئەزموونی خۆیدا سنووردار دەمێنێتەوە. بۆ ئەو حەقیقەتێک لەودیوی خودی ئەودا بوونی نییە کە کار بکاتە سەری یان کاریگەریی لەسەری بێت.

ب- قارەمان بۆ خۆی مێژووی شەخسی و مانای نییە و بەشێوەیەکی حاشاهەڵنەگر "فڕێ دراوەتە ناو جیهانەوە". ئەو لە رێگەی پەیوەندی لەگەڵ جیهان گەشە ناکات، هەر بۆیە نە جیهان فۆڕمی پێ دەدات و نە ئەو فۆڕم بە جیهان دەدات. تەنیا "گەشە" یان بزاڤێک کە لە ئەدەبیاتی مۆدێرنیزمدا دەخرێتەڕوو، تێگەیشتنی لەسەرخۆ و هێواشە لە دۆخی مرۆڤ. مرۆڤ ئێستا هەر ئەو شتەیە کە هەمیشە بووە و بەردەوامیش هەر دەبێت. راوی (گێڕەرەوە) یان کەسایەتی چیرۆک (سوژە) دینامیکە و حەقیقەتی ئەزموونکراویش چەقبەستووییە. تی.

ئێس. ئەلیوت ئەم دیاردەیەو ئەم شێوە وێناکردنەی کەسایەتی مرۆڤ بەم جۆرە وەسفدەکات:

رووخسارێکی بێ فۆڕم، سێبەرێکی بێ رەنگ
هێزێکی فەلەج بوو، ئاماژەگەلێکی بێ جوڵە

رووخانی کەسایەتی لەگەڵ رووخانی جیهانی دەرەوەدایە. شاعیری ئەڵمانی گۆتفرێد بێن دەڵێ: "حەقیقەتی دەرەکی بوونی نییە، تەنیا وشیاری و ئاگایی مرۆڤە کە بە تواناکانی خۆی بەردەوام کۆمەڵێک جیهانی نوێ دەخولقێنێت و دەیان گۆڕێت یان سەرلەنوێ دەیان خولقێنێتەوە."

رۆبێرت مۆزیل جارێک لە وتووێژێکدا کاتی رووداني چیرۆکی مێژوویی خۆی لە نێوان ساڵانی ١٩١٢ و ١٩١٤دا دیاریکرد، بەڵام هەر زوو ئاشکرای کرد: "من دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە رۆمانی مێژووییم نەنووسیوە. من لەگەڵ رووداوە راستەقینەکان سەروکارم نییە، چونکە دەتوانرێت لە جیاتی ئەوان رووداوی دیکە بگوازینەوە. من هۆگری ئەوەم کە جۆرییە و دەتوانرێت بە لایەنی تارمایی حەقیقەت ناوی بنێین. وشەی "تارمایی" وشەیەکە کە شیاوی لێوردبوونەوە و سەرنجدانە، چونکە روانگەی زاڵ بەسەر ئەدەبیاتی مۆدێرنیستدا نیشان دەدا کە سڕینەوەی واقعییەتە. لە بەرهەمەکانی کافکادا پاڵەکان بە چۆنیەتییەکی باش وەسفکراون. رەسەنایەتی هونەریی کافکا لەوەدایە کە ئەو روانگەی خۆی لە جیهان کە دڵەڕاوکێیە، دەخاتە جێگای حەقیقەتی عەینی. پاڵەکان کە بەشێوەی ریالیستی دەخرێنەڕوو، دەربڕینی حەقیقەتی تارمایی و جیهانێکی خەیاڵاویيانەیە کە رۆڵی ئەو، درووستکردنی دڵەڕاوکێ و پەشۆکانە. هەر بەو جۆرەی کە وترا لە بەرهەمەکانی جویسدا سڕینەوەی واقعییەت، بنەمای رەوتی رەوانی ئاگاییە. کاتێک سڕینەوەی واقعییەت پەرەدەسێنێت کە رەوتی ئاگایی، بۆ خۆی هۆکارێک بێت بۆ خستنەڕووی واقعییەت. کاتێک کە رەوتی ئاگایی هی مرۆڤێکی نۆرم شکێن یان کەسێکی خراپ بێت، هەر وەک بەشی یەکەمی "تووڕەیی و هەراوهوریا"ی فاکنەر یان لە حاڵەتی پاوانخوازانەتردا لە "مۆلۆی (Molloy) بیکیت دا خستنەڕووی واقعییەت ئەستەم و دژوار دەبێتەوە.

سڕینەوەی واقعییەت و رووخانی کەسایەتی بە یەکەوە پەیوەستن. بنەمای هەر دووکیان نەبوونی بۆچوونێکی یەکگرتووە سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ. لە بەرهەمی مۆدێرنیستەکاندا مرۆڤ هەر بەو رادەیە بۆ خۆی نامۆ و درک نەکراوە کە بۆ کەسانیتر نامۆ و درک نەکراوە. لە شانۆنامەی "کوکتێل پارتی"، بەرهەمی

تی. ئێس. ئەلیوت¬دا، پزیشکی دەروونی، کە لە راستیدا بۆچوونی نووسەر دەردەربڕێت، لە وەسفکردنی ئەم دیاردەیەدا دەڵێت:

ئاخ، ئێمە هەموو رۆژێک لە روانگەی یەکتردا لە ناودەچین
ئەوەی ئێمە لە خەڵکیتر دەیزانین
تەنیا بیرەوەری ئەو ساتانەیە کە ناسیومانن
بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستا ئەوان گۆڕاون
وا دەنوێنێ کە ئێمە و ئەوان هەر ئەوانەین کە بووین
پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی بە سوود و گونجاوە
کە دەبێ هەندێ جار پێشێل بکرێت
چونکە ئێمە دەبێ وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە
لە هەر چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بێگانەیەک بەرەوڕوو دەبینەوە.

لۆکاچ دەڵێت کە ئیدەئالیزمی زەینی، بابەتی کاتی لە کاتی مێژوویی جیاکردەوەو وابەستەبوونی بە شوێنێکی تایبەتەوە نەهێشت و بەشێوەیەکی ئەبستراکت درکی کرد. وەک ئەوەی کە ئەم ئەبستراکتبوونەی کات، پێداویستییەکانی "چاخی ئیمپریالیزم" بەڕادەی پێویست نایەنێتەدی. هەربۆیە "بەرگسۆن" درزی نێوان کاتی زەینی و کاتی عەینی قوڵتر کردەوە. ئێستا کاتی ئەزموون کرا یان کاتی زەینی لەگەڵ کاتی واقیعی وەک یەک سەیردەکرێن. بەرگسۆن و فەیلەسووفانی دیکە کە ئەو پرسەیان هێنایە ئاراوە، لافی ئەوەیان لێدا کە چەمکی ئەوان لە کات، بەرچاو ڕوونییەک سەبارەت بە واقعییەتی رەسەنایەتی واتە واقعییەتی زەینی دەخاتەڕوو.

لە کاتێکدا کە بەرگسۆن یەکایەتی تێگەیشتن بەشێوەی ئەبستراکتی فەلسەفی دەپارێزێت، لە ئەدەبیاتی مۆدێرنیزمدا بەهۆی رووخانی بەردەوامیی کاتیی، عەینییەت لەناو دەچێت. ئەم حەقیقەتە کە چەمکی کاتی زەینی وەها لەناکاو هاتووەتە ناو ئەدەبیاتەوە، نیشاندەدات کە چۆن زەینگەرایی لە ئەزموونی بیرمەندانی بۆرژوادا رەگی داکوتاوە. تاک لە بەرامبەر دڵڕەقی چاخدا، هیوادارانە دەچێتە ناو خۆیەوە تا رەنگە لە دۆخی پەرێشانی خۆیدا، سیحرێکی سەرخۆشانە هەڵێبگرێت. بەڵام بە پێچەوانەوە، ئێستا وەحشەتێکی نوێ ئاشکرا دەبێت.

ئەگەر واقعییەت ناتوانرێ درک بکرێت- و لە درککردنیشیدا هەوڵ نادرێت- کەواتە زەینییەتی تاک کە لە جیهاندا تاک و تەنیایە و تەنیا خۆی دەخاتەڕوو، خەسڵەتێکی مەترسیدار و درک نەکراو بەخۆدەگرێت. لەگەڵ جیاکردنەوەی کات

لە جیهانی واقعییەتی عەینی، جیهانی ناوەکیی تاک دەبێت بە جیهانێکی شووم و خەسڵەتێکی چەقبەستوو بەخۆدەگرێت. ئەم روانگە بەرەو رووخانە، لە هونەردا کاریگەری زۆرتر و قوڵتری دەبێت تا لە فەلسەفەدا. چونکە کاتێک کە کات بەم شێوەیە لە جیهانی دەرەکی جیا بووەوە، جیهانی هونەرمەندا بۆ جیهان گەلێکی بەرفراوان و بەشی دابەش دەبێت. ڤاڵتێر بنیامین روانگەی پروست و تەکنیکی بەمجۆرە وەسفدەکات:

هەمووومان دەزانین کە پروست، ژیانی مرۆڤێک نە بەو جۆرەی کە بەڕاستی روویداوە، بەڵکو بەو جۆرەی کە بۆ خۆی وەبیری دێتەوە، وەسفدەکات. ئەم قسەیەش ناڕەوایە، چونکە لە بەرهەمەکانی پروستدا ئەزموونی واقیعی گرنگ نییە، بەڵکو تان و پۆی بیرەوەرییەکان گرنگی هەیە. زاکیرەی مرۆڤ هەر وەک پارچەیەک نەقش و نیگاری هەیە.. رووداوێک کە لە ژیاندا روویداوە، سنووردارە یان لانیکەم لە بواری ئەزموونییەوە کۆتایی پێهاتووە. بەڵام بیرەوەری کۆتایی پێنایەت و دەتوانێت شتێک بێ بۆ ئەوەی پێش ئەوە روویداوەو هەروەها ئەوەی دوای ئەوە روو دەدات.

بەڵام کات، تەنیا هۆکارێک نییە کە لەناوبردنی دەبێتە هۆی رووخانی جیهانی ناوەکی و جیهانی دەرەکی. لەبەرهەمەکانی مۆدێرنیستەکاندا، سووژە هێزی قوڵبوونەوەی بیری خۆی لە دەستدەدات و ناتوانێت ئەندێشەو بیری خۆی رێکبخات. لە ئەنجامدا سەبارەت بە هەموو شتێک کەمتەرخەم دەبێت و تەنیا شێتیی ئەو، ئەو دۆخە تێکدەدات. شێتییەک کە جۆرێک ناڕەزایەتی نەخۆشانەیە بە دۆخی مرۆڤ.

جیهانێک کە ئەدەبیاتی ریالیستیی قۆناغەکانی پێشوو، سەرەڕای رەخنە توندەکانی لە واقعییەت، وەسفی دەکرد کە یەکێتی تیایدا بەدیدەکرێت و وەکو گشتێکی زیندوو وێنا دەکرا کە لە مرۆڤ جیا نەدەکرایەوە. بەڵام زۆربەی ریالیستەکانی سەردەمی ئێمە توخمێک لە رووخان بۆ نیشاندانی وردتری جیهانی هاوچەرخ بە ئانقەست بەکار دێنن، بەم پێیە یەکێتی سروشتیی پێشوو ئیتر هەر بۆخۆی درووست نابێت، بەڵکو دەبێت وشیارانە درووستبکرێت. بەڵام لە ئەدەبیاتی مۆدێرنیستەکاندا، رووخانی جیهانی مرۆڤ کە بەهۆی ئەوەوە رووخانی کەسایەتیش روودەدات لەگەڵ ئامانجێکی ئایدیۆلۆژیکدا دێتەوە. بەم هۆیە سەرچاوەی هەستی دڵەڕاوکێ، ئەم ئەزموونە بنەڕەتییە مۆدێرنە، ئەم بەرهەمە "فڕێ دراو بە ناو جیهانە"، لە کۆمەڵگەیەکدا داڕووخاوەو کاریگەرییەکانی بەشێوەی رووخانی جیهانی مرۆڤ دەردەکەوێت.

لە کاتێکدا کە ڕەفتاری نووسەری مۆدێرنیست سەبارەت بە زۆرێک لە ڕەهەندەکانی جیهانی مۆدێرن ناڕەخنەگرانەیە، نووسەری ریالیستی هاوچەرخی ئەو دەتوانێت لەو ڕەهەندانە دووربکەوێتەوەو بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە شیانبکاتەوە و تاوتوێیان بکات. بۆ نموونە تۆماس مان بە دوورکەوتنەوەی ڕەخنەگرانە لە پرسی کات، تێدەگات کە خەسڵەتی زەینی بوونی کات، ئەزموونی مۆدێرنە. ئەو تێدەگەیشت کە ئەم ئەزموونە، بۆ چینێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو بەرهەم دێت و دەکرێت بە کەڵک وەرگرتن لێی، ئەم چینە باشتر وەسفبکرێت. ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی نووسەرانی مۆدێرنیست و هەندێک لە فەیلەسووفانی مۆدێرن لەو باوەڕەی ئەواندا ئاشکرا دەبێت کە ئەزموونی زەینیی کات لە واقعییەت بە ڕاست بزانن. لە کاتێکدا کە نووسەری ریالیست بۆ وەسفکردنی خەسڵەتی هەندێک لە کەسایەتییە داستانییەکانی خۆی سوود لە شیکردنەوەی کات وەردەگرێت، مۆدێرنیست لە بەرهەمی خۆیدا، ئەزموونی زەینیی کات بۆ وەسفکردنی خودی واقعییەت بەکاردێنێت. تۆماس مان زۆرجار ئەو کەسایەتییانەی کە کات بە شێوەی کاتی زەینی ئەزموون دەکەن دەخاتە پاڵ ئەو کەسایەتییانەی کە ئەزموونی ئەوان لە کات، ئاسایی و عەینییە. لە "کێوی جادوو"دا، هانس کاستۆرپ کات بەشێوەی زەینی ئەزموون دەکات لە کاتێکدا کە کات بۆ ئاخیم تسیمسۆن حاڵەتی ئاسایی و عەینی هەیە. تسیمسۆن دەزانێت کە ئەزموونی زەینیی کات بەهۆی ژیانکردن لە ئاسایشگا دەستدەکەوێت. لێرەدا بە جیاوازییەکی گرنگ دەگەین. نووسەری مۆدێرنیست ئەوەی لە پێویستدا ئەزموونی زەینییە لەگەڵ واقعییەت بە یەکیان دەزانێت. لەم ڕووەوە وێنەیەکی چەواشەکراو لە هەموو واقعییەت دەخاتەڕوو. بەڵام نووسەری ریالیست بە دوورکەوتنەوەی ڕەخنەگرانەی خۆی، ئەوەی گرنگە بە تایبەت ئەزموونی مۆدێرن لە کات دەخاتە ناوەرۆکێکی بەربڵاوترەوەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت تەنیا بەشێک لە گشتی عەینیی گەورەتر لەبەرچاوبگرین.

هەر ئەم جیاوازییە سەبارەت بە وەسفی پاژەکان لە بەرهەمی مۆدێرنیستەکاندا لە لایەک و لە بەرهەمی ریالیستەکان لە لایەکی دیکەوە ڕاستە. پاژە وەسفییەکان دەتوانێت ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی واقعییەت بێت، بەڵام ئەوەی کە بەردەوامیی ڕووداوەکانی چیرۆک و ڕێکخراوەیی ئەوان، وێنەی واقعییەت دەخاتەڕوو یان نا، بابەتێکە کە پەیوەندی بە ڕوانگەی نووسەر بە واقعییەتەوە هەیە. چونکە ڕوانگە و هەڵوێستی ئەوە کە ئەو ڕۆڵەی لە هەر کارێکی پاژەییدا لە ناوەرۆکی گشتیدا لەئەستۆی دەگرێت، دیاریدەکات. ئەگەر ئەم خستنەڕووەی ڕۆڵ و کارکرد

بەشێوەی ناڕەخنەگرانە بێت، ئەنجامەکەی دەتوانێت ناتۆرالیزمی سەرەڕۆیانە بێت، چونکە نووسەر نەیتوانیوە لە نێوان کاروباری بنەڕەتی و گرنگ و کاروباری بێ نرخ جیاوازی دابنێت. روانگەی جویس رێک هەر ئەوەیە و هەر لێرەدا خەسڵەتی ناتۆرالیستی مۆدێرنیزم ئاشکرا دەبێت. مۆدێرنیزم جیاوازی کاروباری بنەڕەتی و گرنگ لە کاروباری بێ نرخ رەتدەکاتەوەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەبێت دۆخی مرۆڤ بخەینە جێگەی ئەوەوە. هەربۆیە شێوازی مۆدێرنیزم دەبێ بە ناتۆرالیستی.

تێگەیشتنی چەقبەستووی واقعییەت لە ئەدەبیاتی مۆدێرنیستدا بەهیچ شێوەیەک حاڵەتێکی کاتی و ماوە کورت نییە بەڵکو رەگی لە ئایدیۆلۆژی مۆدێرنیزمدا هەیە. بە مەبەستی ناسینی جیاوازی نێوان مۆدێرنیزم و ریالیزمێک کە لە هۆمەر تا تۆماس مان و گورگی، گۆڕانی بە بابەتی بنەڕەتیی ئەدەبیات دەزانی، دەبێ قوڵتر بچینە ناو بنەمای ئایدیۆلۆژکی پرسەکە.

### کافکا، ئەزموونی مۆدێرنیزم

هەر کردەیەک کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات واتایەکی هەیە یان لانیکەم لە روانگەی تاکەکەسییەوە کە ئەنجامی دەدەین خاوەن واتایەکە. ئەگەر کردە بێواتا بێت پێکەنیناوی دەنوێنێت و هونەرێک کە بۆ نیشاندانی بەکاردەهێنرێت بۆ وەسفی ناتۆرالیستی دادەبەزێت. دڵەڕاوکێ و کەڵکەڵەی ئەدەبیاتی مۆدێرنیست لەگەڵ دەروون شیکاریی، ئاواتێکە بۆ هەڵاتن لە واقعییەتی "سەرمایەداری"، بەڵام ئەم دڵەڕاوکێ و کەڵکەڵەیە ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئەو دۆخەی مرۆڤ ئارەزووی دەکات لێی دەرباز بێت، خاوەن دەسەڵاتی رەهایە. هەر بۆیە هەر چالاکییەک کە ئامانجێکی هەبێت مەحکووم بە بێتوانایی و دۆش داماوییە. لەو جێیەوە کە ئایدیۆلۆژی زۆربەی نووسەرانی مۆدێرنیست، نەگۆڕیی واقعییەتی دەرەکی دەردەبڕێت (تەنانەت ئەگەر ئەم واقعییەتە تەنیا بۆ زەینییەتی تاک دابەزیبێت)، چالاکیی مرۆڤ لەپێش هەر شتێکدا بێواتایە و توانای کاریگەری دانانی نییە. وەها تێگەیشتنێک لە واقعییەت بەشێوەی یەکگرتووترین و رەزامەندترین شێوە لە بەرهەمەکانی کافکادا نیشاندراوە. کافکا، دۆخی دەروونیی "ژۆزێف کا" کاتێک کە بۆ ئیعدامی دەبەن، بەمجۆرە وەسفدەکات: "ئەو بیر لە مێشەکان و هەوڵە بێهوودەکانی قاچە لاوازەکانی ئەوان دەکاتەوە بۆ رزگاربوون لە کاغەزی مێشکوژ". ئەم حاڵەتی بێتواناییە رەهاییەو فەلەج بوون لە بەرامبەر هێزی درک نەکرانی هەلومەرجدا، لە سەرتاسەری ئەو بەرهەمەدا بەرچاو دەکەوێت. ئەگەرچی کردە لە چیرۆکی

"کۆشک"دا جیاوازەو تەنانەت ئاڕاستەیەکی بەرامبەر لەگەڵ چیرۆکی "دادگایی کردن" دەگرێتەبەر، بەڵام هەر ئەم تێڕوانینە لە روانگەی "مێشێکی کەوتووە ناو داو" لە هەموو جێیەک دەبیندرێت. ئەم ئەزموون و تێڕوانینە لە جیهان، کە دڵەڕاوکێ بەسەر ئەودا زاڵە و مرۆڤی ناو ئەو گیرۆدەی دەستی وەحشەتی درک نەکراوە، بەرهەمەکانی کافکا بەشێوەی نموونەی تەواوی هونەری مۆدێرنیست دەردێنێت. ئەو تەکنیکانەی کە لە جێگاکانیتردا تەنیا گرنگیی فۆرمالیستییان هەیە لە بەرهەمەکانی کافکادا بەکاردەهێنرێن تا لە بەرابەر واقعییەتێکی تەواو نامۆ و دووژمنکارانەدا ترسێکی گەورە درووست بکەن. دڵەڕاوکێی کافکا نموونەی بەرزترین ئەزموونی مۆدێرنیزمە.

کافکا یەکێک لە نووسەرانی مۆدێرنیستە کە سەبارەت بە پاژەکان، شێوەیەکی هەڵبژاردنانەی هەیە نەک ناتۆرالیستی. لە بواری فۆڕمەوە، شیکردنەوەی ئەو لە پاژەکان لەگەڵ شیکردنەوەی نووسەری ریالیست جیاوازی هەیە. کافکا خەیاڵاویترین دیمەنەکان بە هێزی پاژەکانی وەسفی ریالیستی وێنادەکات. دەربڕینی کافکا لە سروشتی تارمایی بوونی مرۆڤ، بەبێ رەچاوکردنی تەکنیکی ریالیستی لە وەسفی پاژەکاندا، بەشێوەی ئامۆژگارییەکی تەنیا دەردێت نەک خەونێکی ترسناک کە ئێستا هەیە.

وەسفی ریالیستیی پاژەکان پێش مەرجە بۆ راگواستنی هەستی پووچی. ناکۆکی و جیاوازیی کافکا لەگەڵ ریالیزم، تەنیا کاتێک ئاشکرا دەبێت کە پێویستی ئەو واتە بنەمای دیاریکەری هەڵبژاردنی ئەو و بەردەوامی پاژەکان لە بەرهەمەکانیدا شیبکەینەوە. کافکا نووسەری مۆدێرنیستی ئەم جیهانییەیە. سێبەر و تارمابییەکانی ئەو پەیوەندییان بە ژیانی رۆژانەی بۆرژواوە هەیە، چونکە خودی ئەم ژیانە ناواقیعییە، پێویستییەک بە سێبەر و تارمایی سەروو سروشتی نییە، بەڵام یەکێتی وەها جیهانییەک لەناودەچێت، چونکە روانگەی زەینی لەگەڵ خودی واقعییەت بە یەک دەژمێردرێن. ترسێک کە "سەرمایەداری ئیمپریالیستی" درووستیکردووە، بوونی مرۆڤ بۆ شتێکی پاک و بێخەوش دادەبەزێنێت. هەر ئەم ترسە کە سەرچاوەکەی ئەزموونی زەینییە، هەستێکی عەینی بەخۆدەگرێت. ئەگەرچی میتۆدی هونەریی کافکا لەگەڵ میتۆدی نووسەرانی مۆدێرنیست جیاوازی هەیە، بەڵام بنەمای خستنەڕووی ناوەرۆک وەک یەک وان. جیاوازیی تەکنیک بە واتای جیاوازیی ئایدیۆلۆژی نییە و جەختکردنەوە یان رەتکردنەوەی هەندێک لە تەکنیکەکان ئامانجی سەرەکیی نووسەر نیشان نادات.

### مۆدێرنیزم و ریالیزم: بابەتی دید (یان پێرسپێکتیڤ)

بەڵام ئامانجی بنەڕەتی نووسەر چییە؟ تا ئێرە نووسەرانی سەرەکی مۆدێرنیزممان بە بەدواداچوونی ئایدیۆلۆژی هاوبەشی نێوان مەکتەبە جۆراوجۆرەکان شیکردووەتەوە. بۆ جیاوازی نێوان مۆدێرنیزم و ریالیزم دەبێ بە بابەتی پێرسپێکتیڤەوە سەرقاڵ بین. سەرەتا دەبێت نیشانی بدەین کە دید یان پێرسپێکتیڤ چۆن وەک بنەمای هەڵبژاردن کاردەکات و دەبێتە پێوەرێک کە نووسەر پاژەکانی پێ هەڵدەبژێرێت و ناکەوێتە ناو داوی ناتۆرالیزمەوە. روونە کە هەر نووسەرێک بە توانایەکەوە بەرەو رووی ئەم پرسە دەبێتەوە. توانای ئەدەبی بە مانای کاریگەری وەرگرتن لە دەوڵەمەندی و فرەچەشنی ژیانە، بەڵام ئەوەی کە نووسەر چۆن لە نێوان لێشاوێک لە کاریگەرییە هەستییەکان، جۆرێک نەزم پێکدێنێت پرسێکە کە پەیوەندی بە ژیانی تایبەتی ئەوەوە هەیە. ئەم دوو جۆرە چالاکییە کە لە بواری دیالێکتیکییەوە لە بەرامبەر یەکتردا هەڵکەوتوون، بەڵام لە هەمانکاتدا تەواوکەری یەکترین، بۆ بیچم گرتنی شێوازی نووسەر بنەڕەتین. لێرەدا گرنگی پێرسپێکتیڤ وەک بنەمای هەڵبژاردن و قەبوڵ کردن ئاشکرا دەبێت. هونەر بریتییە لە قەبوڵکردنی کاری بنەڕەتی و سڕینەوەو رەتکردنەوەی کاری نابنەڕەتی، بەڵام ئەم پێناسەیە زۆر ئەبستراکتانەیە. بۆ ئەوەی کە ئەم پێناسەیە کارایی پراکتیکی بەخۆبگرێت، دەبێ بنەمای زەینییەک کە رێنوێنی هەڵبژاردنی هونەرییە قوڵتر توێژینەوە بکرێت و یەکگرتوویی یان دوورکەوتنەوەی نێوان ئەو پێدراوانەی کە نووسەر هەڵیان دەبژێرێت لەگەڵ "عەینییەتی هونەری" لەبەرچاو بگرێت. "عەینییەتی هونەری، بەرهەمی ئەم بنەما زەینییە نییەو رێژەی راستگۆیی و بەرچاوڕوونی ئەم بنەمایە، نابێتە مسۆگەری عەینی بوونی بەرهەمی هونەری، چی بگا بەوەی کە پێوەرێک بێ بۆ عەینییەتی ئەو. هەڵبەت ئەم دوو بنەمایە، توانای ئاشتبوونەوەیان هەیە، بەڵام لە نێوان ئامانجی زەینیی هونەرمەند و دەستکەوتە عەینییەکەی لێکچوونی تەواوبوونی نییە. سەرەڕای ئەوە، ئەم لێکنەچوونە، لەناکاو ناعەقڵانی نییە. ناکۆکی و جیاوازی نێوان ئەم دووانە، رووبەڕووبوونەوەی نێوان دوو بابەتی میتافیزیکی نییە، بەڵکو بەشێک لە پرۆسەی دیالێکتیکییە کە بەهۆی ئەوەوە زەینییەتی داهێنەر گەشەدەکات و باس لە بەرکەوتنی لەگەڵ جیهانی کاتی خۆی (یان لەوانەیە باس لە شکستی خۆی لە رێککەوتن لەگەڵ جیهان) دەکات.

نموونەی هەڵبژاردنی نووسەر پەیڕەوێکە لە کەسایەتی ئەو، بەڵام کەسایەتی شتێکی بێ کات و رەها نییە، هەرچەند لەوانەیە بە بۆچوونی تاک، رەها و بێ

کات بێت. ڕەنگە توانایی و کەسایەتی، سروشتی بن، بەڵام شێوەیەک کە بە پێی ئەو گەشەدەکەن یان گەشە نەکردوو دەمێننەوە، پەیوەستە بە کاریگەرییە بەرامبەرییەکانی نووسەر و ژینگەکەی، هەروەها پەیوەندی ئەو لەگەڵ کەسانیتر. ژیانی نووسەر، بەشێکە لە ژیانی کاتی ئەو. گرنگ نییە کە ئەو ئاگاداری ئەم بابەتە بێت یان نا، پەسەندی بکات یان ڕەتیبکاتەوە. ئاشکرایە کە ئەو بەشێکە لە گشتی کۆمەڵایەتی و مێژوویی گەورەتر. لەم ڕووەوە ژیان هیچ کات چەقبەستوو و نەگۆڕ نییە، بەڵکو پرۆسەیەکە، خەباتی بەردەوامە لە نێوان رابردوو و ئێستاو داهاتوودا. لەشێوەیەکدا دەکرێت ژیانی هەر مرۆڤێک درک بکرێت یان هەڵبەسنگێندرێت کە قۆناغەکانی وەک بزووتنەوەیەک لەبەرچاوبگرین کە لە سەرەتایەکی دیاریکراوەوە دەستپێکردووە و بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو دەڕوات. ئەم قۆناغ و پەیوەندییە رووبەڕوو و دینامیکانەی ئەوان کۆمەڵێک توخمی تەنیا زەینی نین کە نووسەر بە ئارەزووی خۆی قەبوڵیان بکات یان ڕەتیانبکاتەوە. ئەگەر کۆمەڵێک هۆکار کە دیاریکەری سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی و گەشەی ئەون بە ئارەزوو و دڵخواز وەلا بنرێن و بسڕدرێنەوە، لەم شێوەیەدا خودی ژیان چەواشە دەکرێت، بەڵام هەر ڕووداوێک لە ژیاندا نە تەنیا بەم واتایە مێژووییە، بەڵکو بەشێکە لە پرۆسەی مێژوویی تایبەت کە بەشێوەی کاتی ئێستا، کاتی رابردوو بە کاتی داهاتووەوە گرێدەدات. هەر بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە هەر شتێک لە ژیانی نووسەردا، هەر ئەزموونێکی تاکەکەسی، هەر ئەندێشە یان سۆزێک هەرچەندیش زەینی و بێ هاوتا بێت، دیسان خەسڵەتێکی مێژوویی هەیە. هەر توخمێک لە ژیانی مرۆڤ، بەشێکە لە بزووتنەوەیەک کە لە سەرەتایەکی دیاریکراوەوە دەستپێکردووەو بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو لە ڕێدایە. هەر ئەم بزووتنەوەیە، دیاریکەری توخمەکانی ژیانییەتی. لە ئەدەبیاتدا هەر ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینە لە واقعییەت دەبێت ئەم بزووتنەوەیە نیشانبدات. میتۆدێک کە نووسەر بۆ ڕەنگدانەوەی واقعییەت هەڵیدەبژێرێت بە پێی قۆناغە مێژووییەکان و کەسایەتی ئەو دەگۆڕدرێت. بەڵام هەڵبژاردن و وەلانان و ڕەتکردنەوەیەک کە نووسەر بە پێی نموونەی ئامانج ناسانە ژیانی خۆی لە کاریگەرییە هەستییەکان ئەنجامدەدات پتەوترین پەیوەندیەکە کە لە نێوان زەینییەتی ئەو و جیهانی دەرەوەدا دروستدەبێت.

لێرەدا بازدانێکی دیالێکتیکی دەبینین کە لە قوڵایی زەینییەتەوە بەرەولای عەینییەتی واقیعییەتی کۆمەڵایەتی و مێژوویی دەچێت. لە هەموو ئەوانەدا پێرسپێکتیڤ ڕۆڵێکی لێبڕاوانەی هەیە. بۆ تێگەیشتنی گرنگیی پێرسپێکتیڤ، دەبێ زیاتر لە پێشوو گرنگی بە جیاوازی نێوان واقعییەتی عەینی و ڕەنگدانەوە

هونەرییەکەی بدەین. روونە کە رەگەکانی ئێستا لە رابردوودایە و رەگەکانی داهاتووش لە ئێستادا. لە بواری عەینییەوە، پێرسپێکتیڤ ئاماژە بە بزووتنەوەیەکی بنەڕەتی دەکات لە پرۆسەیەکی مێژوویی خراوەڕووداو لە بواری زەینییەوە توانایی تێگەیشتنی هەبوونی هەر ئەم بزووتنەوانە و شێوەی کرداریان دەخاتەڕوو. ئەگەر ئەدەبیات هەوڵ دەدا کە وێنەیەکی تەواو لە ژیان نیشان بدات، وێنەیەک کە لە بواری فۆرمەوە یەکگرتوو و رازیکەر بێت، دەبوایە رێگای ئەم بزووتنەوانە لە ئامانجەوە بۆ سەرەتا بخوێنێتەوە و توێژینەوەی لەسەر بکات. لە ژیاندا، "بۆ کوێ" یان ئامانج، دەرئەنجامی "لە کوێوە" یان سەرەتایە، بەڵام لە ئەدەبیاتدا "ئامانج" یان مەبەست، ناوەرۆک و چۆنییەتی هەڵبژاردنی تووخمە جۆراوجۆرەکان و هاوڕێژەیی ئەوان دیاریدەکات. ئەگەر ئەم هەڵگەڕاندنەوەیەی رێگای بزووتنەوە نەدەبوو، رەنگە بەرهەمی هونەریی لە خستنەڕووی بەردەوامیی رووداوەکاندا شتێک وەکو کاتنامەی رووداوەکان دەبوو، بەڵام ئەمە پێرسپێکتیڤ و مەبەستە کە گرنگی هەر توخمێک لە بەرهەمی هونەریدا دیاریدەکات. هەر نووسەرێک بخوازێ یان نەخوازێ دۆخی مرۆڤ وەسفدەکات. تەنانەت ئەبستراکترین تێڕوانین سەبارەت بە داهاتوو لە دۆخی هەنووکەیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی سەرچاوەدەگرێت و چونکە لە "چاخی ئیمپریالیزم" و جەنگی جیهانی و "شۆڕشی جیهانی"دا هیچ هەوڵێک بۆ وەدەستخستنی پێرسپێکتێڤێکی جێی متمانە ناتوانێت سۆسیالیزم لەبەرچاو نەگرێت، پێمانوایە کە لە پشت خستەڕووی دڵەڕاوکێدا، لە جیاتی دۆخی مرۆڤ لە ئەدەبیاتی مۆدێرنیستدا، رەتکردنەوە و نەفی سۆسیالیزم بوونی هەیە. تەنانەت کویستلەر، ئەم دژە سەرسەختەی مارکسیزم، رایگەیاند کە لە دوای جێهێشتنی حزبی کۆمۆنیست، هەستی کرد کە "قوڕش و سایەوانی خواوەند بەتاڵە".

هەر وەک وترا، فرانز کافکا نموونەی کلاسیکی نووسەری مۆدێرنە کە پێیوایە دڵەڕاوکێیەکی کوێر و ترسێنەر بەسەر مرۆڤایەتیدا زاڵە. پاژەکان لە بەرهەمەکانی کافکادا سیمبۆل گەلێکی گوماناویی درک نەکراون. هەر چەندە هێزی بەخۆ تەڵقین کردنەکانیان بەهێزتر بێت، درزی وێکچواندنی نێوان واتا و بوون قوڵتر دەبێتەوە. بەرهەمەکانی تۆماس مان لە بەرامبەر ئەم گۆڕانە سەرەنجراکێشە، بەڵام شوومە لە ئەدەبیاتی مۆدێرنی بۆرژواییدا هەڵکەوتووە.

سەرچاوە: سایتی نیلگوون

http://nilgoon.org/archive/moughen/articles/Moughen_Lukacs_Modernism.html

# وتووێژی رامین جەهانبەگلوو لەگەڵ ناتالی سارۆت



و: مستەفا زاهیدی

**زۆر کەس تۆ بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی رۆمانی نوێ دەزانن. رەوتی رۆمانی نوێ چۆن دەبینیت، ئاخۆ لات وایە رۆمانی نوێ چیرۆکێکی کۆنە یان هێشتا لەسەر ئەو باوەڕەیت شتێکی ئەمڕۆیی و هەنووکەییە؟**

لام وایە بزووتنەوەی رۆمانی نوێ زۆر بە کەڵک بوو، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە زۆر پەرتەوازە بوو. بزووتنەوەی رۆمانی نوێ ساڵی ١٩٧٥ بە کتێبەکەی من، چاخی بێ باوەڕی، دەستی پێکرد، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێم کە کۆمەڵێک نووسەری جۆراوجۆری گرتبووە خۆی و هەرکام لەم نووسەرانە شێوازی نووسینی جیاوازیان هەبوو. خاڵێکی هاوبەش لە نێوان ئەم نووسەرانەدا بوونی نەبوو تەنها ئەو باوەڕە نەبێت کە رۆمان وەک هەر ستایلێکی دیکەی هونەریی، دەبێت بەردەوام لە نوێبوونەوەدا بێت.

**ئێستا چی لە رۆمانی نوێ ماوەتەوە؟**

من لام وایە جگە لە نووسەرەکانی رۆمانی نوێ، هیچ شتێک لە رۆمانی نوێ نەماوەتەوە، واتە کەسانێکی وەک کلۆد سیمۆن، یان ئالن رۆب گریە یان خودی من کە هێشتا دەنووسم.

**مێشێل بۆتۆر دەیووت: رۆمانی نوێ قوتابخانەیەک نییە، بەڵکو بزووتنەوەیەکی مێژووییە. رات چییە لەم بارەیەوە؟**

لەگەڵ میشێل بۆتۆر هاوڕام. رۆمانی نوێ قوتابخانەیەک نییە، بەڵکو، ئەو چۆن وتوویەتی، لە کۆمەڵێک نووسەر پێکهاتووە کە لەگەڵ بۆچوونی من لە "سەردەمی بێ باوەڕی"دا هاوڕا بوون و دەیانوویست رۆمان نوێ بێتەوە، نوێ بوونەوەیەک لەو چەشنە نوێ بوونەوەیە کە لە هەر ژانرێکی دیکەی هونەریدا هەیە. لە راستییدا ئالن رۆب گریە یەکەم کەس بوو کە بیری لە دروست بوونی بزووتنەوەیەک کردەوە بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەدەبی نەریتی، رۆب گریە ئەو کاتەی "چاخی بێ باوەڕی" بڵاوبۆوە لەگەڵ ژرۆم لێندۆن سەرپەرشتی ناوەندی بڵاوکردنەوەی "می نویی"یان دەکرد. رۆب گریە زۆر سەیر شەیدای کتێبەکەی من ببوو. هەر بۆیە ساڵی ١٩٧٥ کتێبی پەرچەکردارەکان، کە ساڵی ١٩٣٩ لای بڵاوکراوەوەیەکی گەنج بە ناوی رۆبیر دۆنۆئێل بڵاوببۆوەو زۆر پێشوازی لێنەکرابوو، چاپکردەوە. بە دووبارە چاپ بوونەوەی پەرچەکردارەکان و چاخی بێ باوەڕی و بڵاوبوونەوەی ئیرەیی بردن، بەرهەمی ئالن رۆب گریە، رەخنەگرانی نەریتی ئاگریان تێبەربوو. ئێمێل هێنریو(Henriot) هێرشی کردە سەر ئێمەو وتی کە دەکرێت بەرهەمەکانی ئێمە بە رۆمانی نوێ ناوببرێن. ئالن رۆب گریە بە بڵاوکردنەوەی وتارێک دەربارەی چاخی بێباوەڕی لە گۆڤاری کریتیکدا وەڵامی دایەوەو بوو بە هۆی ناو دەرکردنی بزووتنەوەی رۆمانی نوێ، بەڵام لە راستییدا بەرهەمی هەموو ئەو نووسەرانەی سەر بەم بزووتنەوەیە بوون زۆر جیاوازو هەندێکجار دژ بە یەک بوو.

**پەیوەندی خۆت لەگەڵ نووسەرانیتری رۆمانی نوێ راگرتووە؟**

لە راستییدا من هیچکات پەیوەندیم لەگەڵیان نەبووە. یەکمان نەدەبینی، رۆمانی نوێ ئەوە نەبوو وەک سووریالیستەکان تاقمێک بن کە پێکەوە کار دەکەن، زۆر کەم یەکترمان دەبینی و هەر کەسەو بۆ خۆی ئیشی دەکردو دەینووسی، هەڵبەت

من چەند جار کۆنفرانس و وتاردانم بوو دەربارەی رۆمانی نوێ، نووسەرانی تری رۆمانی نوێش، بۆ وێنە ئالن رۆب گریە چەند وتارێکیان دەربارەی رۆمانی نوێ نووسی، بەڵام هیچکات ئەوە نەبوو گرووپێک لە رووناکبیران و رۆماننووسەکان بین کە بەردەوام پێکەوە کار دەکەن.

**لات وایە دەکرێت لە نووسینەکانی تۆدا باس لە تایبەتمەندییەکی ژنانەی رۆمانی نوێ بکرێت؟**

بە هیچ شێوەیەک، لام وایە ئەدەبی ژنانە بە مانا تەواوەکەی بوونی نییە، وەک چۆن ناکرێت باس لە مۆسیقای ژنانە یان فەلسەفەی ژنانە بکرێت، ئەوەی هەیە ئەدەبە، هەڵبەت دەکرێت باس لە نووسەرانی ژن بکەین، بۆ وێنە خوشکانی برۆنتە یان ڤیرجینیا ڤۆڵف، بەڵام ئەو کاتەی خەریکی خوێندنەوەی بەرهەمی ئەم نووسەرانەم بە هیچ شێوەیەک هەست ناکەم نووسراوەی ژنێک دەخوێنمەوە. لە سەر ئەو باوەڕەم ئەو کاتەی نووسەرێک دەنووسێت "مـن"(ego) ی ئەو نووسەرە ئامادەیی نییە. ئەم شتە لە رۆمانی نوێدا زیاتر دەبینرێت. لە رۆمانی نوێدا بابەت گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە فۆرم و ستایلە کە ژیان دەکات بە بەر ئەم بابەتەدا بەوەی بگوێزرێتەوە بۆ خوێنەر. لام وایە وەسفی شتەکان گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، لە بەرامبەردا، ئەوەی گرنگە بزووتنەوەی دەروونی نووسراوەیە کە بە شێوەیەکی بەردەوام دەبێت بە هۆی گۆڕانی ژیان. ئەوەی کە دواتر بڕیار بدەین رۆمانەکە ژنانەیە یان پیاوانە هیچ گرنگییەکی نییە، زۆر گەوجانەیە بە پێی رەگەز دادوەری بکەین لەسەر رۆمان.

**کە وایە تۆ لە کاتی نووسیندا بیر لە ژن بوونی خۆت ناکەیتەوە؟**

بە هیچ شێوەیەک، کە دەنووسم بیر لەوە ناکەمەوە کە هەم، بەڵکو بیر لەوە دەکەمەوە کە دەینووسم، من بە تەواوی گرنگی دەدەم بە کارەکەم. هەر بەشێک لە رۆمانەکە بۆ من وەک کتێبێکی نوێ وایە.

**لە شوێنێک خوێندوومەتەوە کە وتووتە نووسین کارێکی پڕ ئازارو دژوارە مەبەستت لەم وتەیە چییە؟**

لە راستییدا دەمویست بڵێم ئەو ئازارەی دەبێت بە هۆی خولقانی نووسراوە، هەمان ئەو ئازاری بوونە یان لە دایکبوونەیە، ژیان بێ ئەم ئازارە هیچ مانایەکی نییە، هەر بۆیە قووڵبوونەوە لە نووسین بۆم دژوارە، لەبەر ئەوەی هەموو جارێک

هەست بە مەترسی دەکەم، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەم ئازارە شتێکی پێویستە بۆم، بێ ئەم مەترسییە هەستدەکەم زیندوو نییم و ناژیم.

**دەکرێت وەک جۆرێک چێژ وەرگرتن باس لە ئازاری نووسین بکرێت؟**

بەڵی وایە، نووسین هەموو دەم کارێکی چێژبەخش و لە هەمانکاتدا پڕئازارە، لە نووسیندا هەمووکات رووبەڕووی لەمپەڕ دەبینەوەو ئەمە ئەو شتەیە دەبێت بە هۆی جوانی نووسین، هەرچەند نووسراوە لەمپەڕی زیاتر بخاتە رێم و کێشەی زیاترم بۆ ساز بکات، زیاتر هانم دەدات بۆ نووسین.

**زۆر کار دەکەیت لەسەر نووسراوەکانت؟**

بەڵی زۆر زۆر، هەندێکجار نووسینی کتێبێک شەش بۆ حەوت ساڵ دەخایەنێت، تەماشای کتێبەکانم و رێکەوتی بڵاوبوونەوەیان بکە، پەرچەکردارەکان ساڵی ١٩٣٩ بڵاوبۆوە، وێنەی نەناسراوێک ساڵی ١٩٤٩ و مارتێریۆ (Martereau) ساڵی ١٩٥٣، پلانتاریۆم(Planetarium) ساڵی ١٩٥٩ بڵاوبۆوە، بە شێوەیەکی مامناوەند ٦ ساڵ کات تەرخان دەکەم بۆ نووسینی رۆمانێک.

**بە رۆمانە کۆنەکانتدا دەچیتەوە؟**

دەکرێت بڵێم پێیاندا ناچمەوە، جارێک داوایان لێکردم بە هەموو نووسینەکانمدا بچمەوە بۆ دووبارە بڵاوکردنەوەی کۆی بەرهەمەکانم لە کۆمەڵە بەرهەمی (پلیاد) دا، بەڵام دەتوانم بڵێم بێ هیچ گۆڕانێک دووبارە بەرهەمەکانم پێدانەوە.

لام وایە ناکرێت گۆڕان لەو بەرهەمانەدا بکرێت، لەبەر ئەوەی من ئیتر ئەو کەسە نییم کە سی یان پەنجا ساڵ لەوە پێش ئەو شتانەم نووسیوە، کە نووسینی کتێبێک تەواو بوو، ئیتر ئەو کتێبە بەلای منەوە تەواو بووەو ئیتر حەزناکەم وەک خوێنەرێک لە دەرەوە لەو بەرهەمە بڕوانم.

**خوێندنەوە (lecture) بەلای تۆوە چ مانایەکی هەیە؟**

من (خوێندنەوە) بە جۆرێک لە بەرخۆوە وتنەوەی دەروونـی دەزانم. نووسراوەکەم دەخوێنمەوەو بەم شێوەیە ئەو وشانەی کە نووسیومە دەبیستم. من لام وایە (خوێندنەوەی) راستەقینە ئەمەیە: بیستنی ئاهەنگ و ریتمی رستەکان.

**که وایه نووسینەکانت ئاهەنگیان هەیە؟**

شەست ساڵە بەم شێوەیە دەنووسم و ئەم ئاهەنگەم پاراستووە. هەموو بەیانییەک دەچمە قاوەخانەیەکو لەوێ دەنووسم، لە بەر ئەوەی قاوەخانە ئەو شوێنەیە باشتر دەتوانم قووڵبمەوە لە کارەکەمدا، لە هەمانکاتدا شوێنێکی زیندووە، لە بەر ئەوەی خەڵک لە دەوروبەرمدان. لە قاوەخانەدا، لە هەموو پرسەکان بە دوورم، هەروەها بە تەواوەتی هەست بە ژیان دەکەم.

**وتەکانت ئەو هەستە لە مرۆڤدا درووست دەکەن کە تۆ بە درێژایی تەمەنی نووسینت بەم ئاهەنگە ژیاویت.**

من لە سەر ئەو باوەڕەم سەرەنجام بە هۆی بیرکردنەوەیەکی نەگۆڕەوە ژیاوم: بیرکردنەوەی نووسین. هەمووکات ئەو شتە دەڵێم و دەنووسم کە دەبێ بیڵێم و بینووسم. لە ڕاستییدا، بابەتی من زۆر نەگۆڕاوە. وەک وتم، ئەو کاتەی نووسراوەکانم بۆ کۆمەڵە بەرهەمی (پلیاد) ئامادە دەکرد و پێیدا دەچوومەوە، بێ هیچ گۆڕانێک بەرهەمەکانم پێدان.

**که وایه هێشتا لەگەڵ ئەو شتەی (لە چاخی بێباوەڕیدا) نووسیوتە هاوڕایت؟**

بەڵی، بە تەواوی.

**ئاخۆ هێشتا بە توندی ڕەخنە لە دەروونناسی و دەوری دەروونناسی لە ئەدەب دەگریت و ئەو شێوە کارەت پاراستووە؟**

بەڵی، هێشتا پاراستوومە. من بێزارم لەم جۆرە پۆلێن بەندییە دەروونناسی و لێکدانەوەی سۆزە کە لە ڕۆمانە گەورەکانی ڕابردوودا دەبینران، بەڵام ئیتر بە لای نووسەرانی مۆدێرنەوە هیچ مانایەکی نییە. نازانم چ کەڵکێکی هەیە کەسایەتییەکانی ڕۆمان وەک وتەزایەکی دەرەکی ڕیز بکەین. ئێمە ئیتر لە سەردەمی باڵزاک یان دۆستۆیفسکیدا ناژین. ناتوانین کەسایەتی مرۆڤەکان بە سادەکردنەوەیان وەسف بکەین و بڵێین ئەمە کەسایەتییەکی ڕەزیلە و ئەویتر کەسێکی لە خۆباییە. ئەگەر ئەمرۆکە وەها کارێک بکەین کەوتوویەنەتە ئاکادێمیسمێکی منداڵانەوە.

لە ڕاستییدا لام وایە واقعی دەروونناسی ئەمرۆکەی ئێمە ئاڵۆزترە لە واقعی دەروونناسی سەردەمی کۆن. ئەمرۆ ئیتر ناکرێت بە ئاسانی کەسایەتییەک وەسف بکەین، لە بەر ئەوەی بە شێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ ئاڵۆزییەکی گەورەی کەسایەتییدا ڕووبەڕوو دەبینەوە. کە وایە دەبێت ئەو گۆڕانانە لە بەرچاو بگرین

کە لە کەسایەتییدا روودەدەن. سەرەتا دەبێت کەسایەتییەکان لە فرەچەشنی وتەزاکان، کە نەریتی رۆمانی دەروونناسی خستوویەتە قەفەسەوەو دیلی کردووە، جیا بکەینەوە.

**کە وایە چ شتێک دەکەیت بە جێگری "دەرەکـی بــوون"(Exteriority) دەروونناسی فرۆیدی بەوەی رەخنە بگریت لە زیانەکانی ئەم جۆرە لێکدانەوەیەی ئەدەب و لە هەمانکاتدا قووڵیی ببەخشن بە کەسایەتییەکانی رۆمانەکانتان؟**

پێم باشترە باس لە "پێش هەست" (Pre- conscient) بکەم نەک لە "نەست" (inconscient) ، واتە باس لە "من"ێک بکەم کە هەم لە پرەنسیپی لۆژیکی وشیاری هەڵدێت و هەم لە وەسفی سیستماتیکی ناوشیاری (نەست). لێرەدایە کە "من"ی چەند لایەنە و چەند جۆر دەردەکەوێ کە هەوڵم ئەوەیە ئارام ئارام بە دەستی بێنم، راست وەک ئەوەی خێرایی فیلمێک خاو بکەیتەوەو تەماشای بکەیت. جوان ورد دەبمەوە لەوەی لەم کەسایەتییەدا روودەدات، بێئەوەی هەر لە سەرەتاوە نازناوێکی دەروونناسی وەک گرێی ئۆدیپ یان هەر شتێکیتری بخەمە پاڵ، گۆڕانەکانی دەبینم.

**باست لە "فیلم" کرد. حەزدەکەم بۆچوونت دەربارەی سینەمای سەدەی بیستەم بزانم. ئاخۆ حەزت لە کاری دەرهێنەرێکی تایبەت هەیە؟**

من وەک هونەرێکی گەورە وەک مۆسیقا یان شێوەکاریی چاو لە سینەما دەکەم، بەڵام ئێستا کە پیربووم زۆرکەمتر دەڕۆمە سینەما. لە سەردەمێکی تایبەتدا، فیلمی زۆرم دەبینی. فلینی-م خۆشدەوێت و لاموایە مامۆستایەکی تەواوە. فیلمی هەشت و نیو لە دەرهێنانی فلینی فیلمێکی گەورەیە.

**رات چییە دەربارەی سینەمای فەرەنسا؟**

هەڵبەت منیش وەک هەمووان، کلاسیکەکانی سینەمای فەرەنسا دەناسم. رێنوا، کارنە، دو دو ویە،... شەپۆلی نوێی سینەمای فەرەنساش زۆر سەرنج راکێشە، بە تایبەت یەکەم فیلمەکانی "گۆدار" بۆ وێنە"تەنگە نەفەس بوو".

**هیچکات روویـداوە نزیکییەک دروست بکەیت لە نێوان نووسینەکانت و سینەمادا؟**

هیچکات. من هیچکات بەراوردکاری ناکەم لە نێوان هونەرە جیاوازەکاندا.

**لە ژیانی ئەدەبیتدا، کام نووسەر زۆر سەرنجی ڕاکێشاویت؟**

یەکەم بەرهەمی ئەدەبی کە کاریگەری لە سەرم هەبوو نووسراوەی پرۆست بوو. ساڵی ١٩٢٤. خوێندنەوەی "بەرەو ماڵی سوان" لە نووسینی پرۆست هەستی نووسینی تێدا زیندوو کردمەوە. ماوەیەک دوای ئەوە ئۆلیسی جۆیس و دواتر "خاتوو دالڤی" بەرهەمی ڤیرجینیا وۆڵف خوێندەوە. ئەمانە هەموو بەشداربوون لە پێگەیاندنی مندا.

**ئاخۆ ناودەرکردنت لە ئاستی جیهانیدا وا بووە جۆرێکیتر لە چەمکی"بەرپرسایەتی نووسەر"بڕوانی و هیچ گۆڕانێک لە بۆچوونتدا لەم بارەوە ڕوویداوە؟**

من لام وایە شتێک بوونی نییە بە ناوی "بەرپرسایەتی نووسەر". ناودەرکردنیش بەلامەوە گرنگ نییە، هەر بۆیە، درێژە دەدەم بە نووسینی ئەو شتەی دەیتوانم و بەلامەوە سەرنجڕاکێشە. دەزانیت، من ماوەیەکی زۆر ژیام بێئەوەی ناوبانگم هەبێت و ژیانم نەگۆڕا. یەکەم کتێبم، پەرچەکردارەکان، لە کاتێکدا بڵاوبۆوە کە هەمووان بێموبالات بوون بەرامبەری. تەنها لە وتارێکدا کە لە (Gazette de liege) دا بڵاوبۆوە، ستایشی ئەو ڕۆمانە کرا. دەربارەی ڕۆمانی "وێنەی نەناسراوێک"یش، کە سەرەڕای هەموو داواکارییەکی سارتەر و پێشەکییەک بۆی نووسیبوو، لە لایەن بڵاوکراوەی گالیمارەوە ڕەت کرایەوە، دۆخەکە بەم شێوە بوو. ئەم کتێبە لە لایەن بڵاوکراوەیەکی گەنجەوە بە ناوی"ڕۆبەر مارێن"(Marin) بڵاوکرایەوە، بەڵام تەنها ٤٠٠ دانەی لێ فرۆشراو کە بڵاوبۆوە تەنها وتارێکی ڕەخنەیی لە سەر نووسرا، وتارێک کەسێک نووسیبووی بە ناوی "ئێروێل"(Ervel) کە هەر لەم بڵاوکەرەوەیدا(ڕۆبەر مارین)کاری دەکرد. دوای ئەم هەموو شکستە، ئیتر ناوبانگ بەلامەوە گرنگ نییە. من ئەو کارەی دەبێت بیکەم دەیکەم.

**لات وایە ئەمڕۆ نووسەر دەتوانێت هەمان دەور بگێڕێت کە سارتەر، کامۆ، یان مالرۆ کاتی خۆی دەیانگێڕا؟**

من هیچکات لایەنگری ئەدەبی سیاسی نەبووم. لام وایە ئەدەب هونەرێکە وەک هونەرەکانیتر و هیچ پەیوەندییەکی بە پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە نییە، کە لە شوێنێکیتر دەتوانن بە کەڵک بن، . تەنها بەرپرسایەتی من نووسینە.

**له ئێستادا چ بەرنامەیەکت هەیە؟ هیچ کتێبێکت بە دەستەوەیە بۆ نووسین؟**

درێژە بە نووسین دەدەم. خەریکی نووسینی کتێبێکم کە لە کۆمەڵێک نووسینی کورت پێکهاتووە. نازانم کەی تەواو دەبێت، بەڵام قەبارەکەی ئەوەندە هەیە کە وەک کتێب چاپ و بڵاو بێتەوە. ئەم کتێبە لە هەمان ئاستی" پەرچەکردارەکان" یان "بەکارهێنانی وشە"دایە.

**کاتی پێداچوونەوە بە بەرهەم و ژیانتدا چ هەستێکت هەیە؟ هەست دەکەیت کۆمەڵێک شت هەن کە دەکرێ جارێکیتر ببینیت یان کۆمەڵێک کار هەن کە دەرفەتی ئەوەت نەبووە ئەنجامیان بدەیت؟**

من زۆر لە خۆم ناڕوانم، تا ئەو شوێنەی بۆم بکرێت کەمتر دەگەڕێمەوە بۆ کارەکانی رابردووم. هیچکات وەک پێداچوونەوە لە بەرهەمەکانم نەڕوانیوە. تەنها دەپەرژێمە سەر ئەو شتانەی لە ساتدا، لەم ساتەدا، سەرنجم رادەکێشن. پێداچوونەوەو دووبارە خوێندنەوەی کارەکانم پێ خۆش نییە، لە بەرئەوەی لام وایە کاریگەری خراپی هەیە لە سەر کارەکانی ئەمڕۆم.

**نووسین بەلای تۆوە مانایەکی تایبەتی هەیە؟**

نووسین دەرخەری ژیانە، وەک چۆن هەموو کات دەرخەری ژیان بووە.

ژووئیەی ١٩٩٤

سەرچاوە:

http://www.dibache.com/text.asp?id=2108&cat=8



# منیش چێ گیڤارام

**نووسینی: گوڵی تەرەقی**
**و: دلاوەر قەرەداغی**

نیوەڕۆی دووشەممە ١٧ی میهری ١٣٤٦* بوو. کاک حەیدەری دەستی بە نێوچەوانیدا هێنا و پێی وابوو تای هەیە. خراپ گەرمای بوو، قۆپچەی یەخەی کراسەکەی، قوڕگی ئازار دەدا. جامی ترومبێلەکەی کردەوە و سەری بردە لای جامەکە. شتێکی داغ و وشک لە فەزادا شەپۆلی دەدا کە قوڕگی دەگرت و قورس لەسەر پێستی دەنیشت. کوتە کاغەزێکی لە گیرفانیدا دەرهێنا و هەمدیس بە وردیی لیستی ئەو شتانەی خوێندەوە کە ژنەکەی داوای کردبوو بیانکڕێت. یەکەم جار سەری سوڕما کە ئاخۆ ژنەکەی ئەم هەموو شیرینیی و میوەیەی بۆچیین، بەڵام دەسبەجێ بیری کەوتەوە کە ئەمڕۆ ١٧ی میهرە و ڕۆژی لەدایکبوونییەتی و ئیدی پێکەنی. خواوڕاسان پێی نا بە بەنزیندا و هۆڕنی لێدا. یەک سەفەرتاسی گەرم خواردن، سەفەرتاسی خواردنی منداڵەکان لەبەر دەستیدا بوو. دەستی دایێ و نزیکتر لە خۆیەوە داینا. دەسکەکەی گرت و جێگەکەی توندوتۆڵ کرد.

تەواوی ڕێگەکان گیرابوون، کەمێک چووە پێشەوە، هاتە دواوە، جێگۆڕکێی کرد و بینی سوودی نییە. ئیدی مەکینەی ترومبێلەکەی کوژاندەوە و نائومێدانە سەری بە پشتی کورسییەکەدا دادایەوە. ڕۆژژمێرەکەی دەرهێنا و هەڵیدایەوە. نا، چ هەڵەیەک لە کارەکەدا نەبوو. ئەمڕۆ دووشەممە ١٧ی میهر ڕۆژی لەدایکبوونی بوو. لە زەینیدا حیسابی کرد و پاشان خانەگومان و واقوڕماو بە پەنجەکانی ژماردی و دڵنیابوو کە ئێستا ڕێک تەمەنی سی و نۆ ساڵە. هەستی کرد لەناکاوێکڕا پێستی هەڵایساوە و پێدەچوو پێڵاوەکانی چەند نمرەیەک بەپێی بچووک بووبنەوە. چاکەتەکەی داکەند و بە پەلە یەخەی کراسەکەی کردەوە.

لە فیکرەوە چوو: ''هەر ماوەیەک لەمەوبەر تەمەنم سی ساڵ بوو، ئەدی باشە چۆن ئاوها کتوپڕ بوومە سی و نۆ؟'' شانی لەقاند و کەوتە پاککردنەوەی بن نینۆکەکانی. تەماشای دەوروبەری خۆی کرد و هۆڕنی لێدا. ترومبێلەکان لەپاڵ یەکدا گیریان خواردبوو، ڕێگەکە بۆ هەر ئاراستەیەک دەکرایەوە، بێ پاساو هێرشیان دەبرد. کاک حەیدەری سەری لە جامەکەوە بردە دەرێ و ناڕەزایی بەرامبەر ترومبێلێکی تەنیشتی دەربڕی، چەند جنێوێکی بەم و بەو دا، کەس جنێوەکانی نەبیست و وەڵامی نەدرایەوە. پێچی کردەوە و بەو ڕێگەیەدا کە لێوەی هاتبوو، گەڕایەوە. لە سەفەرتاسەکەوە دەنگێکی وەک سیرسیرەی قالۆنچە دەهات. خاوی کردەوە. سەفەرتاسەکەی هەڵگرت و بە وردیی لەسەر و ژێری وردبووەوە. بەخۆی گوت: ''هەڵبەت برغووی دەسکەکەی کەوتووە. حەیف! هەزار حەیف! دەبێ هەر ئەمشەو چاکی بکەمەوە، هەر کە گەڕامەوە، هەر ئەمڕۆ مەغریب''. گڵۆپی ترافیک سوور بوو. ڕاوەستا. جگەرەیەکی لە گیرفانیدا دەرهێنا و دایگیرساند. قوڕگی وشک و دەمی تاڵ. کوژاندییەوە و بۆ دوور فڕێیدا. لەودیو درەختەکانەوە دەنگی هەراو زەنا دەهات. چەند کەسێک تابووتێکی بچووکیان بە دەستەوە و سەڵەواتی تێکەڵ و پێکەڵ و شەکەتانەیان دەدا. چەند ژنێکی ڕەشپۆش، لە دوای هەمووانەوە دەڕۆیشتن، دەگریان و لە خۆیان دەدا. هاواری هورا و دەنگی هەلهەلە لە بڵندگۆکانی ئەو دەوروبەرەوە بڵاودەبووەوە و گریان و سەڵەواتی ژنەکانی دەشاردەوە. تێپەڕینی تابووتەکە بەنێو ئەو هەموو گڵۆپە ڕەنگاوڕەنگ و ئاڵا و حەشاماتەدا شتێکی هاسان نەبوو. کاک حەیدەری بە بەری دەست ئارەقەی ڕووخساری سڕی و بە تووڕەییەوە هاواری کرد: ''دەست لە جامەکە مەدە. نامەوێت. بچۆ ئەولاوە''. کەوتە ڕێ و بە توندی پێی بە بەنزیندا نا. تەماشای کاتژمێرەکەی کرد. کاتی زۆر بە دەستەوە نەبوو. دەبوو یەکەم جار سەفەرتاسی خواردنی منداڵەکان بۆ قوتابخانە ببا، لە ڕێگە جلەکان لە جلکشۆر وەربگرێتەوە، ئەو شتانە بکڕێ کە ژنەکەی نووسیبوونی، بچێتەوە ماڵەوە، فراوین بکا و پاشان بۆ داییرە بگەڕێتەوە. بیری کەوتەوە کە دوای داییرە دەبێ بۆ ئەحواڵپرسی سەردانی خەزووری بکات. زیاتر هەستی بە شەکەتیی کرد، خێراتر ڕۆیشت و پێچی کردەوە، کەسێک رایکردە بەردەم ترومبێلەکەی، هاواری دەکرد، دەستی بەرز و نزم دەکردەوە، هەڕەشەی دەکرد و جنێوی دەدا، سەفەرتاسەکە دەلەرییەوە، خواربووەوە و خەریک بوو بکەوێ و بڕژێ، کاک حەیدەریی زەندەقچووانە گرتیی، سەرەکەی جووت کرد و چەوریی ئەملاولاکەی بە سەرقۆڵەکەی سڕی. هەستی کرد وەزعێکی سەیری هەیە و دڵی وردە وردە

دەئاوسێ و قورستر دەبێ. ترومبێلەکان زۆریان بۆ یەک دەهێنا و گڵۆپەکانی دواوەش هەر سوور بوون.

لەنێوان پەلکی درەختەکانەوە چرا ڕەنگاوڕەنگەکان دەدرەوشانەوە و هەموو شوێنێک پڕ لە پوولەکە و گوڵ و فوارە بوو. کەسێک گورزێک بیتاقەی لە جامی ترومبێلەکەوە لەبەر کەپوویدا ڕاگرت و بەرچاوی گرت. کاک حەیدەری سەری لەقاند و رووی وەرگێڕا. گوێی لێبوو بە لێواری جامەکەیدا دەدا و دەسکی دەرگەکەی بادەدا، تەماشای بەردەمی خۆی کرد و هیچی نەگوت. شۆفێرەکەی دواوە بەردەوام هۆڕنی لێدەدا و جنێوی بەم و بەو دەدا. کاک حەیدەری هەستی کرد سەری دەسووتێ و گوێی دەزریکێنێ. دەستی بە ئاماژەی هەڕەشە ڕاوەشاند و هاواری کرد: ”کڕیومە، لەبری دانەیەک دوو دانەشم کڕیوە“. لە گیرفانیدا چەند بیتاقەیەکی لوولکراوی دەرهێنا و فڕێیدایە سەر جاددەکە. جامەکەی دادایەوە و زمانی بە لێوە وشکەوە بووەکەیدا هێنا. تاکسییەکان دەوروبەریان گرتبوو و هەر یەکێک شتێکی دەگوت. لە بڵندگۆکانەوە دەنگی نوتق و چەپڵەی توند دەهات. هەمووان ڕایاندەکرد، هەمووان هەناسەبڕکێیان پێکەوتبوو، هەمووان لەنێوان ترومبێل و تایە و عارەبانەکاندا پەرتەوازە ببوون، هەمووان عاسی و شەکەت و کلافە تەماشای یەکدییان دەکرد. کاک حەیدەری لێوی لەسەر یەک کلۆم نا و لەنێوان دوو ترومبێلەوە کە لەگەڵ یەکدا دەمەقاڵێیان بوو، ڕێگەیەکی دۆزییەوە و تێپەڕی، گوێی نەدایە گڵۆپی سوور و بە پەلە بایدایەوە شەقامی فیردەوسی. چێشتی منداڵەکان خەریک بوو سارد دەبووەوە. دەستی بە سەفەرتاسەکەدا هێنا و تەماشای کاتژمێرەکەی کرد. بیری کەوتەوە کە دەبێ سی و نۆ دانە مۆم بکڕێت، بیری کەوتەوە کە نۆرەی سەرتاشین و کوتانی منداڵەکانە، بیری کەوتەوە کە ژنەکەی دووگیانە و هەر لەم ڕۆژانەدا دەیبێ. دەست بە زگە هەڵاوەساوەکەیدا دێنێ و گەڵاوگەڵ ڕێدەکا. دادەنەوێ و بە زەحمەت ڕۆژنامەکان لەسەر ئەرزەکە کۆدەکاتەوە. دەڵێ: ”عەمرم نەمینێ، ئەمە وێنەی ژن و منداڵی ئەو قورمساخەن کە مرد. ئاخر هەی نامەرد بڵێ هار ببوویت؟ مرۆڤ گەر ژن و منداڵی هەبێ بەدوای سەرئێشەدا دەگەڕێ؟“، لە فیکرەوە چوو: ”بێگومان بۆ یادی لەدایکبوونم هاوسێکانی ئاگادارکردوون، هەڵبەت هەمدیس کێکێکی زلی داناوە و مۆمی بە دەوریدا ریزکردوون“. منداڵەکانی بینین بە دەوریدا دەسووڕێنەوە، چەپڵە لێدەدەن و پێدەکەنن و کەسێک لە قوژبنێکی ژوورەکەوە دەڵێ: ”سڵاوتان لێبێ بە شانازیی یادی سی و نۆ ساڵەی لەدایکبوونتانەوە“. کوڕێکی منداڵکاری لاواز و درێژ بە کڵاوی ڕەش و پەرچەمی سوورەوە پێشی لێگرت و پێی بە ئەرزدا

کوتا. پۆلیسی قوتابخانە بوو. کاک حەیدەری وەک کەسێک کە لە خەو ڕاپەڕیبێ، ئیستۆپی گرت و ڕاوەستا. سەفەرتاسەکە لار بووەوە، بە لاقی گرتییەوە و سەرەکەی کەوت، نەفرەتی لە خۆی کرد، دەسکی سەفەرتاسەکەی لەنێوان دەستیدا گرت و سەرەکەی دووجار جووت کرد، برغووی دەسکەکەی کەوتبوو دەنگی لێ دەهات. بەخۆی گوتەوە: ''هەر ئەمشەو چاکی دەکەمەوە''. تەماشای ئەملاولای خۆی کرد و بینی هەموو شوێنێک پڕ لە ترومبێل و عارەبانە و پاسکیلە و چ ڕێگەیەک بۆ دەرچوون نییە. لە پاڵیدا ژنێکی قەڵەو بە هەردوو دەست سوکانەکەی گرتبوو چاوی لە گڵۆپی ترافیک نەدەترووکاند. کاک حەیدەری بەبێ مەیلیی تەماشای کرد. تەماشای چاوی ئاوساو و غەبغەبەی شلوشۆڕی کرد، تەماشای پرچی خەنەیی و پێستی رووت و داکەوتووی باسکی کرد و رووی وەرگێڕا. سیگارێکی لە گیرفانی دەرهێنا و بە تووڕەیی پێیکرد. دەستی بە کەللە تا ڕادەیەک کەچەڵەکەیدا هێنا و بە پەلە لایبرد. لە دڵی خۆیدا گوتی: ''خانم گیان، دەزانی ئەمڕۆ دەبمە سی و نۆساڵی ڕێک؟ تۆ ئەم شتانە دەزانیت؟ ئەدی تۆ خۆت بەو دەموچاوە ئاوساو و قژە ماش و برنجییەتەوە چی؟ تۆ چەند ساڵیت؟ تۆ چ کارەیت و ڕۆژان و شەوان کاتت بە چییەوە بەسەر دەبەیت؟"

بە تیلەی چاو و خواوڕاسان تەماشای خۆی لە ئاوێنەی ترومبێلەکەدا کرد و بینی قژی وەریوە و ژێر چاو و ئەملاولای لێوی پڕ لە چرچولۆچیی وردە. رووی وەرگێڕا و کەوتە ڕێ. دەستی نایە سەر هۆڕنەکە و جگەرەکەی بە ددان گوشی. بە پارێزەوە سەفەرتاسکەی هەڵگرت و نایە بەر پێی تا هەتاو لێینەدات. تەماشای کاتژمێرەکەی کرد و بینی کە هەر بەڕاستی درەنگی کردووە. منداڵەکان لەودیو پەرژینی قوتابخانەوە چاوەڕێی فراوینن و ژنەکەی لەبەر پەنجەرەدا بە شپرزەییەوە سەرەتاتکێیەتی. هەتاو لە میچی ترومبێلەکەی دەدا و کراسەکەی شەلاڵ لە ئارەقە بە پشتی ترومبێلەکەوە لچکا بوو. سەری لە جامەکەوە هێنایە دەرێ و گوتی: ''چییە. بۆ خۆت لا نادەیت؟ مەگەر نابینی ڕێگەکە هی منە. بڕۆ ئەولاوە، دەی خۆت لادە''. بەخۆی گوت: ''ئەمە یەکەم جارە درەنگ کەوتبم. ئەمە یەکەم جارە خواردنی منداڵەکانم لەکاتی خۆیدا پێنەگەیاندوون''. ڕۆژنامەی شەوی پێشووی هەڵگرت و کردییەوە. ژنەکەی بیرکەوتەوە کە دەیگوت: ''ئەم چێ گیڤارایە چ دەعبایەکە! هەر دەڵێی مەیموونە، چ قەڵەوە! چ ریشێکی پێکەنیناویی هەیە! ئەم جۆرە خەڵکانە بەکەڵک نایەن. خۆپەرست و سەر بە گۆبەندن. ئەم جۆرە کەسانە قەدری نیعمەت نازانن''. لە دوایەوە تاکسییەکی بچووک بەردەوام پێش و دوای دەکرد، هەوڵیدەدا دەرچێ و لە جێگەکەیدا هەر خنەخنی بوو.

شۆفێرەکەی هاواری کرد ئاخر کەی ئێستا کاتی رۆژنامە خوێندنەوەیە. کاک حەیدەری بەسەر خۆیدا نەیهێنا و رۆژنامەکەی پەڕە پەڕە هەڵدەدایەوە. ژنەکەی دەیگوت: "نا، ئەم پیاوە ژنەکەی خۆش نەویستووە. مەحاڵە. منداڵەکانیشی خۆش نەویستوون. هەڵبەت سەد هاوڕێی لەو ژنە شلەپەتە کوبابیانە هەبوون. چ باشتر کە مرد. نەفرەتی ژنەکەی پێی نواند". دەستە راست کۆڵانێکی باریک بوو کە هەر هەموو هێرشیان بۆ دەبرد. دەستە چەپ یەک ئاراستە و نەدەکرا پێچی تێدا بکرێتەوە. پۆلیسەکە لە ناوەڕاستی جاددەکەدا فیکەی دەکێشا و شانی دەلەقاند. کاک حەیدەری جامەکەی زیاتر دادایەوە و سەری هێنایە دەرێ. دەنگی لەنێو تەپەی پێ و هەراوزەنای جاددەدا بزر بوو، هەوای گەرم و پڕ لە تۆز و خۆڵی جاددە قورگیان هێنایە کۆکە.

بایەکی گەرم و وشک دەهات و ئەو ئاڵاگەلەی دەشەکاندەوە کە بە عامودەکانی کارەباوە کرابوون. کاک حەیدەریی کەوتە رێ و بە پارێزەوە پێی بە بەنزیندا نا. ترومبێلەکەی داغ و خەریک بوو هەڵدەئایسا. بەخۆی گوت: "هەرچۆنێک بووە دەبێ خۆم بگەیەنمە قوتابخانەی منداڵەکان. ئەوانە وا راهاتوون نیوەڕوان نان بخۆن، هەڵبەت ئێستا برسییانە و لەودیو دەرگەی قوتابخانەوە دەقیقە دەژمێرن". سەفەرتاسەکەی هەڵگرت و جێگەکەی چاک کرد. بیری کەوتەوە حەوت ساڵ لەوەوبەر کاتێ کوڕە نۆبەرەکەی تازە لە قوتابخانە ناونووس کرابوو، ئەم سەفەرتاسەی کڕیبوو، ئیدی دوای ئەوە هەمیشە لەپاڵ دەستیدا بووە- هەموو نیوەڕۆیەک، هەموو رۆژێک پاش نیوەڕۆ، تەنانەت هەندێک رۆژانی پشووش. وەک بڵێی جۆرێک پەیمانی وەفاداریی، جۆرێک پەیوەندیی خودیی لەنێوان خۆی و سەفەرتاسەکەدا هەبێ. لە فیکرەوە چوو کە حەوت ساڵی تەواو هەموو رۆژێک بەم رێگەیەدا هاتووە، بەم رێگەیەدا گەڕاوەتەوە و فزەی لێوە نەهاتووە. حەوت ساڵی تەواو سەری شۆڕکردووە و گوتوویەتی: "بەڵێ، بێگومان بەسەرچاو..." لە تویێ دڵیدا ئارەزووی دەکرد کە خۆزیا منداڵەکانی زووتر گەورە دەبوون و لە خەم دەڕەخسین و ئیدی رۆژێک دەهات پێویستی بە بردن و هێنانەوەی ئەم سەفەرتاسە نەدەبوو، بەڵام هەیهات! یەکێکی تر بەم زووانە بەرێوەیە، یەکێکی تر بە سەری کەچەڵ و دەموچاوی ئاوساوەوە. هەمدیس هەمان بەرنامەی شەوانە، هەمان بەرپرسیاریی و دردۆنگییەکان، هەمان تەڕ و وشککردنەوەکان، هەمان لایلایەکردن و بێ خەوییەکان. پێیوابوو لەسەری پێچەکەدا ترومبێل لە یەکی داوە یان کەسێک بووە بە ژێرەوە. لە ترومبێلەکەی تەنیشتی پرسی: "ئەری چی بووە؟" کەس نەیدەزانی و دەنگی ئەمبوڵانس لێنەدەگەڕا کەس گوێی لە کەس بێت.

کاک حەیدەری تێگەییشت کە دەبێ هەمدیس ئارام بگرێت، دەبێ چاوەڕێ بکا و قسە نەکا. دەستی بە سەفەرتاسەکەدا هێنا و زانی بەتەواوی ساردبووەتەوە.

ئاوێنەی ترومبێلەکەی ڕێک کرد و هەمدیس دووبارە چاوی بەخۆی کەوت. بە خۆی گوت: ''کەس نازانێ ئەمڕۆ دەبمە سی و نۆ ساڵ، بەڵام بۆچی هێندە زوو قژم رووتایەوە؟ بۆچی پێستم ئاوها زەرد و چرچن بوو؟ ساڵێکی تریش ڕێک لەم کاتەدا، هەر لەم جاددەیەدا، لەپاڵ هەمان سەفەرتاسدا دەبمە چل ساڵ''. لە خۆی پرسی: ''چل ساڵی یانی چی؟ سەرەتا یان کۆتایی؟ کامیان؟''. شانی بادا و گوتی: ''چ جیاوازییەکی هەیە. بۆ من هەمیشە هەمان شتە، بە سەفەرتاسێکی ترەوە، بە دووگیانبوونێکی ترەوە، بە منداڵێکی ترەوە''. ژنەکەی لەبەرچاوی خۆیدا بینی بە ناو ژوورەکەدا دەسووڕێتەوە و خرتکە و پرتکەکان کۆدەکاتەوە. ئەسپەنیک لە جلەکان دەدا و بە حیرسەوە رادیۆکە دەکوژێنێتەوە. دەڵێ: ''ئێستا ئیدی دەیانەوێ ئەم شێت و وێتە بکەنە خودا. کەس بیری لای ژن و منداڵە داماوەکانی ئەم زەلامە نییە. کەس ناپرسێ ئاخۆ چارەی ئەو داماوانە چییە؟ ئاخر بڵێ هەی نامەرد لەچیت کەم بوو؟'' لە جاددەی تەختی جەمشیدەوە تا سەرەوە داخرابوو. کاک حەیدەری هەستی کرد دڵی خەریکە لە لێدان دەکەوێ. شتێک لەژێر پێستیدا دەسووڕا و ئازاری دەدا. پرسی: ''کاکی پاسەوان دەکرێ لەملاوە بڕۆین؟'' نەفەرەکەی تەنیشتی گوتی: ''نا گیانم، پێشەوە هەڵکەندراوە. پردی نییە. نابێ''. پرسی: ''بەڵام ئەدی چار چییە؟ من هەموو رۆژێک لەملاوە دەڕۆم. قوتابخانەی منداڵەکانم لەودیوەوەیە. من کارم هەیە. پەلەمە''. نەفەرەکەی تەنیشتی تەماشای کرد و هیچی نەگوت. سەری هێنایە دەرەوە و تفی لە قیری جاددەکە کرد. کاک حەیدەری سوکانەکەی بەردا و گوتی: ''باشە، بە دۆزەخ. من هەر لێرەدا دادەنیشم و چاوەڕێ دەکەم. دواجار شتێک هەر روودەدا. دواجار بەلایەکدا دەکەوێ''. ترومبێلەکەی کوژاندەوە و قاچی لەسەر بەنزین لابرد. بیری یادی لەدایکبوونەکەی کەوتەوە و زەردەخەنەی هاتێ - یادی سی و نۆ مۆم، یادی چل مۆم، یادی چل و پێنج دانە مۆم. یادی کێکێکی زل و پۆشراو لە مۆم و پاشان یەک فووی توند کە چتاقیان دەکوژێنێتەوە، ئیدی هیچ. چۆن، چۆن. پاشان مۆمی سەر گۆڕ و حەوتەوانە، مۆمی چلە و ساڵڕۆژ - قایشەکەی شل کرد و پێڵاوەکانی داکەند. پێستی ختوولکەی دەکرد و شتگەلێک وەک بڵق لە جێگەیەکی نەزانراوەوە لە جەستەیدا بەرزدەبوونەوە و لەبەر گوێیدا دەتەقین. شانی لەقاند و لەژێر لێوەوە بەخۆی گوت: ''دواجار بەلایەکدا دەکەوێ. شتێک هەر روودەدا''. بیری کەوتەوە کە دەبوو تا ئێستا شتی زۆر روویاندابا، بڕیاربوو

بەر لە چل ساڵیی هەزار شت روویدابا، هەزار پەرجۆی سەیر، هەزار بڕیار و هەڵبژاردن، هەزار کەشف و شهود و عیلم و باوەڕ. ڕۆژانێکی کەوتنەوە بیر کە بە چ گێلێتییەکەوە پێی بە ئەرزدا دەکوتا و دەیویست هەموو دونیا قەناعەت پێبهێنێ، یادی ئەو ڕۆژانەی کە ملی بۆ دەدان و و باوەڕی پێدەکردن، یادی ڕۆژانێک کە مەزەندەی دەکرد هەموو شتێک بەوەوە پەیوەندە، باش و خراپی شتەکان، دەبێ و نابێی شتەکان، ڕۆژانێک کە شێلگیرانە بە خۆی و خەڵکانیتری دەگوت: "ئێمە نەهاتووین تەماشا بکەین، ئێمە نەهاتووین بە گوێی کەڕ و زوبانی لاڵ دانیشین و بڵێین بەڵێ، بڵێین بەسەرچاو، بڵێین ڕاستە وایە". بیری ڕۆژانی گەنجیی کەوتەوە، بیری ڕۆژانێک کە نەخشەی دادەنا و هەزاران ئامانجی هەبوون، یادی ڕۆژانێک کە بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێیان بوو بێن و شوێنگەی خۆی تیایاندا دیاری کردبوو. هەوڵی دا بیرنەکاتەوە، هەوڵیدا ئەو ڕۆژانە وەک وێنەیەکی کۆنی خەمین لە گیرفانیدا بشارێتەوە و لە یەکەمین دەرفەتدا بۆ دووری تووڕهەڵدا. لە سەریدا شتێک وەک گێژەنی ئاو دەخولایەوە و لایەدایە کەنار. بیری کردەوە کە ڕەنگە هەڵە بێ، ڕەنگە حیساباتی زەمەن لە دەستی دەرچووبێ. ئاخر مەگەر دەبێ لەناکاوێکڕا چاو بکرێتەوە و ببینرێ نیوەی تەمەن ڕۆییوە؟ مەگەر دەکرێ کتوپڕ سی و نۆ دانە مۆم بکڕدرێ و چتاقیان بە یەک فوو بکوژێنرێتەوە؟ دەسەسڕەکەی دەرهێنا و ملی سڕی. ژنەکەی بینی سەرگەرمی سڕینی تۆزی ژوورەکانە. حەوشەکەی شتووە و گوڵی لە گوڵدانەکان ناوە. فلان و فیساری داوەت کردوون، پلاو و شلەی فسنجان*ی لێناوە و لە چاوەڕوانی مێردەکەیدا دانیشتووە بێتەوە و رووخساری ماچ بکا، ئەسپەندەر بە دەوری سەریدا بسووتێنێ و پیرۆزبایی لەدایکبوونی لێ بکا. لەخۆی پرسی: "هاوڕێی ئازیز، ئەو ڕۆژانەت لەیادن؟ قسەکانی ئەو سەردەمەت لە یادن؟ ئەدی چ بوو؟ چ روویدا؟ مەگەر تۆ باوەڕت وا نەبوو ئینسان ئازادە، باوەڕت وانەبوو ئینسان بەرپرسیارە و تەنها هێندە بەسە بڕیاربدا و ئیدی ڕێگەی خۆی هەڵدەبژێرێت؟"

ترومبێلەکەی پێشەوە پێچی کردەوە و لایدا. گڵۆپی ترافیک سەوز و کاک حەیدەری پێی بە بەنزیندا نا و بە خێرایی لە چوارڕای ڤێللا تێپەڕی. شانی لەقاند و لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەو کاتانە هی سەد ساڵ لەمەوبەرن. من ئیدی تاقەتم نەماوە. ساڵێکی تر دەبمە چل. ئیتر پیر بووم و بڕستم نییە. کاری من پارێزگاریکردنە لە خێزانەکەم. کاری من ئاگالێبوونی منداڵەکانمە، کاری من بردن و هێنانەوەی ئەم سەفەرتاسەیە". نەگەیشتبووە چوارڕای ئێرانشەهر ئیستۆپی گرت و وەستا. گڵۆپەکانی ترافیک ئیشیان نەدەکرد و هەر لەحزەیەک

سوور و زەرد و سەوز دەبوون و کەس نەیدەزانی دەبێ چ بکا. هەموو هاواریان دەکرد و نارەزاییان بەرامبەر یەک دەردەبڕی. کاک حەیدەری چاوی لێکنا و کردییەوە و سەری نائومێدانە بە لێواری جامەکەوە دادایەوە. لەگوێ جۆگەلەیەک پیرەمێردێکی لەڕ و لاواز رایەخی سەرتاشییەکەی لەسەر ئەرزەکە راخستبوو، بەکاوەخۆ وەنەوزی دەدا. جار ناجار سەری وەردەسووڕاند و واقوڕماو لە دەوروبەری خۆی دەنۆڕی و هەمدیس سەری بە سینگیدا دەکەوتەوە. دەستەمۆ، ئارام و نەوی، بێ باک و شوکرانەبژێر وەک مەلێکی ماڵیی. کاک حەیدەری رووی وەرگێڕا و ئاوی دەمی قووتدایەوە. گەرمای بوو، فێنکیی کۆڵانی مەحموودییەی کەوتەوە بیر. رۆژانێکی کەوتنەوە بیر کە هەموو شتێک لە دەوروبەریدا وەک یەکەمین خیلقەت هێشتا فۆرمێکی دیاریکراوی بەخۆوە نەگرتبوو، یادی رۆژانێک کە هەموو شتێک بزۆز و گۆڕاو و لێکپچڕاو، رۆژانێک کە ئەم تیایاندا بە خۆی دەگوت من ئەم گەردیلە پەرتەوازانە پێکەوە دەنووسێنم، من ئەم مادده بێ فۆرم و رووخسارە لەنێو پەنجەکانمدا دەگرم، درێژیی و پانییەکەی بەو پێوانەیەی خۆم دەمەوێ دەپێوم، تێکەڵاویی ئاو و گڵی دەکەم و هەر فۆرمێکم بوێ لێی دەردێنم. رۆژانێکی کەوتنەوە بیر کە بە دەوری خۆیدا بازنەی دەکێشا و دەیگوت ئێرە ناوەندی بوونە و لە هەبوون و بەردەوامیی و بەقای زۆر شت دڵنیابوو. لەخۆی پرسی: "ئەمە بوو ئەو شتەی کە هێندە دەمویست؟ ئەمانە بوون ئەو رۆژانەی کە هێندە چاوەڕێیان بووم؟ ئەدی چ بوو، چ بەڵایەکم بەسەر هات؟ وەک ئەوەی لە هەوادا شتێکی بێ رەنگوبۆ هەبووبێ کە بێدەنگ و لەسەرخۆ، بەبێ ئەوەی تێبگەم، دەست و پێمی شەتەکدابێ، یان رەنگە شلەمەنییەکی وروگێژکەریان رۆکردبێتە ئەو خواردن و ئاوەوە کە خواردوومە و خواردوومەتەوە، یان چوزانم جۆرێک غوباری فەرامۆشیی. نازانم... دواجار لە جێگەیەک، شتێکی نەبینراو کاری خۆی کرد و هەموو شتێکی بیربردمەوە". سەر دڵی دەبرژایەوە و پێچ بە ریخۆڵەیدا دەهات. برینی گەدە بەرۆکی بەرنەدەدا. بەکاوەخۆ و هەراسان، وەک نەخۆشێک کە دەزانێ ئەو لەحزە نامەحاڵە نزیکە و هەمدیس بێهودە لە دەوروبەری خۆی دەنۆڕێ، بەخۆی گوت: "خۆزیا هێشتا تا دەرفەتێک هەیە سەرم وەرگێڕابا و بمگوتبا نا. خۆزیا دەمتوانی، خۆزیا جورئەتم دەکرد". کەسێک لە دواوەیەوە بەردەوام هۆڕنی لێدەدا. کاک حەیدەری کلاڤە و شەکەت سەری وەرگێڕا و هاواری کرد: "کاکە گیان، ئارام بگرە، مەگەر نابینی بەردەمم گیراوە. دەقیقەیەک درەنگتر خۆ نامریت". کەمێک لایدا و ئاماژەی بۆ کرد تێپەڕێ. تەماشای کرد و لە توێی دڵەوە جنێوی پێدا. لەژێر لێوەوە گوتی: "راستیت دەوێ سەعاتێکی تر نامریت.

سێ ڕۆژی تریش هەر نامریت. تەنها ڕۆژێک بە تیلەی چاو لە ئاوێنەدا تەماشای خۆت دەکەیت و دەبینی سەرت کەچەڵ و ددانت کرمێ بوون و پاشان تێدەگەیت چل ساڵەیت و ئینجا پەنجا و دواجاریش وادەی مردن“. پۆلیسەکە لە ناوەڕاستی جاددەدا هاواری کرد. فیقەنەکەی دەرهێنا، بە دەوری خۆیدا سووڕایەوە و گوتی: ”ڕاوەستە، لەملاوە. خێراتر“. کەسێک لەلای ترومبێلەکەیەوە ڕەت بوو، خۆی کێشا بە دەعامی دواوەیدا و تێپەڕی. کاک حەیدەری دەستی لەسەر زگی گوشاردا و برۆی گرژ کرد. پێوپلی لە حەژمەت گەرما ئاوساو و پیڵاوەکەی پێی دەجەڕاند. دەنگی جیڕوهوڕی دەسکی سەفەرتاسەکە دەهات، هەڵدەبەزییەوە و سەرەکەی لەرەلەری دەکرد.

باوکی دەیگوت: ”مەحموود زۆر بیردەکاتەوە. مەحموود زۆر دەزانێ. مەحموود لەو منداڵە ئاساییانە نییە. مەحموود باوەڕی بە گۆڕان و کامڵیی و باڵاییە“. کاک حەیدەری پێکەنی و دەستی خستە سەر دەسکی سەفەرتاسەکە. هەستی کرد خۆیشی بووەتە سەفەرتاسێک، سەفەرتاسێکی پاک شۆردراوی ماڵێکی خواپێداو، سەفەرتاسێکی هاکەزایی و ئاسایی بە دەسکێکی پۆلایینەوە لەسەر کەللەی، سەفەرتاسێک کە هەموو شەوێک دەیشۆن و هەمدیس پڕی دەکەنەوە، سەرەکەی دادەخەن و بۆ ئەملاولای دەبەن. شتێک لە قوڕگیدا هەڵبەز و دابەزی دەکرد. دڵی بە گەورەیی یەک شاخی لێهاتبوو و گوشاری خستبووە سەر سینگی. نەیدەزانی بۆچی لە ناکاوێکڕا ئاوهای لێ بەسەرهاتووە، نەیدەزانی بۆچی پێستی لە خاوبوونەوەدایە. نەیدەزانی بۆچی چۆقەی ددانی دێ و جگەرەکەی دەجوێ، بۆچی گوێی داخ بووە و گەرووی لەژێر فشاری هاوارێکدا کەوتووەتە ئێش. پێی بە بەنزیندا نا، خێرای کرد و پێچی کردەوە. بیری کەوتەوە کە هەر ئێستا دوکانەکان دایدەخەن و ژنەکەی چاوەڕێی شیرینی و میوە و مۆمی لەدایکبوونە. خۆی بینی پانتۆڵە فەلانیلە ڕەساسییەکەی لەبەر کردووە، بۆینباخە سورمەییە خاڵ سپییەکەی بەستووە و پەرداخەکەی بە سڵامەتی ڕۆژی هاتنە دونیای دەنۆشێ، بیری کەوتەوە کەسێک هەمان ئەو ڕۆژە بەیانی گوتی کە ئیدی لە قەبرسانی مسگەرئاباد جێگە نەماوە، دەبێ هەر لە ئێستاوە مشور بخورێت. دەبێ هەر لە ئێستاوە پارچەیەک ئەرز بکڕدرێ و بە تەلی دڕکاویی پەرژین بکرێ. بە زەحمەت بەنێوان ترومبێلەکاندا تێپەڕی و لەبەردەم تابلۆی ڕاوەستاندا خاوی کردەوە. هەوڵیدا بیر نەکاتەوە. هەوڵیدا خۆی بە خوێندنەوەی تابلۆی دوکانەکانەوە سەرگەرمکا. شانی لەقاند و کەوتە چرپینی گۆرانیگەلی کۆن. لە دوورەوە ناسیاوێکی بینی. دەستی بۆ ڕاوەشاند و بە پەلە پێکەنی. سەری بردە

دەرێ تا بانگی بکا و سواری بکا، بەڵام ترومبێلەکان هۆڕنیان لێدەدا و جادده پڕ بوو لە هاتوبات. بەخۆی گوت: "سی و نۆ ساڵ هیچ نییە. هەر بەڕاستی هیچ نییە. هێشتا نیوەی تەمەنم ماوە. هێشتا کاتم زۆر لەبەردەمدایە. هێشتا دەکرێ هەزار کار بکرێت، دەکرێ هەزار نەخشە بکێشرێ، دەتوانم لەسەرەوە دەست پێبکەمەوە. هەر لەمڕۆوە". دڵی وەتەپە کەوت. بەخۆی گوت: "دەتوانم ئێستا ترومبێلەکەم رابگرم و دابەزم. هەر ئێستا. دەتوانم بچمە ناوەڕاستی جادده، بچمە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە و لەسەر گیا، لەسەر خۆڵ، بچمە سەر یەکێ لەو پەیکەرانەی سەرەوە و هاوار بکەم، بقیژێنم و هەمووان لە دەوری خۆم کۆبکەمەوە. دەتوانم هەموو شتێک بلێم، قسەی خۆم بکەم و حسابی خۆم لەگەڵ خۆم و خەڵکانی تردا یەکلایی بکەمەوە، بەڵام لەپێناوی کێدا؟ لەپێناوی چیدا؟ ئەم قەڵافەتە حەپەساو و داماوانە، ئەم نیگا سارد و بێ یادەوەرییانە، ئەم مرۆگەلە شەکەت و بێ بڕستە تێناگەن. ئەمانە باوەڕ ناکەن کە من ناچاربووم، مەحکوم بووم و بە دەست خۆم نەبووە. ئەمانە نازانن من ژنم هەیە، منداڵم هەن و دەبێ لە خەیاڵی ئەواندا بم – ئەوانە لەبارەی عیشقەوە دەدوێـن، لەبارەی خۆشویستنی رەهاوە، نازانن ژنەکەم دووگیانە و دەبێ هەر لە ئێستاوە لە بیری خەرجیی زایینەکەیدا بم. ئەمانە لەبارەی ئیمان و بـاوەڕەوە دەدوێن و ناپرسن کێ بەرپرسیاری گەیاندنی خواردنی منداڵەکانمە، کێ بەرپرسیاری بردن و هێنانی ئەم سەفەرتاسەیە. من خۆم دەزانم تەنها یەک لەحزە بەسە، یەک جووڵەی دەست، یەک لێکنان و کردنەوەی پێڵوو، بەڵام کاتێ دەمەوێ بجووڵێم هەر خودی ئەو کەسانە بە نەفرەتم دەکەن و تف دەکەنە رووخسارم، ئێستاش زەق زەق تەماشام دەکەن و دەپرسن ئەوە چۆن بوو خەیاڵی بازرگانیی دار و تەختە لە کەللەی دام؟ چۆن بوو کەوتمە خەیاڵی کڕین و فرۆشتنی زەویوزارەکانی کەرەج و عەلی ئاباد؟ بەڵام من دەپرسم ئەی خۆتان چی؟ ئێوە کە لە من زیاتر دەترسن، ئێوە کە لە من زیاتر پەنجە دەنێنە سەر لێوتان و بە چپە دەدوێن، ئێوە کە لە من زیاتر دەستتان بەیەکدا دێنن، دادەنەون و شوکری خودا دەکەن، بەڵام من دەمەوێ هەر ئێستا حیسابی خۆم لەگەڵ ئێوەدا جیاکەمەوە، لە هەمووتان – من چەمانەوەی پشتم و کزبوونی نووری چاوم هەست پێدەکەم، من کێلی گۆڕەکەم دەبینم و دەزانم چەند هاسان بیردەچمەوە و چ هاسان کەسێکی تر جێگەم دەگرێتەوە – من دەمەوێ هەر ئێستا دەست پێبکەم، هەر لەمڕۆوە و چ هەقێکیشم بەسەر ئێوەوە نییە". کەسێک بە ماتۆڕەوە پێچی کردەوە، هاتە بەردەمی و ئاماژەیدا. ئەفسەری پۆلیس بوو، کڵاوەکەی لەژێر هەتاودا دەبریقایەوە. چاویلکەکەی داکەند و گوتی:

''بێ زەحمەت مۆڵەتنامەکەتان''. کاک حەیدەری بە واقوڕماوییەوە راچڵەکی. هەستی شوێن و زەمەن لە زەینیدا سڕدرابووەوە. بە ترس و گومانەوە لە دەوروبەری خۆی رووانی و لەسەرخۆ پرسی: ''چ بووە؟ چی روویداوە؟ خۆ من هیچم نەکردووە. تەنها دەمویست سەفەرتاسی منداڵەکانم بۆ قوتابخانە ببەم''. ئەفسەرەکە گەنجێک بوو خاوەن چاوانێکی ورد و کەپوویەکی پان. سارد و شەکەت گوتی: ''بەلای چەپدا دەستتان شکاندبووەوە. بیست تومان غەرامەیە''. کاک حەیدەری تەماشای کرد. هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشا و مۆڵەتنامەکەی دەرهێنا. پارەکەی دا و کەوتەوە رێ. بەخۆی گوت: ''تەواو. هەر بەڕاست هەموو شتێک تەواو. گرنگ نییە ئەو رۆژانە کوێوە چوون، گرنگ نییە تا ئێستا چیم کردووە. من هێشتا ساڵێک دەرفەتم هەیە - سێسەد و شەشت و پێنج رۆژ کاتم بەدەستەوەیە''. ژنەکەی کەوتەوە بیر کە دەستی ناوەتە کەللەکەی و بە ناو ژوورەکاندا دەسووڕێتەوە. بیری کردەوە رەنگە هەر ئێستا ژان گرتبێتی، یان رەنگە هەر ئێستا منداڵەکەی بووبێت. منداڵەکانی کەوتنەوە بیر و سەفەرتاسەکەی کەوتەوە بیر کە جارناجار لەبەر پێیدا هەڵدەبەزییەوە. هەوای کۆڵانی مەحموودییە دابوویە کەللەی و لەناکاوێکڕا جەستەی لە حەژمەت هەیەجانێکی نائاشنا سست بوو. لە دواوەی رووانی و بڕیاریدا دەور بکاتەوە. چەند کەسێک هۆڕنیان لێدا، هاواریان کرد و ئاماژەیاندا کە نابێ. تەواوی جاددە پڕ لە خەڵک بوو. کەسێک گوتی: ''نا، کاکی برا، کەڵکی نییە. ئەم رێگەیە تا مەغریب داخراوە. کەرنەڤاڵی شادیی تێدەپەڕێ. باشترە لابدەیت و دابەزیت و تەماشا بکەیت''. کاک حەیدەری گوتی: '' نا، کاکە گیان، من هەقم بەسەر ئەم شتانەوە نییە''. وایگوت و رووی وەرگێڕا، بەڵام بینی کە هەر بەڕاستی رێی دەربازبوون نییە. لە هەموو لایەکەوە گەمارۆدراو و هیچ کەس خەیاڵی لای ئەم نەبوو. ترومبێلەکەی کوژاندەوە و دابەزی. لەبەرخۆیەوە گوتی: ''هەر لێرەوە تەلەفۆن بۆ ژنەکەم دەکەم و هەموو شتێکی پێدەڵێم. بەم جۆرە باشترە، هاسانترە. پێیدەڵێم من ئیشێکی ترم لە ژیاندا هەیە، پێیدەڵێم من دەمەوێ هەڵبژاردنی خۆم بکەم و ئیتر لەم خۆبەدەستەوەدانە گێلانەیە شەکەت بووم. هەر ئێستا دەچمە بەردەمی و حاڵیی دەکەم کە ئیدی قێزم لەم نیگاکردنە، لەم شان لەقاندن و فەرامۆشکردنە دێتەوە. بۆی راڤەدەکەم کە من باوەڕم بە ژیانێکی کامڵتر هەیە، باوەڕم بە عیشق و جوانیی، بە باڵایی و هەڵگژان و کامڵیی هەیە، باوەڕم بە شتێک هەیە لەودیو جەستە، لەودیو شتەکان، لەودیو قیست و قەرز و پاشەکەوت و بیمەوە، باوەڕم بە شتێک هەیە لەودیو سنوور و بەرینکردن و رۆژنامەوە - لەودیو مانگ و موشەک و پێشکەوتن و زانست و

شۆڕشەوە، باوەڕم بە شتێک هەیە لەودیو درۆ و خۆنواندن و کلکەلەقێوە، لەدیو جێژنی لەدایکبوون و ساڵڕۆژی یادی هاوسەرگرییەوە، لەودیو سەردانی خێزانیی و دەستماچکردنی خەسوو و قەوم و قیلەی بەڕێزەوە، لەودیو شەریعەت و تەریقەتەوە، لەودیو ئەم زەمەنە فانیی و ئەم جێگە بێ نرخەوە". لە کەسێکی پرسی: "کاکە ببوورن، تەلەفۆن لەکوێدایە؟" نەیدەزانی. سەری لەقاند و رۆیشت. زوربەی دوکانەکان داخرابوون و کەس پارەی وردە یان یەک دوو ریاڵیی پێنەبوو. سەماعەی تەلەفۆنی جاددە شکاو و وایەرەکەیان پچڕاندبوو. کاک حەیدەری چاویلکەکەی لەچاو کرد. شانی لەقاند و گوتی: "دواجار خۆی تێدەگات. دواجار هەمووان تێدەگەن. درەنگ یان زوو. چ پێویست بە راڤەکردن ناکات. من دەمەوێ لە بەشی خۆم سوودمەند بم و ئەمەش مافی خۆمە". دەنگی ساز و ئاواز دەهات و دەنگی چەپڵەی درێژ. ژنانی عەبا بەسەر تێکچڕژابوون و پێدەکەنین. هەمووان بەملاولادا رایان دەکرد و هورایان دەکێشا. کاک حەیدەری چەند کەسێکی وەلانا و هەوڵیدا رێگەیەک بکاتەوە و خۆی بگەیەنێتە ئەوبەری جاددەکە. چەند کەسێک خۆیان کردبووە ئاژەڵی جۆراوجۆر و هەڵبەز و دابەزیان بوو. کاک حەیدەری بەدەوری خۆیدا وەرسووڕا. نەیدەزانی چ بکات. پێری هونەرمەندان تێدەپەڕین. هونەرمەندەکان سوار ترومبێلی سەر کراوە ببوون و دەستیان رادەوەشاند. خەڵک فیکەیان بۆ دەکێشان و چەپڵەیان بۆ لێدەدان. کاک حەیدەری لەنێو دەست و پێکاندا وەگیرهاتبوو، هەوڵیدەدا هەرچۆنێک بووە خۆی رزگار بکات. حەشاماتەکە زۆری دەهێنا و بەملاولایاندا دەبرد. هەتاو لەسەر تەوقی سەری وەستاو و بۆنی جەستەی داغ و هەناسەی شەکەت بۆژۆیان کردبوو. ئانیشکی بە چەند کەسێکدا کێشا. پێی بە لاقی چەند کەسێکدا نا و هاتە ئەملا. لە کەسێک دەچوو خەون دەبینێ و هەر هەنگاوێک دەنێ بە خاڵێک کۆتایی دێ و هەرچی رادەکا هەمدیس لە جێگەی یەکەمیدایەتی. وەک بڵێی جێگەیەکی نائاشنا لەبەردەمیدا دەمی کردبێتەوە کە نەدەچووەوە سەر هیچ کوێ، تەواوی ئەو خانووە لەپاڵ یەک و خۆڵەمێشیی رەنگانە، لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا دوورتر دەکەوتنەوە و کەس لە زوبانی ئەم تێنەدەگەییشت، کەس ئەمی نەدەبینی و قسەکانی نەدەژنەوت. مەزەندەی کرد لەناکاوێکڕا هەموو شتێک شێوەی گۆڕاوە و ئەمانەی دەوریان داوە بوونەوەرانی هەزار ساڵ لەمەوبەرن و جەستەیان بۆنی ئەشکەوتە ونەکانی ژێر خاکی لێدێ. چاوانی لێکنان و کردنییەوە. جەستەی شەکەت و کفت و بیمار. خەیاڵی کرد کەسێک لە دوورەوە بانگی دەکا. وشترەکان بە زەنگۆڵەکانیانەوە تێدەپەڕین. کەسێک خۆی کردبووە رۆستەم و بە ورگی

خۆیدا دەکێشا. ژمارەیەک خەڵک لە سوچێکەوە چەپڵەیان لێدەدا و هورایان دەکێشا. بەخۆی گوت: ''نەخێر، نا، مەحاڵە. من تەسلیم نابم. فریو نادرێم و ملی بۆ نادەم''. بە هەناسەبڕکێوە خۆی گەیاندە ترومبێلەکەی و پاڵی بە دەرگەکەیەوە دایەوە. چاوی بە سەفەرتاسەکە کەوت و جەستەی زیاتر گەرم داهات. وەک بڵێی دوژمنێکی نارەسەن و موزیی لە بۆسەیدا بووبێ و بەدوای یەکەمین دەرفەتدا گەڕابێ. دەستی بە رووخساریدا هێنا و رۆیشت لەژێر سیبەری درەختێکدا راوەستا. دەنگی لەقەلەقی سەری سەفەرتاسەکە لە گوێیدا دەزرنگایەوە و دەستی بۆنی چێشت و چەوریی لێدەهات. هەستی کرد ئەم سەفەرتاسە وەک تەوقی بەلا لە ملییەوە ئالاوە و رێگەی لێگرتووە. بەخۆی گوت: ''ئیتر تەواو بوو، هەر بەڕاستی تەواو بوو - هەر ئێستا خۆمی لێ رزگار دەکەم''. دەرکی ماشێنەکەی کردەوە. سەفەرتاسەکەی هەڵگرت و لە هەوادا هەڵیسوڕاند، دەسکەکەی لەنێو مشتیدا گوشی و لەنێو هورا و هەلهەلەی خەڵکیدا توند بە ئەرزیدا کێشا، سەرەکەی هەڵبڕی و تووڕیدایە پاڵ دیوارەکە، لقەیەکی لێدا و بۆ دوورتر فڕێیدا. حەزی دەکرد خڕکە بەردێک بدۆزێتەوە و پێی بکەوێتە گیانی.

چەند کەسێک بە روانینی پەیجۆرانە دەورەیان لێدا و کەوتنە تەماشاکردنی. کاک حەیدەری زەندەقچووانە تەماشای دەوروبەری خۆی کرد. نەیدەزانی بۆچی خەڵکی سەیری دەکەن و پێدەکەنن. حەسحەسەکەی سەری کۆڵان فیکەی کێشا و واقوڕماوانە لەبەردەمیدا راوەستا. پرسی: ''کاکە چی بووە؟ ئەو سەفەرتاسە هی ئێوە بوو؟'' دەنگی قیژە و دەمەدەمێ دەهات، دەنگی زرمەزلێی توندی خەڵک. کەرنەڤاڵی شادیی هەمووانی سەرگەرم کردبوو، لە بڵندگۆکانی ئەو دەوروبەرەوە هاواری ستایش بەرزدەبووەوە. کەسێک لە لۆرییەکدا نووتقی دەدا و حەشاماتەکەی چواردەوری لەنێوەندی قسەکانیدا توند چەپڵەیان بۆ دەکوتا.

کاک حەیدەری بە زەحمەت خۆی بە پێوە رادەگرت. سەری گێژی دەخوارد. دەستی بە درەختی گوێ جاددەکەوە گرت و ئاوی دەمی قووت دایەوە. هەرگیز هەتاوی هێندە نزیک لە پێستییەوە هەست پێنەکردبوو. شتێک بە قورسایی سەفەرتاس لەجێگەی دڵی، لە سینگیدا بەرز و نزم دەبۆوە. تەماشای دەوروبەری خۆی کرد و بینی کەس هەقی ئەمی نییە و هەمووان واقوڕماو و ئەفسوونبووی گەمەکارانی کەرنەڤاڵەکە و نووتقە هەست ورووژێنەکانن.

چەند کەسێک زۆریان بۆ هێنا و پاڵیان نا و کەسێک پێی بە پێیدا نا. هەمووان سوار کۆڵی یەکتردەبوون و دەیانویست براوەی ئەو هەفتەیە، کە لەنێو تەرازوودا دەیانسوڕاندەوە، ببینن. کاک حەیدەری بڕیاریدا کۆڵ نەدا. بەخۆی گوت: ''لە چی

بترسم؟ من لەم مەڕانە جیاوازم. من فریوی ئەم قسانە ناخۆم. من بە ڕێگەی خۆم دەگرم“. بیری منداڵەکانی کەوتەوە و ژنەکەی بینی دەستی ناوەتە کەلەکەی و دەزریکێنێ. کێکی لەدایکبوونەکەی بە سەریدا دەکێشێ و هەڕەشەی لێدەکا. منداڵەکانی بینین کە بە پرسیار دایدەگرنەوە، پاساویان دەوێ و واقوڕماو بە دەوریدا دەسوڕێنەوە. کەسێک سەری سەفەرتاسەکەی دایەوە دەستی و پێکەنی. دەسکەکەی شکابوو. حەسحەسەکە گوتی: ”کاکە، باشترە سوار ترومبێلەکەتان بن“. وایگوت و ئەوسا ڕوویکردە ئەو خەڵکانەی وەستابوون و بە هەڕەشەوە گوتی: ”چییە؟ چ بووە؟ دەی بڵاوەی لێبکەن“. کەسێک جامێک ئاوی بۆ ڕاگرت و گوتی: ”کاکە گیان، بیکە بە دەموچاوتدا دێیتەوە سەر خۆت".

کاک حەیدەری ماتی بردبووەوە و نەیدەزانی چارەی چییە. حەزی دەکرد تەنها بێ و بگری. حەزی دەکرد لەهەمان جێگە و هەمان لەحزەدا، هەموو شتێک کۆتایی پێ بێ و ئەم پیاسە بێ مانایە تەواو بێت. دانەوییەوە و سەفەرتاسەکەی لەسەر ئەرزەکە هەڵگرتەوە. سەرەکەی بە چمکی چاکەتەکەی سڕی و خۆڵەکەی لێکردەوە. دەوروبەری پڕ لە دەنگی شادیی و پێکەنین بوو. دەسەسڕەکەی دەرهێنا تا برنجەکە لە سەر جاددەکە کۆکاتەوە. کەناسەکەی گەڕەک پەشتەماڵەکەی لە شانی داگرت، ڕایوەشاند و گوتی: ”کاکە، هەستە، من پاکی دەکەمەوە. ئەمە ئیشی ئێوە نییە".

کاک حەیدەری هەستا. سەفەرتاسەکەی هەڵگرت و خستییە ناو ترومبێلەکە. لەودیو سوکانەوە دانیشت و جامەکەی دادایەوە. کەناسەکەی گەڕەک هەموو شوێنێکی لەسەرخۆ و لەکاتێکدا کە پێدەکەنی، پاککردەوە. سێو و هەرمێکانی نایە گیرفانیی و لەقلەق ئاسا لێیدا ڕۆیشت .

کاک حەیدەری ژنەکەی بیرکەوتەوە کە دەیگوت: ”سوپاس بۆ خودا کە لەم شارەدا هەمیشە کەسێک هەیە بە فریای خەڵک دەگات".

هاوینی ١٩٦٩

سەرچاوە:

گلی ترقی

من هم چه گوارا هستم

چاپ دوم: ١٣٨١

انتشارات نیلوفر

# دووانەکان لە نیپاڵ

## ئاڵپینا مانلاندەووە

ن: ئالبێرتۆ مۆرافیا
و. لە فارسییەوە: شەریف فەلاح

دوو رۆژ پێش لە زەماوەندەکەم، لەگەڵ بەرگدروو کە خەریکبوو جلی بووکێنیەکەمی تاقیدەکردەوە، لە دیوەکەی خۆم بە تەنیابووم. هەمووماڵەکە شپرزەو رژابووە سەر یەک. یەکێک لە دیوەکان ببووە پێشانگای دیارییەکان، دەستەی چینیی دوازدە کەسی، دەستەی کەوچک و چنگالی زیو، رادیۆو تەلەفزیۆن و کەلوپەلی زینەتی، لە دیوەکەیتردا خەریکبوون جیازیی و باوانیی منی تازەبووکیان هەڵڕشت بوو، کە هەمووی یەکێک لە باشترین بەرگدرووەکان ئامادەیکردبوو، لە دیوی دانیشتن، دایکم خەریکبوو جارێکی دیکە باسی ئەو هەڵکەوتە سەیرو سەمەرەیەی دەکرد بۆ خزمانو دۆستو کەسەکان، کە بە هۆیەوە من یانی کچی خاوەن فرۆشگا زنجیرەییەکانی کوتاڵ، لەگەڵ "ئاتیلیۆ"، کە ئەویش کوڕی خاوەنی فرۆشگا زنجیرەییەنی شیرینی بوو، عاشقی بووم. بە راست هەڵکەوت و رووبەڕووبوونەوەیەکی سەیر بوو! هەرچەند من رازی و خۆشحاڵبووم لە منداڵییەوە لەناو ماڵو

قوتابخانە فێرکرابووم، کە زەماوەند و ژیانی هاوسەری واتا بەختەوەری، لانیکەم لەو کاتە هیچ هۆکارێک نەبوو، کە من باوەڕ بەو ئامۆژگارییانە نەهێنم.

پاشان کاتێک نیوەرووت دەستم درێژکرد تاکو ژێرکراسییە سپیە ئاورێشمییەکە لەبەر بکەم، براکەم "فرانچسکۆ" هاتە ژوورەوە. دەبێت بڵێم من و ئەو دووانە بووین و ئەوەی، کە دەڵێن هەر کارێک کە یەکێک لە دووانەکان بیکات ئەوی دیکەش هەمان کار ئەنجام دەدات، لانیکەم لەمەڕ ئێمە بەڕاست دەگەڕا، تەنانەت نەخۆشی یان مەرگ. ئیتر ئەوەی کە براکەم بە قژ و فڕی کورت و جلوبەرگێکی شیکو لەباری کوڕانەو لە بنەماڵەیەکی بە ئابڕو و ناودار رۆیشتە هۆڵەندا، بەڵام دوایی شڕۆڵ و بەرگ شڕو هیپی لەوێوە گەڕایەوەو لەوەوە بەدوا ئیتر لە کۆڕی بنەماڵەی ئێمەدا نەدەژیا، بەڵکو لەگەڵ کۆمەڵێک کوڕو کچی وەک خۆی لەنێو ئاپارتومانێک لە نزیک "کەمپۆدی فیۆری" دەژیاو ئەمە بۆ من زۆر زەجرهێنەر بوو، چونکە هەروەک وتم، دووانەکان لە دووری یەکتر رەنج و ئازار دەچێژن، جیا لەوەش من بە تەواوەتی فرانچسکۆم دەپەرست و هەموو شتێکم لە چاوی ئەوەوە دەدیت، بە گشتی ئەو بۆ من لە جێی خودای سەر زەوی بوو.

رێک کاتێک خەریکبووم ژێر کراسەکەم لەبەر دەکرد ئەو هاتە ناوەوەو بێ راوەستان منی دایە بەر وشەی ناحەزو سووکایەتی:

ـ ئەی بووکەڵەی بۆرژوا، ورچی زەلام، کۆیلە.

لە درێژەدا وتی:

ـ لە زنجیرێکەوە دەکەوییە نێو زنجیرێکی دیکە.

مەبەستی زنجیرە دووکانەکانی باوکمان‌و باوکی ئاتیلیۆ بوو. راستییەکەی من لەو کاتەدا کۆنترۆڵی خۆم لە دەستداو خراپ وەڵاممدایەوە. ئەو زللەیەکی سرەواندە بناگوێم، منیش وەڵاممدایەوە. ئەو چنگی خستە ناو قژم، منیش ئەو کارەمکردو لە حاڵێکدا ئاوقەی یەکتر ببووین‌و لێکماندەدا، لەپێش چاوی بەرگدرووی راڕاییەوە لەسەر عەرز دەتلاینەوە. لە ئەنجامدا ئەو دەرگاکەی پێکداداو هەڵات و منیش گریان و پەشێوحاڵ لەسەر موبیلەکە بوورامەوە.

برایەکی خۆپەسەند، ئەویش برای هاولفت بێ، چ قازانجێکی هەیە؟ لەوەی خراپ وەڵاممدابۆوە تەواوی ئەو رۆژە پەشیمان بووم، هەستمدەکرد کە خۆشحاڵی بۆ زەماوەند، لە دیاریی دایک و باوکی چاوچنۆک و رژد دەچێت، کە بووکەڵەیەکی ناحەز دەخەنە باوەشت و دەڵێن: ((پەکوو، چەندە جوانە))

و تۆ لەوکاتەدا باوەڕ دەکەیت و پێتوایە ئەو بووکەڵەیە بە راستی جوانە و دواتر، کە بە تەنیات دەهێڵن، تێدەگەیت کە زۆریش ناحەزە و پەرتی دەکەیت. لەبەر ئەوە بوو کە هەر ئەو شەوە لە پڕدا لە خەو راپەڕیمو بەبێ ئەوەی، کە ئەوەندە بیری لێبکەمەوە، شەرواڵ و کراسێکم لەبەرکرد و بە هێواشی لە ماڵ دەرکەوتم و بێ راوەستان رۆیشتم بۆ ((کەمپودی فیۆری)).

قاتی ئاخری خانوویەکی کۆن، کە دەرگاکەی نیوەباز بوو لە تاریکیدا ریزە دیوێکی پڕ لە تەختە خەوم تێپەڕاند. رێک وەکو خەوتنگەیەکی راستەقینە وابوو. لە لای تەختە خەوێک کە وادیار بوو بە تاڵە جلەکانم داکەند و چوومە ژێر بەتانییەکەوە، بەڵام تەختە خەوەکە بە تاڵ نەبوو.

دواتر کەسێک لە تاریکیدا وتی:

ـ ناوی من فابیویە. تۆچی؟

دەمتوانی لە وەڵامیدا تەنیا بڵێم ناوم((چی چیلیا))یە، بەڵام نازانم بۆ وتم:

ـ خوشکی فرانچسکۆم.

بەم شێوەیە ژیانی من لەگەڵ گرووپ لە کەمپۆدی فیۆری دەستیپێکرد. نازانم بۆ بنەماڵەکەم و زاوام جێهێشتووە، نەمدەزانی بۆ لەگەڵ ئەو گرووپە دەژیم، بەڵام لە دڵەوە هەستم بە ئارامیو ئاسایش دەکرد، چونکە دەمزانی، کە براکەم لەباتی من هۆکارەکەی دەزانێت و هەر ئەمەم بۆ بەس بوو. هەر بۆیە کاتێک فرانچسکۆ وتی دەمانەوێت بڕۆین بۆ وڵاتێک بە ناوی نیپاڵ لە وەڵامیدا هیچم بۆ وتن نەبوو، تەنیا پرسیارمکرد کە ئاخۆ پێویست دەکات، کە دایک و باوکمان ئاگادار بکەینەوە یان نا، ئەویش زۆر بە بێوازییەوە وەڵامیدایەوە کە دایک و باوکێک لە ئارادا نیین.

قەناعەتم بەو وەڵامە هێنا و ئیتر دەنگم دەرنەهات.

لە باسکردن لە سەفەرەکەمان هەر ئەوەندە دەڵێم، کە مانگی نوفامبەر حەرەکەتمانکرد و کاتێک گەیشتینە نیپاڵ مانگی ژوئەن بوو. پرسیارم لێمەکەن، کە بۆ گەیشتن بەوەی لە کام وڵاتان تێپەرین، چونکە منیش ئەمەم لە براکەم نەپرسی و تەنانەت ئەمڕۆش ناویان نازانم. تەنیا بە شێوەی ناڕوون لە بیرمە، کە چەندین شەمەندەفەر، پاس، ئۆتۆبووسو تەنانەت سواری گالیسکەش بووین. چوارکەس بووین:

فرانچسکۆ، فابیۆ، کچێک بە ناوی جواناو ئەمن. من و فابیۆ عاشق و ماشق بووین، بەڵام جواناو فرانچسکۆ نا.

لە نیپاڵ رۆیشتین بۆ ((کاتماندۆ))، یانی پایتەختی ئەو وڵاتە کە لە

ناوچەیەکی سەرسەوز و ئاوەداندایە و مرۆڤ دەخاتەوە بیری ئیتالیا. جیا لەمە نیپاڵ بە هۆی ڕێژەی میحراب، مزگەوتەکان، کڵێساو خانەقاو پەرستگەکانو ئەو شوێنانەی، کە تەرخانکراون بۆ مەسیحیان، واتا بوودا، هاوشێوەی ئیتالیایە. کەناری شین و ئاسمانیی کوێستان و کێوە گەورە و داپۆشراوەکان لە بەفر، لە ئاسمانی سپیدا دەبینرێت. کاتماندۆ شارێکی گچکەیە، کە کۆڵانگەلێکی بەردچنی سپیی هەیە، بەو جۆگەلە ئاوەی کە لە نێوان ئەو ماڵانەی بە داری قاوەیی کۆن سازکراون، تێدەپەڕێت، ڕێک لە ئالپ دەچێت. لەبەرئەوەی ئیدی سکەمان کەوتبووە سەر ساجی عەلی، چونکە لە ماوەی سەفەرەکەماندا تەواوی پارەکانمان خەرجکردبوو، نەڕۆیشتینە میوانخانە، بەڵکو لە یەکێک لەو کۆڵانە بەردچن کراوانە، لە لای ژنێکی نیپاڵی دیوێکمان بەکرێ گرت. مێردی ئەو ژنە نیپاڵییە، کە تەنیا کۆتێکی لە بەردەکرد و فۆتەیەکی دەپێچایە سمتە رووتەکەیەوە، حەماڵی دەکرد و هەمیشە بەدوای بارکێشانەوە بوو، ئەو ژنە رۆژڕەشە، بە ئەنجامدانی کارگەلی نابەجێ و بەکرێدانی جووتێک دیوو بژیوی ژیانیانی دابین دەکرد، بەڵام بڵێم چ دیوێک، لە راستیدا دەبێت بڵێی گەوڕ. ئەو خانووە بەو تیرئاسنە گەورانەو تیرەکێک، کە لە سەری بوو لە کۆخ و کۆڵیتەکانی ئالپ دەچوو. کەفی دیوەکە خۆڵ بوو، هیچ کەلوپەلێکی تیانەبوو و دەبووایە لەسەر کاو کۆڵەش بخەوتینایە.

ژیانی زیارەتکەرانمان کاسەیەکەوە پێش و بە پیاڵەیەک بە دوای سەدەقەدا دەگەڕاین، پاشان لەژێر هەتاو و لە رووبەڕووی دیواری خانەقایەک، لەسەر عەرز هەڵدەترووشکاینو هەرچیمان هەبوو پێکەوە دەمانخوارد، بەڵام زۆریان خێر نەدەکرد، چونکە نیپاڵ پڕ بوو لە کەسانی وەک ئێمە کە لەگەڵمان رکەبەرێیان دەکرد. کەوابوو دەبووایە بە فرۆشتنی خرخاڵو ئەڵقەو ملوانکەکانمان یان بە ئەنجامدانی کارگەلێک بۆ تووریستەکان ژیانی خۆمان دابین بکردایە. هەر بۆیە لەلایەک لەبەرئەوەی غەزای کەممان دەخوارد، هەستمدەکرد لە برسان، گێژ و وڕ بوومو لەلایەکی دیکەشەوە بەو هۆیەی لە ماوەی سەفەردا فێرببووم خۆم بە ویستەکانی براکەم بسپێرم، پتر لە پێشوو لە هەمبەر ئەوەی کە بۆم دەهاتە پێش و ئەو بەهاو کەسایەتییەی کە پێی دەگەیشتم، کەمتەرخەم و بێواز بووم. خەریکبوو دەبووم بە چ بوونەوەرێک؟ هەندێک کات بە تەواوەتی هەوڵمدەدا وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارە ببینمەوەو ئەوکات خۆم بەو چەشنەی کە بووم دەدیت: قژ و مووی پیس

و ئاڵۆز و شێواو، بە رووخساری پڕ لە چڵکو چەپەڵی، دەستەکانمان بە نینۆکی رەش و لاقی قوڕاوی، تەنانەت تێگەیشتم کە لە جلوبەرگە دڕاو شڕو کۆنەکان و لە لاشەم، کە هیچکات رەنگی ئاوی بەخۆوە نەدەدیت، بۆنێکی ناخۆشی هەڵدەستێت. رۆژێک لە رۆژان، لەسەر حەوزێکی مەڕمەڕی کە تێیدا پەیکەرێک لە بوودا لە نێوان گەڵاو گوڵە نیلووفەرە شینەکاندا بوو، دانەویمەوە و رووخساری خۆم لە ئاوەکەدا دیت. راستییەکەی سەرەتا خۆم نەناسییەوە. واتا کەسێکی دیکە بووم یان ئەوەی، کە ئەگەری زۆر بوو کە ئیدی هیچ کەسێک نەبووم. جارێکیان، کاسە بەدەست رووبەڕووی تەیمانی پەرستگەیەک پاڵمدابۆوە کە قسەکانی گرووپێکی توریستی شیکپۆشی ئیتالیاییم لەمەڕ خۆم بیست: ((هەژارە، ناکرێت)).

ئەوکات زمانم لێدەرهێنان و ئەوان لەوێ دوورکەوتنەوە.

پارەمان پێنەمابوو رۆژێکیان فرانچسکۆ، وەک ئەوەی بڵێیی کارێکی ئاسایی و سروشتی بێت وتی: کە ئیتر تەنیا سامان و سەرمایەمان، ئێمەی دوو ژنین، واتا من و ((جوانا))و ئێمە هەردووکمان دەبێت هەوڵبدەین پیاوان بخەینە داوو پارەیان لێبستێنین، دەنا هەر چوارمان لە برسان دەمرین. لەمەڕ ئەم مەسەلەیە وتووێژو راوێژمانکرد و من وەک هەمیشە لایەنی فرانچسکۆم گرت، بەڵام فابیۆو جوانا قبووڵیان نەکردو مەسەلەی ئەخلاقییان هێنایە پێش، دەڵێییت هێشتا لە ئیتاڵیا بووین‌و هیچکام لەو رووداوانە روویان نەدابوو. لە ئەنجامدا فابیۆ و جوانا وتیان، کە لەلای ئێمە دەڕۆن ئەوان ئێمەیان بەجێهێشت و رۆیشتن و ئێمە هەر لەوێ ماینەوە. رۆژی دوایی هەمان ئەو کارەمکرد، کە فرانچسکۆ چاوەڕوانیی لێمدەکرد. رەنگە هێندێک بڵێن کە چۆن دەکرێت ئەو بە دوای پیاودا بگەڕێت بۆ من و من قبووڵیان بکەم . بەڵام مرۆڤ تاکو خۆی لەوەها دۆخێکدا گیر نەکات ناتوانێت داوەری بکات. باس لە برسێتی‌و چارەڕەشی ناکەم، پتر لە گشت، قسەم لە حاڵەت‌و دۆخێکی تایبەتە، کە تێیدا چەقیبووین.

کاتێک براکەم وەها ویستێکی نائاسایی لە من هەبوو پتر لە رابردوو گوێڕایەڵی داواکەی بووم. داواکردنی هەموو شتە ئاساییەکان، رەوایە و من فرانچسکۆم بە وردی لەو روانگەیەوە دەناسی، کە داواگەلێکی لە من هەبوو کە جگە لەو هیچ کەسێکی دیکە ئەو بوێرییەی نەبوو.

رەنگە نزیکەی دوو مانگ هەر بەو چەشنە گوزەرانمان، بەڵام دوایی شەوێکیان فرانچسکۆ درەنگ هاتەوە ماڵ.

من لە خەودا بووم، هات و بە پەلە بە منی وت:

ـ هەستە، دەمانەوێت بڕۆین.

دەنگی ئارام بوو. هەر بۆیە من هیچ شک و گومانێکم نەکرد. پرسیارمکرد:

ـ بۆ کوێ بڕۆین؟

ـ بۆ دەرەوە.

ـ بەڵام کات لە نیوەشەویش تێپەڕیووە!

ـ دەبێت پێش ئەوەی ڕۆژ بێتەوە لە شار دوور بکەوینەوە.

ـ ئاخر بۆچی؟

ـ چونکە ئەگەر بمێنینەوە دێن و دەمانگرن.

ـ چ کەسانێک؟

ـ دەباشە، ئامادەی؟

هەستایە سەر پێ. نزیکی دەرگاکە بوو. منیش ئارام و گوێڕایەڵ هەستامە سەرپێ. دواتر کارێکی سەیری ئەنجامدا. دەرگاکەی کردەوە و دووبارە بەستی و ڕۆیشت لە دیوەکە و لەسەر دۆشەکە کاییەکە ڕاکشاو هەروەک خۆی دەخونجکاند وتی:

ـ ئیتر باشە زۆر ڕێگەمان بڕی. ئێستا دەتوانین بحەسێینەوە. زۆر لە شار دوور کەوتووینەوە.

تێگەیشتم، کە لە خەیاڵدایە و پێیوایە لەگەڵ من لە ماڵ دەرکەوتووە، بە درێژایی شەو ڕێگای بڕیوە و ئێستا میوانی خانوویەکی دیکەی نیپاڵییە، کە زۆر هاوشێوەی خانووی شوێنی ژیانمانە، هەموو ئەمانە لە مەودایەکی زەمەنیی کورتدا کە لەبەر دەرگاکە بەسەر پێوە ڕاوەستابوو بە زەینیدا هاتبوو. بە گشتی وڕینەی دەکرد. لە پەنای هەڵترووشکام، دەستمگرت و بە خەبەرم هێنا. درێژەی بە قسەکردندا.

لە کاتی وڕینەدا پێیوابوو لەگەڵ من هەڵاتووە و کەسێک دوامان کەوتووە و بەرەبەرە لێمان نزیک دەبێتەوە. لە ئەنجامدا وتی:

ـ پێمووایە دەبێت لێک جودابینەوە.

بەڵام من نەمزانی، کە ئەم قسەیەشی وڕینە بوو، یان ئەوەی کە ئاگای لە خۆ بوو. مەبەستی ئەوە بوو کە خەریکە دەمرێت.

سەیرە کە لە ماوەی ئەو شەو و ڕۆژە و ڕۆژی دواتریش هیچ لە فیکری چارەسەری و بەدوای دکتۆر و پزیشکدا نەبووم، تەسلیم بووم، نە بە شێوەیەکی ناچاری، بەو چەشنەی کە لە ئەورووپا لە هەمبەر شتە

حاشاهەڵنەگرەکاندا تەسلیم دەبن، بەڵکو بە پێچەوانەوە تەسلیمی ئەودیوی دنیا و ژیان دەبن، کە چەشنێک هەڵبژاردنە. بەڵام پێموابوو کە ئەگەر فرانچسکۆ خەریکە دەمرێـت، بەو مانایە بوو کە ئارەزووی مەرگی هەیەو هۆکاری ئەو مەیلو حەزەشی دەزانیو منیش وەکو هەمیشە دەبێت ملکەچ و گوێڕایەڵ بم. بەم فیکرو خەیاڵەوە خەوم لێکەوت. هەر بۆیە فرانچسکۆ لە راستیدا تەنیای تەنیا مرد، چونکە من لە خەودا بووم و ئاگام لێنەبوو. باقییەکەی ئیتر هیچ بایەخ و بەهایەکی نییە. زەمان هەر وەک لەو وڕینەکەی فرانچسکۆدا تێدەپەڕی، بە مێشکمدا هات و پێموابوو بەجێی دوو ساڵ، تەنیا چەند خولەکێک لە زەمانێک کە بۆ ژیان لەگەڵ گرووپ رۆیشتبووم تێپەریوە. بەم چەشنە دووبارە خۆم لە جێی هەمان کەس دانا کە لەناو ماڵو بنەماڵەم لە رۆما. بە هاتنی دەسگیرانەکەم ئاتیلیۆ، بۆ ماوەیەک کە لە ئاسیا ژیابووم زیاتر لەلام وەک مۆتەکە وابوو. لە ئەنجامدا هەرچی بێت من لەگەڵ براکەم یان رەنگە خۆشەویستەکەم هەڵاتبووم. دایک و بابم باسی زەماوەندیان هێنایەوە پێش و من نەمدەزانی چ بکەم. پاشان شەوێکیان فرانچسکۆ هاتە خەوم و پێیووتم دەبێت زەماوەند بکەم و کەسیش لە ئاتیلیۆ بۆم باشتر نییە. خودی خۆی بوو، تەنیا ئەوە بوو کە دەیتوانی وەها شتێکم پێ بڵێت، بەخەبەر هاتم و تێگەیشتم کە فرانچسکۆ بەجێی نەهێشتوومو بە تەواوەتی هەستم بە ئارامی و ئاسایشکرد.

# وەسوەسە

و. عەبدولكەریم شێخانی

باوەڕناكەم وەسوەسە هیچ مرۆڤێكی وەك خاتوو نانسی و (كلاید هاوس)ی مێردە قوڕبەسەرەكەی ئازار دابێت... ئەو خاتوونە جەهێڵە جوانەی هەموو لاوانی گوزەرەكە-كە منیش یەكێك بووم لەوان- ئاواتی ئەوە بوو بیهێنێ، كەچی ئەو ژنە بوو بە مایەی دەردەسەریی بۆ مێردە كلۆڵەكەی هاوڕێمان... خوا یارمەتیدەری بێت.

هەموو شەوێك لە چەند چركەیەك بـەولاوە كلاید لەنێو جێگەكەیدا ناحەسێتەوە، چونكە نانسی هەر كە چاوی دەنووقێنێ خەیاڵی بێ بنەما دایدەگرێت و بە دەنگێكی پڕ لە ترس و لەرزەوە بانگی مێردەكەی دەكات:

-كلاید...

– ها...

– دەرگای پشتەوەت داخستووە؟

– بەڵێ... دووجاریش بۆ دڵنیایی دەستم لێ داوە.

– دیسان هەر کە کلاید دەبۆرژێ و چاوی دەچێتە خەو دەنگی نانسی دێتە بەرگوێی:

-کلاید.

-ها.

– پێش ئەوەی بنووسین، ئەو جگەرەیەی دەتکێشا کوژاندتەوە؟

– بەڵێ، بۆ؟

– بۆنی شتێک دەکەم کە دەسووتێ.

ئەو کلۆڵە بە ترس و لەرزەوە لەنێو جێگەکەی هەڵدەستێ و دەچێت ماڵەکە بەسەر دەکاتەوە، بەڵام هیچ شتێک نابینێت و دەگەڕێتەوە بۆ ناو جێگەکەی. سەرەنجام ئەگەر بتوانێت کەمێک چاو لێک نێت، گوێی لە نانسی دەبێت دەڵێت:

– کلاید...

– نانسی... تکات لێدەکەم واز لەو خەیاڵە پڕو پووچانە بێنە.

– کلاید ببوورە... بەڵام واتێ بگەم بیرمان چووە دەرگای گەراجەکە داخەین.

– ئینجا تۆ هەقت بەسەر ئەوەوە چییە؟ ئەگەر ئۆتۆمبێلەکە دزرا، یەکێکی کە دەکڕمەوە... من خۆم بەرپرسی ئەوەم.

ئەو قوڕبەسەرە لەو سەر ئێشانە رزگاری نابێت، بۆیە هەڵدەستێت و دەچێت لە ژوورەکەی سەرەوە لەسەربان دەخەوێت!

***

وا رێککەوت دەوروبەری مانگێک لەمەوبەر، کلایدو نانسی بڕیاریان دا پشووی کۆتایی هەفتە لە (لۆس ئنجیلۆس) دووسەد کیلۆمەتر لە گوندەکەی خۆمان دوورە، ببەنە سەر. بۆ ئەمەش کلاید ژوورێکی خۆشی لە پانسیۆنێک گرتبوو کە دەیڕوانییە سەر باخچەیەک.

کلاید کە گەیشت زۆر ماندوو بوو، دوای ئەوەی لەو ماوە دوورو درێژەدا بەشەو ئۆتۆمبێلی لێ خوڕیبوو. دنیا باران بوو و تەمیش بڵاو ببووەوە، ئەمەش چاوی هیلاک کردبوو، بۆیە هەر کە نانی ئێوارەی خوارد، یەکسەر چووە سەرجێگەکەی و خەوی لێکەوت، بەڵام لە چەند چرکەیەک بەو لاوە خۆشیی لە خەوەکەی نەدی، چونکە هەستی بە پەنجەی ژنەکەی کرد لە خەو خەبەری کردەوە.

لەکاتێکدا دەیویست بنوێتەوە، وتی:

نانسی ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە وەلانێ... ئێمە ئێستا لە دەرەوەی ماڵی خۆمانین و دەرگامان داخستبێت یان بەکراوەیی جێمان هێشتبێت وەکو یەک وایە، چونکە خانووەکە خانووی خۆمان نییەو ئێمە لێی بەرپرس نیین.

– ببوورە کلاید کە نیگەرانم کردی، بەڵام مەسەلەکە گرنگە.

– کام مەسەلە؟!

– دێتەوە بیرم کاتێک کە پێش هاتنە دەرەوە جلەکانم ئوتوو دەکرد، وا تێ بگەم بیرم چووە پلاکی ئوتووەکە دەربهێنم و ئوتووەکەشم لەسەر قوماشی مێزەکە جێ هێشتووە.

کلاید لەسەر پێخەفەکەی دانیشت و دوای ئەوەی لە تووڕەییان تفی قووت دایەوە، وتی:

– نانسی گومان لەوەدا نییە کە تۆ پلاکەکەت دەرهێناوە، بخەوەو دڵنیابە.

نانسی کەمێک بێ دەنگ بوو، ئینجا وتی:

– کلاید... من دڵنیا نییم.

– ئەی چی بکەین؟! دەتەوێت ئێستا هەستم و بگەڕێمەوە بۆ ناو دێ، تا دڵنیابم لەوەی سەرە پلاکەکەت لە سویچەکە دەرهێناوە؟!

– نازانم.

دوای ئەوە دەستی کرد بە گریان.

کلاید کەمێک بیری کردەوەو ئینجا وتی:

– گوێ بگرە... وا تێ بگەم دەتوانم قسە لەگەڵ (دان)ی دراوسێمان بکەم بۆئەوەی لەم مەسەلەیە دڵنیامان کاتەوە... خۆشبەختانەش ئێمە کلیلەکەمان لە سندوقی پۆستەدا جێهێشتووە.

ئینجا هەستاو رۆبەکەی لەبەر کردو چوو بەلای دەرگای خاوەن پاسیۆنەکەو پووزشی بۆ هێنایەوە سەبارەت بەوەی نیگەرانیی بۆ پەیداکردووە و مۆڵەتی لێ خواست کە تەلەفۆنەکە بەکاربێنێت. پەیوەندیی بە (دان)ەوە کرد و ئیسراحەتی لێ تێک دا... ئەو پیاوە قبووڵی کرد ئەو کارەی بۆ بکات و پێی گوت کە دوای جێبەجێکردنی راسپاردەکەی پەیوەندیی پێوە دەکاتەوە.

کلاید گەڕایەوە ژوورەکەی خۆیان تا ژنەکەی دڵنیاکاتەوە، ژنەکەی هەر لەسەر جێگەکەی بەنیگەرانیی مایەوەو چاوەڕوانیی تەلەفۆنەکەی دەکرد، بەڵام تەلەفۆنەکە دواکەوت. نانسی هاتەوە قسەو وتی:

– کلاید، من زۆر بڕوام بە دان نییە... تۆ خۆت دەزانی کە ئەو رقی لە ئێمەیە.

- ئینجا تۆ پێت وایە چ دەکات؟!
- نازانم، بەڵام ئەمە هەڵێکە و ئێمە بۆمان رەخساندووە تا تۆڵەمان لێ بکاتەوە... چ شتێک رێی ئەوەی لێ دەگرێ کە پلاکەکە وەک خۆی جێ بهێڵێ و ئاگرەکە خۆشتر بکات؟!
- بڕوات بێ "دان" پیاوێکی شەریفە، هەر چەندە کێبەرکێیەک لەگەڵ مندا دەکات... لەوە دڵنیابەو بنوو.

نانسی دەستی بە گریانێ کردەوەو وتی:

- کلاید. بمبوورە... من دەبمە سەرئێشەی زۆر بۆت...، بەڵام دەترسم.
- ئەی چی بکەین؟
- بۆ بیرت لە میستەر سوینی نەکردەوە، ئەو خۆشی دەوێین و باوەڕیش ناکەم لە یارمەتیدانمان دوا بکەوێت.

کلاید کەمێک بیری کردەوە، دوای ئەوە هەستاو رۆبەکەی لەبەر کرد و چوو لە دەرگاو ژووری خاوەن پانسیۆکەی داو داوای لێ بووردنی لێ کرد و پرسی ئایا رێی پێدەدا تەلەفۆنێک بکات...

کابرا لە کاتێکدا ئاگری تووڕەیی لە چاویدا دیار بوو، رازی بوو.

کلاید پەیوەندیی بە میستەر "سوینی"یەوە کرد.

لەو کاتەدا دان هەوڵی دەدا پەیوەندیی بە کلایدەوە بکات بۆ ئەوەی دڵنیای بکات کە ماڵەکەی بە سەر کردووەتەوەو دیویەتی پلاکەکە هێنراوەتە دەرو ئوتووەکەش سارده وەک بەفرو هەموو شتێک بە دڵی ئەوانە...، بەڵام نەیتوانی پەیوەندیی بە کلایدەوە بکات، چونکە تەلەفۆنەکە گیرابوو... بۆیە دوای ئەوەی (دان) نائومێد بوو لە پەیوەندیی کردن بە کلایدەوە، بڕیاری دا بچێتەوە سەر جێگەی خەوتنەکەیەوە، چونکە هەموو شتێک وەکو پێویست وا بوو.

هەر کە لەسەر جێگەکەی راکشا، گوێی لێ بوو یەکێک دەرگای ماڵەکەی کلایدی کردەوەو (دان) لە جێگەکەی راپەڕی و دەمانچەکەی گرت بە دەستەوەو چوو خزیە ناو ماڵەکەوەو دیتی میستەر "سوینی"لەوێیە. لەبەر ئەوەی نەیدەناسی لێیان بوو بە شەڕ و پۆلیس گوێی لە دەنگە دەنگەکەیان بوو، هەردووکیانیان دانە پێش خۆیان بۆ پۆلیسخانە.

هەموو ئەمانەو کلاید و ژنەکەی چاوەڕوانی تەلەفۆنن لە یەکێک لەو دووانە، دوای ئەوەی کە نانسی ئارامی لێ هەڵگیرا، وتی:

- کلاید... هیچ گومانم لەوەدا نییە کە ماڵەکە ئاگری تێ بەربووەو دەسووتێت.

کلاید له کاتێکدا که له‌به‌ر تووڕه‌یی خه‌ریک بوو گڕبگرێ، وتی:

- ئینجا چییه، با بسووتێ، ماڵه‌که ته‌ئمین کراوه... ده‌مه‌وێت بنووم.
- نا، کلاید... وا بزانم له بیرت چووه قیستی ئه‌م مانگه‌ی ته‌ئمین بده‌یت.
- دڵنیابه که داومه.
- کلاید... وابزانم باشترین شت ئه‌وه‌یه که په‌یوه‌ندیی به کارمه‌ندانی ئاگرکوژاندنه‌وه بکه‌یت، بۆ ئه‌وه‌ی دڵنیامان بکه‌نه‌وه.
- نانسی... ئه‌مه شتێتییه... ئێستا تۆ ناته‌وێت بنوویت؟

نانسی ده‌ستی به گریان کرده‌وه...

کلایدی قوڕ به‌سه‌ر دیسان هه‌ستاو رۆبه‌که‌ی له‌به‌رکردو بۆ جاری سێیه‌م له ده‌رگای خاوه‌ن پانسیۆنه‌که‌ی دا.

کابرا هاواری کرد:

- گه‌وره‌م، ژنه‌که‌ت به‌ره ده‌رێ و لێره بڕۆ... ده‌مه‌وێت تاوێک بحه‌سێمه‌وه.
- ببووره... ئه‌مه‌یان دواجاره.

کلاید په‌یوه‌ندیی به کارمه‌ندانی ئاگرکوژاندنه‌وه کردو گه‌ڕایه‌وه بۆ لای ژنه‌که‌ی و وتی:

- دڵنیابه، ئه‌گه‌ر شتێک هه‌بێت په‌یوه‌ندیمان پێوه ده‌که‌ن... بنوو. نانسی نووست، به‌ڵام نووستنێکی پڕ له شڵه‌ژاویی!

***

کاتێک کلاید و نانسی سه‌ر له ئێواره‌ی رۆژی یه‌کشه‌ممه گه‌ڕانه‌وه، له ترسان بوورانه‌وه...

که پۆلیس (دان و سوینی)یان پێش خۆیان دابوو بۆ پۆلیسخانه، بیریان چووبوو کلیله‌که له‌نێو سندووقی پۆسته دابنێن کاتێکیش کارمه‌ندانی ئاگرکوژاندنه‌وه چووبوون، کلیلی ماڵه‌که‌یان نه‌دۆزیبووه‌وه، بۆیه ده‌رگاکانی ماڵه‌که‌یان به ته‌ور شکاندبوو، که چووبوونه ده‌ره‌وه هیچ ده‌رگایه‌کیان دانه‌خستبوو، بۆیه به‌درێژایی رۆژی یه‌کشه‌ممه ماڵه‌که هه‌ر کرابووه‌وه‌و منداڵه دراوسێش ئه‌مه‌یان به هه‌ل زانیبوو، ئه‌و رۆژه هه‌ر چووبوونه ژووره‌وه‌و هاتبوونه ده‌رێ تا شوێنی ئاگرکه‌وتنه‌وه‌که ببینن و هه‌ریه‌که‌و ئه‌وه‌ی ویستبووی، بردبووی.

**له ئینگلیزییه‌وه کراوه به عه‌ره‌بی**

**له گۆڤاری (المصور)ی میسری وه‌رگێڕداوه**

# ئاشووبی ناوە نەزانراوەکە

**نووسینی: عباس عەبدجاسم**
**و: سەلاح جەلال**

سەرەتای ئاشووب – ناسینی ناوی نەزانراو

نەفری

ئەوەی تائێستا روویدا: ڕێگایەکی هەڵخەڵتێنەر بوو بۆ هەستەکان، چرپەی دایالۆگێک لەنێوان دوو کەسدا بەیەکدەگەیشت، یەکێکیان سەگێک ڕێبەری بوو، دەتوانم بە تەواویی جێگەکەی دیاری بکەم، ئەو دەوری پەردە دادراوەکانی دەدا و سێبەر بەدیوارەکاندا هەڵدەگەڕا، بەردەوام دوای سەگەکە دەکەوێت کە ئێسقانی پاشکۆیەتییەکەی پێیە، چرپەیەکی ئابڕووبەر بە فیشکەیەکی بەهێزەوە لەسەرینی ئاشووبەکەوە دەهات، لێکخشاندنێکی شاراوە لە تاریکیەکەوە بۆ هێشووی نێرێتییەکە دەهات، زیاتر گوێم هەڵخست و گوێچکەکانم سەرقاڵی ئەو شتانە بوون کە دەمبیستن: چاڵ یان هەڵکۆڵین لەسەر دیوارەکانی تاریکیی، بۆنی ئاشوب بەبێ ئابڕوویی خۆی پەنا دەدا، ورتە ورتێک لەنێوان دەرگا و پەنجەرەکەوە دەهات، من خەیاڵ لە چرپەی ئەو دەنگانە دەکەمەوە کە بۆلام دێن: سمی ئەسپەکان یان ئەو پێیانەی کە گیای باخچەکە دەشێلن، کەسێک لەخوار دیوارەکەوە هەڵمیزا، دەستێک بۆ تەوقەکردن درێژ دەبێت، بە جووڵەیەکی گوماناوییەوە لە پەنجەرەکە نزیک بووەوە، کتوپڕ دیالۆگەکە پچڕا، لە نیشانەکانی فێڵبازییەوە: بێدەنگیەکی بزۆک لە دەرەوە بەردەوامە، بێدەنگی بەهێزێکی ئاڵۆزەوە خشەی دەهات: گژوگیا گەمەی ورووژاندنێکی ئاڵۆزیان گرتبوو، با شووشەی پەنجەرەکانی دەکوتی یان لە دەرگاکانی دەدا،

پەراوێز ———————————— نادیارەکە

نادیارەکە ناوی کۆکەرەوەیە
بۆ پیتەکانی ئاشووبەکە
خۆی دەنوێنێت لە (پۆشاکی
سەروەریتی نەدەرگا ڕێگریی دەکات
نە قفڵیش دەبێتە بەربەست)...

؟!

وندەبێت و بە کتوپڕیی دەردەکەوێتەوە
بەبێ بەڵگەیەکی بەهێز لەسەری
کەس ئاشکرای ناکات
لە ترسی ئاشووبەکە...

لەنازناوەکانی: کپکراوەکە، لاڵەکە،
حەتمییەکە، ئاڵوزەکە، بەهێزەکە،

چوونەژوورەوە شێوەیەکی کتوپڕی دەگرت و شکۆی گوڵەکەش بە سپییەکی ڕەشباو پۆشرا بوو، بە جۆرێک هەڵکەوتبوو کە بیری لێ نەدەکرایەوە، چاوەکانم لە ڕێگەی خەیاڵێکی کاڵەوە ڕاستییەکانی لرف دەدا، هەناسەهەڵکێشانی بەرز، سەری ڕووەو خوارەوە و سنگی ڕووەو سەرەوە، ئارەزووشی بزووتنەوەیەکی بێ بەژن بوو، هەناسەیەکی ئاڵۆز و لورەیەکی کپکراو، من هەموو شتێک بە ڕوونی دەبیستم: قروسکەی سەگەکە، کتوپڕ لە وەڕینەکەی وەستا، هەناسە بڕکێیەک کە قورگی گرتبوو، خۆشاراوەکە لە سێ لاوە چاودێریی دەکردم و بۆنی نهێنییەکە لە کراسی ئاشوبەکەوە دەهات،

گوڵەکە
بۆ دۆزەخیەکە،
یان
گوڵی پشکوتوو
مەرگەکە،

گوڵی پشکوتوو،
سپێدەکە،
یان
خوێن
ئاسۆکە،

گوڵ
گوڵنارەکە،
یان
گوڵی پشکوتوو
ئاگرەکە،

گوڵی پشکوتوو،
سێوەکە،
یان
سێو
ئادەم،

گوڵی پشکوتوو
ڕۆژەکە،
یان
گوڵی پشکوتوو
ئادەمیەکە

## پەراوێزی گوڵەکە

گوڵی پشکوتوو
بینەر
یان
خوێنی
هەنار
شکۆی ـــــــــــــــــــــــــ گوڵەکە

بریسکە و چێوەی بەلەپیتکەکە، پەنجەی شایەتییەکە لەگەڵ ناوە نادیارەکەدا دیالۆگ دەکات، ملوانکەی سەگەکە لە ئاڵتوون بوو، دیالۆگێک لە سەریەوە بۆ جەستەی بەرزو نزم دەبوو، دووپشکی کاتەکە لە دەوری شکۆی گوڵەکە نزیکبووەوە. پەنجەی شایەتییەکە بە خەیاڵ لە ژێر قورسایی هەستدا بوو، وەک خەنجەرێک لاسکی گوڵ بقرتێنێت، یان داسی مانگ، هێشووی نێرێتی ببڕێت، لیتەکە رکابەری نادیار بوو، سەگە بەوەفاکە رێبەریی ناپاکییەکە بوو، لە لەرینەوەی توێژی بێوەییەوە، نێرێتی رۆژ بە مێینەیتی شەوەوە دەلکا، ئەم نیشتمانە بێوەیە، پرسیار دەکەم و شکۆی گوڵەکە دەست لە پرسیارکردن هەڵناگرێت: بۆچی سەگەدڕەکە وازی لە شەڕکردن هێنا؟ لەوانەیە هۆی شکۆی مەزنی پاشکۆیەتییەکە بێت ؟، سەری دانەواند، لەسەر پاشووی دانیشت و دوایی دەست و قاچی دواوەی بۆسەرەوە بەرزکردەوە، گیای وشک بە هێزێکی شاراوەوە دەوەرین، چەند هەنگاوێک لە سم و پێکانەوە دەکەوتنە نێو راڕەوەکان، هەراو تێکچوونێک لەناوەوەی باخچەکەدا.

. . . . . . . . . . .

. . . . . . . . . . .

. . . . . . . . . . .

. . . . . . . . . . .

. . . . . . . . . . !!

پەراوێزی ئاشووبەکە

**کیلەکانی غەرناتە/ سێوی حەوا/ باخچەی بەخشندە**

***کراسی (عوسمان)***

هاوارێکی
بەرز
لە
شەودا
کە خەوتوو
هەڵدەستێنێت

***کراسی (....)***

*ئاشووب*
*ناوی*
***نادیارە***
*لەسەر*
*پەراوێز*
*چنراوە*

***کراس (....)***

کراس
لە
دواوە
دڕاوە
یان
بەسوراوی
لێو
تەڵخ بووە

***کراسی یوسف***

**ژنە خۆشەویستەکە / هیند کچی عوتبە / درەختی گەوهەر**

لەوانەیە بێزار بووبێت یان دیالۆگ لەگەڵ سەگە بەوەفاکەدا بکات، بنمیچەکەش بە گێڕانەوەی دیوارەکان دەگونجا، تاریکیی تەوەری جووڵانەوەی نادیارەکە بوو/ شکۆی گوڵەکە خوێنی درەختی سەوز بوو/ هێڵی ناوەڕاست ستوونی شکانەوەی خۆرەکە بوو، ئاشووب کڵپەیەک بوو لە گیاکەدا/ سێ ئاراستەکە ئاشووبی چاوگە مۆرکراوەکە بوون/ رووبەروبوونەوە گۆشەیەکی وەستاوە لە سێ گۆشەی رووبەڕووبوونەوەکەدا.

لە رووبەڕووبوونەوەکەدا وزەی ئەندێشە- ناوی نادیار بوو، کە بەناوی شکۆی گوڵەکەوە لە بری خێزانەکە ترسناکیان وەردەگرت، کەواتە شتێک روو دەدات کە بیری لێنەکراوەتەوە؟- کە ناوە نادیارەکە هەتک بکات و شوێنکەوتەی کچێنی (چاوگە مۆرکراوەکە) سەگەکە بێت-، مێژوو بێدەنگ نابێت بەو سیفەتەی زمانی خێزانەکەیە، ئەمە کراسی ئاشووبەکەیە ئاگرو وزەی سووتەمەنییەکەی لە بەردو خەڵکە، شکۆی گوڵەکە، ئاشووبی تاریکیەکی پرشنگدارە، دایەلۆژیش مینێکی قوڕمیشکراوە لەگەڵ ناوە نادیارەکەدا،

**پەراوێز**

**سەگ**

**پەراوێزەکە**

لەنێوان ئەو و(؟) دووژمنایەتی بەهێزە/ کەسێک لە شەڕەکەدا لەگەڵ ئەوی تر رێکناکەوێت/ کتوپڕ هێرشدەکرێتە سەر نادیارەکە/ بۆدرێتیی لە شەڕەکەدا هەمیشە سێبەرەکەی پێشی دەکەوێت بۆ بڵاوەپێکردنی کۆمەڵگای تاریکیەکە، بەڵام ئەوەی روویدا بیری لێناکرێتەوە، وە(؟) بەکێشی کرد بۆ ناوچەیەکی هەڵبژێردراو بە (ئێسکی پاشکۆیەتی)، هەتا لە رێگەکەدا سێبەرەکەی خۆی لێ ونبوو، لە نیشانەکانی پاشکۆیەتی

١- سووربوونی چاوی
٢- گوێهەڵخستنی.
٣- تەتەڵەکردنی زمانی و هاتنە خوارەوەی لیک لەنێوان هەردوو شەوێلگەی.
٤- کەوتن لەسەر پشت و بەرزکردنەوەی دەست و قاچی دواوەی بۆ.........

**سەگەکە**

بە کێشی کرد بۆ ئێسکی پاشکۆیەتییەکە، گەردن بەندەکەی لە ئاڵتوون بوو، باخچەکەش ئاڵۆز ببوو بە رەمزی نهێنی، زمانی سەگەکە مێژووی ناپاکییەکە بوو، بەخواری دیوارەکەدا هەڵمیزا، بە ترسەوە لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانی و یان لە دەرگاکەوە گوێی رادەگرت، لەنێوان پەنجەرەو دەرگاکە دەمایەوە، منیش پاشماوەی ئاڵۆزییەکانم دەبیست: بەردێک لەلای شوورای دەرەوە کەوت، چڵێک لە باخچەکەدا شکایەوە، باڵندەیەک لەرزیی و درەختێک لاربووەوە، لەتەوەری نێوەندی تاریکییەکە هەڵگەڕایەوە، پاشان لە پشت دەرگاکەوە راوەستا، کتوپڕی بوو بە ساتەوەختێکی شاراوە، شکۆی گوڵەکە لەسەرشەپۆلی ئاشووبەکە دەکرایەوە.

بە هێزێکی شاراوەوە لە جێگاکەی خۆم هەڵخزام، خەریک بوو جەستەم بە هێزێکی زاڵەوە بتوێتەوە، دڵنیابووم کە من لە ناوەڕاستی شۆڕشێکدام بە هێزێکی ئاڵۆز پۆشراوە، لەوانەیە خەیاڵم وای بوێت کە من شێوە مردوو یان نیوە پیاو بم، هەستم بەهێزێکی زاڵکردو رووبەڕووبوونەوە لەنێوان دوو کەوانەدا (ئاشووبو مەترسی)، جگە لەوە لێدان لەسەر یان خوارووی پشتێن تەلیسمەکانی ئاسن دەکاتەوە، فوەکان لەگرێدا دەکاتەوە، تێکرژانی نێوان روون و نا ئاشکرا لێکدەکاتەوە، بەرد وردوخاش دەبێت، بەریەککەوتن لەبێکۆتایی جێگادا دەنوێت، بەرد پرشنگ دەدات، ئاگر خۆڵەمێش جێدەهێڵێت، دایەلۆژیش لەنێوان پەنجەی شایەتی و ناوی نادیاردا بەرزو نزمە، دیسان رووبەڕووبوونەوە لەنێوان سێ بەرەدا وەستاوە: من و ناوی نادیارو سەگ و شکۆی گوڵیش نێوەندی مەودای رووبەڕووبوونەوەکەیە.

پەراوێز

حەوشەی ماڵەکە پەناگەیەکە بەترس چەماوەتەوە، تراویلکەیش هەڵەی چاوی بینەرە

کەشی ڕێگەکە ڕێبەری ناپاکییەکەیە، رووبەڕووبوونەوەش کێشەیەکی کراوەیە لەسەر نادیارەکە.

ئاشووب لە بەهای دڕندەوە بەردەوامە، خۆشیی و خۆشگوزەرانیش لادانێکی بە مەبەستە..

سەرەتای ئاشوب- زانینی ناوی نادیارەکە، نادیاریش هێزێکی بە مەبەستە..

چێوەی بەلەپیتکە کلکی دووپشکێکی پێچخواردووە، پەنجەی شایەتییەکەش لەدەوری چێوەی بەلەپیتکەکە دەئاڵێت..

بەکێشکردنی زانراو بۆ جێگەی نادیار، دەرپەڕاندنی بریسکەیەک هەڵەیەکی زانراوە لەتاریکیدا.

لاربوونەوەی ڕۆژ بۆ گوڵەبەڕۆژە، پەرستنی تاک هەڵەی پەرستراوە..

خەیاڵی ئازایەتی لەبەرهەمهێنانی سەرکەوتن لەدەستدانێکی ئابڕووبەرە، تێکشکانیش بۆ پێشەوە هەڵەیەکی کوشندەیە

ئاڵۆزییەکە

بەهێزی ئەسپێک کە هەناسەی هیلاکی هەڵبکێشێت بەوشێوەیە رووی سەگەکە ڕێبەری ناپاکیەکەیە، تاریکیش ڕێبەری ناوی نادیارە، ڕێگاش ڕێبەری ئاشووبەکەیە، بۆ خشەخشی بێدەنگیش دایەلۆژێکی تر دەوروبەری رووبەڕووبوونەوەکە گرێدەدات، شکۆی گوڵەکەش حەشیشەو قومارو تلیاکە، پەنجەی شایەتی لەکوێییە؟

چێوەی بەلەپیتکە لەدەستما بەدوای پەنجەی شایەتییەکەدا دەگەڕێت، کەشی ڕێگەش جەنگێکی شاراوەیە لەنێوان چاونەترسیدا، کێ بە پەلکەکانی خۆی هەوڵی مەرگ دەدات، بەئاراستەی سەرم دەجووڵا، تاریکیش ئاژاوەی سیستمە، نادیاریش ناوێکی هەڵخەڵەتێنەرە بۆ بیستنو بینینو دەستلێدان، بریسکەش لە ئەنجامی هەڵەیەکی بێ مەبەستەوە دەردەپەڕێت، هەستیش بەشتی ئاڵۆز شێواو بووە: شێتی.

هێزی ناژیر، لۆژیکی سنگی باڵا، وەهمی لوتبەرزییەکی گەورەن، ئەفسانەی باڵی درێژ.




لەڕاڕەوی دواوە خۆمی لێمات دەدەم، خەیاڵیش شەپۆلی یەک لەدوای یەکە لەسوڕانەوە: دەرچوونی بریسکەیش کردارێکە لەسەر نادیار بوونیاتنراوە، هەڵخەڵەتاندن بۆ دەرەوەی ماڵەکەم دەبات، دیسان لەباخچەکە خۆمی بۆ مات دەدەم، سوڕانەوەش شەپۆلی یەک لەدوای یەکە لەخەیاڵ:

کلکی دووپشکەکە بەر پەنجەی شایەتی دەکەوێت، بەلەپیتکە کە پردە بۆ پەڕینەوەی چاونەترس لەچەرمەسەری ڕووبەڕووبوونەوەکە، ڕووبەڕووبوونەوەش لەتاریکیدا جۆرێکە لە هەڵخەڵەتاندن یان بەکێشکردنی زانراوەکەیە بۆ تەڵەی نادیار، لەوە دەچێت خەو بردبێتمیەوە؟، بەڵام نەخەوتبووم، نادیارەکە بکەرێکی پۆشراوەو لەتاریکییەکەدا هێزێکی زاڵە، دایەلۆژیش بەئاڵۆزیی یەک تەواو دەکەن، فریاکەوتن بە ئازاری شاراوە تێکەڵاو بووە، کتوپڕ بینیم لەدوامەوەو لەبەردەممەوە هەنگاوی دەنا، لەپانتاییەکی ئاشکرادا دەجووڵایەوە، شکۆی گوڵەکە بەترسەوە لەتاریکییەکەدا رایدەکرد، بە گەورەیی لەئاوێنەیەکەوە بۆم دەردەکەوت، بە دووچاوی تیژ بەگڕی فسفۆڕی سوورەوە سەیری دەکردم، کلکی دووپشکەکەش لەدەوری پەنجەی شایەتی دەئاڵا، سەگی بێوەی، هەردوو گوێی بەڕێڕەوی نادیاردا دەجووڵاند، هەردوو چاوی شکۆی گوڵەکە بەناوی نادیارەکە باوەڕپێکراو بوون، گەردنبەندی سەگەکە لەئاڵتوونی ساختە بوو.

(گەردن بەندی سەگەکە لەئاڵتوونی ساختە بوو)

؟؟

پەنجەی شایەتییەکە

(عـــــــــــــــەرەب)

خەریک بوو پەردەکەیم دەدۆزییەوە (مەبەستم پەردەهەڵماڵینە)

جووڵانەوە هێڵێکی سەرکەوتن و هاتنەخوارەوەیە بەڕێگەی ڕێکدا (واتە مێژوو خۆی لەدابەزینو بەرزبوونەوەدایە)، نادیارەکە بەهێزیی و تاج و عەسای شاهانەی ناسراو بوو، پەنجەی شایەتی لەنێوان بریسکەو شێوە گۆڕاودا بوو، کلکی دووپشکەکە لەدەوری پردی پەڕینەوەکە دەئاڵا، زمانی سەگەکە برینی گوڵەکەی دەلستەوە، ئەوەی روویدا بیری لێ نەدەکرایەوە،... لەپێشەوە، سەرکەوتن لە...

(تێکشکان....،.... لەدواوە)

؟؟

پردی پەڕینەوە

(عـــــــــــــــەرەب)

کەشی ڕێگاکە بەنهێنی و بێدەنگی دەهات، ئێسکی شوێنکەوتەیی لەنێوان شیلاوگی سەگەکەدا بوو/ لۆژیکی هێز(...) باڵی باڵندەکە، فەزای باڵندەکە (....) باڵەکە، نادیارەکە ئۆردوگای تاریکییە، تاریکی لە تیشکی رۆژەکەوە دەگەڕێت، شکۆی گوڵەکە ئاشووبی ناوە نادیارەکەیە، لوتبەرزیی یان خوێنێکی سەوز لە توێکڵی درەختەکەوە دەتکا؟

پەراوێز- دووبارەبوونەوەکە

لۆژیک

هێزەکە

بڕین فەزای باڵندەکە سەربەستی باڵە

باڵ

باڵندەکە

نادیارەکە دەبینم بە هێزی تاریکییەکە پەرشدەبێتەوە، مەرگیش لەبەیانیدا قاوەی رەشی دەخواتەوە، ئاسمانیش رەنگی خۆڵەمێشی گرتووە، شکۆی گوڵەکە

لە تاریکیدا شاراوەیە، کوشتن زمانی کراسی ئاشووبەکەیە، پەنجەی شایەتییەکە بەرچێوەی بەلەپیتکەی دەکەوێت، چاونەترسەکە لەدەرەوەی کێلان لەسەرما دەسووڕێتەوە، سەگی بێوەی لە قوڕاوی تاوانا دەتلێتەوە، فەزای سفر گەشتێکی کراوەیە بۆ مێژوو، کۆتایی گوڵەبەڕۆژە، بڵاوبوونەوەی نووکی شاراوە بوونی دەنگ، هەواو ئاو و خۆڵ و چێندراوەکە موڵکێکی بەربڵاون بۆ هەموو ئەوانەی لەسەر چوار پەل دەڕۆن، کەواتە بریسکەش پردێکە بۆ پەڕینەوەی چاونەترسەکە بەرەو نادیارەکە، کراسی ئاشووبەکە- ئاشووبی ناوە نەزانراوەکە.

پەڵەیەک
لە
خوێن
تێکەڵاو
بە تنۆکەکان
لە
داری
کەتیرەی
لینج

پەراوێز

لە ژووری نووستنەوە لە ڕێی ڕاڕەوەکەی دواوە بۆ ڕاڕەوی لاکانەوە دەڕوات، هەتا لە دوای شوورای دەرەوەی ماڵەکە پەرشوبڵاو ببێتەوە،

وە لە
ئاوێنەدا
لە ڕێگەی
تاریکییەوە

هەردوو لێوی چاپ دەبن، پێی ئادەمی بە سمی ئاژەڵ، لە فەزای چاودا بانگەشەیەکی ونە، درەخت لە سەرینی خەودا ڕەنگ دەگرێت، کراس بە ئاشووبی ناوە نادیارەکە پێچراوەتەوە.

وە لەسەر
سەرینی
شکۆی گوڵەکە
ڕووداوەکان
بەدوای یەکدا
تێدەپەڕن

تێکئالآن

?شووبات/ ١٩٩٥؟

**سەرچاوە:**

تگریسات، دەقە چیرۆکییەکان، نووسینی: عباس عەبد جاسم، چاپی یەکەم، بەغداد، ٢٠٠٢.

# خۆزگە شەڕ نەبووایە

و. لە فارسییەوە: جەواد حەیدەری

خۆزگە شەڕ نەبووایە
بۆ کۆتاییهێنان بە هەموو شتێک، تەنها فیشەکێک بەسە
شەڕ بوو
تەنها قەوانێکی گەورەی سوور
لە تەنیشت دیوارێکی رووخاوی ماڵێک کەوتبوو
با دێ!!
وەڕینی سەگ لەگەڵ خۆی دەهێنێت
ترسێک هەموو لایەکی داگرتووە.
بۆ کۆتاییهێنان بە هەموو شتێک، تەنها فیشەکێک بەسە
بەشی من تەنها فیشەکێک بوو
کە لە جەستەی مندا تەقییەوە
چی دەویست؟
چی دەکرد؟
بۆ کوێ دەچوو؟

چاوەکانم قورس بوون
خەونەکانم درێژ ببوون
بەشی هەر کەسێک فیشەکێک بوو
تەقینەوەی بۆمبێک
دارمانی دیواری ماڵەکان
خەڵکانێک کە بە ترسەوە تێدەپەڕین
کەس گوێی لە دەنگی گریان نەبوو
تەنها دەنگی تەقینەوە بوو
قەوانی بەتاڵ و خوێناویی
لە جەستەمدا دەخولایەوە
کە ڕۆژ بۆوە، خۆر نەهات
منداڵێکی ترساو دەگریاو
لە تەنیشتیدا ژنێکی چاو پڕ لە فرمێسک و
دڵ پڕ لە ئارەزوو
بە قەوانێکی خوێناویی لە دەستدا
دەیوت خۆزگە شەڕ نەبووایە

شاعیر: ئیسماعیل یورد شاهیان، شاعیرو مامۆستای زانکۆ لە ورمێ

سەرچاوە: ماڵپەری ئاتی بان

# هونەر

خوێندنەوەیەک بۆ تابلۆی (ترێ)

**حەسەن سلێمان عەسکەری**

دیدار لەگەڵ میدیای ڕەئووف بێگەرد

**سازدانی: شەنکار عەبدوڵڵا**



دیدار لەگەڵ سەڵاح مەجید:

**سازدانی: ڕێزە حسێن**



هارۆڵد پینتەر

نووسەرە بێدەنگەکەی ئینگلیز

**و: سەعید محەمەد عومەر**



ڕەنگ و ڕووناکی لەلای

ویلیام تورنەر

**ئامادەکردنی: ئاری عومەر**

منداڵی ڕۆژماری

**ئامادەکردنی: سۆران خدری پوور**

دیگۆ ریڤێرا و... تابلۆی سەر دیوارەکان

**و.سیروان شەریف**

# خوێندنەوەیەک بۆ تابلۆی (ترێ)



حەسەن سلێمان عەسکەری

مێژووی مرۆڤایەتی بەئاگاماندێنێتەوە کە هەر لە یەکەم چرکەی پێدانی شیر لە سنگی دایکەوە بە کۆرپە تا ئامادەکارییەکانی دیکەی وەک خۆراک بەرهەمهێنانی ژەمە نان، هەروەها خواردن و خواردنەوەی بەرهەمهاتووی نێو ماڵ و کۆمەڵگە، لە رووەک و میوەجات و تێفکرین لە چۆنییەتی دروستکردنی باشترین و بەسوودترین خۆراک بۆ بەردەوامیدان بە گەشەسەندنی جەستەی مرۆڤ، هەر خودی مرۆڤ خۆیەتی و بە پلە یەکیش ژن ئەم رۆڵە دەگێڕێت.

لێرەوە دەمەوێت لە رێگەی خوێندنەوە بۆ تابلۆی (ترێ)ی هونەرمەندی شێوەکار (سام سام ئەحمەد)ەوە، لایەنی ئیستاتیکی تابلۆکە کە چەند مێینەیەک بونیادی تابلۆکە پێکدەهێنن، هەروەها شیکارییەکی تیۆریی دەربارەی کۆبونیادو رەنگ و دیوەکانی تری کارە هونەرییەکە بهێنمە بەرباس و لێکدانەوە.

**ناوی تابلۆ: ترێ**
**داهێنەری تابلۆ: سام سام ئەحمەد**
**قەبارەی تابلۆ: ١,٧٠×٢٠٠سم**
**خاوەنداریێتی تابلۆ: زانکۆی سلێمانی-کۆلێژی هونەر**
**ساڵی بەرهەمهێنان: ٢٠٠٦**
**ماتریاڵی بەکارهاتوو: بۆیەی رۆنی لەسەر کانفاس**
**تەکنیکی بەکارهاتوو: پەرەمووچ**

**چاوپیاخشاندن:**

لەسەرەتای تێگرتنی تیلەی چاومان بۆ سەر رووبەری تابلۆکە، راستەوخۆ پێنج فیگەر لەنێو رووبەری تابلۆ لاکێشەییە راکشاوەکەدا دەبینرێت، کە هەر پێنجیان مێینەن و هەریەیەکەیان بە جوڵەیەکی جیاوازەوە لەنێو پانتایی تابلۆکەدا بونیان هەیە، بەهەموویانەوە بازنەیەکیان دروستکردووەو لە بەشی لای سەرەوەی تابلۆکە پانتاییەکی سەوز بڵاوبۆتەوە بەرەو قووڵایی تابلۆکە چەند بۆڵە(ترێ)یەک پیایدا شۆڕبوونەتەوە، لە بەشی لای خوارەوەی تابلۆکەش سندووقێک یاخود پریاسکەیەک لە ناوەنداو لەسەر زەوی جێگیرکراوە، ئەمەش ئەوەمان تێدەگەیەنێت کە ئەم فیگۆرانە سەرقاڵی ترێ لێکردنەوەن و سەرنجمان بۆ ناواخنی بابەتی تابلۆکە رادەکێشێت. لە بەشی پشتەوە گەرەکێکی کراوە دەبینرێت، پاشان بەشێکی ئاسمان دەرکەوتووە.

**سستمی دارشتن:**

ئاشکرایە تابلۆی واقعی سەروەختێک خەسڵەت و بنەماکانی تەواو کامڵ دەبن، کە تیایدا سستمی کۆمپۆزشن ئامادەگی هەبێت، بۆیە پێویستە دەربارەی ئەم خەسڵەتە بدوێین و شرۆڤەیەک بۆ تابلۆکە بکەین، کاتێک لە تابلۆکە دەڕوانین دەبینین چەند ئافرەتێک بەشێوەی هەرەمی ناوەڕاست و چەقی تابلۆکەیان داگیرکردووە، هەڵبەتە لە سستمی دارشتنەوەی تابلۆدا وەختێک فیگۆرەکان دارشتنێکی هەرەمی یاخود قوچەکی پێکدەهێنن، ئەوا ئاماژە بەجێگیربوون دەکرێت وەک واتاو لێکدانەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین بونیادی دابەشکردنی فیگۆرەکان لەم تابلۆیەدا دوو جەمسەری لەیەک خاڵدا کۆکردۆتەوە ئەویش:

یەکەم: بابەتی ترێ چنینەوە لە رووی ئستاتیکاوە لە سادەیی و نەرمی

هەردوو شکڵی (ئافرەت وەک مرۆڤ و ترێ وەک میوە) نزیکن.

دووەم: لێرەدا دەبینین ئافرەتەکان ترێ دەچننەوە، کەواتە خاڵی بەیەکگەیشتن لێرەدا مێینەیە، ئەویش وەک فیگەر وەک یەکەو وەک ئیستاتیکا.

**هاوسەنگیی:**

ئەگەر لە کۆبونیادی تابلۆکە وردبینەوە، دەبینین هاوسەنگیی لەنێوان فیگۆرەکانو پانتاییەکانی دیکەی تابلۆکەدا وەک سەنگی تەرازوو بەرجەستەکراوەو لەنێوان خودی فیگۆرەکانیشدا هەمان هەوڵی هاوسەنگبوون دووبارەبۆتەوە، بۆ نمونە قورسایی ئەو ئافرەتەی لای چەپەوە دانیشتووە، هەمان سەنگیش لەلای راست لە بەرامبەردا دەبینینەوە، هەروەها ئەو ئافرەتەی لای راستی تابلۆکە کە بەپێوە راوەستاوە، لەبەرامبەریدا لای چەپی تابلۆکەوە ئافرەتێکی دیکەش راوەستاوە، وێڕای ئەمەش لەناوەڕاستدا لە چەقی تابلۆکەوە بە ئاڕاستەی نیوەی سەرەوەی تابلۆکە ئافرەتێک کە رووبەری جەستەی رووی لە بینەرە ترێ لێدەکاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، نەبوونی بۆشایی و قەبارە، هاوسەنگی تابلۆکە دەخەنە بەردەم پرس و گومانەوە، وەختێک دەربارەی درەختی مێوەکە دەدوێین هاوسەنگیی بینگەیی (بصری) نادۆزینەوە، چونکە درەختی مێوەکە کە نیوەی بەشی سەرەوەی تابلۆکەی داگیرکردووە، بێ پایە، یاخود بێ راگر بە ئاسمانەوەیە، لەکاتێکدا ئەمجۆرە میوەیە مێوی ترێیە لە ماڵاندا بە مەبەستی (کەپر) یان سایەی حەوش دروست دەکرێت، کەواتە لێرەدا وەک(کەپر) نابینرێت ئەویش بەهۆی نادیاریی راگرەکانی مێوەکەوە. رەنگە هونەرمەند مەبەستی لەوە بێت کە درەختی مێوەکە لەسەر شان و باڵی دیوارەکان لەنگەریان گرتبێت، بەڵام لاکان دەرنەکەوتوون تەنها دارە راکان بە شێوەیەکی ئاسۆیی لە بەشی لای سەرەوەی تابلۆکە ئاوێزانی گەڵا و لق و پۆپی مێوەکە بوونەتەوە.

**قووڵایی:**

لەنێو بینگەی ئەم تابلۆیەدا قووڵایی بوونی خۆی دەسەلمێنێت، بەڵام ئایە ئەم قووڵاییە بە زەرەری بوونی بۆشایی لە کۆمپۆزشندا ناشکێتەوە؟ بێگومان، چونکە ئەگەر ئێمە ئەو پانتاییە بە حەوشەیەک ببینین، بەڵام ئەو قوڵاییەی باکگراوندی فیگۆرەکان لە گەڕەکێکی کراوە دەچێت و هەردوو بەشە بۆشایی نێوان فیگۆرەکانی لای راست و لای چەپ سپەیسێکی نەخوازراون کە دەکرا

بارستاییەک ئەو بۆشاییەی پڕبکردایەتەوە، بەتایبەتی لای راستی تابلۆکە. هەروەها بونیادی گۆشەنیگا لەنێو تابلۆکەدا زۆر بە ئاشکرایی خۆی بەدەستەوە نادات، چونکە گۆشەنیگای رەنگی زاڵتر دەردەکەوێت بە بەراورد لەگەڵ گۆشەنیگای هێڵی ئەندازەیی، واتە تەکنیکی رەنگی هونەرمەند هاندەرە بۆ ئەم تێڕوانینە.

## سیستمی ڕەنگ:

کارەکە بەگشتی لەنێو هارمۆنییەتی رەنگدا مەلە دەکات و خودی رەنگەکان لەگەڵ تەکنیکی هونەرمەندا ئاوازێکی نەرمونیان دروست دەکات، کە دەکرێت بڵێین سادەکردنەوەی ئەندازەیی شکڵەکان هاوکات لەگەڵ بەرجەستەکردنی رەنگەکانی وەک مۆر و بنەوشەیی و سووری گوڵ ڕەنگ و پێکهاتەکانی شینو سەوزی سارد، هێمنی و ئارامی(مێ)ینەیان هەڵگرتووەو نزیک لە بابەت و ناوەرۆکی تابلۆکە بینینمان هێور دەکەنەوە، ئەگەر سەرنج لە جلوبەرگی فیگۆرەکان بدەین بەگشتی جیاوازی لە رەنگەکاندا دەکەین، کە هاوشانی سیستمی رووناکی و تاریکی نەخشێنراوە، خودی رەنگەکانیش زۆر پاک و سادە ئامادەییان هەیە، بەڵام لە هەندێک پنتدا رەنگ و تەکنیکی سادەکردنەوەی شکڵەکان زیانی بە راستەقینەیی بەرجەستەکردنی شێوەکان داوە، بۆ وێنە بڕوانە ئەو مۆدێلە کراس شینەی لای راستی تابلۆکەو لە چاوەکانی وردببەرەوە چاوی راستی پەراوێزخراوە، بڕوانە دەستی چەپی ئەو مۆدێلە کراس مۆرەی لای راستی تابلۆکە، هەست بە کەموکورتی پەنجەکان دەکەین، هەروەها نادیاری فۆرم یان ئەنەتۆمی پەنجەکانی پێی ئەو مۆدێلە کراس سەوزەی لەچەقی تابلۆکەدایەو (ترێ) لێدەکاتەوە.

## بابەت و ناوەڕۆک:

مێژووی هونەری شێوەکاریی گەواهیدەری ئەو راستییەیە کە زۆرێک لە هونەرمەندانی شێوەکار تائەمڕۆش وێنەی ترێیان وەک ستیلایف و وەک و ئایکۆنی تاج و تەخت و نەخشی سەرقوماش و کۆشک و تەلارە دێرینەکان بەکارهێناوەو کێشاویانەتەوە.

هەڵبەتە ناو و بابەتی تابلۆی(ترێ) رەگ و ریشەیەکی مێژوویی هەڵدەگرێت، ئەم داری میوەیە لەلای مرۆڤایەتی ناسراوە، مرۆڤیش زیاتر لە (٧٠٠٠) ساڵ

لەمەوبەر ترێی چاندووە، ئەویش لە میسر و سوریا پاشان بەرەو یۆنان بڵاویکردەوە، پێش نزیکەی (٣٠٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا لە یۆنانەوە چاندنی گوێزرایەوە بۆ ئیتاڵیاو وڵاتە ئەوروپییەکانی دیکە.

لەلایەکی دیکەوە (ترێ) لە زۆرێک لە کتێبە ئاسمانییەکاندا ناوی هاتووە، بۆ وێنە لە (قورئانی پیرۆز)دا هاتووە:

**(إن للمتقين مفازا * حدائق وأعنابا)**

لە(ئینجیل)یشدا هاتووە (داری چاک نییە بەری خراپ بدات، داری خراپیش بەری چاک نادات(٤٤) لەبەر ئەوە هەموو دارێک بەرەکەی دەناسرێت لە دڕک هەنجیر ناکرێتەوە لە توو دڕکیش ترێ ناکرێتەوە) لۆقا ٧،٦

هەروەها لە ئەدەبی ناوخۆیی و گەلانیشدا جەختی لەسەرکراوەتەوە.

لاوە هەستە بۆم تێکە بادەی سورو ئاڵ
توخوا زۆر بێت دارماڵ... دارماڵ
ترێ کچی دارمێوە... شیرینترە
نەشیاوە کچ حەرام و دایک حەڵاڵ.

خیام

جۆرەکانی:- ترێ جۆری زۆرە بەتایبەت ئەو جۆرانەی کە لە ناوچەو وڵاتی ئێمەدا هەیە:

(ترێ رەشکە، رەشمیری، سادانی، تالیفی، سەرقوڵە، کشمیشی، بۆل بەڕوو، زەرک، ئیسماعیلی، رەشمێو، میرانی، سلێمانی، تەعلک، رۆمی سۆر، پیرسەیدا، رەش دیرکێ، سلوپی، مەرمرک، خاتینۆک، موسابەگ، چاڤگا، رەسیلی، گرگرە، گوزارتە) چەندین جۆری تریش، پێویستە بوترێت میوەی ترێ (مێوژ، باسوق، سرکە، دۆشاوی ترێ، شەراب) لێ بەرهەم دەهێنرێت.



## میدیای رەئووف بێگەرد:

# هەتا ئێستا شانۆی کوردی نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە سنووری کوردستان ببڕێت

**سازدانی: شەنکار عەبدوڵڵا**

**میدیای رەئووف بێگەرد یەکێکە لەو ژنانەی کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە وەک ژنێکی دیار لەبواری شانۆدا کاریکردووە، ناوبراو بە هەر سێ زمانی کوردیو عەرەبیو دانیمارکی خزمەتی شانۆی کوردی کردووە، ئەو ئێستا دانیشتووی دانیمارکەو ماوەیەک لەمەوپێش بەسەردانێک هاتەوە بۆ کوردستان و شانۆی خوێنی رۆژهەڵاتی پێشکەشکرد، لە دیدارێکی تایبەتدا، بەم شێوەیە وەڵامی تەواوی پرسیارەکانی داینەوە.**

زۆرجار دەوترێت ئەگەر دەیەی هەشتاکان بە سەردەمی زێڕینی شانۆی کوردی دابنرێت، ئەی ئێستا لە چ سەردەمێکداین؟

ئەگەر ئەو سەردەمە سەردەمی زێڕینی شانۆی کوردی بووە، ئەی بۆچی ئێستا وانییە، یان بۆچی دەڵێن ئێستا شانۆی کوردی لە قەیراندایە، بۆیە دەبێت ئێمە ئاوڕ لە دواوە نەدەینەوەو بەرەو پێشەوە بڕۆین، بەڵام کێشەکە لەوەدایە شانۆ وەک ئاو وایە بیخەیتە هەر شوێنێکەوە شکڵی ئەو شوێنە دەگرێت، رەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت پێش راپەڕین هەندێک کێشە هەبوون، دوای راپەڕین کێشەکان شێوەیەکی تر بێت، هەرچەندە تەکنەلۆژیاش دەوری زۆری هەبووە، هەر لەو فیلمانەی کە پێشکەش دەکرێت، یان درامای تەلەفزیۆنی هەموویان

کاریگەریی گەورەیان هەبووە، بەڵام بەڕای من کاتێک کە کۆمەڵگا کێشەی هەبوو شانۆ دەبێت بە پەیامێک، هەرکات ئەو کۆمەڵگایە کێشەکانی کۆتایی هات و بەرەوکرانەوەو دیموکراسی رۆشت، شانۆ دەچێتە قاڵبە ئەساسییەکەی خۆی کە چێژە، واتە ئیتر شانۆ ناچێتە ژێر ئەو بارەی کە دراوە بەسەریدا، پێویستە وا لە خەڵک بکەین کە چێژ لە شانۆ وەک شانۆ ببینێت نەک وەک ئەوەی کە هەڵگری پەیامێک بێت. جاران خەڵک کە بۆ سەیری شانۆ دەهات وەک ئەوەی بۆ پەیامێکی سیاسی هاتبێت، چونکە زۆربەی چالاکییە سیاسییەکانیان لێ قەدەغەکرابوو، بەڵام ئێستا خەڵک پێویستی بەوە نییە کە شانۆ وەک پەیامێکی سیاسی ببینێت، ئێستا شانۆ چووە قاڵبە ئاساییەکەی خۆیەوە، نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت شانۆ بۆ نوخبەیە، بۆیە دەبێت شانۆ شانۆ بێت و پەیامی بەها ئینسانییەکانی هەبێت.

**ئایا شانۆی کوردی توانیویەتی پرسیار لای بینەر دروست بکات ئایا ئەمە بووەتە هۆکاری ئەوەی بینەر هۆڵەکانی شانۆ چۆڵ بکەن؟**

من کە هاتمەوە نەمدەتوانی راستەوخۆ قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەم، بەڵام کە چەند کارێکم بینی ئێستا باشتر دەتوانم قسە لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەم، لە شانۆیی (خوێنی رۆژهەڵاتی) کە خۆم دەورم دەبینی تیایدا، هۆڵەکە پڕبوو لە بینەر، ئەمە زۆر دڵی خۆشکردم، ئەوەشی کە من بیستوومە هەندێک لە دەرهێنەرەکان و شانۆکارەکان بینەریان نییە و هەندێکی تریان هەیانە، بینەر بیری ناچێتەوە ئەگەر کارێکی خراپی پێشکەش بکەیت، لەوانەیە جارێکی تر نەیەتەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر کارێکی باشت کرد بینەر جارێکی تر دێتەوە بۆ بینینی کاری ترت.

**گرفتێکی تری شانۆی کوردی ئەوەیە، کە زۆرێک لە شانۆکارەکان خوویان داوەتە دراماو شانۆیان فەرامۆشکردووە، رای تۆ لەسەر ئەوە چییە؟**

من لەگەڵ ئەوەدام شانۆکار ئیشی تر بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نییم کە شانۆکارێک بە ئەکادیمی شانۆی خوێندبێت، واز لە شانۆ بهێنێت و کاری درامای تەلەفزیۆنی بکات، چونکە درامای تەلەفزیۆنی زۆر ئاسانترە لە کاری شانۆ، رەنگە هەموو کەسێک بتوانێت رۆڵ ببینێت لە درامای تەلەفزیۆنی، بەڵام کەم کەس دەتوانێت لەسەر تەختەی شانۆ رۆڵ ببینێت، ئەو کەسەی کە واز لە شانۆ دەهێنێت عیشقی شانۆی لا نەبووە بەو شێوە قوڵەی کە هەیە، بۆیە واز لە شانۆ دەهێنێتو روو دەکاتە دراما.

**سالآنه فێستیڤاڵ دەکرێت لە بوارە جۆربەجۆرەکانی هونەردا، رۆڵی ئەم فێستڤالآنە چییە لەسەر بەرەو پێشبردنی شانۆی کوردی؟**

من هیوادارم ئەم فیستیڤاڵانە تەنها بۆ کوردستان نەبێت، چونکە ئەگەر هەر لە کوردستان بێت واتە لەیەک بازنەدا دەخولێیتەوە، بۆیە چاو زۆر گرنگە کە کاری تری لە دەرەوەی خۆت پێ ببینی، زۆر گرووپ هەیە لە دەرەوە دەتوانن بێنە کوردستان و شانۆ پێشکەش بکەن، ئەمەش کاریگەری باشی دەبێت، چونکە دەبێتە هۆی تێکەڵبوون و ئاشنابوونی کەلتوورەکان، هەروەها دەبێتە هۆی رووناککردنەوەی مێشکی شانۆکار و دەرهێنەرەکانی، تۆ تاوەکو چەند ستایلێکی جیاواز نەبینی، نازانی کامەیان باشترە.

**بردنە دەرەوەی کارە شانۆییەکان تا چەند گرنگە، ئایا کورد توانیویەتی شانۆی خۆی بە گەلانی تر بناسێنێت؟**

هەتا ئێستا شانۆی کوردی نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە سنووری کوردستان ببڕێت، چونکە ئاستی شانۆی کوردی هێشتا لاوازە، هەوڵ هەیە، بەڵام هێشتا نەگەیشتووەتە ئاستی ئەوەی کە بڵێین گەیشتووینەتە شانۆی جیهانیی.

**ئەی ئەزمونی ئێوە لە دەرەوە چۆنە، تاچەند ئیشت کردووە، بە چ زمانێک ئیش دەکەیت؟**

زمان زۆر گرنگە، بۆ نموونە شانۆی (خوێنی رۆژهەڵاتی) من یەکەمجار ئەم شانۆییەم لە وڵاتی سوریا بە زمانی عەرەبی پێشکەشکرد، لە میهرەجانی مەغریبدا بە زمانی کوردی و عەرەبی پێشکەشم کردەوە، لە سلێمانی بە کوردیو لە دانیمارکیش سێ جار پێشکەشم کردووە، یەکەمجار وشە گرنگەکانیم کردبوو بە دانیمارکی، سەدایەکی باشی هەبوو، من بۆ خۆم لەسەر ئاستی دانیمارک ئیشمکردووە بە نووسین و دەرهێنان، من لە دانیمارک لەسەر سێ ئاست ئیشدەکەم، لەگەڵ کوردەکان بە کوردی و لەگەڵ عەرەبەکان بە عەرەبی و لەگەڵ دانیمارکییەکان بە دانیمارکی ئیشدەکەم، ماوەیەکە ئیشم لە سوریا نەکردووە تەلەفونێکی زۆرم بۆ دەکەن و داوای ئیشم لێدەکەن، هەرچەندە من بینەرێکی باشم لە سوریا هەیە، ئێستا ئیشێکم بەدەستەوەیە کە زمانی تێدا نەبێت، زیاتر بە جەستە بێت، ئەمە بۆ پێشکەشکردنی نامەی ماستەرەکەمە، کە پەیوەندی هونەری تەشکیل لەگەڵ شانۆدا، ئەمەش بەنیازم لە هەموو شوێنەکان پێشکەشی بکەم.

**شانۆیی خوێنی ڕۆژهەڵات لە سلێمانی پێشکەشتکرد، ئەم شانۆگەرییە چی زیاد کردووە لەسەر ئەزموونی تۆ یان چ ئیزافەیەکی هەبووە بۆ سەر شانۆی کوردی؟**

هەموو هونەرمەندێک هەندێک ئیشی هەیە وەک گواستنەوەی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، من شانۆگەریی پاسەوان بۆ من قۆناغێک بوو، هەروەها شانۆگەریی لە چاوەڕوانی سیامەند قۆناغێکی ترە لە ژیانی من، خوێنی ڕۆژهەڵاتیش بە یەکێک لە قۆناغە گرنگەکانی خۆم دادەنێم، هەستدەکەم زۆر جیاواز بوو لە ئیشەکانی ترم، هەروەها قوڵییەکی تێدایە لە کاری نواندن لەسەر ئاستی جەستەو دەنگ، بە سێ زمانی جیاواز ئیشم کردووە لە خوێنی ڕۆژهەڵاتیشدا، هەوڵمداوە هەر نمایشێک جیاواز بێت لە نمایشێکی تر، بۆیە هەستدەکەم خوێنی ڕۆژهەڵاتی زۆر جیاوازە لە ئیشەکانی ترم.

**کەمیی دەقی خۆماڵی چ کاریکەرییەکی هەبووە لەسەر شوناسی شانۆی کوردی؟**

من هەست ناکەم لە دەقدا لە قەیراندا بین، چونکە تۆ دەتوانیت دەقێکی بیانی بهێنیت و بیکەیت بە کوردی، من قەت دەقێکم نەهێناوە بە تەواوەتی پابەندبم پێوەی، بەڵکو زیاتر کارەکانم تێکدانی دەقەکان بووە، یان چەند دەقێکم خوێندووەتەوە ئەوکات کارێکم لێ دروستکردووە، یان جارێکی تر سەر لە نوێ ئامادەی دەکەیتەوە، یان لە خوێندنەوەی چیرۆکێکەوە دەتوانیت کارێکی شانۆیی دروستبکەیت.



**ئەگەر سەردەمی هەشتاکان ژن نەبووە لەسەر تەختەی شانۆو پیاو لەبری ژن رۆڵی ژنی بینیوە، ئەی ئێستا رۆڵی ژنان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

من زۆر رێزم هەیە بۆ ئەو پیاوانەی کە رۆڵی ژنیان بینیوە، بەڵام لە هەشتاکان بەو شێوەیە بووە، کەچی ئێستا هەستدەکەیت ئەو عیشقە ونە لای ژنان، ناڵێم هەموو ژنان وان، چونکە دەزانم کە چەند ژنێک هەیە عیشقیان هەیە بۆ کارەکانیان، بەڵام بە گشتی ژنان کەمتەرخەمن لە کاری شانۆدا، بۆیە پێویستە ئەو عیشقە دروستبکرێتەوە، چونکە من ئەگەر لە کوردستان بوومایە ئەوکاتەی کە کارێکی شانۆیم دەکرد، منداڵەکانم لە ماڵی باوکم دادەنا، من لە تاراوگەش جاری وا هەیە کە زۆر ماندوو دەبم دەڵێم دەبێت پشوو بدەم، بەڵام چەند مانگێکی پێناچێت جارێکی تر عیشقی شانۆ لام سەرهەڵدەداتەوە، خۆم بەخۆم دەڵێم چۆن دەتوانم تەحەمول بکەم، ناتوانم هەر خێرا دەست بە کار دەکەمەوە، ئینجا تۆ ناتوانیت عیشق بۆ خەڵک دروست بکەیت، بەڵکو دەبێت ئەو عیشقە لە ناخی خەڵکدا هەبێت، زۆربەی ئەو خوێندکارانەی کە هونەرە جوانەکانیان تەواوکردووە ئیش ناکەن، زۆر بەلامەوە سەیرە، کە دەچمە وڵاتی سوریا ئەو هەمووە ژنە رۆڵ دەبینن لە شانۆدا، کەچی لە کوردستان بەم شێوەیەیە، بەڕاستی لەم کاتەدا غیرە دەکەم و زۆرم پێناخۆشە کە ژنی کورد لەم ئاستەدایە.

**پرۆفایل:**

**میدیا رەووف بێگەرد ساڵی ١٩٨٥-١٩٨٦ چووەتە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا، هەر لەوێ ئیشی لەگەڵ عەرەبەکان کردووە، یەکەم ئیشی لەگەڵ برایم چێواردا بوو شانۆگەریی دیدەنی، لە ساڵی ١٩٨٩ هاتووەتەوە سلێمانی بووە بە مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی، لە ساڵی ١٩٩٢ چووەتە سوریا، لەوێ بووە بە ئەندامی شانۆی نەتەوەی سوریا، هەشت ساڵ لە سوریا ماوەتەوەو ئیشی دۆبلاژی فیلم کارتۆن‌و شانۆیی کردووە، لەوێش لەگەڵ چەند دەرهێنەرێکی عەرەبدا لە کاری شانۆ بەردەوام بووە، دواتر چووەتە دانیمارکو لەوێش هەر خەریکی کاری شانۆیی بووە، تیپێکی شانۆی ئینانا، بەسێ زمان کوردیو عەرەبیو دانیمارکی ئیش دەکات.**

## سەڵاح مەجید:

# ئەوکاتە ڕۆح چووەوە بە بەرمدا، کە باخان بوو بە گۆرانیبێژ



**سازدانی: ڕێزە حسێن**

**هونەرمەند سەڵاح مەجید لە گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی لەدایکبووەو هەر لە سەردەمی خوێندنی سەرەتاییەوە دەستیکردووە بە گۆرانیوتن، ڕۆژانە گۆرانیی بۆ هاوپۆلەکانی و مامۆستای قوتابخانەکەی وتووە، ئەو لە ساڵانی ١٩٧١-ەوە بەهۆی هونەرمەند محەمەدی نێرگزو خوالێخۆشبوو عوسمان عەلی-یەوە بە کۆمەڵەی هونەری کوردی ئەوکات ئاشنابووە، کە ئەوکات ئەو دوو هونەرمەندە ئەندام بوون لەو کۆمەڵەیەدا، هەر بۆیە دواتر سەڵاح مەجید دەکەن بە ئەندام لای خۆیان‌و دوای شەش مانگ بەسەر تێپەڕبوونی ئەندامێتی لەو کۆمەڵەیەدا، یەکەم گۆرانیی بەناوی زەماوەند تۆمار دەکات.**

**هونەری گۆرانیی کوردی بە چ ئاقارێکدا ڕۆیشتووە؟**

سەبارەت بە ئەو هەنگاوانەی کە هونەری کوردی ناوێتی، من وەک خۆم، لەگەڵ ئەوەی ماوەی ٤٠ ساڵە لەگەڵ هونەری کوردیدا دەژیم، زۆر پێم باش نییەو لە ئاستی پێویستدا نییە، کەموکوورتییەکی زۆرمان هەیە، بەتایبەت ئەم مۆدێلە تازانەی کە ئێستا دروست بوون، ئەم گۆرانییێژە تازانەی کە گۆرانییەک دەڵێن تێگەیشتن لێیان مەحاڵە، نازانرێت ئەم گۆرانییە لە کوێوە هاتووە، من ناڵێم لە هونەری کوردیدا هیچ پێشکەوتنێک نەبووە، بەڵام بە شێوەیەک نەبووە کە جێگەی دڵخۆشیی بێت، جاران ئێمە بە ئامێرێکی زۆر سادەوە، لە ژوورێکدا هەموو مۆسیقاژەنەکان لە دەورمان بوون و خۆشمان لەبەردەم مایکرۆفۆنێکدا کارە هونەرییەکانمان تۆمار دەکرد، بەڵام ئێستا بەم هەموو ئامێرە پێشکەوتووەوە و دابینکردنی ستۆدیۆ بۆ تۆمارکردن، کەچی ئاستی کارەکانیان بەرز نییە.

**هونەرمەندی دەنگخۆش محەمەد نێرگز مەراسیمی ڕێزلێنانی بۆ سازکرا، ئەو کارە بیرۆکەی ئێوە بووە، دەتوانیت پێمان بڵێیت چۆن بیرتان لەم کارە کردووەتەوە؟**

ئەوەی ڕاستی بێت سەرەتا بیرۆکەی سێ گەنجی خوێنگەرمی دڵسۆز بوو کە لە ئەورووپا دەژیان، دوای هاتنەوەیان بۆ کوردستان، داوایان لە من کرد کە هاوکارییان بکەم بۆ ئەوەی دەیانەوێت شتێک بۆ ئەو هونەرمەندە دەنگخۆشە بکەن، پرسی ئەوەیان پێکردم چی بۆ بکەین باشە، منیش لە وەڵامدا داوام لێکردن ڕێزلێنانێکی بۆ بکەن، چونکە وەک دەزانرێت تا ئێستا ئەو هونەرمەندە هیچی وای بۆ نەکراوە، دوای ئەوە، ئەو بیرۆکەیەم خستە بەردەمی بەڕێز محەمەد نێرگز، ئەویش بە خۆشحاڵییەوە قبووڵی کرد، حەزدەکەم ئەوەش بڵێم کاک جەزای ساز ڕۆڵێکی گرنگی بینی و زۆر بەو بابەتەوە خۆی ماندوو کرد، جگە لە کاک عەباسی ڤیدیۆ کە ئەویش بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەستاو لە کاتی ئامادەکردنی کارەکانی ئەو ڕێزلێنانە، کاری باشی کرد لەگەڵمان، دوای ئەوە لەگەڵ چەند کەسێکی دڵسۆزی تردا ڕێزلێنانەکەمان بۆ سازکرد.

**ئەم نەوە تازەیەی کە لە کاری هونەریدا خۆیان بینیوەتەوە، تا چەند ئینتیمایان بۆ هونەری کوردیی هەیە، ئەو کلیپانەی دەری دەکەن تا چەند بە سەرکەوتوو دەیانبینیت؟**

من نامەوێت زیادەڕۆیی بکەم، بەڵام دەبێت ڕاستی ئەوەش بوترێت ئەوانە

کاتێک دێن کلیپێک ئامادە دەکەن و لە کەناڵەکانەوە بڵاویدەکەنەوە، ئەوانە هیچ پەیوەندییەکیان بە کەسێکی هونەریی یاخود تیپێکی هونەرییەوە نییە، هەربۆیە هیچ کەسێک ناتوانێت شتێکیان لێوەرگرێت، مەبەستم چێژوەرگرتنە لە کارەکەیان، جگە لەوە نەبێت کۆمەڵێک قسەی پێکەوەناوە، یاخود شتێکی عەرەبی یاخود فارسی یاخود تورکی هێناوەو دەیکاتە ناو هونەری کوردییەوە، دەیخاتە تەنیشت هونەری رەسەنی کوردییەوە، کە من تێناگەم بۆچی تەمەنی ئەو کارە هونەرییانە کەمە و زوو خەڵکی لێیان بێزار دەبێت، من دەپرسم ئەگەر ئەوان کارێکی باشی هونەریی دەکەن، بۆچی ماوەی گوێگرتنەکەی لە مانگێک زیاتر تێپەڕ ناکات.

**ئەگەر هونەرمەندێک ویستی ئەوەی هەبوو گۆرانییەک بڵێتەوە، بە کام شێواز بیڵێت باشترە؟**

لە گۆرانیی کوردیدا هەر کەسێک تەقلیدی گۆرانیی کەسێکی تر دەکات و دەیڵێتەوە، یاخود لاسایی دەنگی هونەرمەندێکی تر دەکات، من پێم باشترە ئەو جۆرە کەسانە بە قورگی خۆیان جوانکارییەک لەو وتنەوەیەدا بکەن، بۆ نموونە چەند کەسێک هەن کە ناویان دەرکەوتووە، لاسایی هونەرمەندی گەورە ماملێ دەکەنەوەو توانیویانە کارەکەیان زۆر بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەن، کاتێک من گوێم لە دەنگیان دەبێت زۆر رۆحم ئاسوودە دەبێت بە دەنگیان، بەڵام هەیە لاسایی گۆرانییەک یاخود ئاوازێکی کردووەتەوە، نەیکردایە باشتر بوو، ئەوەندە بە شێوازێکی خراپ وتویێتییەوە، کە گۆرانییەکەی تێکداوەو لە رۆحییەتە راستەقینەکەی خۆی دووری خستووەتەوە.

**نەبوونی چاودێرییەکی هونەریی نەبووەتە هۆکاری ئەو کاڵ و کرچییەی لە هونەری کوردیدا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی لە هونەری گۆرانیوتندا؟**

بەڕاستی بوونی چاودێریی دەورێکی سەرەکی هەیە، من وەک خۆم چەند جارێک لە چاوپێکەوتنەکانمدا، لە تەلەفزیۆن و رۆژنامەکانانداا ئاماژەم بۆ پێویستی بوونی چاودێرییەکی هونەریی کردووە، دەبێت لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا چاودێرییەک هەبێت بۆ دەنگ و شیعر و بۆ زانینی خاوەنی شیعرەکە، دەبێت بزانرێت ئەو شیعرەی کراوە بە گۆرانیی چ مانایەک دەبەخشێت، دەبێت گونجاندنی ئاواز و دەنگ و شیعر لایەنێکی تری کارەکانی ئەو چاودێرییە بێت.

**وەک دەزانرێت هونەرمەند خاتوو باخان کچی بەڕێزتانە، هەست بەچی دەکەیت کە دەبینیت لە بواری هونەردا کار دەکات؟**

من چاوەکانی ماچ دەکەم، ئومێد دەکەم تەمەنی لەناو هونەری کوردیدا درێژ بێت و هەرگیز لەو بوارە دوورنەکەوێتەوە، من ئەوکاتە رۆح چووەتەوە بە بەرمدا، کە باخان بووەتە گۆرانیبێژ.

**ئایا سەلاح مەجید بەرهەمی تازەی هەیە، ئەگەر هەیەتی چی بە عاشقانی دەنگی خۆی دەڵێت؟**

گۆرانیی تازەم هەیە بۆ گوێگرانی خۆم، ئومێد دەکەم بە دڵیان بێت، هەر لە ئێستاشەوە داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر هەر کەموکوڕییەک دەرکەوت لە کارە تازەکەمدا.

حەزدەکەم ئەو راستییەش بڵێم: ئێمە وەک هونەرمەندە کۆنەکان هیچکاممان مەبەستمان ئەوە نەبووە رۆژێک لە رۆژان بەهۆی هونەرەکەمانەوە پارەیەک یاخود هەر شتێکی بە بەهامان دەست بکەوێت، بە پێچەوانەوە ئێمە هەندێکجار لەگەڵ گرووپەکەمان کە دەعوەت کراوین، کاتێک بەخشیشێکمان پێ درابێت، بۆ خۆمان بەکارمان نەهێناوە، بەڵکو داومانە بە گرووپەکەمان بۆ کڕینی پێداویستی، یاخود خەرجکراوە بۆ کرێی ئەو خانووەی کە تیپەکەمانی تێدا بووە، ئێمە زیاتر مەبەستمان خزمەتی هونەری کوردی بووە، نەک دەستکەوتی مادیی، بەڵام ئێستا بەداخەوە هونەرمەندەکانمان لە هەوڵی ئەوەدان چۆن چەند گۆرانییەک بەیەکەوە بێنن و بیکەنە سیدی و فرۆشیان زۆر بێت، بۆ دەستکەوتێکی زۆر، کە بەلایانەوە گرنگ نییە شیعری کێیە، ئاوازی کێیە، چۆن و بەکام شێوە دەوترێت، کە ئەوەش لە بەهای هونەر کەم دەکاتەوە، هەیانە لەسەر ئێمەی نوسیووە کە ئێمە کۆنین‌و بەسەرچووین، ئەمەش پەیوەندیی بە ئاستی رۆشنبیریی ئەو کەسەوە هەیە، ئەگینا کارەکانی ئێمە و کارەکانی ئەوانیش لەبەرچاون، دەبێت ئەوەش لەبیر نەکرێت لە کۆندا گۆرانیوتن قورسبووە، لە روانگەی خەڵکەوە بەڕێزەو سەیر نەدەکرایت، کەسوکار، باوک، دایک، دەوروبەر پێیان هەزم نەدەکرا کەسێکیان گۆرانیی بڵێت، پێیان شورەیی بوو، بەڵام ئێمە توانیمان ئەو هەموو هەنگاوە بنێین‌و داهێنان لە هونەری کوردیدا بکەین، ئێستا خەڵکی ئاواتەخوازن ژمارەمان زۆر لەم ژمارەیەی ئێستا زیاتر بووایە.

# هارۆڵد پینتەر
## نووسەرە بێدەنگەکەی ئینگلیز



**و. لە ئینگلیزییەوە: سەعید محەمەد عومەر**

نووسەرو شاعیرو ئەکتەری شانۆیی و دەرهێنەری فیلم و چالاکڤانی سیاسی، هارۆڵد پینتەر، کوڕی پیاوێکی جوولەکە بوو کە پیشەی بەرگدرووبووە، لە بەرواری ١٩٣٠/١٠/١٠ لە خۆرهەڵاتی شاری لەندەن لەدایکبوو، لە تەمەنی هەرزەکارییەوە دەستیکردووە بە نووسینی شیعر بۆ گۆڤارە بچووکەکانی بەریتانیا، ئەمە بووەتە دەروازەیەکی گرنگ بۆ کاری ئەدەبی و کولتوورییەکانی، هارۆڵد پینتەر لە ئەکادیمیای پادشایی بۆ هونەرو لە قوتابخانەی ناوەندی بۆ وتاربێژی و دراما خوێندوویەتی، هەریەک لەم شوێنانە خاڵێکی گرنگیان لەسەر تواناو لێهاتووی ئەو نووسەرە بلیمەتە جێهێشتووە، بەڵام زوو ئەم خوێندنانەی وازلێهێنا بۆ لەئەستۆگرتن و ئەنجامدانی پیشەی نواندن بەناوێکی شانۆییەوە کە ناوی "دەیڤد بارۆن"بوو، بەر لەوەی بڕیار بدات سەرنج و بایەخی خۆی بگۆڕدرێت بۆ نووسینی دەقی شانۆیی، هارۆڵد پینتەر، لەگەڵ کۆمپانیای نواندنی شکسپیر

کاری نواندنی ئەنجامداوە. لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٧ هارۆڵد پینتەر، دەستیکرد بە نووسینی دەقی شانۆیی، ئەو پێشتر بیرۆکەی نمایشێکی بۆ هاوڕێیەکی خۆی باسکرد کە لە بەشی درامای زانکۆی بریستۆل کاریدەکرد، ئەم هاوڕێیەی هارۆڵد پینتەر بیرۆکەکەی زۆر بەلاوە جوان بوو، بۆیە نامەیەکی بۆ نووسی و داوای نمایشەکەی لێکرد، ئەم شانۆگەرییە ناوی "ژوور" بوو، ژوور دەبێتە یەکەم دەقی شانۆیی ئەو نووسەرە بلیمەتەی کە تا ئێستاش ئەدەبیاتی شانۆیی جیهانی و ئینگلیزی شانازیی بەناوەکەیەوە دەکەن و دەیان جار لەسەر هۆڵەکانی شانۆی بەریتانیا و ئەورووپا خراوەتە سەر تەختەی شانۆ و نمایشکراوە.

دووەمین شانۆگەری هارۆڵد پینتەر ناوی "ئاهەنگی لەدایکبوون" بوو کە لە ساڵی ١٩٥٨دا نمایشکرا، هەرچەندە ئەم نمایشەی پینتەر لە رووی دەستکەوتی بازرگانییەوە شکستی هێنا، بەڵام لەلای رەخنەگرانی بواری شانۆ بە یەکێک لە باشترینیان هەژمار دەکرێت، ئەم نمایشە بۆ جاری دووەم لەدوای نمایشی شانۆی"پاسەوان" نمایشکرایەوە. ئەم سێ شانۆییە و بەرهەمێکی شانۆیی دیکەی هارۆڵد پینتەر، کە ناوی "گەڕانەوە بۆ ماڵەوە" کە لە ساڵی ١٩٦٤ نمایشکرا، لە ریزبەندی کۆمیدیای هەڕەشەدایە لەناو دەقە شانۆییەکانی ئەم نووسەرە بلیمەتەدا، چونکە رووداوەکان بەشێوەیەکی بێگوناهانە دەستپێدەکات دواتر پەرەدەسێنێت بەشێوەیکی پوچگەرایی، چونکە کارەکتەرەکانی نێو دەقە شانۆییەکانی هارۆڵد پینتەر لە شانۆدا بەشێوەیەکی ناڕوون و نائاشکرا هەڵسوکەوت دەکەن، پسپۆڕانی بواری شانۆ دەڵێن: هارۆڵد پینتەر کاریگەری "سامۆئیل بیکیت"ی لەسەربووە، بەهۆی ئەوەی کە پێکەوە هاوڕێی یەکتربوون، پینتەریش خۆی ئەو کاریگەرییەی نەشاردووتەوەو لە چەندین شوێندا ئاماژەی پێداوە.

لەدەیەی ساڵەکانی حەفتاکاندا، هارۆڵد پینتەر، زیاتر خۆی یەکلاییکردەوە بۆ کاری دەرهێنان، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٣ وەک یاریدەدەری دەرهێنەر لە شانۆی نیشتمانی کاریکرد کە زیاتر مۆرکی چەوساندنەوە سەرکوتکردنی پێوە دیاربوو، لە ساڵی ٢٠٠٥ وازهێنانی لە نووسین راگەیاندو خۆی یەکلاییکردەوە بۆ هەڵمەت و کامپینی سیاسی، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی سیاسی نووسیووە، دیارترین ئەو وتارانەشی لەسەر شۆڕشی ئازادیخوازانەی کوردە لە باکووری کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش شانۆییەکی نووسی بە ناوی (زمانی چیا) کە باس لە چەوساندنەوەی کورد دەکات لە کوردستانی تورکیاو ئەم شانۆییە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە نێوەندی هونەریی و سیاسی دایەوە.

هارۆڵد پینتەر، بەوە ناسراوە کە زۆر داکۆکی کردووە لە ماف و ئازادییەکان،

له سالّی ١٩٨٥ لەگەڵ شانۆکاری ناوداری ئەمریکی"ئارسەر میللەر" سەردانی تورکیایان کردووه، لەوێ چاویکەوتووه بەو توندوتیژییانەی کە خەڵکانی بەرهەڵستکارو ئۆپۆزسیۆن لە تورکیا رووبەڕووی بوونەتەوە، بۆیە دوای گەڕانەوەی لە تورکیا، لە سالّی ١٩٨٨ شانۆی "زمانی چیا"ی نووسی و ئەم شانۆییەی ناوبانگێکی گەورەی دایەوەو تا ئێستاش دەیان جار لە شانۆکانی ئەوروپاو جیهان نمایش کراوە...

بەهۆی بەشداریکردنی وڵاتی بەریتانیا بۆ داگیرکردنی و لێدانی ئەفغانستان‌و عێراق، هارۆڵد پینتەر نارەزایی توندی دەربڕیوە، بۆیە تۆنی بلێری سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیای بە " گەوج" و جۆرج بۆشی بە "تاوانباری دەستەجەمعی" ناوبردووە.

لە بەرواری ١٣/ ١٠/ ٢٠٠٥، ئەکادیمیای سویدی رایگەیاند، کە هارۆڵد پینتەر خەڵاتی نۆبڵی پێبەخشرا.

دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە، لە بەرواری ٢٠٠٨/١٢/٢٤ هارۆڵد پینتەر بەیەکجاری ماڵئاوایی کردو بەشێکی زۆری رۆژنامەکانی بەریتانیاو ئەوروپا بە مانشێتی گەورە نووسییان، هارۆڵد پینتەر نووسەرە بێدەنگەکەی ئینگلیز ماڵئاوا.

سەرچاوە:

www.haroldpinter.org/plays



# ڕەنگ و ڕووناكی لەلای ویلیام تورنەر
# William Turner



ئامادەكردنی: ئاری عومەر

لەكاتێكدا شێوازی كلاسیزم كەلتوور و ئەنتیكەی بەیەكەوە گرێدەدایەوە، ڕۆمانتیك نوێنەرایەتی دونیایەكی مۆدێرنی دەكرد- ڕۆمانسەكان لە هەڵبژاردنی تێماو نرخاندنی جوانییدا هەڵسان بە شكاندنی دۆگماو تێڕوانینەكانی كلاسیزم. لە ڕوانگەی هونەری ئێستاوە ڕۆمانتیك سیمایەكی تیاتڕالی نمایشكاری هەیەو كار بە هەستیارییەكی ئایدیالی دەكات.

ڕۆمانتیكی ئینگلیزی كە لەگەڵ مردنی شێوازی كلاسیزمیدا دەستپێدەكات ڕاستەوخۆ و بە ئیجباریی بەستراوەتەوە بە ڕۆمانتیكی فەڕەنسییەوە.

ئەگەر كلاسییزمی Ingre جەختی كردبێتە سەر كاركردنێكی دیاریكراو بە فۆڕم وەكو دەربڕینێك بۆ دونیای ناوەوە، ئەوا ڕۆمانسەكان (تیۆدۆر جیریكۆ ١٧٩١ - ١٨٢٤)و ئۆیگن دیلاكروا (١٧٩٨ - ١٨٦٣) لەڕێی نمایشكردنێكی دراماتیكییانەی ڕەنگ و ئازادكردنی شێوەو هەڵبژاردنێكی هەستیارانەی تێماوە گرنگییان دەدا بە هەستەكان.

تابلۆكەی جیریكۆ "ڕووباری میدوسا" یەكێكە لە سیمبولەكانی شێوازی

ڕۆمانتێک لە هونەردا- کەشتی میدوسا La Medusa کەشتییەکی فەڕەنسییەو ساڵی ١٨١٦ لە گەشتێکیدا بۆ خۆرئاوای ئەفریقا لە زەریادا نووقم دەبێت و تەنها ١٥ کەس لەو کارەساتە رزگاریان دەبێت- هەڵبژاردنی تێمایەکی دژواری وا لەلای جیریکۆ شکاندنی هەموو یاسا تراديسيۆنەکانی هونەرەو هەڵگری رەخنەیەکی سیاسیشە- لەم کارەدا جیریکۆ راستی ئازارەکانی مرۆڤ و ترسو مردنمان دەخاتە پێشچاو- بە پێچەوانەی جیریکۆوە، دیلاکروا لە کارەکانیدا تیشک دەخاتە سەر هەستەکانی مرۆڤ لە ژیاندا- دیلاکروا ستایلێکی تایبەتی دەربڕینی پەرەپێدا- فیگەری ئەو کچەی لە تابلۆی "هەتیوێک لەسەر قەبران"دا هەیە، نمایشکردنێکی پاسیڤی کەسێکی هەتیوکەوتوو نییە، بەڵکو پیشاندانی جوانییەکی پڕ لە ژیانە لە ساتەوەختی ئاگادارکەرەوەی مردندا. چاوەکانی فیگەرەکە وەکو چاوی ئەسپێکی ترساو دەبریسکێنەوەو ماسولکەکانی لەشی ژیانئامێزن، کە ئەمەش رێدەگرێت لەوەی تابلۆکە نمایشکردنی قوربانییەک بێت.

لەڕاستیدا "گەڕانەوە" بەگشتیی سیمایەکی شێوازی ڕۆمانسییە، ڕۆمانسە ئەڵمانەکان دەگەڕانەوە بۆ هونەری گۆتییەکان و تێماکانی چاخەکانی ناوەڕاست- لە کارەکانی کاسپەر داڤید فریدریش-دا (١٧٧٤-١٨١٠) سیمبولەکانی ڕۆمانسیزمی ئەڵمانی ئاشکرا دیارە کە هونەری ئەڵمانی پێ مۆرک کراوە، بەڵام کاریگەرییەکانی ڕۆمانسی ئەڵمانی هەر لە راوەی زمانی ئەڵمانیدا دەمێنێتەوە.

سروشت لەلای ک-د-فریدریش سیمبولێکە بۆ هێزێکی نەبینراو و نادیار- توانای داهێنەرانەی ئەم هونەرمەندە لە کارکردندا جۆرێکە لە تەسەوف بەبێئەوەی هیچ تێمایەکی ئاینیی لە تابلۆکانیدا هەبێت.

تابلۆی "مرۆڤێک لە کەنار دەریادا Der Mönch am Meer" تابلۆیەکی سادەو ساکارە کە لە سێ رووبەری ئاسۆیی "ئاسمان و دەریا و زەوی"و جەستەی شاقوولی مرۆڤێک پێکهاتووە، کە بێدەنگیی سروشت لەخۆیدا کۆدەکاتەوەو دەبێتە زمانحاڵیشی- لە روانگەی ئەم تابلۆیەی ک-د- فریدریشەوە هەموومان تەنهاین لەبەردەم کەنارێکی نادیاردا.

**ڕەنگ و ڕووناکی:**

ویلیام تورنەر (١٧٧٥ - ١٨٥١)، یەکێکە لە نیگارکێشە ناسراوەکانی ڕۆمانسیزمی ئینگلیزی کۆتایی سەدەی هەژدەیەم. هەر لە سەرەتاوە تورنەر لە ئەکرلیکەکانیدا وەکو ڕۆمانسێک خولیای کێشانی سروشت و ئاو و ئەتمۆسفێرە، بەڵام ئەوەی دواتر کارەکانی تایبەتمەند دەکات ڕەنگ و ڕووناکین، کە ئاوێتەی یەکتر دەبن و لە یەکتردا دەتوێنەوە لەلای تورنەر - وەک چۆن دواتر لەلای سیزان

- کاریگەریی تەکنیکی ئەکرلیک لەسەر تەکنیکی بۆیەی زەیتی ئاشکرا دەبینرێت و رەنگدانەوەی لە کارەکانیدا هەیە. تورنەر لەگەڵ گرووپێک لە نیگارکێشە ئەکرلیکە ئینگلیزییەکاندا فۆڕمێکی هونەرییان پەرەپێدابوو کە وابەستەی ئەتمۆسفێری شوێن و تۆپۆگرافییەکانی سروشت بوو، شارەزایی تورنەر لە ئەزموونی نیگارکێشی ئەکرلیکیدا وادەکات کە توانای دەربڕین ئازادانە لە کارە زەیتییەکانیدا رەنگبداتەوەو ستایلێکی نوێ دابهێنێت کە پێشتر نموونەی نەبووە.

تورنەر دەگەڕایەوە بۆ وێنەو تێماکانی ترادیسیۆن و بەپێی ویست و مەبەستی خۆی دەیگۆڕین و بەجۆرێکی تر بەکاریدەهێنانەوە- کارەکانی تورنەر هەمیشە لە روانگەی کاریگەریی رەنگەوە تەماشادەکرێن، هەرچەندە کارە ئەوەڵییەکانی دژوارو تاریکن و رووبەکی دراماتیکیان هەیە- دواتر "رەنگ" وەکو ماتریال لەلای تورنەر دەبێتە خاڵێکی سێنتراڵ، "شوێنی رووداوەکان" لە گرنگی تیاتراڵی نمایشکەرانەیان کەمدەبێتەوەو دەگۆڕێن بۆ مەیدانێک بۆ "رووناکی".

لێرەوە ئیتر رووناکی بەسەر سروشتەکانی تورنەردا پەرشدەبێتەوەو لێوەی دونیا ئاشکرا دەبێت. تێگەیشتن و نرخاندنی تورنەر بۆ رووناکی ئاکامی گەشتەکانییەتی بە وڵاتە ئەوروپییەکان- لە ساڵی ١٨١٩ سەردانی رۆم و ناپڵ و فلۆرێنس و ڤینیسیا دەکات و لە ساڵانی داهاتووی تەمەنیدا چەند جارێکی تر سەردانی ئیتاڵیا دەکاتەوە، ئەم سەردانانەی تورنەر بۆ ئیتاڵیاو بۆ ڤینیسیا بە تایبەت کارە دواییەکانی تورنەر مۆرک دەکەن. ئەگەر ناونیشانی تابلۆکانی دوا قۆناغی کارکردنی تورنەر نەخوێنینەوەو سەردەمی کێشانی تابلۆکانیش فەرامۆش بکەین ئەوا راستەوخۆ لە تەماشاکردنی تابلۆکاندا بەرەوڕووی شێوە کارکردنێکی ئەبستراکت دەبینەوە، بەو جۆرەی لە تابلۆکانی کاسپەر داڤید فریدریش-دا هەیەو پەیوەندی ریالیزمییانەی بە شتەکانەوە دەپچڕێت، ئەگەرچی هەندێک جار واقیعییانە نمایشی سروشت دەکات.

لەم کارانە بەدواوە تورنەر تا کۆتایی ژیانی "رووناکی" بەجۆرێک بەکاردەهێنێت کە هەموو شتەکانی دیکە تیایدا بتوێنەوە، دیمەنە سروشتییەکان لە چاوێکی رۆمانسییانەوە تۆخدەکرێنەوەو شاعیرییەتی سروشت لە نیگارکێشی رۆمانسەکاندا بۆ یەکەمجار فۆڕمی بینراوی خۆی دەدۆزێتەوە. لە تەماشاکردنی تابلۆی "گەیشتنە ڤینیسیا - ١٨٣٤" قووڵییەکی پێرسپێکتیڤی (منظوری)- نابینین، بەڵکو راومێکمان هەیە کە بە رووناکی ئاسمان رۆشنکراوەتەوە، کە توانایەکی تەکنیکی زۆری پێویستە- تورنەر خامەکانی بە توێژێکی تێر لە رەنگی سپی پڕدەکردەوەو دوایی بناغەیەکی تەنکی بۆ ئەو رەنگانە دادەنا کە لە کۆتایی پرۆسەی تابلۆ کێشانەکەدا دەبوون بە رووبەری رەنگی تۆخ- باگراوندی سپی

لەلای تورنەر تەکنیکێکی نوێیە کە لە هارمۆنیدا لەگەڵ تۆنی رەنگی رووناکدا کاریگەرییەک دەخەنەوە کە بە تواناترە لەوەی لەڕێی رەنگێکی تێری دژەوە Kontrast کاری بۆ بکرێت.

ئەو تابلۆیانەی تورنەر کە مۆتیڤەکانیان "ڤینیسیا"یە، چەند ساڵێک دوای سەردانەکانی بۆ ئەو شارە کێشاونی. ڤینیسیا لای تورنەر شارێکە لەنێوان زەوی و ئاسماندا، بیناکان و گەڕەکەکانی لە تابلۆکاندا رووبەری رەنگ و رووناکین.

تابلۆ لەلای تورنەر لە جەوهەریدا کارکردنێکی ئەزموونییە بە رووناکی، رووناکیش بەشێوەیەکی کەوانەیی چەماوە لە تابلۆکەدا بەکاردێت کە فۆڕمێکی هێلکەیی -Oval- دەدات بە سەرجەمی تابلۆکە -یەکێک لە هەڵسەنگێنەرانی کارەکانی تورنەر دەنووسێت: تورنەر تەماشاکەرێکی وردی سروشت بووە، ئەو دەیزانی کە تەماشاکردنی ئێمە بۆ سروشت فۆڕمێکی هێلکەیی هەیە، لەم گۆشەنیگایەوە بابەتی تابلۆکانی شێوەیەکی کەوانەیی چەماوە وەردەگرن کە ناوەڕاستی تابلۆکان رووناکن و لە قەراغەکاندا تاریک دەبن.



تورنەر لە نمایشکردنی گەردەلولێکدا گێژاوێکی رەنگیی دەکێشێت کە دەربڕینێکە بۆ توانای تێکدەرانەی سروشت، سروشتێک کە مرۆڤەکان لە ئاستیدا بچووک و لاوازن- لەڕاستیدا تورنەر نیگارکێشێکە کە لە یەککاتدا کاری جیاواز جیاوازی داهێناوە- لێکۆڵینەوە بەردەوامەکانی لەسەر هونەرو سروشت بەتوانای کردووە لە چۆنییەتی نمایشکردنی رووناکیدا لە کارەکانیدا. تورنەر بەهۆی تەماشاکردنە وردەکانییەوە.

سەلیقەیەکی هونەریی باشی هەبوو لە دۆزینەوەی فۆڕمی گونجاودا بۆ دەربڕینی هەستکردنەکانی- ئیقاعی کارەکانی تورنەر لە خودی بونیادی

شتەکاندایەو هەموو بابەتەکان ئیقاعی تایبەتی خۆیان هەیە کە لەڕێی تەماشاکردنەوە لە ناوەوە بە ئاراستەی دەرەوە خۆیان دەکەنەوە.

بەردەوام رەخنە لە ستایلی کارکردنی تورنەر گیراوە، یەکێک لەو رەخنانە پێیوایە کە تابلۆکان لە گۆشەنیگای ئاسمانەوە کێشراون و زیادەڕۆیین لە ئەبستراککردنی شتەکاندا کە لەوەناچن بەشێک بن لە سروشت، هەموو شتەکان بێ شێوەو خاڵین- یان ئەو رەخنەیەی کە دەڵێت: تابلۆکان بریتین لە وێنەکردنی هیچ، بەڵام تورنەر بە پێچەوانەی ئەو حوکمانەوە چەندین تابلۆی هێمنی سروشت ئامێزیشی کێشاوە، بەتایبەتی لەدوای مردنی باوکییەوە- ساڵی ١٨٢٩ ئیتر تورنەر زنجیرەیەک تابلۆ دەکێشێت کە تیایاندا بە جۆرێکی سەرسوڕهێنەر کاری بە رەنگ و رووناکی کردووەتەوە- تابلۆی "پارکی پێتۆرپ" یەکێکە لەو زنجیرە کارانە دوا بە دوای ئەو زنجیرە کارانە تورنەر دەستدەکات بە کێشانی زنجیرە کارێکی تر، کە فۆڕمی شتەکان تیایاندا بە تەواوەتی وندەبن و تابلۆکان بریتین لە تەنها کارکردن بە رەنگ و رووناکی- تابلۆی "سووتانی ماڵێک لە پارلیمێنت - ١٨٤٠" نمایشکردنێکی توانای تێکدەرانەی ئاگرە بە رەنگ و رووناکی و "مرۆڤ" لە ئاست ئەو فۆڕمە گێژخواردووانەی ئاگرەکەدا مەخلوقێکی تەواو بێ مانایە.

لەم کارانەی دوایی ژیانیدا تورنەر بە سەلیقەیەکی هونەرییانەوە کێشەی جیاوازی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک تاوتوێدەکات و رێگاچارەیان بۆ دەدۆزێتەوە.

لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا تورنەر لە توانایدایە بە تەنها لە رێی "رەنگەوە" دەربڕینی گونجاو بدۆزێتەوە بۆ ئەو دوو تێما سەرەکییەی هەموو ژیانی سەرقاڵی بوو بوو، مرۆڤ و سروشت - لەگەڵ کۆتاییهاتنی ژیانیدا ویلیام تورنەر دونیایەکی لە رەنگ و رووناکی داهێنابوو، کە ئاوێنەیەک بوون بۆ تراژیدیاکانی مرۆڤ و بەسەرچوونی ئاسودەیی و برینداربوونی بەردەوام لە ژیاندا.

Willism Turner

یۆزف مالۆرد ویلیام تورنەر لە ١٤ی مای ١٧٧٥ لە لەندەن لە دایکبووە- لە تەمەنی ٢٧ساڵیدا لە رۆیاڵ ئەکادیمی دادەمەزرێت، کە دواتر دەبێتە پرۆفیسۆری ئەکادیمیا، لە ساڵی ١٨٥١-دا لە لەندەن کۆچی دوایی دەکات - ویلیام تورنەر هاوشان لەگەڵ فرانسوا گۆیا دادەنرێت بە یەکێک لە رێخۆشکەرانی مۆدێرنە.

**سەرچاوەکان:**

ویلیام تورنەر، لەلایەن جۆن رۆتنشتاین.

مێژووی نیگارکێشیی، ویندی بێکت.

# منداڵی ڕۆژماری



ئامادەکردنی: سۆران خدری پوور

((منداڵی ڕۆژماری)) سێیەمین بەرهەمی تریلۆژی ئاپارتمانی ڕۆمەن پۆلانسکی، زیاتر لەوەی بە وێنای دەکێشی جێگای تێڕامانە. ئەو فیلمەی لە کۆتاییەکانی دەیەی هەفتادا هەڵای زۆری لێکەوتەوەو بوو بە سەرچەشن و ئولگوو بۆ سینەماکارەکانی ئەو سەردەمە و چەند فیلمێکی وەک ((جن گیر)) و ((بەختی ڕەش)). ئەو فیلمانەی کە هەڵبەت بە شێوەی هۆلیوودییەکی کەوتنە ڕوو و کەمتر وەک ((منداڵی ڕۆژماری)) سەرچاوەی سەرەکی ئیلهامەکەیان لە باری بیرکردنەوەو قووڵ بوون. ئەو فیلمانەی کە دەیانویست بینەر بترسێنن و چۆنییەتی ترس یان ئەوە بوو کەمتەرخەمی بەرامبەر کرا یان ئەوە بوو لەژێرکاریگەریی هۆکارە دیاریکەرەکانی بونیادی هۆلیوودا کەوتە پەراوێزەوە. تریلۆژی ئاپارتمانی پۆلانسکی ٣ فیلمە کە بریتین لە The repulsion ، کرێچی

the tenantو منداڵی ڕۆزماری. ئەگەر سێ توخمی گۆڕان، بێزاریی و کارەسات بە سێ توخمی سەرەکی ئەم تریلۆژیانە بزانین کە بڕیار نییە هەموو کات وابێت، منداڵی ڕۆزماری هەڵگری توخمی کارەساتە وەک چۆن The repulsion هەڵگری توخمی بێزاریی و کرێچی هەڵگری توخمی گۆڕانە. بەر لە لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی ئەم فیلمە پێویستە دەربارەی ئەم تریلۆژییەو پێگەی پۆلانسکی قسە بکەین. ئاپارتمان لە ڕوانگەی پۆلانسکییەوە کە بە دەرهێنەرێکی نەخۆش و سادیست ناوی دەبەن، بەرهەمی مۆدێرنیزمە و سیمبولێکە بۆ دوورکەوتنەوەی مرۆڤ لە خۆی، شوناس و سروشت. ژیانی ئاپارتمانی کە لە ئێستادا و لە درێژە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا بە ڕوانگەیەکی مۆدێرنەوە بووە بە دیاردەیەکی بەرچاو، مرۆڤی نەخۆش خستووە. نەخۆشیی ئەم ئینسانە بێ شوناسی لاوازبوونی رووی سروشتی ژیانی ئەوە. ڕەنگە ئەم نەخۆشییە کۆمەڵایەتی یان دەروونیی نەبێت، بەڵام دیاردەیەکە کە بوونی هەیە و دەرمانی نییە. ڕەنگە وەها ڕوانینێک بۆ ئاپارتمان دەمارگرژانە بێت، بەڵام پۆلانسکی ئەم بابەتەی کردووە بە تێم و ژێرخانی سێ فیلمی خۆی لە تریلۆژیدا. هەرچەن ئەم ڕوانگەیە لە ڕۆزماریدا کەمتر دەبینرێت، بەڵام لە کرێچیدا زۆر زەق دیارە. پۆلانسکی لای وایە، مۆدێرنیزم، کە ڕەوتی فیکری کوشندەی سەدەی بیستەمە و ڕەنگە خاڵە لاوازەکانی بوو بێت بەهۆی سەرهەڵدانی پۆستمۆدێرنیزم، وای لە مرۆڤەکان کردووە لە خۆیان نامۆبن و لە دەوروبەری خۆیان هەڵبێن. لە باری تیۆرییەوە ڕەنگە ئەم ڕەوتە یان دەکرێت بڵێین ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە ڕزگاریدەر یان ئارامکەرەوە دەرکەوێت، بەڵام لەبەرئەوەی مەبەستی ئەوەیە دژ بە ڕەوتە سەلمێنراو و تاقیکراوەکانی کلاسیک بوەستێتەوە، بە هەڵەدا دەچێت و ئاپارتمان یەکەم بەرهەمی دوورکەوتنەوەی مرۆڤە لە خۆی – لە رووە تاکەکەسییەکەی- و کەسانی دەوروبەری- لە رووە کۆمەڵایەتییەکەیدایە. منداڵی ڕۆزماری لە چوارچێوەی وەها بیرکردنەوەیەکدا دروستکراوە، ئەو بیرکردنەوەیە کە لە هەموو شوێنێکی ئەم تریلۆژییە و تەنانەت فیلمەکانی تری پۆلانسکیدا ڕەنگیداوەتەوە.

ڕەوتی روو لە لەناوچوون و بونیادی مەتەڵئاسای فیلم و پرسی پیلانگێڕان و فێڵکردن دەبێت بە هۆی پتەوتربوونی چوارچێوەی فیلمەکە و ئاپارتمان وەک هۆکارێکی سەرکوتکەر هەر لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی بەرچاو دەردەکەوێت و ئامادەیی هەیە. ڕۆزماری کە(میا فارۆ دەوری ئەو دەگێڕێت) قوربانییەکە، ئەو کەسەی کە دەبێت منداڵێکی ببێت. ئەو شتەی کە بە شێوەیەکی نەخوازراو ڕوودەدات، هەموو ژنان دەبن بە دایک و منداڵەکانی خۆیان گەورە دەکەن، بەڵام

لێرەدا، بە شێوەیەکی پڕلە ناکۆکی کە ناکرێت بەری پێبگیرێت ئەو منداڵە پاکیزەیەی لە زەینی دایکێکدایە تەنها لەبەر ئەو ناوانەی رۆزماری بۆی هەڵبژاردووە بوونێکی فیزیکی هەیە و بوونەوەرێکی شەیتانی و خراپە، ئەو مرۆڤ نییە و ئەمەش بەسە بۆ شەیتانبوونی. رۆزماری بەختەوەر کە هەر لە سەرەتاوە پێوەندییەکی زۆر باشی هەیە لەگەڵ مێردەکەی سکی بە ناپاکییەک پڕ دەبێت. ئەگەر ئەو لە پێگەی مرۆڤ و لە شوێنی مرۆڤدا دانیشتووە، بێ ئەوەی بیەوێت و بەبێ ویستی خۆی و بێ ئەوەی پێشتر ئاگادار بێت، کەوتووەتە ناو پیلانگێڕییەکەوە کە لە پێشدا داڕێژراوە و ناشیرینی و ناپاکییەک دێنێتە ئەم دونیایە کە سەرتر لە هەموو ناپاکییەکانە. رۆزماری وەها شتێکی بەلاوە پەسەند نییە و حەز بەم کارە ناکات، بەڵام هۆکارە دەروونییەکان کە بە بۆچوونی پۆلانسکی لە رەوتی فیکریی و کۆمەڵایەتی مۆدێرنیتیدا شکڵیان گرتووە، بونیادەکەیان ئاڵۆز دەبێت، دەبن بە هۆی سەرهەڵدانی وەها پیلانگێڕان بێدەنگەکردن بەرامبەر بەم پیلانگێڕانانە. بە دەربڕینێکی تر مرۆڤایەتی دەبێت بە هۆی لەناوچوونی کەماڵگەرایی لە زەیندا و ئەوەی لە کردەوەدا روودەدات، وێرانی و لەناوچوونە. لە راستییدا ئەوە مرۆڤە کە میوەی قەدەغەکراو دەخوات و یۆتۆپیای خۆی لە دەستدەدات. منداڵی رۆزماری شەیتانێکە و ئەمە رەمز و سیمبولێکە بۆ سیفاتە شەیتانییەکان کە لە مێیینەبوونی خولقانی مرۆڤایەتیدا شاراوەیە. بەپێی ئەو روانگە کۆن و ئەفسانەیە شەیتان بە فریودانی حەوا دەبێت بەهۆی سەرگەردانبوونی مرۆڤایەتی لە زەمین و دەرچوون لە بەهەشت. ئەمە روانگەیەکی پیاوسالارییە کە لە زۆربەی ئایینەکانیشدا جەختی لەسەر کراوەتەوە. رۆزماری بە هاوکاری ئەو شتەی پێی دەوترێت هۆکاری دەرکەی و لە باری فۆرم و چوارچێوەوە پیلانگێڕانێکە و شتێکە کە بەرهەمی فرەخوازیی و تەماحی ئینسانەکانە وێرانی پێشکەش بە جیهان دەکات، سەرەنجام ئەوەندە گرێدەدرێتەوە بە دایکبوونی خۆیەوە، کە ناتوانێت نکوڵی لە ((دایک بوون)) بکات و رۆزماری ئەو شەیتانەی کە هۆی وێرانیی جیهانە لە بێشەکەدا بەخێو دەکات.

رۆزماری لە سەرەتای فیلمەکەدا ئەپارتمانێک هەڵدەبژێرێت بۆ ژیان. ئەپارتمان یەکەم هۆکاری سەرەکی جیاکردنەوەی رۆزمارییە لە سروشت و شوناسی خۆی، ئەو شتەی بە روونی لە فیلمی کرێچیدا دەردەکەوێت. ئەو و خێزانەکەی لە ئەپارتمانێکدا دەژین کە پێشتر بە پیرەژنێک بووە کە ئێستا مردووە. مەرگ وەک ئەنجامی ژیانی مۆدێرن لە بونیادی فیکری پۆلانسکیدا جێگیربووە، ئەپارتمان رەمز و سیمبولی مۆدێرنیزمەو لە هەمانکاتدا ئاماژەیە بە مەرگ

شوناسی مرۆڤایەتی. ئەم بابەتە لە فیلمی کرێچیدا زیاتر باسی لێوەکراوە. دوای پیرەژنە ئەو کچەی وەک زرکچ لە ئەپارتمانەکەی تەنیشتیان و لای کاستاوتەکان دەژی لە پەنجەرەی ئەپارتمانەکەوە دەکەوێتە خوار و دەمرێت. ئەو کچەی کە ملوانکەی بەختی کردووەتە ملی، ئەو ملوانکەیەی کە پێوەندی هەیە لەگەڵ گرووپ و تاقمی شەیتانپەرەستەکاندا. ئەو کۆدانەی کە فیلم وەک رەمزی پیلانگێڕیی و هەروەها بیرکردنەوەی رۆزماری وەک سۆبجێکتیڤیتە دەیخاتە بەردەم بینەر بریتین لە: دکتۆرێکی ژنان کە بۆنی ملوانکەی بەختی لێدیت، دانانی کەنتۆر لە بەردەم گەنجینەیەکی گەورەدا کە ناکرێت کاری پیرەژنێکی بێهێز بێت، هاتوچۆی کاستاوتەکان بۆ ماڵی رۆزماری بە شێوەیەکی ئازاردەر ئەو هەلومەرجەی کە ژیانی ئەپارتمانی ئەمڕۆیی پەسەندی ناکات، سووربوونی ((گای))مێردی رۆزماری بەوەی کە دکتۆری ژنان نەگۆڕن سەرەڕای هەموو ئەو ئازارانەی کە رۆزماری لە منداڵدان و سمتیدا هەستی پێدەکات، جەختکردنەوەی لەسەر بەکارهێنانی دەرمانە گیاییەکان کە دکتۆرە گوماناوییەکە بۆی دەنووسێت بە هاوکاری کاستاوتەکان، کوشتنی هاچ هاکینز بە شێوەیەکی گوماناویی کە زۆر دژوارە بکرێت دەربارەی قسە بکرێت و دۆزینەوەی ناوی ئەندام یان رێبەرێکی شەیتانپەرست لە کتێبێکدا کە دەربارەی شەیتانپەرستییەوەیە لەلایەن رۆزمارییەوە. هەموو ئەمانە لەگەڵ رەوتی لۆژیکی فیلمنامەی رۆزماری بینەر رازی دەکەن بەوەی پیلانگێڕییەک لە لایەن کەسانی ترەوە لەئارادایە، هەرچەندە تا دوایین بەشەکانی فیلمەکە هەموو شت ناڕوونە و لێرەدا لە تەکنیکی ((هەڵپەساردن)) یان ((چاوەڕوانکردن)) کەڵک وەرگیراوەو هەموو شت لە کۆتاییدا دەردەکەوێت، ئەو ((هەڵپەساردن)) یان ((چاوەڕوانکردنە)) وادەکات کە نەکرێت بە شێوەیەکی رەها دەربارەی گرتە جیاوازەکانی فیلمەکە بڕیار بدرێت و جۆرێک رەشبینی بینەر دادەگرێت. لە راستییدا پیلانگێڕییەک لەئارادایە و رۆزماری بە هەڵەدا نەچووە، بەڵام ئەوپەڕی ئەم ریالیست بوون و واقیع بینییە وێنایەکی ترسێنەرە لە تابلۆیەکی سپییدا کە سروشت و زاتی ئەو کەسەیە. رۆزماری ئەو وێنەیە دەکێشێتەوە، ئەوانی تر قەڵەم و رەنگی بۆ ئامادەدەکەن و رۆزمارییە کە دەبێت بە وێنەکێشی ئەم تابلۆ ترسێنەرە. ئەمە ئەو تایبەتمەندییەیە کە فیلمەکە دەخاتە چوارچێوەی فیلمی ترسێنەر (horror)ەوە، کە ئەم شتە بەردەنگی سادە بەهەڵەدا دەبات، لەبەرئەوەی لە فیلمەکەدا هیچ ئافرێنراوێکی تۆقێنەر یان بوونەوەرێکی سەیر و سەمەرە بوونی نییە. ئەوەی تەکنیکی هەڵپەساردن و چاوەڕوانکردن، کەوتنە داوەوە، دێکۆپاژی کاریگەر و مۆسیقای ترسێنەرە. رۆزماری، ژنێکی پاکیزەو

رووخۆش و سادەیە، ئەو کەسەیە کە دەکەوێتە داوی گرووپێکەوەو مێردەکەی مامەڵەی پێوەدەکات. مێردەکەی -گای- وەک نوێنەری رووناکبیرانی ساویلکە، ئەکتەرێکی سینەمایە. لە چەند فیلمی تاقیکردنەوەو ریکلامیدا دەوری بینیوە، ئەو شتەی کە لەگەڵ شێوەی کارکردن ئاشنا دەکات و لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرندا جەوهەرەی بەردەوامی لە ژیانی مادیدا بەوە دەبینێت کە مامەڵە بە شتەکان و مرۆڤەکان و لە هەموو خراپتر بە خێزانییەوە بکات. روانینی پۆلانسکی بۆ ئایین و مەزهەب، وەک روانینی بۆ پێوەندی مرۆڤەکان شتێکی خەوشدار، یەک لایەنە و توندڕەوانەیە. پۆلانسکی لەگەڵ ئەوەی رێگاچارەیەک بۆ مرۆڤایەتی نابینێتەوە بەوەی لەو دۆخە رزگاری بێت، تابۆ ئایینیەکان دەشکێنێت کە وەک فەرمانێکی نەگۆڕ وایە. هەرچەند روانینی ئەو بۆ شەیتانپەرستی بونیادێکی دژە ئایین و لائیکی نییە و وەک ((گای)) هاوسەری رۆزماری وەک ئامراز و کەرەسەیەک کەڵک لەم بابەتە وەردەگرێت و لە راستیدا وەک پێشتر وترا شەیتان لە جێگای دێوی دەروونی مرۆڤەکاندا دانیشتووەو بە یارمەتی بۆرژوازیی، دەسەڵات و لە هەمووان گرنگتر ئایدیۆلۆژیا گەشە دەکات، بەستێن و زەمینەکان ئامادە دەکرێت و مۆدێرنیزمیش یارمەتی دەدات بە گەشەدان و خێرایی بەخشین بە وەها رەوتێک. لە شەوی یەکەمی پێکەوە خەوتنی رۆزماری و گایدا، کە بڕیارە لە رێورەسمێکدا شەیتان لە منداڵدانی رۆزماریدا دروست ببێت و دەست بکات بە گەشەکردن، جەخت لەسەر تابلۆکانی رێنسانی دەکرێتەوە لەسەر دیواری کەنیسەکانی کاتۆلیک و لە شوێنێکی تر باس لە کاتۆلیکبوونی رۆزماری دەکرێت. لێرەدا رۆزماری لەگەڵ رەمزی مرۆڤبوونی، پێکێکە کە پڕکراوە لە شەرابی ئایین و ئەوە ئایین و مەزهەبە کە باشترین بەستێن ئامادە دەکات بە گەشەی دێو لە دەروونی ئەودا و پۆلانسکی بە پێکەوەهێنانی ئەم پارادۆکسە، بە توندترین شێوە رەخنە لە ئایین و ئایدۆلۆژیا دەگرێت. ئەم فیلمە بوو بە هۆی ئەوەی لایەنگرانی مانسنی شەیتانپەرەست ژنەکەی پۆلانسکی، لە حاڵێکدا رۆمان پۆلانسکی لە ماڵ نەبوو و ژنەکەشی سکی پڕ بوو لەت لەت بکەنەوەو ئەم رووداوە دڵتەزێنە بوو بە هۆی ئەوەی پۆلانسکی بۆ ماوەی چەند ساڵ لە سینەما دوورکەوێتەوە.

پۆلانسکی بە شێوەیەکی تایبەت ئایین لە خودا جیادەکاتەوەو دیوارێک دەکێشێت لەنێوان ئەم دوو گوتەزایەدا. ئەو کاتەی رۆزماری لە عیادەی دکتۆر چاوەڕوانە گۆڤاری Time دەگرێت بە دەستەوە. لەسەر گۆڤارەکە بە فۆنتی گەورەو بە باکگراوندێکی رەشەوە ئەم رستەیە نووسراوە: Is God Dead? (ئایا خودا مردووە؟) ئەمە دەرخەری ئەوەیە پۆلانسکی باوەڕی بە ئافرینەرێک

هەیە و لێکدانەوەی ئەم دیاردە سۆبجێکتیڤە بە ئامرازە دەستکردەکانی ئایین و مەزهەب بە پەسەند نازانێت، ئەو خودایەی کە وادیارە کەمتەرخەمە بەرامبەر بە دروستبوونی دوژمنەکەی، شەیتان، لە دەروونی مرۆڤدا. خودا ئافرێنەری رۆزماری (مرۆڤ و مرۆڤایەتییە) و رۆزماری ئافرێنەری شەیتان (خراپە و گوناه)ە. ئاخۆ لەم رەوتەدا خودا تەنها بینەرێکی رووداوەکانەو بەس، تەنها بوونی ئەم بە مانای تەنها بوونی مرۆڤە لە بەرەڵابوونی لە گێژاوی گوناهدا؟ لە فیلمەکەدا هیچ وەڵامێک بەم پرسیارە نادرێتەوە. کە وایە فیلمەکە تەنها بە هێنانە پێش ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ خودا مردووە، رازییە و تەنها ئەو پرسیارە دێنێتە پێش و وەڵامەکەی دیڵێتەوە بۆ رۆزماری. رۆزماری کە سەرەنجام خوو و سروشتی خۆی لە بیر ناکات، واتە دایکبوون، دایکبوون هەمان ئەو شتەیە کە ئاماژەیە بە ئافرێنەر بوون و ئافرێنراوبوونی مرۆڤ و ئەمە دەبێت بە تایبەتمەندییەکی گرنگ کە رۆزماری ژیانی خۆی بۆ تەرخان دەکات. لە کۆتایی فیلمەکەدا رۆزماری شەیتان وەک منداڵی خۆی وەردەگرێت و بڕیار دەدات سەرپەرشتی شەیتان بکات و بە خێوی بکات و ئەمە بە تەنها رێگای رزگاری لەو چارەڕەشییە دەزانێت کە تووشی بووە. پێشوازیکردن لە رەنج و ئازار رەنگە باشترین رێگای رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ رەنج و ئازار بێت. فیلمی منداڵی رۆزماری رەنگە شاکارێکی گەورەی سینەمایی نەبێت، بەڵام یەکێکە لەو فیلمانەی دەیەی ١٩٧٠ کە کاریگەریی زۆری هەبوو و بە تەواوی جێگای تێڕامانە. منداڵی رۆزماری ئێستاش لەناو مرۆڤەکاندا دەژی و هێشتا بە باشترین شێوە چاودێری دەکرێت، بەڵام لە ئێستادا ئیتر رۆزماری بوونی نییە.

**سەرچاوە:**

ویبلاگی دلنمک

# دیگۆ ریڤێرا و... تابلۆی سەر دیوارەکان




و.سیروان شەریف

زۆرن ئەو هونەرمەندانەی بەدرێژایی مێژووی هونەر لە گۆڕانکارییەکانی نێو ژینگەو دنیای خۆیان دانەبڕاون، هەمیشە ئەگەر خەمێکی گشتی هەبووبێت ئەوانیش هەڵگری بەشێکی بوون و ئەگەر ئەو دنیایەی ئەوان پێویستی بە شۆڕشێک هەبووبێت ئەوانیش ئاڕاستەی کارەکانی خۆیان بەجۆرێک گۆڕیوە کە لەو دنیایەدا خاوەنی کاریگەری تەواوی خۆیان بن. بەو مانایەی خوێندنەوە بۆ کارو تابلۆکانی ئەوان یەکسانە بە خوێندنەوەی ئەو ژینگەیەی ئەوی وەک هونەرمەند بەرهەمهێناوە، بەمانایەکی روونتر کارەکانی ئەوان تەنیا کۆپیکردنێکی رووتی شتەکان نییە، هێندەی ئەوەی گێڕانەوەی ژیان و ئازارەکانی ئەو ساتەوەختانەبوون کە هونەرمەندانیش وەک هەر تاکێکی تری کۆمەڵگەکەیان لەگەڵی ژیاون، کە زیاتر ئەم شێوازی کارکردنە لە هونەرمەندە واقعییەکاندا بە روونی دەبینرێت.

یەکێک لەو هونەمەندانەی من لێرەدا مەبەستمە ئاماژەی پێبکەم، خاوەنی کاریگەریی گەورە بووە لەسەر ئەو ژینگەیەی تێیدا ژیاوە، ئەویش (دیگۆ ریڤێرا Diego Rivera)یە، کە لە ٨ دیسەمبەری ١٨٨٦ لە شاری (گوانا واتۆ) لە مەکسیک لە دایکبووە. یەکێکە لە هونەرمەندانەی کە خاوەنی کاریگەریی بەرچاو بووە لەسەر کۆمەڵگەی مەکسیکی، لە ڕێگەی کارو چالاکییە هونەرییەکانییەوە.

ریڤێرا لە تەمەنی دوو ساڵیدا کە هێشتا ئامادەنەبوو بۆ ئەوەی بخوێنێتەوە، بەڵام باوکی ستۆدیۆیەکی بۆ ئامادە دەکات بۆ ئەوەی کاری هونەری تێدا بکات، دەکرێت بڵێین ئەمەش ئەو سەرەتایە بوو کە ئەوی بردە ناو جیهانێکەوە، کە دواجار هەموو ژیانی خۆی پێبەخشی. تا ساڵی ١٨٩٢ بەم شێوەیە لەنێو ئەو دنیایەدا مایەوە. دواتر لەگەڵ خێزانەکەی (گوانا واتۆ) بە جێدەهێڵن و دەچنە (مەکسیکۆ سیتی)، ئەم گواستنەوەیە کاریگەریی هەبوو لەسەر ریڤێرا، تا بتوانێت بینینێکی تازەی بۆ شتەکان هەبێت. کاتێک تەمەنی تەنها ١٠ ساڵان بوو هەستیکرد ئامادەیە بۆ ئەوەی ببێتە هونەرمەند، بەو مانایەی زۆر پێش تەمەنی خۆی کەوتبوو، دواتر بڕیار دەدات لە رووە ئەکادیمیەکەوە زیاتر خۆی دروست بکات، هەر لێرەوە سەرەتای خوێندنی بۆ هونەر دەستپێدەکات و دەچێتە ئەکادیمی ئێواران لە (سان کارلۆس San Car-los) لە مەکسیکۆ سیتی، بەڵام بەشێوەیەکی کاتیی.

لە هەمان ساتدا لەسەر داوای باوکی دەچێتە کۆلێجی سەربازی، بەڵام زۆر



بەخێرایی ماندوو دەبێت لەو هەموو توندوتیژییەی کە لەنێو سیستمی سەربازیدا پەیڕەو دەکرێت، بۆیە پاش دوو هەفتە ئەم کۆلێجە بەجێدەهێڵێت و دەگەڕێتەوە بۆ سان کارلۆس بۆ درێژەدان بە خوێندن، بەڵام ئەمجارە بە شێوەیەکی بەردەوام لە ماوەیەکی کەمدا دەبێتە یەکێک لە قوتابییە چالاکەکانی ئەم کۆلێجەو یەکەمین پێشانگای بۆ ٢٦ دانە لە تابلۆکانی دەکاتەوە، دواتر کێشەیەک ڕووبەڕووی ریڤێرا دەبێتەوە، بەوەی کە لەگەڵ بەڕێوەبەری ئەکادیمیەکەیدا هەست بە جۆرێک لە جیاوازی و لێکنەگەیشتن دەکات لە ڕووی هونەرییەوە، بۆیە بڕیاری بەجێهێشتنی ئەکادیمی دەدات، هەرچەندە شەش ساڵی ڕابردووی لەگەڵ ئەو کۆلێجەدا هەبوو.

لێرە بەدواوە کارەکانی ریڤێرا زیاتر لە ڕابردوو گەشەی کرد، جوڵەیەکی بەهێز لەکارەکانیدا هەبوو، هاوکات لەگەڵ بەکارهێنانی ڕەنگی زیندوو، کە لەلایەن مەکسیکییەکانەوە زۆر بەرز دەنرخێنرا، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ریڤێراش وەک هەر هونەرمەندێکی دیکەی نێو پانتایی دنیای هونەر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی هونەرمەندانی پێش خۆیەوە، هەندێک لایان وایە کە کارەکانی تێکەڵەیەکن لە کارەکانی گۆگان و پەیکەرەکانی مایان.

بەشێکی زۆری تابلۆکانی بەشێوەی میوراڵ (mural) واتە بەشێوەی تابلۆی سەر دیوار وێنە کێشراون، کە زیاتر هەڵگری مەبەستن، لە ڕوونکردنەوەی ژیان و ڕابردووی مەکسیکییەکان، بە مانایەکی تر هونەرمەند زۆر گرنگیداوە بە ساتە مێژووییەکانی مەکسیک، وەک لە دەستنیشانکردنی ژیان و کاری مرۆڤی ئەو ساتەوەختە لە کێڵگەو کارگەکاندا. بەجۆرێک لە جۆرەکان پیشاندانی ئەو مرۆڤە ماندووانەی کە هەمیشە لە جەنگدان بۆ دەستەبەرکردنی سادەترین جۆری ژیان.

کێشانی ئەم وێنانە لەسەر دیواری شوێنە گشتییەکان هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی زۆرترین بینەر بۆ خۆیان دروست بکەن، لە کاتێکدا کارەکانی ڕەنگدانەوەی ژیانی ئەو مرۆڤانە بوون کە خۆیان بینەری بەردەوامی بوون.

دواتر هەر لەژێر کاریگەری ئەم جەماوەرییە بوونەدا دیگۆ ریڤێرا گرووپێک دروست دەکات بۆ کارکردن لەسەر هونەری میللی مەکسیکی، بە مەبەستی زیندوو هێشتنەوەی کەلتورو هونەرەکەیان. دواتر پێشانگاو کارەکانی خۆی دەگوێزێتەوە بۆ وڵاتانی (هۆڵەندا و ئیسپانیا و بەریتانیا). پاشان وەک زۆرێک لە هونەرمەندانی تر کە هەرگیز نەیانتوانیوە بۆ هەمیشە لە جێگەی خۆیان بمێننەوە، بەردەوام ویستویانە ژیان و دنیای جیاواز ببینن تا زیاتر ئەفراندن لە کارەکانیاندا بکەن، هەر لەم چەمکی ژیان بینینەوە ریڤێراش سەفەری پاریس دەکات و لە زەمەنی مانەوەی لە پاریس جۆرێک لە گۆڕان لە ستایلی کارکردنیدا دروست دەبێت، کە جیاواز لە کارەکانی سەردەمی مەکسیکی بوو. بە ٤٠ تابلۆ پێشانگەیەک دەکاتەوە

که کاریگەریی گەورە لەسەر بینەرەکانی بەجێدەهێڵێت. دواتر لە رێگەی هاوڕێیەکی هونەرمەندییەوە کچە هونەرمەندی رووسیی (ئەنجلیکا بیلۆڤ) دەناسێت، کە دواتر دەبێتە هاوسەری و ماوەی ١٢ساڵ پێکەوە دەژین.

لەو سەردەمەیدا توانی سەردانی زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپا بکات بە مەبەستی کردنەوەی پێشانگا.

(ئیلی فور)یش یەکێک بوو لەو کەسانەی کە بۆ هەموو تەمەنی لەگەڵ ریڤێرا هاوڕێ بوون، پێشنیاری بۆ دەکات کە کارەکانی ببات بۆ ئیتاڵیاو هەر لەوێش ماستەر بخوێنێت. لە ماوەیەی کارکردنیدا توانی کۆمەڵێک تابلۆ لەسەر دیواری کەنیسە کۆنەکانی ئیتاڵیا دروست بکات، کە دووبارە بینەرێکی زۆر کارەکانیان پەسەند کرد. دواجار بڕیاری گەڕانەوە بۆ مەکسیک دەدات بە مەبەستی بەشداربوون لەو بزوتنەوەیەی کە بە رێنیسانسی مەکسیکی (Mexican Renaissance) ناودەبرا.

پاش گەڕانەوەی بۆ مەکسیک (جوسی ڤاسکۆ نسیلوس) دەبێتە وەزیری نوێی پەروەردەی گشتی و لە بەرنامەی کارکردنیدا بڕیار دەدات کە تابلۆی هونەری لەسەر دیواری زۆرێک لە شوێنە گشتییەکان دروست بکرێت بۆ ئەم مەبەستەش ریڤێرا رادەسپێرێت کە تابلۆیەک لەسەر دیواری ناوەوەی قوتابخانەی ئامادەیی نیشتمانی (National preparatory school) دروست بکات، کە بەشێکە لە زانکۆی مەکسیک. لە ساڵی ١٩٢٧ وەک نوێنەری حیزبی شیوعی مەکسیکی دەستنیشان دەکرێت بۆ بەشداری کردن لە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە رووسیا، پاش گەڕانەوەی دەبێتە بەڕێوەبەری هونەر شێوەکاریی مەکسیکی، دیگۆ ریڤێرا بەشێوەیەک ناوبانگ دەردەکات، کە لە نیویۆرکەوە بانگهێشت دەکرێت کە تابلۆ لەسەر هەریەک لە دیوارەکانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و رۆکفلەر سەنتەر دروست بکات لە نیویۆرک. دواجار لە ٢٤ نۆڤەمبەری١٩٥٧ بەهۆی وەستانی دڵەوە لە ستۆدیۆکەی خۆی (سان ئەنجڵ) کۆچیدوایی دەکات.

ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەم هونەرمەندە لە رێگەی تابلۆی سەر دیوارەکانەوە بووە ئەو مرۆڤەی هەمیشە لە یادەوەری مەکسیکییەکاندا دەژی و تا ئێستاش وەک پاڵەوانی هونەری میللی ئەمەریکای لاتین ناودەبرێت.

Sirwan-sharif@hotmail.co.uk

سەرچاوە:

& web Musuem Diego Rivera biography

# چاپکراوە نوێیەکانی بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی کە ئێستا لەکتێبخانەکاندا دەستدەکەون




## شارو دنیای منداڵی

عومەر دەروێش

کوراسی شێوەکاری




## دیوانی ناری

ئا/عوسمان ناری زادە

شیعر




## کۆمه‌ڵێک شوێنه‌واری دێرینی به‌ر له‌ مێژوو و مێژووی کوردستان

که‌مال نوری مه‌عروف

شوێنه‌وار




## ساڵی سفر

سه‌باح ره‌نجده‌ر

شیعر




## کتێبی خۆشەویستی

نزار قەبانی

و. جەلال دەباغ

شیعر




## کوردستان و کورد لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویدا

د.کەیوان ئازاد

مێژوویی




## تاوانە ئینتەرنێتییەکان

سەروەت عەبدوڵڵا

لێکۆڵینەوە




## زمان ئاسۆیەکە لەنێوان ئاسمان و زەویدا

هەندرێن

لێکۆڵینەوە




## جاک دریداو هەڵوەشاندنەوە

ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

لێکۆڵینەوە




## بنەماکانی پێڕست و پۆلێن لە کتێبخانەو بنکە زانیارییەکاندا

شێرزاد سەعید محەمەد

لێکۆڵینەوە




## تێـکست

هاشم سەراج

شیعر




## بەرەو زانستی دەنگسازیی لە ئاخاوتنی کوردییەوە

د.شێرکۆ بابان

زمانەوانی




ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا

جەلال مەحمود عەلی

زمانەوانی




حقوق الملكية الفكرية ذات الصلة بالاصناف النباتية الجديدة والمنتجات الدوائية

د.دانا حمه باقی

لێکۆڵینەوە




## فێربوونی زمانی فارسی هەنگاو بە هەنگاو

عەدنان عەبدولڕەحمان سەجادی

فەرهەنگ




## ڕۆڵی بنەماڵی بەدرخانییەکان لە گەشەپێدان و پێشخستنی هونەرەکانی ڕۆژنامەگەریدا

عەبدولسەمەد ئیسلام تەها

مێژوویی



**شوێنی سەرەکیی بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانی بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی:**

**١. سلێمانی**

خانەی بڵاوکردنەوە، سەر بەبەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
شەقامی مەولەوی - بازاڕی دەبۆکە
تەلەفۆن: ٠٧٤٨٠١٣١٤٠١

**٢. هەولێر**

بەڕێوەبەرێتیی کوردستان چاپ، سەر بەبەڕێوەبەرێتیی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکرنەوە
شەقامی موزەفەرییە، تەنیشت چاپخانەی حاجی هاشم
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٥٣٢١٢

**دەتوانیت گۆڤاری هنار لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:**

www.dengekan.com

www.chrakan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە